حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو تۆژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی

# ئەدەبی رۆژنامەنووسیی کوردی
# سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان
## ( ١٩٤٢-١٩٤٧ )

نـــــامەیەکە

**هیمداد حوسێن بەکر**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا Ph.D لە ئەدەبی نوێی کوردیدا

سەرپەرشت

**پ.د. عیزەدین مستەفا رەسول**

**ئەم نامەیە بە چاودێریی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی نوێی کوردیدا.**

**نـــاو: پ.د. عیزەدین مستەفا رەسول**

**مێژوو: / /٢٠٠٠**

**بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**نـــاو:د.زاهیر لەتیف کەریم**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

**لە بەشی کوردی**

**٨/ ١١ /٢٠٠١**

ئێمە ئەندامانی لیژنـەی گفتوگـۆ و هەڵسـەنگاندن، ئـەم نامەیـەمان خوێنـدەوەو لەگـەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان لە بارەی ناوەڕۆك و لایەنـەکانی تـری کـرد و بڕیارمانـدا، کـە شایەنی ئەوەیە بە پلەی ( زۆرباش ) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی نوێی کـوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د.کیکاوس قەفتان
سەرۆکی لیژنە
مێژوو: ٨/ ١١ / ٢٠٠٠

ناو: پ.ی.د.شکریە رسول ابراهیم
ئەندام
مێژوو: ٨ / ١١ / ٢٠٠٠

ناو: پ. د.وریا عمر امین
ئەندام
مێژوو: ٨ / ١١ / ٢٠٠٠

ناو: پ.ی.د.زاهیر لەتیف کەریم
ئەندام
مێژوو: ٨ / ١١ / ٢٠٠٠

ناو: د.دلشاد عەلی محمد
ئەندام
مێژوو: ٨ / ١١/ ٢٠٠٠

ناو: پ. د.عیزەدین مستەفا رەسول
ئەندام و سەرپەرشتیار
مێژوو: ٨ / ١١ / ٢٠٠٠

**لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمان پەسەندکرا.**

ناو: پ. ی.د.فەرەیدون عەبدول بەرزنجی
راگری کۆلێژی زمان بە وەکالەت
مێژوو: ٨ / ١١ / ٢٠٠٠

هەواڵنامەی کتێب

## پێشــــەکی

مێژووی ئەدەب و ڕۆژنامەوانیی کوردی، هەروەکو مێژووە سیاسییەکەی پڕ لە هەورازو نشێوە و هــەرکاتێك ئازادی و نیمچە ئارامییەك لەهەر پارچەیەکی کوردستاندا بۆ کورد ڕەخســابێ ئــەدیب و ڕۆژنامــەوانی کــوردیش ڕۆڵی خۆی تێدا بینیووەو ئاستی ڕۆشنبیریی کوردیی لە هەڵکشان و بــرەوە ژووردا بــووە. بــە پێچەوانەشــەوە، تــا چەندێکی ئازادی لێ زەوت کرابێ، بارودۆخەکە گــرژی بــەخۆوە دیتبــێ، ئــەدیب و نووســەری کــورد تــەنگێ پــێ هەڵچنراوە و دەربەدەر بووەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان داخراون.

هەڵبژاردنی ئەو ماوە مێژووییەی ئەدەب و ڕۆژنامەوانیی کوردیی، سەردەمی بووژانەوەی کلتووری هاوکات لەگەڵ دامەزرانی کۆمەڵەیەکی نیشتمانیی کوردی بەناوی (**کۆمــەڵی ژیانــەوەی کــورد**)، کــە بــە **(ژێ. کــاف)** ناسراوە، پاشتر حیزبی دێمــۆکراتی کوردســتان و دامــەزران و جــاڕدانی یەکــەم کۆمــاری دێمــۆکراتی کوردســتان، ڕۆژگارێکی گرنگ و بە بایەخە لە مێژووی سیاسی و کلتووری میللەتەکەماندا، کە بەداخەوە بــەگوێرەی پێویســت لەو لایەنەی، کە ئێمە هەڵمانبژاردووە (ئەدەبی ڕۆژنامەوانیی) یان ڕۆشنبیری، لێکۆڵ ڕینەوەی زانستی و ئــەکادیمی بە زمانی کوردی لە بارەوە نەنووسراوە.

کتێب و نامیلکەو وتار بە زۆر زمانان لە بارەی ئەو ماوە مێژووییە نووسراوە، بەڵام زیاتر مێژووی سیاسیی و سەربازی کۆمارەو زیاتر لە بارەی ئەو بارە ئینتیقالیەی دوای لــەکار لابردنــی ڕەزا شــایە لــە (١٩٤١) و هاتنــە سەرکاری (محەمەدی)ی کوڕی و ئەو پەشێوی و ئاژاوەیەی باری ناوخۆی ئێرانی گرتۆتــەوە، هــەروا لــە بــارەی ئــەو فاکتەرە ناوخۆیی ناوچەیی و نێو دەوڵەتیانەی یارمەتیدەر بوون بۆ دامەزراندی کۆمارو پاشان ڕووخانی لــە بــەینی ئەو هەمووو گفت و بەڵێن و تاکتیکە سیاسییانەی، کە نەوت بە دوای خۆیدا هێنای، نووسراوە.

لێکۆڵینەوە بە زمانی کوردی، لە ڕۆژنامەوانیی ئــەو ســەردەمەدا زۆر دەگمەنــەو بــە شــێوەیەکی پچڕپچــڕو ناکامڵ ئاماژەی بۆ کراوە، زۆر بەشی لە ئیشارەت بەولاوە هیچی دیکە نی یە، چــونکە پەیــداکردن و دۆزینــەوەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە کارێکی زەحمەتەو لە بەردەستدا نین.

سنووری لێکۆڵینەوەکە، لەڕووی مێژووییەوە لەنێوان ساڵانی(١٩٤٢-١٩٤٧)ە، واتا لــە ڕۆژی دامەزرانــدنی کۆمەڵی (ژێ. کاف)ەوە لە (١٦ی ئابی ١٩٤٢)، کە کارەکانی بە نهێنی ئەنجامداوەو ئێمــە لــەم لێکۆڵینەوەیــەدا زیاتر تیشکمان خستۆتە سەرچــاپەمەنی و بڵاوکــراوە ڕۆشــنبیرییەکانی، پاشــتر ڕاگەیانــدنی کۆمــاری دێمــۆکراتی کوردستان لە (٢٢)ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ تــا گەڕانــەوەی ئەرتەشــی ئێــران و لەســێدارەدانی پێشــەوا قــازی محەمەدی سەرکۆمارو قازییەکان و کۆتایی هاتنی تەمەنی کورتی کۆمار کە نزیکــەی ســاڵێکی خایــــاند، لــــــە ٣١/٣/١٩٤٧دا.

لە ڕووی شوێنی جوگرافییەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و هەنــدێ جــار بەناچــارییەوە لــە شــێوەی پێوەنــدی ڕۆشنبیریی و هاوکاری و بەشداری ئەدیب و نووسەرو نیشتمانپەروەرانی کوردی کە ئەوەش بەشێوەیەکی دەگمەنە.

لەگرفتە دیارو بەرچاوەکانی لێکۆڵینەوەکە ئەوە بوو، سەردانی هەر حیزب و دەزگایەکی ڕۆشنبیرییمان دەکرد، نامیلکەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەیان نەبوو، تەنانەت ئەرشیفی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە هۆی بارودۆخی پڕ لە هەورازو نشێوی کوردستانەوە هەندێ لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەیان نەبوو. ئەوە کتێبخانەکانی گشتی و زانکۆیی لە هەولێرو سلێمانی هەر هیچ، هۆیەکەشی دیارە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە ژمارەیەکی زۆریان لێ چاپ نەکراوە، هەر بۆ نموونە ڕۆژنامەی کوردستان (٦٠٠) دانەی لێ چاپ کراوە، بۆیە دوای زەحمەت و ماندوو بوونێکی زۆر لە گەڕان و سۆراغ و تکاکردن لەو بەڕێزانەی خاوەن ئەرشیف و کتێبخانەی تایبەتی گەورەن لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی توانیمان لە (٩٠٪)ی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بەدەست بێنین.

گرفتێکی دی ئەوەبوو، زۆر بەزەحمەت دەتوانرێ پێوەندی بە ڕۆشنبیران و نووسەرانی کورد لە دەرەوەی وڵات بە تایبەتی لە ئەوروپاوە بکرێت بۆ پرسیارکردن لە هەندێ سەرچاوەی پێویست یان ڕوون کردنەوەی مەسەلەیەکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەکە. هەروەها ئیمکان نەبوونی سەفەر بۆ شاری مەهاباد لە ئێران و گەڕان بۆ دۆزینەوەی هەندێ بەڵگەنامەو چاوپێکەوتنی کەسانێ، کە لەو ڕژانەدا ژیاون.

ئەوە سەرباری دەست ڕانەگەیشتن بە هەندێ سەرچاوە، یان هەندێ سەرچاوە بەزمانی ئەسڵی خۆی و پەنا بردن بۆ وەرگێڕاوی ئەو سەرچاوانە کە بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی. دەبێ ئەوەش بڵێم زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان (فۆتۆکۆپی)مان دەست کەوت، جاری وا هەبوو هەندێ شوێن جوان دەرنەچوو بوو، هەروا ڕێنووسەکەش بۆ ئاسانی خوێندنەوە خستمانە سەر ڕێنووسی ئەمڕۆ..

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە کە خستنە ڕووی لایەنە پڕشنگدارەکانی قۆناغێکی ڕۆژنامەوانیی کوردییە، کە تارادەیەکی زۆر فەرامۆش کراوە. ئینجا ڕۆڵی ئەو قۆناغەی ڕۆژنامەوانیی لە پێش خستن و گەشەکردنی ئەدەبیاتی کوردی یە. ئەوە بێجگە لەوەی، هەوڵ دەدات بنیادی ڕۆشنبیری و هزری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زەمینەی پێوەندییان لەگەڵ باشووری کوردستان و ڕوون کردنەوەی بنچینەی ئەو پێوەندییە وەدەرخات. هەروەها خوێندنەوەیەکی تازەش بێت بۆ ڕووداوەکانی کۆمارو ڕەنگ دانەوەی لەسەر ناخی ڕۆشنبیریی کوردی ئەو ڕۆژانە لە ڕێگەی ڕۆژنامەوانیی کۆمار خۆیەوە، کە بکرێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی و دەست نیشان کردنی تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ئەو بزاڤە ڕۆشنبیرییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئەویش لقێکە لە جیهانی ڕۆژنامەوانیی و ئەدەبیاتی کوردی. لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانیشەوە، ڕۆژنامەو گۆڤارەکانمان شی کردۆتەوەو هەندێ جار بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی لەگەڵ ڕۆژنامەوانیی عەرەبی و فارسیدا بەراوردمان کردوون.

لە ئەنجامدا، ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ڕۆژنامەوانیی و ئەدەبیاتی کوردی بەبێ لێکۆڵینەوەی ئەو قۆناغە پڕ لە چالاکی و جموجۆڵە ڕۆشنبیرییە کامڵ نابێ و کەم و کورتی تێدەکەوێ.

بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە لەسەر میتۆدێکی زانستی و ئەکادیمی بەڕێوەبڕوات، ئێمە میتۆدی مێژووی-وەسفیمان دەبەرگرتووە، کە بتوانین بە پێی ڕیزبەندیەکی مێژوویی لە ڕووداوەکان بکۆڵینەوەو پێ بە پێ لەگەڵ

چالاکییە ئەدەبی و رۆژنامەوانییەکەدا بڕۆین، پەنامان وەبەر مێژوو بردووە لەوەسف کردنی چالاکییە کەلتوورییەکان، بەم پێیە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەچێتە خانەی (مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیی)ەوەو قۆناغێکی بەبەها لە مێژووی رۆژنامەوانیی و ئەدەبی کوردی ڕوون دەکاتەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لەپێشەکییەك و چوار فەسڵ و ئەنجام و سەرچاوەکان و پاشکۆییێکی فراوان.
لە پێشەکییەکەدا، ئەوەمان ڕوون کردۆتەوە، کە بۆچی ئەم بابەتەمان هەڵبژاردووە و سنووری لێکۆڵینەوەکە و ئەو گرفتە سەرەکیانەی هاتنە بەردەممان و ئامانج و گرنگیی لێکۆڵینەوەکە، هەروا میتۆدی ڕێبازی زانستی لێکۆڵینەوەکە، هەروا میتۆدو ڕێبازی زانستی لێکۆڵینەوەکە لە بەی گرتووە، دەرخراوە.
فەسلی یەکەم، پانۆرامایەکی مێژوویی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و پەروەردەیی دیموکراسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە تیایدا ساڵانی دامەزرانی کۆمەڵی (ژێ. کاف) دوابەدوای دووەمین جەنگی جیهانی تا ڕووخانی کۆمارو بە دارهەڵواسینی پێشەوا و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان لە بەرچاو کیراوەو تیشك خراوەتە سەر ئەو هۆکارە ناوچەیی و وناوخۆیی و نێو دەوڵەتیانەی لە دامەزران و ڕووخانی کۆماردا دەوران بینیووە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە بووە، کە رۆژنامەوانیی کۆمار، لە بەرهەمی ئەو بارودۆخەیەو ڕۆژنامەنووسی و ئەدەبەکەشی ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییانەن.
فەسلی دووەم، دووباسە، باسی یەکەم، باسی هاتنی چاپخانە بۆ کوردستان و گرنگی چاپخانە لە ژیانی ڕۆشنبیریی سەردەم و ناوچەکەدا ڕوون دەکاتەوە، کە (کۆمەڵەی ژێ. کاف) و پاشان لە سەردەمی کۆماردا ئەو چاپخانەیەی لە لایەن یەکیەتی سۆڤیەتەوە لە ڕێگەی پێوەندی ڕۆشنبیریی کوردی- سۆڤیەتیدا بە دیاری هاتبوو، چ بووژانەوەیەکی ڕۆشنبیری لە دنیای رۆژنامەوانیی و چاپکراوی کوردی ئەو دەمەدا هێنایە گۆڕێ و تا چەند ئەدەبی کوردی بەرەو پێشەوە برد.

لە باسی دووەمدا، سەرجەم ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی ئەو سەردەمە، کە لە باوەشی ئەو چاپخانەیەدا لە دایك بوون، یەکە یەکە لێمان کۆڵیوەتەوەو هەڵەو کەم و کورتیەکان و لایەنە چاکەکانیمان لە ڕووی هونەرەکانی رۆژنامەوانییەوە وەدەرخستوون.
فەسلی سێیەم، دوو باسە، لەباسی یەکەمدا، ڕووناکیمان خستۆتە سەر رۆژنامەوانیی کوردی بە زمانی فارسی و کوردی لەدەرەوەی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان و بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی هەفتانەی (نامەی کوهستان) کە لە لایەن دەوڵەتەوە ڕێگە پێدراو بووەو بە تایبەتی لەو ڕووەوەی ،کە تاچەند ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانەی کۆمارو کوردستان لەو ڕۆژنامەیەدا ڕەنگی داوەتەوەو ەو ڕووداوانەی ئەو ڕۆژانە ڕۆشن بێەوە، هەروا تا چەند خزمەتی ئەدەب و رۆژنامەوانیی کوردیی کردووە.

باسی دووەم، باس لە پێوەندی و هاوکاری ڕۆشنبیرانی باشووری کوردستان دەگەڵ ژۆرناڵ و بڵاوکراوەکانی (ژێ.کاف) و دواتر (کۆماری دێمۆکراتی کوردستان)دا دەکات، ئەوانەشمان بەسەر دوو دەستەدا دابەشکردووە،

دەستەی یەکەم ئەوانەی چوون بۆ ڕۆژهەلاتی کوردستان و بەشدارییان لە کارەکانی کۆماردا کردووە. ئەوانەی کە لە باشووری کوردستانی بەرهەم و نووسینی خۆیان بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوێ ناردووە.

فەسلی چوارەم، تایبەتە بۆ وردبوونەوە لە ئەدەبی رۆژنامەوانیی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە میانەی ئەو ئەدەبیاتەی، کە لەسەر ڕووپەڕی ژۆرنالی ئەو ماوە مێژووییەدا بلاو کراوەتەوە. لەم ڕووەوە لە بارەی شیعری ئەو شاعیرانە دواوین، کە شیعر بە پلەی یەکەم لەنێو هونەرە ئەدەبیەکاندا هاتووە، پاشتر لە هونەری وتارو وەرگێڕان و ئەدەبی منداڵانمان کۆلێوەتەوە و نموونەی پێویستمان لەبەرهەمە ئەدەبیەکانەوە وەرگرتووە.

وای ئەو چوار فەسلە، ئەنجامە گشتییەکان بە چەند خالێکی درشت دیاریکراوەو ئینجا لیستی سەرچاوەکان بە پێی دابەش بوونی زمانەکان و بە ڕیزبوونی فەرهەنگیی پیتەکانی یەکەمی ناوی نووسەران نووسراوە.لە کۆتایی کتێبەکەدا وێنەی گۆڤارو بلاوکراوەکانی سەردەمی کۆمەلەی ژێ.کاف و کۆماری دیمۆکراتی کوردستانی لەخۆگرتووە.

ئەم هەولەی ئێمەش دەچێتە پاڵ هەولی ئەو بەڕێزانەی، کە لە پێش ئێمەوە ماندوو بوون و ڕەنجیان کێشاوە. بێ گومان ئەم لێکۆلینەوەیەش، لە کەم و کورتی بەدەر نییەو ئومێدمە، لە بۆچوون و شی کردنەوەکانمدا گەلەك بە سەهوودا نەچووبم..

هەموو ئەلامەی کتێب

# فەسڵی یەکەم

## مێژووی ئابووری و سەربازی و پەروەردەیی و فەرهەنگی  و دێمۆکراسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان..

هەواڵنامەی کتێب

**کۆبوونەوەی عەشیرەتەکان:**

دووەمین جەنگی جیهانی، پرِیشکی بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە، ئەو رۆژگـارە شـای ئێـران (رەزا شـا) تـا رادەیەکی زۆر بە گوێرەی بۆچوونی سیاسی خۆی و بەرژەوەندی ئێران سەرکەوتنی شـەرِەکەی لـەوەدا دەبـینی، کـە خۆی بداتە پاڵ هێزی نازیەت و هیتلەر و ناراستەوخۆ رێگە بۆ ئەفسەرانی سەربازیی ئـەڵمانی و خەفیـەکانی ئـەو وڵاتە خۆش بکات بە شێوەیەك کە کۆنسوڵخانەی ئـەڵمانی لـە ژێـر پـەردەوە کاروبـاری سیاسـی ئێرانـی بـەرِێوە دەبرد.ئەم بارودۆخە بۆ وڵاتە هاوپەیمانەکان بەتایبـەتی یەکیـەتی سـۆڤیەتی ئەوسـا کـە هاوسـنووری ئێـران بـوو کێشەیەکی مەترسیداری دروست کردبوو، چونکە ئەڵمانەکان لە هەوڵ و کۆششی بەردەوامدا بـوون بـۆ ئـەوەی لـە رێگەی هۆزو عەشیرەتە کوردەکانی سەر سنووری سۆڤیەت گێرەشێوێنی و ئاژاوە بخەنـە نێـو یەکیـەتی سـۆڤیەت، تەنانەت (پانزە تا بیست رۆژێك بەر لە هاتنی لەشکری هاوپەیمان (سۆڤیەت و ئینگلیز) بۆ ناو خـاکی ئێـران، لـە شار کۆبونەوەیەك لە لایەن سەرۆکەکانی هەردوو هۆزی کوردی، میلان و جەلالی پێك هـات، کـە لـە ناوچـەکانی بەشی باکووری سنووری ئێران و تورکیا، نزیك بە سنووری یەکیەتی سۆڤێتەوە خەریکی کاری کۆچەری بـوون، جـا ئەم کۆبوونەوەیەش لە لایەن ئەمیر چوبانی کە ئەفسەری کۆمیساری سنوور بوو، لەگەڵ نوێنەری ئـەڵمانیا بـەرِێوە برا، کە زۆر بە پەرۆشەوە دانوستاندن و مشت و مرِیان دەگەڵ ئەو شێخ و سەرۆك هۆزانە کرد کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربوون، بەو مەبەستەی بەخێرایی دەستەی چەکداریان لێ پێك بهێننن و ئاودیوی نێو خاکی یەکێتی سۆڤیەت بن بۆ ئاژاوەنانەوە)[1] ، بەڵام ئەم هەوڵە سەری نەگرت و بە زۆریش لەبەر ئەوەی سەرۆك هۆزەکان خاوەن دەسـەڵاتی خۆیان بوون و ئینگلیزیش تا رادەیەك لە پرِوپاگەندەکردن دژی فاشیزم توانی بوویان هۆشـیاری خـەڵکی بـەرەوژوور بەرن.

لە (٢٥)ی ئابی (١٩٤١)دا سۆڤیەت و ئینگلستان بە ناوی هێزی هاوپەیمانانەوە ئێرانیـان داگـیر کـردو هێـزی دەستەڵاتی ناوەندی ئێران شپرزە بوو و هەر بەناو ئیدارەی ئەو ناوچانەیان لە ژێر دەستدا مابوو.

ئەم بارودۆخەدا بە تایبەتی دوای گۆرِانی رەزا شاو هاتنە سـەرکاری (محەمـەد)ی کـورِی، جـۆرە سەربەسـتی و ئازادییەکی بۆ گەلانی ئێران هێنایە پێشەوە و یارمەتیدەرو رێگە خۆشکەر بوو بۆ دامەزراندنی هاتنەکایەی پـارت و رێکخراوو کۆرِو کۆمەڵی تازە لە سەرانسەری ئێراندا[2].

---

[1]: ئۆلگە ئیڤانۆڤنە ژیگالینە، رۆڵی هۆزەکان لەژیانی سیاسی کوردستانی ئێران لە چلەکاندا، و: غازی ئیبراهیم ،گ کـاروان، ژ ١١٨، ل ٣٤.

[2]: لەم رووەوە گۆڤاری (کهکشان)، لە وتارێکیدا لە بارەی حیزب و رکخراوو کۆمەڵە سیاسـییەکانی ئێـران لـە ١٩٢٤=١٩٥٣، ١٤٠ حیزب و رێکخراوی ژماردووە، کە تیایاندا ناوی ئەم حیزب و رێکخراوە سیاسی یە کوردییانەش بەرچاو دەکەون:

کۆمەڵەی ئازادی کوردی (حزب ازادی کرد)

حیزبی کۆمەڵە (حزب کومله)

حیزبی جەوانانی کوردستان (حزب جوانان کردستان)

حیزبی رزگاری کورد (حزب رزگاری کرد)

**کۆمەڵەی ژێ-کاف:**

لەگەڵ دەستپێکردنی دووەمین جەنگی جیهانیدا، (کۆمەڵەی ئـازادیخوازانی کـورد) دامـەزرا بـەڵام ژمـارەی ئەندامەکانی لە پەنجەی دەست تێپەڕی نەدەکرد، زیاتر گەنجە خوێنـدەوارەکان لـە ڕێگـەی (مـەلا داودی)یـەوە و پاشان (عەزیزی زەندی) سەرپەرشتیاری حیزبەکەیان بەڕێوە دەبردو پشتگیرییان لە بەرەی دیمۆکراسی و بـیری چـەپ ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ ئەوە سەردەمەی وریا کردنەوەو گەشەپێدانی هەستی نەتەوایەتی سەباری ئەوەی هـەنگاوێك بوو پاشتر درێژەی بە کاری حیزبی بدەن بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد کە بە (ژێ-کاف) ناسراوە.

(ژێ-کاف) لە ڕۆژگارێکدا دروست بوو، کە سەربەستی و ئـازادی و چەوسـانەوەی کـورد لـە هـەموو ڕوویەکـەوە (ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی) لە گۆڕێدا بوو. ئەو سیاسەتەی ڕەزا پێڕەوی کردبوو، حەمە ڕەزای کوڕیشـی هەر بەو شێوەیەی پێشو درێژەی بەو سیاسەتەدا.

ژێگالینە دەنووسێ:

**(لە ژێر سایەی ڕژێمی شای نوێش دا داپڵۆسینو جەورو ستەم و بە ئێرانی کردنـی پۆشـینی جـل و بەرگی کوردی و سووتاندن و لەنێوبردنی دەستنووس و کتێبە کوردیـەکان و گرامـەفۆنی کـوردی و هتد.. بەردەوام بوو. جگە لەمانەش مافی ژیان و نیشتەجێ بوونی کوردان لەشارەکان دا بەئارەزووی خۆیان نەبوو، سەرکردە کوردەکان دەست بەسەر دەکران، لە زیندانی دا دەئاخنران، زۆریشیان لەنێو دەبران جا ڕادەکوێزران و دوور دەخرانەوە، لەو کاتەشدا تەواوی سامان و موڵ:ەکانیـان لـە دەسـت دەداو ئیدی هەژاری و نەداری بەرگی دەگرتن، لە لایەکی دیکەشەوە ژاندارم و پۆلیسی ئێرانیش بە ئاشکرا ناوچە کوردنشینەکانیان دەڕوتاندەوەو تالان و بڕۆ دەکرد)**[3]

---

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (حزب دموکرات کردستان)

کۆمیتەی سەربەخۆیی کوردستان (کمیته استقلال کردستان)

یەکیەتی برایان کوهستان (اتحاد برادران کوهستان)

بڕوانە: مجلە کهکشان، شماره ٤٤، س٤ اذماره،١٣٧٤، ص١٣.

هەروەها لە بارەی بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەوە طاهر خلف البکاء دەڵێ:

(ڕۆژنامەوانیی کاریگەرییەکی دیارو بەرچاوی لە ڕیزەکانی جەماوەری ئێرانی دا هەبوو، هەنـدێکیان جـەماوەریان دژی سیاسـەتی حکومەت هان دەداو هەندێکیشیان ستایشیان دەکرد، ئەو قەیرانە ئابوورییەی ئەو ڕۆژگارەی ئێران تێیدا دەژیا، بابەتێکی گـرنگ بوو بۆ ڕۆژنامە بۆ وریا کردنەوەی خەڵك لە ناهەموارییـەکانی وەزارەتـە جیاوازەکـان). بڕوانـە طـاهر خلـف البکـاء، التطـورات الداخلیة في الایران١٩٤١-١٩٥١، ص١٢٥.

هەروەها احمد عبدالکریم دەڵێ: (ئەو سەربەستییەی ڕۆژنامەکان وای لە سەرەك وەزیران (قوام السلطنة) کرد، کە بڕیاری داخستنی گشت ڕۆژنامەکان بدات و تەنها چوار ڕۆژنامە بە سەرپەرشتی حکومەت بهێڵێتەوە)، احمد عبدالکریم الصحافة الایرانیة،/ص ١٢.

[3]: ئۆلگە ئیڤانۆڤنە ژیگالینە، ڕۆڵی هۆزەکان لە ژیانی سیاسی کوردستانی ئێران لە ساڵانی چلەکاندا، گ کاروان، ژ١١٨، ل٣٧.

ڕوناکبیرو بازرگان و کاسبکارو وردەمالیك لە مەهاباد، کۆمەڵەی (ژێ-کاف)یان دامەزراندو بە تایبەتی هەندێ لە ڕوناکبیرەکانی حیزبی پێشوو (ئازادیخوازان) و لەسەرووی هەموویانەوە (مەلای داودی و حوسەینی فروهەر) و دە دوازدە کەس تر دەست پێشخەریان کرد لە باخێکی دەوروپشتی سابلاخێ (مەهاباد)دا بە شێوەیەکی نهێنی دەستیان بەکار کردو پاشان ئەو کۆمەڵەیە توانی لە ڕێگەی ئەندامە چالاکەکانییەوە ، کە ڕۆژبە ڕۆژ ژمارەیان لە زیادبووندا بوو، نیمچە کۆنگرەیەك ببەستن و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ ئەو (کۆمەڵە) نوێیە دیاری بکەن و ئەرکی سەرشانی ئەو ڕۆژگارە لە ئەستۆ بگرن، کە بەڕاستی ئەرکێکی قورس بوو.

لە بارەی ڕۆژی دامەزرانی (**کۆمەڵە**)وە، بەو پێیە، کە ساڵانە لەڕۆژی (٢٥)ی گەلاوێژدا جێژنی بۆ گیراوە، دەبێ لەو ڕۆژەداو لەساڵی (١٩٤٢)د دامەزرابێ.

(هەژار) بۆ ساڵیادی دامەزراندنی کۆمەڵە ئەمەی هۆنیوەتەوە:

**گەلاوێژەکەی بەختت لە ئاسۆ دەرکەوت چابوو نەبووی ڕەنجەڕۆ**
**نرخی ئەم مانگە پاری گیانە جێژنی سەری ساڵی کۆمەڵەی ژیانە**[٤]

لێرەدا، دەمەوێ سەرنج بۆ ناوی (کۆمەڵە)ش ڕابکێشین، کە ئایا:

**-کۆمەڵەی ژیانی کورد.**

**-کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.**

**-کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.**

کامیان ڕاستە؟!. لە ڕاستیدا، دۆکیۆمێنتێکی ئەوتۆمان دەست نەکەوت، کە بە تەواوی ئەوە ڕوون بکاتەوە، چونکە ڕێکخراوێکی نهێنی بووەو بەتەنیا هەردوو تیپی (ژ.ك)ی بەکار هێناوە. بەڵام بە بۆچوونی ئێمە (ژیانەوەی کورد) بە پەسندتر دەزانین لەبەرئەوەی ڕێکخراوەکە، ڕێکخراوێکی نیشتمانی بووەو (کورد) لە بۆچوونی دا بە پلەی یەکەمدا هاتووە. هەروا (ژیانەوە)ش گونجاوترە، بەحوکمی ئەوەی لە پاش شۆڕشی (**سمکۆی شکاك**) خامۆش یەك ناوچەکەی گرتبووەوەو (ڕەزا شا) بەزەبری ئاگرو ئاسن نووزەی لە ناوچەکانی کوردەواریی بڕی بوو، کاتی ئەوە هاتبوو (ژیانەوە) بە واتا (بووژانەوە)یەکی تازە ناوچەکە بگرێتەوە.

لە ڕووی ئابوورییەوە، ئابووری وڵات بە شێوەیەکی گشتی داتەپیوبوو، لە کوردستانیشدا بازاڕی ڕەش ڕەواجی پەیدا کردبوو، سەرۆك عەشیرەت و ئاغاکان باج و سەرانەیان وەردەگرت و موڵك و زەوی و زاری خەڵکیان دەخستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە، یەکیەتی سۆڤیەت و ئینگلیزەکانیش چاوپۆشییان لێ دەکردن، چونکە ئەوان باڵادەستی ناوچەکە بوون دەیانتوانی ئاسایشی ناوچەکە بپارێزن، هێزەکانی ئێران ئەو ناوچانەیا چۆڵ کردبوو، مەحمود خانی کانی سانان سەرداری مەریوان و حەمەڕەشیدخان سەرداری بانە بوون. (بەکورتی غەیری شاری مەهاباد کە بەهۆی

---

[٤]: سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، ص١١٨.

ڕۆڵەی دڵسۆزی کورد قازی موحەممەدی نەمرەوە لیٚ پرسینەوەیەك هەبوو لەسەرانسەری کوردستانی ئێران دا کـەس لەماڵ و گیان ئەمین نەبوو، لەهەل و مەرجێکی وادا بوو کە کۆمەڵەی (ژێ- کاف دامەزرا)[٥].

ئەوانەی لە دامەزراندنی (کۆمەڵە)دا دەوران بوو، ئەمانە بوون:

**(١- ڕەحمانی حەلەوی.٢- موحەممەد ئەمین شەرەفی. ٣- موحەممەدی نانەوازادە. ٤- ڕەحمانی زەبیحی. ٥- حوسێنی فروهەر (زەڕگەری). ٦- عەبدولڕەحمانی ئیمامی.٧-قاسمی قـادری.٨- مـەلا عەبـدوڵڵای داودی. ٩- ئەحمەدی عیلمی.١٠-عەزیزی زەندی. ١١- موحەممەدی یاهوو. ١٢- میرحاج)[٦].**

(کۆمەڵە) لە دامەزراندنیدا، تـا ڕاددەیـەکی زۆر هاوکـاری و دەسـتی کوردەکـانی باشـووری کوردستانیشـی تێدابوو، کە ئەو کات لە دەوری حیزبی (هیوا)دا کۆببونەوەو نوێنەری تایبەتییان ڕەوانەکرد، کـە (میرحـاج) بـوو. (ئەو پێوەندییە دواتر باسی لێوە دەکەین). سەبارەت بە پێڕەوپرۆگرامی (کۆمەڵە) زۆر نیشتمانی بـوو و ئەوانـەی لەوێدا بە ئەندام وەردەگیران بە ئەزموونی سـەختدا تێدەپـەڕین و دەبووایـە کەسـانی کـورد پـەروەربن و دایـك و باوکیان کورد بێ. ئەگەرچی ئارچی ڕۆزفلت دەڵێ: هەرچەندە چاو لەوانەش دەپۆشرا کە دایکیان ئاشوورییە)[٧].

(کۆمەڵە) زوو بەزوویی بە کوردەکانی کوردستانی باشوورو باکوورو ڕۆژئاوا پێوەندی کردو بەمەبەستی پلان و نەخشە دانان بۆ سەربەخۆیی کوردستانی گەورە نوێنەری نارد و بە تایبەتی کۆبوونەوەی سێ سنوور، کە لـە چـیای (دالانپەڕ)ی سێگۆشە سنووری عێراق و ئێران و تورکیا ناسراوە و نوێنـەری پارچـەکانی کوردسـتانی بەشـدارییان تێدا کرد. دەربارەی ئەو کۆبوونەوەیە (هەژار)، کە خۆی لەگەڵدا بووە نووسیویەتی:

---

[٥]: عبدالقادر دەباغی، ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژێ-کاف، ل ٤٣-٤٤.

[٦]: ویلیام ئیگلتۆن جونیێر، کۆماری کورد لە سـاڵی ١٩٤٦، وەرگێڕانـی سـید محمـد صـمدی، ب١، ل١٤٤، و. ف، ل٢٤٤. لـە وەرگێڕانە فارسییەکەدا، لە ناوەکاندا ناوی قادری مودەڕیسی تێدایەو ناوی عەزیزی زەندی تێدانییە. بەڵام محمود مـەلا عیـززەت بەم شێوەیە دیاری کردووە:

١-حسین زەڕنگەر ٢-محمد نانەوازادە ٣-عبدالرحمن ئیمامی ٤- عبدلرحمن زەبیحی ٥- نجم الدین توحیدی ٦-علـی محمـودی ٧-عبدالرحمن کیانی ٨-قاسم قادری ٩-عبدالقادر مدرسی ١٠-محمد اسحابی ١١-صدیق حیدری.

بڕوانە: محمود مەلا عیززەت کۆماری میللی مەهاباد، لێکۆڵینەوە یەکی مێژوویی سیاسی یـە، ب١، ل٦٤، هـەروەها (هـەژار) ناوەکان وا دەردەخا: (حوسێنی فروهەر، زەبیحی، تەوحیدی مەلا نەجمە، ئیمامی، محەمەدی نانەوا، قادری مودەریسی، محەمـەدی یاهو، شاپەسەندی، محەمەدی سەلیمی، قاسمی قادری خاڵە مەلا داودی یازدە کەسی بناغە دانەر بوون)، بڕوانە: هـەژار، چێشـتی مجێور ل ٦٠.

عەلائەدین سەجادی، فەزڵی دامەزراندنەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ (مەلای داودی)، بەڵام ژێگالینە ئاماژە بۆ عەبـدولڕەحمانی زەبیحـی دەکات، بڕوانە: الحركة الكوردیة في العصر الحدیث، ص٢٠٠.

[٧]: ئارچی روزفلت، کۆماری مهاباد، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، ل٧.

سەید موحەمەد سەمەدی، ژێ، کاف چبوو؟ وە چی لیٚ بەسەرهات؟ ل ١٢.



هەولێرنامەی کتێب

**(مانگی جۆزەردان بوو، دروێنەی جۆ لە دەوری بۆکان دەستی پێ کردبوو، حیزب ناردی چـوومە سابلاغ. دەگەڵ میرزاقاسمی قادری و زەبیحی کە دەبووینە سێ کـەس، گوتیـان دەبـێ بچـینە (دەزی مەرگەوەڕ) دەگەڵ نوێنەرانی حیزبی هیوای کوردستانی عێراق گفتوگۆ بکەن و هەر قەرارێك کە ئێوە بیدەن ئێمە پێی ڕازین). پاشا بەردەوام دەبێ:**

**(.. نوێنەرانی هیوا: شێخ عوبەیدویللای زێنوێ)، (سەعید عەزیز شەمزینی کە ئەفسەرێکی عێراقی بوو، سەعید کانی مارانی ناوێکیش کە تـازە لاوێـك و خـوارزای شـێخ عوبەیـدوللا بـوو دەگـەڵیان هاتبوو)[8].**

ئەم چالاکی و بزاڤانە ئەوەندە بە نهێنی ئەنجام دەدران سـەری لـە هـەردوو دەسـەڵاتی ئینگلیزەکـان و ئێـران تێکدابوو، هەر چەند جارێ دەسەڵاتی حکومەتی ئێران خـەڵکی دەنـاردە مـەهابادێ هـەوڵی دەدا بیاندۆزێتـەوە و نهێنی یەکان کەشف بکات، سوودی نەبوو. لە بارەی ئەندامێتی لـە (کۆمەڵـە)، (هـێمن)ی شـاعیر بـەم شـێوەیە ئەندامێتی خۆی دەگێڕێتەوە:

**(لەماڵی یەکێ: لە دۆستەکانی خۆم کە پاشان زانیم ئەندامی ژمارەیەکی کۆمەڵەیەو.. بە قورئان و ئاڵای کوردستان بە شەرەفی خۆم و بەشمشێری سوێندیان دام کە بە زمـان و بەقەڵـەم بـە ئیشـارەت خەیانەت بە نەتەوەی کوردو ئەندامی کۆمەڵە نەکەم: ناوی نهێنی حیـزبیم (هـێمن) بـوو و ژمـارەی ئەندامیەتیم-٥٥-)[9].**

لە بواری ڕۆشنبیریدا لە سەردەمی کۆمەڵەدا جووڵانەوەی شانۆیی گڕو تینێکی تازەی بـەخۆوە بـینی و لـەو ماوەیەدا سێ شانۆگەری کوردیی نمـایش کـران و هەسـت هۆشـی هونـەریی جـەماوەری ناوچـەکەیان بـەرەو ژوور برد،ئەمە بێجگە لەوەی داهاتی ئابووریشیان بوو، ئەو سێ شانۆگەرییە ئەمانە بوون:

شانۆگەری صلاح الدین، لەنووسینی پێشەوا قازی محەمەدە، کە لە شاری مەهاباد پێشکەشکراوەو سـەرکەوتنێکی گەورەی بە دەست هێناوە..[10]

---

[8]: هەژار، چێشتی مجێور، ل٦٤.

[9]: هێمن، تاریك و ڕوون،ل٢٠.هەروەها، عبدالقادر دباغی دەربارەی بوونە ئەندامیەتی خۆی نووسیوویە، بڕوانە: عبدالقادر دباغی، ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژێ-کاف، ل ١٥.

[10]: د. کمال مظهراحمد، دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر، ص ٢٥٩. بە داخەوەدەقی ئەو شانۆکەرییەمان لـە بەردسـتدا نییە، بەڵام دەبێ ئەوە بڵێین هرە لە سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆی کوردییەوە لە ساڵی (١٩١٩) لە (مەمی ئالان)ی عەبـدولڕەحیم ڕەحیمی هەکارییەوەو پاشتر چەند جارێك ئاماژە بۆ بابەتی (سەلاحەددین) کـراوەو بـۆ مەبەسـتی تایبـەتی تـەوزیف کـراوە. لـە سەرەتای شانۆی کوردی لە شاری هەولێرێ لە ساڵی (١٩٢١)دا بە ناونشانی (سەلاحەددینی ئەیوبی)یەوە شانۆگەرییەك پێشکێش کراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:هیمدادی حوسێن بە کورتی مێژووی شانۆی کوردی قۆنـاغی یەکـەم، ١٩١٩-١٩٣٩، گ کـاروانی ئەکادیمی ژ٢، ١٩٩٧، ل٨١-١٠١.

شانۆگەری دووەم بەناونیشانی (دایکی نیشتمان)ە، لە مەهاباد و نەغەدە و شنۆ پێشکەشکراوە، ئەم شانۆگەرییە دەنگ و سەدایەکی باشی بووەو ناوی ئەو کەسانەی لەو شانۆگەرییەدا دەوری سەرەکییان بووە ئەمانە بوون:

**١- سیروس حەبیبی بە نازناوی (دالّی)، کە مانای خۆشەویستی دەدا، لە نەخشی فریشتەدا، ناوبراو تاقە کوڕو تەنیا منداڵی "میسداڵ" خانم بوو. میسداڵ، خانمێکی ئەمریکایی دانیشتووی (نۆرویژ)ی بوو کە لە کۆنەوە لەگەڵ میسیونێرێکی مەسیحی (گروپی خاچدار)ی ئەمریکایی هاتبووە مەهاباد لەوێ گیرسابۆوەو مێردی بە (حسێنی حەبیبی) کردبوو.**

**٢- عەبدوڵلای نەهری (عەبدوڵلای شەمزینی) نەخشی دایکی نیشتمانی بە ئەستۆ گرتبوو.**

**٣- غەنی بلوریان، لە نەخشی نوێنەری ئێران، پێشمەرگەو سەرۆك کۆماردا.**

**٤- محی الدین ماوەرانی لە نەخشی نوێنەری ئەفغانستان و پێشمەرگەدا.**

**٥- عەبدوڵلای حەکیم زاە لە نەخشی نوێنەری تورکیەو پێشمەرگەدا.**

**٦- حامیدی لە نەخشی نوێنەری عێراق و پێشمەرگەدا.**

**٧- محەمەدی راتبی(مەولوودی) بەرپرسی پێشمەرگەکانی چاوەدێر لە شانۆگەرەکان.**

**٨- محەمەدی سەلیمۆکەی پێشمەرگەی چاودێر.**

**٩- سمایلی پیرۆزی پێشمەرگەی چاوەدێر.**

**١٠- مستەفای جەننەتی (مۆسیقەچی) شەیپوورژەن.**

**١١- ئەسکەندەر تەپڵ ژەن.**

**١٢- خەلیل قەرەنی (کلارنێت) ژەن**[١١]**.**

(خەڵك کە بەو جۆرە شانۆییە ئاشنا نەبوون، بە توندی وروژان، بە شێوەیەك کۆنەدوژمنەکانیش بەگریانەوە یەکدی یان دەباوەش دەگرت و سوێندیان دەخوار کە تۆڵەی کوردستان بستێننەوە)[١٢].

---

[١١]: دەربارەی ئەم شانۆگەرییەو کار ئەکتەرەکانی بڕوانە: غەنی بلوریان، ئاڵەکۆك، ل٣٥-٤٤.
ئیگلتۆن، کۆماری کورد، ب٢، ل٩٠. و. ف، ص ٢٤١-٢٤٢.

[١٢]: ئارچی رۆزفلت، کۆماری مەهاباد، ل١٢.

ئەو شانۆگەرییە، بێجگە لەوەی لە ڕووی ڕاگەیاندن و ستراتیجیەتی ڕاگەیاندنەوە کارێکی گەورەی لەسەر خەڵکیدا بەجێهێشت و سۆزو خۆشەویستی بۆ (کۆمەڵە) پەیدا کرد لە هەمان کاتدا لە ڕووی ماددیشەوە داهاتێکی چاکی بۆ (کۆمەڵە) پەیدا کرد. هێمن دەڵێ: (تیئاترە کە زۆریش ساکار بوو وە دەتوانم بڵێم لە باری هونەری وتەنانەت لەسەر شانۆ مایەوە، کەم کەس هەبوون نەچوبێ هەرکەسیشچوبا دەگریاو هەستی کوردایەتی دەبزووت. لە دێهاتی دوورە دەستەوە خەڵك بۆ دیتنی ئەو نمایشە دەهاتن. بێجگە لە تەبلیغاتی سیاسی لە باری ماددیشەوە داهاتێکی زۆری هەبوو وە کۆمەڵەی دەوڵەمەند کرد.کۆمەڵە هەر بەو داهاتە توانی چاپخانەیەکی دەستی بکڕێ و لە مەهاباد دایمەزرێنێ). بڕوانە: هێمن، تاریك و ڕوون، ل٢٢.هەروەها (د.قاسملۆ)یش ئاماژەی بۆ کردووە، بڕوانە: عبدالرحمن قاسملۆ، چل ساڵ لە پێناوی ئازادی، چ٢، ب١، ل٧٣،

شانۆگەری سێیەم، لە شاری سەقز، لە (١٩٤٦) لە دەبیرستانی شاهپوور بە ناوی (تەبیبی ئیجباری) لە نووسینی مۆلێیر پێشکەشکراوەو داهاتی شانۆگەرییەکەش بۆ خوێندکارە هەژارەکان بووە[١٣]. بە داخەوە دەقی ئەو شانۆگەرییان لەبەر دەستدا نین تا ڕاددەی سەرکەوتن و شێوازی هونەرییان شی بکرێنەوە لە ڕووی ئەدەبیی و هونەرییەوە لێیان بکۆڵدرێتەوە، بە تایبەتی شانۆگەریی (دایکی نیشتمان) گومان هەیە لەوەی قازی محەمەد نووسبێتی،ئەحمەدی شەریفی پێی وایە لە نووسینی (برایم ئەحمەد)ە[١٤].

## (کۆمەڵە) و قازی محەمەد:

لەو ماوەیەدا، کەسێکی وەکو قازی محەمەد، کە نەوەکو هەر خۆی بەڵکو خێزانی قازی یەکان لە مەهاباد خێزانێکی دیارو ڕۆشنبیر و بەڕێزی ناوچەکە بوون، بۆیە کۆمەڵە بیریان لەوە کردەوە، کە داوای لێ بکەن لەو ڕێکخراوە نوێیەدا ببێ بە ئەندام و دەوری شیاوی خۆی بگێڕێ. پاش سوێندخواردن بەناوی (**بینایی**)یەوە بووە ئەندام و بەماوەیەکی کەم بەهۆی ڕۆشنبیری و دەستەڵاتی خۆیەوە توانی ببێ بە سەرۆکی کۆمەڵەو بە هۆی ئەوەوە لە سەرەك هۆزەکان هەر لە شاری (خوی) تا کرماشان بوون بە ئەندام و ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو جۆرە هاوکارییەك دەربڕێ.

بێگومان، کەسایەتی بەهێزی قازی محەمەد ئەوەندەی دی دۆست و لایەنگری بۆ بزاڤی کوردایەتی و (کۆمەڵە) زیاد کرد. دەربارەی کەسێتی قازی، **ئارچی ڕۆزفلت** وەهای دەناسێنێ:

**(کەسانێ کە هەلیان بۆ هەڵکەتبوو، قازی محەمەد ببینن، دەست بەجێ کەوتبوونە ژێر کاریگەری کەسایەتی یەکەیەوە بە ئاسانی تێگەیشتبوون بۆچی لەلای نیشتمانپەروەرانی هەموو لایەکی کوردستان ببووە (ڕەمز) ێك. ئەو، پیاوێکی کورتە باڵابوو، پاڵتۆیەکی عەسکەری کۆنی دەبەردابوو، تەنکە ڕدێنێکی هەبوو، ڕووی لاوازو ڕەنگی بەهۆی ناڕەحەتی گەدەیەوە زەرد هەڵگەڕابوو نە سیگاری دەکێشا، نە دەیخواردەوەو، زۆر کەم خۆریش بوو، هەڵسوکەوتی ئارام و ماقولانە بوو. جۆرە ئەنتەرناسیۆنالیستێك بوو، هەموو میللەتەکانی دنیای خۆش دەویست و چەند زمانێکی دەزانی لەوانە ڕووسی، کەمێ ئینگلیزی و سپرانتۆ. مێزی ئیش وکاری، پڕ لە کتێبی ڕێزمان و خوێندنەوەو بەرهەمی ئەدەبی بێگانە بوو. وا پێ دەچوو زۆر بە باوەڕێ و پاڵپشتی ئەم بیروباوەڕەشی ئازایەتییەکی کەم وێنەو لەخۆ بووردوویی بوو)[١٥].**

هەروەها کریس کۆچێرا ئەوەشی دەخاتە سەر:

---

[١٣]: ڕۆژنامەی نامەی کوهستان، ش٣٦، هیمدادی حوسێن، حەفتەنامەی کوهستان، گ سەنتەری برایەتی ژ٥، ل٥٣.

[١٤]: بڕوانە: ئەحمەد شەریفی،((دایکی نیشتمان))کێ نووسی؟،گ ڕۆژنامەنووس، ژ٥، هەولێر،٢٠٠٥، ل ٢٢-٢٥.

[١٥]: ئارچی ڕۆزفلت، کۆماری مهاباد، ل ٣٥. هەروەها دەربارەی کەسیەتی قازی لە ئینسکلۆپیدیای سۆڤیەتییدا بڕوانە: ڕۆژنامەی ئازادی، ژ٩٤، ١٩٦٠، ل ٣.

**(کتێبخانەیەکی هەبووکە پڕ لە پەرتووکی مێژوویی، وێژەوەری، بە زمانە جۆربەجۆرەکان بوو، وە بۆ خۆشی چەند نمایشنامەکە سەرچاوەی مێژوویی سەلاحەدین کە خەبات و شەڕی ئەوپیاوە قارەمانە کوردەی کە دژی مەسیحیەکان لە شەڕەکانی سەلیبی دا کردبووی هێنابوویە سەرنووسین، وە** ئەودامەزراندنە، خاڵی وەرچەرخانێکی تازەو گۆڕانێکی نوێی خستە ڕەوتی جووڵانەوەی سیاسی ناوچەکەو پێداویستی بە دێمـۆکراتی بـوون بڵاوبوونـەوەی تەوژمی پێشکەوتنخوازی دوای جەنگ و سەرکەوتنی بیری سۆسیالیستی وایکـرد جـەماوەری جووتیـارو کرێکـارو بۆرژوا هەموویان **هەروەها نمایشنامەی (دایکی نیشتمان) کە بەسەرهاتی قەومی کورد پـاش بەسـتنی پـەیمانی سەعداباد کە لە بەینی ئێران- عێراق- تورکیە لە ساڵی ١٩٣٧دا بەسترابوو، هێنابوویە سەر کاغەز، کە ئەو دوو نمایشنامە لە مەهاباد هاتە سەر سێنی نمایش)**[١٦].

گۆڕانکارییە خێراکانی ئەو ڕۆژگارە و ورابوونەوەی خەڵك و پێویستی قۆناغەکە وای دەخواست جا چ هانـدان و تەگبیری سۆڤیەت بێ لەکاتی سەردانی هەندێ لە سـەرەك هـۆزە کوردەکـان بەسەرپەرشـتی قـازی محەمـەد بـۆ باکۆیان پێشنیازی ئەندامانی کۆمەڵە خۆیان بێ، کە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە جووڵانەوەی کوردایـەتی شـێوەیەکی ئاشـکراو جـەماوەری بـەخۆوە بگـرێ، لـە (١٦)ی ئـابی (١٩٤٥)دا بڕیـاری دامەزرانـدنی (حیزبـی دێمـۆکراتی کوردستان) دراو لە کۆبوونەوەیەکدا قازی محەمەد بە ڕابەر هەڵبژێردراو مەرامنامەی حیزبی دێمۆکراتی بە زمـانی فارسی و کوردی بڵاوکرایەوە.[١٧]

---

[١٦]: کریس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی ١٩-٢٠دا، وەرگێڕانی محمد ریـانی، ل ٢٧٧. هـەروەها بڕوانـە تەرجەمـە فارسـی یەکەی:کریس کۆچێرا، جنبش ملی کرد، ترجمەء ابراهیم یونسی ص ٢١٨.

د. عیزەدین دەڵێ: (من گەلێك لەو مەسئوولە ئازربایجانی یە سۆڤێتی یانەم دیووە کە لـە مـەهاباد بـوون. لـەوان سـەلاحەددین کازمۆڤ-کە بە دڵنیاییەوە باسی ئەوەی دەکرد،کە قازی کوردی، عـەرەبی، فارسـی، تـورکی، ڕوسـی، فەرەنسیشـی زانیـوەو زۆر شارەزای ریاضیات بووە)*.

دەربارەی نمایشی (دایکی نیشتمان)، ئیگلتۆن باسی کردووە، بڕوانە:

ئیگلتۆن، کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦، ب١، ب٢، ل٩٠، ص ٧٨-٨١.

دەربارەی نمایشنامەی (صلاح الدین)یش ڤیلچێڤسکی لە کتێبەکەیدا (کوردەکانی موکریان ئاماژەی بۆ کـردووە هـەروەکو دکتـۆر کەمال مەزهەر ئاماژەی بۆ کردووە، بڕوانە:

د. کمال مظهر احمد،دراسات في تأريخ ايران الحديث والمعاصر، ص ٢٥٩.

هەروەها دەربارەی ژیانی قازی محەمەد بڕوانە:

ڕۆژنامەی کوردستان، ژ١٥، ئاوریلی ١٩٧٢، ل١.

[١٧]: مەرامنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، چاپخانەی مەهاباد، سەرماوەرزی ١٣٢٤. هەروەها لە بارەی پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبی دێمۆکرات و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە یەکەم کۆبوونەوەی لە مەهاباد دا بڕوانە:محمود مەلا عیززەت، کۆماری میللی مەهاباد، ل ٧٤-٨١.

نەوشیروان مستەفا، حکومەتی کوردستان، ل٨٧-٨٩.

کەریمی حسامی، لە بیرەوەریەکانم، ب١، ل١٠٦-١١٠.

**دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان:**

لە دەوری پێشەوا و حیزبدا کۆببنەوە. **(گرنگترین بەندەکانی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بریتی بوون لە: ئازادی و خودموختاری بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا، بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ خوێندن و کردنی بە زمانێکی ڕەسمی لە کاروباری ئیداریدا، بە دەستەوەگرتنی دەسەڵاتی بەرزی ئەو مەڵبەندە، دامەزراندنی یەکیەتی و پێوەندی برایەتی لەگەڵ ئازەربایجان و هەموو کەمایەتیە نەتەوایەتیەکان لە خەباتی هاوبەشیاندا، باشترکردنی وەزعی ئابووری، بەکەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە تەبیعیەکانی کوردستان و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و بازرگانی و گەشەپێدانی فەرهەنگ و لەش ساخی، بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێ بە ئازادی لە ڕێگای پێشکەوتن و خێرو خۆشی وڵاتەکەی دا خەبات بکا)**[18].

شان بەشانی گۆڕانەکانی ناوچەکەو بە تایبەتی لە ئازەربایجان دامەزراندنی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و بێ ئەنجامی سەفەرەکانی (قازی) بۆ تاران و نائومێدبوون لە داواکارییەکانی، ڕێگەیان بۆ قۆناغێکی نوێ خۆش کرد..

سەرەتا، (**باقرۆف**) دەیویست کوردەکانی موکریان لە چوارچێوەی حکومەتی ڕاگەیەنراوی ئازەربایجان لە تەورێزدا بن و جارێ کوردەکان پەلە لە ڕاگەیاندنی کۆماری دێموکراتی خۆیان نەکەن، بە تایبەتی لەو کۆبوونەوەیەی کە بۆ (باکۆ) باگهێشت کرابوون ئەم مەسەلەیە تاوتوێ کرابوو. بەڵام سووربوونی کوردەکان سەر کۆماری ئازەربایجان و کاربەدەستانی سۆڤیەتی ناچار کرد ڕووەو ئەمری واقیع ببنەوە و بەڵێنی پشتگیرییان بدەن و پێویستی سەربازی و ئابووری فەرهەنگی یان لە بۆ ڕەوانە بکەن. ئەم جیاوازییەش لەوەدا دەردەکەوێ، کە هەردوو سەرۆك (قازی محەمەد) و پیشەوەری دوو ئایدۆلۆژیای جیاوازیان هەبوو، ئەوەی یەکەمیان پیاوێکی ئایینی و نیشتمانپەروەر ئەوەی دووەمیان پەروەردەی کۆمۆنیستی بوو.

**کۆماری دێموکراتی کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢-١٥/١٢/١٩٤٦:**

دوای ئەوەی لە (١٢)ی کانوونی یەکەمی (١٩٤٥)دا جەعفەر پیشەوەری (کۆماری ئازەربایجانی دێموکراتی خودموختار)ی ڕاگەیاند، بە ماوەیەك لە (٢٢)ی کانوونی دووەمی (١٩٤٦)دا لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری فراواندا، لە مەیدانی چوارچرا لە مەهاباد و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە سەرۆك هۆزو عەشیرەتەکان و

---

غەنی بلوریان، ئاڵەکۆك، ل٥٦-٥٩.

[18]: دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد، ل٩١. هەروەها بڕوانە: مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چاپخانەی مەهاباد، سەرماوەزی ١٣٢٤.

خەڵکی بازرگان و کاسبکارو جوتیارو پاڵەی کوردستان (**کۆماری دێموٚکراتی کوردستان**) ڕاگەیەندراو بەمە قەوارەیەکی سیاسی و (دەوڵەتی جمهوری کوردستان) لە مێژووی هاوچەرخی کوردیدا هاتە کایەوە.

دوای ئەوەی لە (١٦)ی کانوونی یەکەمی (١٩٤٥)دا ئاڵای حکومەتی ئێران لە سەر دام و دەزگاو باڵەخانەکان دابەزێنرا، ئاڵای کوردستان هەڵکرا. کە بریتی بوو لە:

**(سەرەتا پارچەیەکی سوور. پاش ئەو سپی، کە بەئەندازەی چوار ئەوەندەی سوورەکە. پاش ئەو سەوز بە ئەندازەی بەشێ لە چوار بەشی سپی یەکە. لە ناوەڕاستی پارچە سپی یەکەدا نیوە کورە ڕۆژێك بەسەر ڕۆژەکەوە قەڵەمێك، لەم لاو لەولای ڕۆژەکەوە گۆلە گەنم بە ڕەنگی زەرد. لە سەراوردی هەمووانەوە بە شکڵی چەنبەر نووسرابوو: (دەوڵەتی جمهوری کوردستان)[19].**

بۆ ڕوون کردنەوەی چەمکی ڕەنگ و بەشەکانی تری ئاڵاکە، کاپیتان محەمەد قودسی لە شاری نەغەدە لە کاتی هەڵکردنی ئاڵاکەدا وتی:

**(دەڵێ ڕەنگی سوورم نیشانەی جەنگاوەری و نەبەزی گەلی کوردە سپیم دەڵی میللەتی کوردی نەجیب گیانێکی پاك و ڕاستی هەیە. ڕەنگی سەوزم هاوار دەکا خاکی کوردستان پڕە لە دەغڵ و دان. کانگای زێڕو زیوە.ئەی کورد هەموو بە گیانێکی خاوێنەوە بیرەوەریەکی پاك و ڕاستەوە هەموو پێکەوە کەڵك لە کوردستانەکەتان وەرگرن. دیسان دەڵێ: ئەی فەللاح، ئەی کرێکار و پاڵەی کورد دڵت لەخۆ دانەمێنێ لەسەر نیشانەی پاکی و ڕاستی نیشانەی تەقەڵاو هەوڵی دەستی تۆ ئەو دوو گوڵە جۆیە هەمیشە بە پێش چاوتەوەیە پێت ئەڵێت هەوڵ بدە ئیش بکەو وڵاتت بڵند بکەرەوە. ئەی کورد دیسان ئاڵاکەت ئەڵێ و ئەمرت پێ ئەکات سەرکەوتنت و گەورەییت لە خوێندنایە، ژن و پیاو کوڕو کچ بەجارێ بخوێنن چونکێ خوێندن هەمو میوەیەکی خۆشی و زیندەگانی پێوەیە. کردگاریش تیشکی ڕۆژی خۆی بەسەر هەموو سیفاتی جوانی ئینسانیدا بلاو ئەکاتەوە جوانتری ئەکا)[20].**

---

[19]: علاءالدین سجادی، شۆڕشەکانی کورد وە کوردو کۆماری عێراق، ل ٢٨٠. بەکارهێنانی (کۆماری دێموٚکراتی کوردستان)م پێ لە ناوەکانی دی ڕاست تر بوو، وەکو (کۆماری میللی مەهاباد) و (کۆماری مەهاباد).. هتد. بەو پێیە کە لە بەڵگەنامەو دۆکیومێنەکانی (کۆماری دێمۆکراتی کوردستان) خۆیدا بەناوی دەولەتەوە مامەڵەیان کردووەو نوسیویانە و (مەهاباد) تەنیا پایتەختی ئەو کۆمارە بووە. پێویست بەوە ناکا سڵ بکەینەوە لەوەی کە سنوورەکەی چەند بووەو چەند دەستەڵاتی بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا ڕۆیشتووە. لەم ڕووەوە پێویست بەوە دەکا هەوڵی (مەحمود مەلا عیززەت) و عەبدولڕەحمان زەبیحی لەبەرچاو بیگرێ. بڕوانە:

مەحمود مەلا عیززەت، لە یادی دامەزراندنی (جمهوریەتی کوردستان)دا با بۆچوونە شێواو و هەڵەکان ڕاست بکەینەوە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ ١٧٧٤، س٧، ١٩٩٨/١٢/٢٠،ل٦.

محمد بهاءالدین مەلا صاحب، پێشەوا قازی محەمەد و کۆماری مەهاباد ل٢٦.

Ηασσαν Αρφα,Τηε κυρδσ,Π. 84.

[20]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٥، س١، ٢٠ ژانویە ١٩٤٦، ل٢.

له ڕۆژی هەڵکردنی ئـاڵای کوردسـتان لەمەیـدانی چوارچـرا لـه مـەهاباد دا، پێشـەوا قـازی محەمـەد وتـارێکی خوێندەوە، کە تێیدا ئامانجی ئاییندەی کۆمارو خەباتی لەمەودوای حزبی تێدا ڕوون کـردەوە، ئەمـە بەشـێکە لـە دەقی قسەکانی ئەو:

**(کوردستان مەوقیعیەتی جوگرافیائیەکی مەخصوصی هەیە کە بێ پسـانەوەی بێئـەوەی نەتـەوەو میللەتێکی کە لە نێوانیاندا فاصیل و لێکیان بپچڕێتەوە کورد بەسەر یەکەوە پێکەوە سـکونەتیان تێی دا هەیە دارای مالیکیەتی میللێ دەوێ دا بەسەرهات و سەوابیقی تاریخییان یەکەو عمومـەن تێی دا شەریکن. خاوەنی ئاداب و عـادات و ڕسـومی میللیەکـە وان کـە هـیچ جـۆرە صـەدمەو حەوادسێك نەیتوانیوە سستیەك لە بناغەی میللەتی ئەواندا پەیدا بکا. کورد لە قەدیم ڕا هـەزاران پادشاو حوکمدارو تەشکیلاتیان بوە. هەر لەم کوردسـتانی ئـازادی ئیسـتادا بنەماڵـەی ئومـەرای موکری کە سەر سیلسیلەی ئەوان ئەمیر سیف الدین بووە تا ١٠٢٠ی ھ بیلئیستیقلال یەك لە دووی یەك: ئەمیر سیف الدین، صارم بگ، شیخ حیدر،ئەمیر بگ، ئەمیر پاشا تا دەگاتە قوباد خـان بـە دەسەڵات و قودرەتەوە حکومەتیان کردووە.**

**میللەتی ڕەشیدو بەغیرەتی کورد لە هەموو دەورو زەمانێکدا هەر کەس خەیاڵی ئیستی نیشتمانی ئەوانی بوبێ بەرەنگاری بوون و بەرەبەرەکانییان کردووە لە هیچ فیداکارییەك دەستیان دانەنەواندوە. لە پاش لە دەست چوونی سەڵتەنەت و حکومداریشیان بۆ وەرگێر خستنەوەی ئیستیقلال و ئازادی بە ملیۆنن قوربانییان داوەو لەبەر ئەوەی کە هەمیشە لە موبارەزەو ملە بوون هیچ جـۆرە ئەزیـەت و ئازارێك نەماوە نەی چێژن و نەی بینن.**

**چەند مەدرەسەی کچان و کوڕانمان کردەوە، مەدرەسەی شەوانمان دایر کردو کتێب بـەزمانی کـوردی تەرجەمە کران.. کوڕو کچ و پیاوی گەورە لە مەدارسی شەوانەو ڕۆژانە بەزمانی کوردی دەخوێنن لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن لە مانگێك و دو مانگ دا دەبنە خوێندەوار و شتێ: دەخوێننەوەو دەنووسن. بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەریەت و عەداڵـەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاوکردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاك تەئسیس کـراو دانـرا لەشـاری خۆمان دا بەزمانی خۆمان گۆڤارو ڕۆژنامە دەردەچـێ و بـیرو فیکـرو داخـوازی ئێمـە لـە دنیـادا بڵاودەکاتەوە.**

**حاصل و بەروبوومی ئێمە کە میقدارێکی زۆرو زەوەندو بە قیمەت بـوو بـە فیڕۆیـی لـە دەسـتیان دەردەهێنان و دەستی ئیستعمار سەددێکی لە پێش ئێمە و بازاڕی دنیا دروست کردبوو ڕێگای حەلمان دیپەوەو تیجارەت و ئیقتصادی کوردستان زۆر باش تەئمین کرا. لە زەمانی دیکتاتۆری دا کە هەموو عەوارزێکیان لێ دەساندین کەمو زۆر وەسیلەی لەش ساغی و موعالەجە، نە حەکیم نە دەرمان نە**

**مەریز خانەیێ بۆیان ساز نەکردین. ئێمە بۆخۆمان مەریزخانەی زۆر باش بەو زوونە دایر دەکـەین و لەش ساغی ولاّتمان تەئمین دەبیّ.**

**هێزێکی میللیمان تەشکیل داوە کە بەشەجاعەتێکی تەواو حاضرەوە دیفاع لە نیشتمان بکا.**

**دیارە موەفەقییەتی ئێمە سەراسەری لە عەینی مەرامی دێمۆکراسی و لـە نەتیجـەی فەعالییـەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بـە پشـتیوانی عالـەمی دێمۆکراتـە لەبـەر ئـەوە.. دەڵـێین: بـژی موئەسیسینی دێمۆکرات)[21].**

لەسەرەتای مانگی شوبات دا کابینەی (کۆماری دێمۆکراتی کوردستان) ئاشکرا کرا، کە بەم شێوەیە بوو:

| | |
|---|---|
| **١- حاجی بابە شێخ** | **سەرەك وەزیران** |
| **٢- سەیفی قازی** | **جێگری سەرەك/ وەزیری بەرگری.** |
| **٣- مەنافی کەریمی** | **جێگری سەرەك/ وەزیری پەروەردەو زانیاری.** |
| **٤- محمد امین معینی** | **وەزیری ناوخۆ.** |
| **٥- عبدالرحمانی ئیلخانی زادە** | **وەزیری دەرەوە.** |
| **٦- محمدی ئەیوبیان** | **وەزیری تەندروستی.** |
| **٧- محمود وەلی زادە** | **وەزیری کشتوکاڵ.** |
| **٨- خەلیلی خوسرەوی** | **وەزیری کارو فەرمان.** |
| **٩- ئەحمەدی ئیلاهیی** | **وەزیری ئابوری.** |
| **١٠- مەلا حسێنی مەجدی** | **وەزیری داد.** |
| **١١- حاجی موستەفای داودی** | **وەزیری بازرگانی.** |
| **١٢- صدیق حەیدەری** | **وەزیری ڕابەری.** |
| **١٣- ئیسماعیل ئێلخانی زادە** | **وەزیری ڕێگاوبان.** |
| **١٤- کەریم ئەحمەدین** | **وەزیری پۆستەو تەلەفۆن** [22] . |

[21]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ(١٥-١٦)، ١٩٤٦.

[22]: جلال الطالبانی، کردستان والحركة القومية الكردية، ص٣٢٧-٣٢٨.

مجبتی برزویی، اوضاع سیاسی کردستان، ص٩٨-٩٩.

کەریمی حسامی، کۆماری دێمۆکراتی کوردستان یان خودموختاری، ل ٧٥-٦٧.

هارفی موریس و جون بلوج، لا اصدقاء سوی الجبال، ص٩٨-٩٩.

**باری ئابووری:**

بەر لە دامەزراندنی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان باری ئابووری ئێران داتەپی بوو، بە هۆی جەنگی دووەمی جیهانی یەوە، نرخی شتومەك گران ببوو بازاڕی ڕەش ڕەواجی پەیدا کردبوو. ئەمە جگە لەوەی، کە لە سایەی حکومەتی بیست ساڵەی ڕەزا شادا ناوچەکانی کوردستان لە ئێران دواکەوتووتر بوو، نە کارگەو نە کۆمپانیایەکی وای لێ دروست نەکرابوو، کە خێرو بێرەکەی لە بەرژەوەندی ناوچەکەدا بێ‌و چینی کرێکاری کورد وجودی هەبێ، بە پێچەوانەوە، بە گوێرەی بەرنامەیەکی تایبەتی ڕەزا شا لەهەوڵی سڕینەوەو لە بەین بردنی هەموو گۆڕان و بەرەو پێش چوونێك و ڕەسەنایەتیەکی کۆمەڵی کوردەواری بوو.

پاش ڕەزا شا، حەمە ڕەزای کوڕیشی لەسەر هەمان سیاسەتی چەوتی باوکی هەنگاوی هەڵ دێنا لە کوردستان دا (عەشایربازی و خان خانانێ دامەزراو نە تەنیا دێهات بەڵکو لە شارەکانیش دا حکومەتی دەرەبەگایەتی بەسەر خەڵکدا حوکمی دەکرد، باجیان دەستاند، عەوارزیان وەردەگرت، ملْك و زەوی و زاری بێ دەسەڵاتیان داگیر دەکرد)[٢٣].

لە سەردەمی کۆماردا باری ئابووری بە هۆی پێوەندی بازرگانی دەگەڵ تەورێزو سۆڤێتەوە بووژایەوەو بازرگانان دەیانتوانی بە ئاسانتر کاڵا بێنن و ڕەوانەی بکەن، بەڵام ناتوانرێ چاوپۆشی لەوەیش بکرێت، کە یەکێ لە خاڵە پڕ مەترسیدارەکانی کە لە ئاییندەدا بووە هۆی ڕووخانی کۆماریش مەسەلەی ئابووری بوو، بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە نەیجەتوانی چارەسەری کێشەی ابەش کردنی زەوی و زار بکات چونکە سروشتی کۆمارو باری ئەو ڕۆژەی کۆمەڵی کوردستان وەهابوو. دەرەبەگ و سەرەك هۆزو بازرگان سەرکردایەتی حیزب و کۆماریان پێکهێنابوو و هەر خۆشیان پارێزگاریان لە داهاتی خۆیان دەکرد و ئەو دەرەبەگ و ئاغایانەشی ڕایانکردبوو و دژایەتی کۆماریان دەکرد و خۆیان دابووە پاڵ حکومەتی ئێران بەشێوەیەکی عادیلانە زەوییەکانیان بەسەر جووتیاراندا دابەش نەدەکرا.. ئەوە بێجگە لەوەی سنووری کۆماری کوردستان لە بازنەیەکی تەسکدا بوو و شوێنی کەمی بە دەستەوە بوو، لەگەڵ ئەوەشەوە لە سەردەمی کۆماردا هەندێ هەوڵ درا، لەوانە ( هەوڵدان بۆ بەڕێوەبردنی شێوەی نوێی کشتوکاڵی و هێنانی تراکتۆر بۆ یەکەم جار بۆ کوردستان. دامەزراندن و گەشەپێدانی شیرکەتێکی گەورەی بازرگانی بە ناوی "تەرەقی"یەوە) [٢٤]، بەڵام هەوڵەکان بە هۆی هاوکاری نەکردنی خەڵکی کوردستان ئەوەندە جێگەیان نەگرت.

---

[٢٣]: عبدالقادر دباغی، ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژێ-کاف، ل٤٣. هەروەها لە بارەی بارودۆخی ئابووری لە ئێران لە دووەمین جەنگی جیهانیدا، بڕوانە: عبدالهادي كريم سلمان، ايران فى سنوات الحرب العالمية الثانية، (رسالة ماجستير)، ص ١٢١-١١٥.

[٢٤]:جەلیل گادانی، ٥٠ ساڵ خەبات،ل٥٢ .لەبارەی هەنگاوەکانی ئابووری و پلان دانان بۆ پاشەرۆژی دارایی و بودجەی کوردستان وەك کردنەوەی کۆمپانیا و دانانی بانق و سکە لێدان،بڕوانە:محەمەدئەمین مەنگوڕی ،بەسەرهاتی سیاسی کورد،ب١، ل ١١٢-١١٥.

**باری سەربازی:**

لە ڕووی سەربازییەوە، ئەگەرچی ئامارێکی تەواو لەبەر دەست دا نی یە بۆ ژمارەی سەربازو پێشمەرگە، بەڵام هەوڵ درا تا ڕادەیەك لەسەر شێوەی نوێی سەربازیی هێزەکان ڕێك بخرێن و ژمارەیەك ئەفسەری باشوور، کە بەشدارییان لە کۆماردا کرد پلەی سەربازییان پێدرا، بە شێوەیەکی گشتی هێزی بارازانییەکان، کە لە عێراقەوە ڕایانکردبوو، لەگەڵ هەندێ لە هۆزەکانی بانەو بۆکان، کە لە ژێر سەپەرشتی ژەنەراڵ (**حەمە ڕەشیدخانی بانە**)دا بوون زۆرینەی هێزی کۆماری دیمۆکراتی کوردستانیان پێك هێنابوو، ئەو هێزانەیش زۆربەیان لە ئەنجامی هێرشیان بۆ سەر ئەرتەشی ئێران و چۆڵ کردنی ئەو ناوچانە لە لایەن سوپای ئێرانەوە خۆیان چەکدار کردبوو. لەم ڕووەوە **کەریم حسامی** دەڵێ:

**(لەسەرو بەندی ڕکردنی ئەفسەرو ژاندرمەکانی حکومەتی ڕەزا شادا، تفەنگی برنۆ لە کوردستان بەنان یا بە کۆنە پانتۆڵ و کۆنە پێڵاوێك دەفرۆشرا.بەڵام ئەو کوردانەی کە بە ئیجباری گیرابوون، وە لە کوردستان دوور خاربوونەوە، زۆربەیان نەك هەر تفەنگی خۆیان بەجێنەهێشت و هێنایەوە، بەڵکو زۆری واش هەبوون کە تفەنگی زیادەیشیان هێنابوو)[٢٥].**

هەروەها دەڵێ:

**(خەڵکی ئەم ناوچەیە تفەنگی برنۆیان بە عەرابە کۆدەکردەوە. بە کورتی چەکی ژاندرمەو قشونی حکومەتی ڕەزاشا لە کوردستان کەوتە دەستی خەڵك و کوردەکان چەکدار بوونەوە)[٢٦]. لە بارەی ژمارەی پێشمەرگەش ئەوانەی چەکداربوون، حسن ارفع، ژمارەی پێشمەرگەکانی مەهاباد بە (١٢٠٠٠) دوازدە هەزار کەس لە قەڵەم داوە[٢٧].**

هەولێرنامەی کتێب

---

[٢٥]: کەریم حسامی، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستان ئێران، ل ١١.

[٢٦]: هـ. س، ل١٢. هەروەها هێمن دەڵێ: (تفەنگی برنۆیان دەدا بە نانێك. ئەویش ئەوی ئازایان، دەنا ئەوی ترسنۆك بەرتیلی دەدا تفەنگەکەی لێ وەرگرن) بڕوانە، هێمن، تاریك و ڕوون، ل ١٩. هەروەها دەربارەی هێرش بۆ سەر شارەوانی مەهاباد بڕوانە، غەنی بلوریان، ئاڵەکۆك، ل ٢٤-٢٦.

[٢٧]: ΗΑΣΣΑΝ ΑΡΦΑ,Τηε κυρδσ, π. 85.:

دەربارەی شەڕەکانی بەرەکانی جەنگ دەگەڵ ئێرانێ، بڕوانە: ب. ئەلۆەند، ڕۆژنامەی دەنگی کورد، ژ ٤٤-٦٩.

عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی، گەشتێك بە کۆماری مەهابادا، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

مسعود البارزاني، البارزاني والحركة التحررية الكردية١٩٤٥-١٩٥٨.

دەربارەی نامەو دۆکیۆمێنتەکانی وەزارەتی هێزی کوردستان، بڕوانە:

محمود ملا عیزەت، دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامەو دۆکیومێنت، ب٢، ١٩٩٥.

**باری پەروەردەو فەرهەنگی:**

لە بواری پەروەردەو فەرهەنگیدا، شەخسی قازی بۆ خۆی گرنگی زۆری بە خوێندن و خوێندەواری داوەو یەکێ لە داواکارییەکانی کۆمار هەر لە زووەوە خوێندن بوو بە زمانی زگماکی کوردی. تەنانەت لە برگەی سێزدەی فەسڵی سێیەم لە مەرامنامەی حیزبدا هاتووە:

**(لەنێو دانیشتوانی کوردستاندا بۆ بڵاوکردنەوەی عیلم و مەعریفەت خوێندنی ئیبتیدایی و ناوەنجی ئیجباری یە، لە مەدرەسەکاندا خوێندن بە زمانی کودی دەبێ[28] .**

بۆ ئەم مەبەستە لە پێشدا دەبوو لە پرۆگرامی خوێندنی سەرەتاییەوە دەست پێ کرابا.

(**هێمن**) دەڵێ:

**(لە دەستەیەك دا کە بۆ دانانی کتێبی کوردی بۆ فێرگەکانی کوردستان کاریان دەکرد، ئەندام بووم. ئەندامە ئەسڵیەکانی ئەو لیژنەیە وەك بیرم مابێ، زەبیحی و هەژارو برایمی نادری و دڵشاد ڕەسوڵی و من بووین. پێشەوا بۆ خۆی و چەند مامۆستای شارەزایش یارمەتیان دەداین)[29] .**

هەر لە بارەی دەرس وتنەوەی ئەو ڕۆژانەی مامۆستایان لە قوتابخانەکاندا ئارچی رۆزفلت دەڵێ:

**(سەرەتا مامۆستایانی کورد ناچار بوون لە پۆلەکانی دەرس گوتنەوەدا فارسی بە زار بۆ خوێندکاران وەرگێڕن، بەڵام پێش ڕووخانی کۆمار کتێبی فێرکردنی کوردی بۆ خوێندنی سەرەتایی چاپ کرابوون)[30].**

تەنانەت خولی ئێواران کرابۆوە بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری بۆ بەساڵاچووەکان و زمانی کوردیش بووە زمانی خوێندن.

دامەزراندنی **کتێبخانەی میللی کوردستان** وەکو پێویستی یەکی شارستانی و بەگیانی لێپرسینەوە لە بەرامبەر زانست و زانیار سەردەم بۆ ئەوەی ئاستی زانیاری لە کوردستان بەرز بکاتەوە، بڕیار درا هەرچی کتێب و چاپەمەنی و دۆکیومێنتێك هەبێ لە یەك شوێن دا کۆبکرێ،ەوە و ببێتە سەرەتایەك بۆدامەزراندنی کتێبخانەیەکی گەورەی میللی لە بارەی دامەزراندنی کتێبخانەی میللییەوە، ڕۆژنامەی (**کوردستان**)، لە ژمارە (٢٥)دا ئەم هەواڵەی بڵاوکردۆتەوە:

**(لەبەر ئەوەی پێداویستییەکی زۆر بە بوونی کتێبخانەیەکی میللی لە شاری مەهاباد هەست پێ دەکرێ. حەزرەتی پێشەوای کوردستان دەستووری فەرموو کە بە زوویێکی زوو دەست بە کۆکردنەوەی کتێبەکانی قیرائەتخانەی عیسازادەو فەرهەنگ بکرێ و یەکجێ لە سالۆنی تەنیشتی چاپخانەی**

[28]: مەرامنامەی حزبی دێمۆکراتی کوردستان، چاپخانەی مەهاباد،سەرەماوەزی ١٣٢٤،ل٣.

[29]: هێمن،تاریك و ڕوون،ل٢٤.

[30]: ئارچی رۆزفلت، کۆماری مهاباد، ل٣٦-٣٧.

هەروەها لە بارەی باری ڕۆشنبیرییەوە بڕوانە: الحركة الكردية في العصر الحديث، ص ٢٠٣.

عەودالنامەی کتێب

**کوردستان دابندرێن و کتێبخانەیەکی میللی و عمومی سازبکرێ و چەند کەسێکیش لە برایان تا ئەمڕۆ کتێبێکی زۆریان بەم کتێبخانە پێشکەش کردووە (کە پاشان دە ڕۆژنامەدا نێویان دەنووسرێ) و کەسانێکیش ئامادەن یەك یا چەند جلد کتێب بەم کتێبخانەی میللییە ببەخشن لە ڕۆژنامەدا نێویان دەنووسرێ و تەقدیریان لێدەکرێ).**

**ڕادیۆی دەنگی کوردستان**،کە ئەوێ ڕۆژێ، یەکیەتی سۆڤییێت لە ڕێگەی پێوەندی فەرهەنگی ڕووسیەوە ئازربایجان دا پێشکێشی کوردستانی کردبوو، زۆر بە کەڵك بوو، چونکە ڕادیۆ وەکو کەناڵێکی ڕاگەیاندنی جەماوەریی کاریگەری ڕاستەوخۆ دەتوانێ ورەی جەماوەر بەرزبکاتەوەو هەواڵ و ڕووداوەکانی لە ساتێکی کەمدا بە ئاگاداریی هەموو لایەك بگەیێنێ. بە تایبەتی کۆمەڵی کوردەواری ئەو ڕۆژە زۆربەیان نەخوێندەوار بوون و ئاشنای خوێندن و نووسینی کوردییش نەبوون، بۆیە ڕادیۆ دەتوانێ بگاتە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بەبێ جیاوازی. لە بارەی گرنگی ئەم ڕادیۆیەوە (پێشەوا) لە میانەی وتەیەکیدا وتی:

**(لەهەموو شتێك بۆ ئێمە چاکتر ئەوەیە کە بتوانی قسەی خۆمان بە گوێی دنیا بگەیەنین و تەصدیقی دەفەرموون کە هەموو شتێك وردە وردە تەرەقی پێ دەدرێ. دیسان دەتوانین بە هۆی ئەم دەستگایە دەرسی ئەخلاقی، فەلاحەتی و.. بە برایانی خۆشەویست بڵێین و لە ئاییندەشدا بەرنامەیەکی باش بۆ ڕادیۆکەمان دیاری دەکەین)**[31].

ئەم ڕادیۆیە (لە سەعات ٤ تا ١٠ی دوای نیوەڕۆ هەموو ڕۆژێ بەرنامەی بڵاودەکردەوە، بەڵام دەنگەکەی ئەوەندە قەوی نەبوو، کە بگاتە سنوورەکان و پەیامی کوردەکان بۆ هاونەتەوەکانیان لە عێراق و تورکیا بەرێت. چەند پێشنیاز کە لەو بابەتەوە بە شورەوی درا، بێ وەڵام مایەوە[32]. ئەگەرچی دەزگای ڕادیۆکە زۆر سادە بووەو لە ڕێگەی ئەمپریفایەر و بلّدگۆوە بەناو شاردا بڵاوکراوەتەوە، **سەعید ناکام** دەڵێ:

[31]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٤٤، ١٩٤٦/٥/٦.

[32]: ولیام ئیگلتۆن، کۆماری کورد لەساڵی ١٩٤٦، ب٢، ل٥٨. و.ف. ص ١٨٧. ڕۆژنامەی (کوردستان) لە ژمارەی ٤٣ی ١٩٤٦/٥/٤دا ڕێپۆرتاژێکی لەمەڕ ڕادیۆو دەزگای سینەمای کوردستان نووسیوە: (ڕۆژی سێ شەموو ١٠ی بانەمەڕی ١٣٢٥ ئیستاسیۆنی ڕادیۆی مەهاباد پایتەختی حتکومەتی میللی کوردتسان دەگەڵ (٥) دەستگای بلّنگۆ کە ١-لە حەوشی کانگای حزبی دێمۆکرات ٢-لە پێشمەرگەخانە ٣-ڕووبەڕووی شارەوانی ٤- لە ڕووبەڕووی خانووی حەزرەتی پێشەوا ٥- ڕووبەڕووی مزگەوتی عەباس ئاغا نەسب کران، دانراو ڕەسمەن هەیئەتی ڕەئیسەی میللی کوردستان و ئەندامەکانی کۆمیتەی مەرکەزی و کاربەدەستانی حزبی دێمیۆکراتی کوردستان و ژمارەیەکی زۆر لە ئاغایانی دەرەوەو ڕیجالی موحتەرەمینی شاری مەهاباد حزورریان بوو).

**(ئێمە دەبوایە بە میکرۆفۆن دەنگمان بە نێو شاری مەهابادا بڵاوبکەینەوە.. ئەگەر بمانویستایە هەواڵێك یا ڕاگەیاندنێك بڵاوبکەینەوە، دەبوایە ڕاکەینە تەورێزو سەرە وەربگرین تا ڕێگامان دەدرێ بۆ ژووری ڕادیۆ)**[٣٣].

ڕەنگە ئەمە بە پلەی یەکەم سوودەکەی بۆ ئەو ڕۆژە لەوەدا بووبێ، کە زۆربەی خەڵکی جوتیارو هەژاری ئەو ڕۆژە ڕادیۆی تایبەتی خۆیان لە ماڵەوە نەبوو. بە تایبەت لە شارێکی وەکو مەهاباد دا، بەر لە دانانی ئەو ڕادیۆیە لە مەهاباد پێشتریش لە میانی ڕادیۆکەی ئازەربایجاندا نیو سەعاتیان بۆ بەرنامەکان بە زمانی کوردی تەرخان کردبوو، کە هەژاری موکریانی بەرنامەکانی بەڕێوە دەبردو هەر خۆی وتارەکانی دەنووسی. دەربارەی ئەو کارەی خۆی (**هەژار**) دەڵێ:

**(لە تەورێز ڕادیۆی پیشەوەری هەبوو. بڕیار درابوو ڕۆژی نیو سەعات ئێمەش قسەی لەسەر بکەین و بەرنامەی تایبەتی خۆمان هەبێ. من بۆ ئەو کارە چوومە تەورێز. وەتاغێکم لەماڵی شازدە خانمی میر پەنج بە کرێ گرت. شەوانە تا نیوە شەو، ڕۆژانە هەر لە بەیانەوە تا نوێژی شێوان بە تەنها خەریکی بەرنامە نیو سەعاتیەکە دەبووم و دەچووم دەم خوێندەوە. پازدە ڕۆژ ئەو کارەم کرد)**[٣٤].

دانانی چاپخانەیەك لە مەهاباد یەکێ لە بۆکان بۆ چاپ کردنی ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبی کوردی ئەمانە هەمووی لە بواری ڕۆشنبیریدا جێگەیان دیارە.

لە میانەی پێوەندی و دۆستایەیت دەگەڵ میللەتاندا، بەتایبەتی دەگەڵ ئازەربایجانی سۆڤیەتیدا، بە پێشنیازی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ژمارەیەك خوێندکاری کورد ڕەوانەی (باکۆ) کران بۆ تەواوکردنی خوێندنی بەرزو لە پاشەڕۆژدا بگەڕێنەوە کۆمارو خزمەت بکەن، بە تایبەتی لە ڕشتەی سەربازیدا، بە داخەوە، تەمەن کورتی کۆمار ئەو ئاواتەی نەهێنایە دی و زۆریان گەرانەوە و هەندێکیشیان، لەوێ مانەوەو پاشان توانییان خوێندنی باڵا لە پسپۆڕیی جیاوازدا تەواو بکەن[٣٥].

---

[٣٣]: دەستنووسی سەعید ناکام، ل١٠٦. ئەم دەستنووسە کە لە بارەی ژیان و بەسەرهاتی سەعید ناکامە لە مومتاز حەیدەری وەرگیراوە.

[٣٤]:هەژار،چێشتی مجێور، ل ٧٩=٨٠.

د.عیزەدین دەڵێ: (هەژار باسی (سوڵتانی وەتەمیشی)نەکردووە (دکتۆر-پزیشك)، کە تا ڕووخاندنی ئازەربایجان بێژەری ئەو ڕادیۆیە بوو. لە دوای ئەوەش یەکێك بوو لە بێژەرانی ڕادیۆی (فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان)- بە کوردی کە لە باکۆ بوو، لە ساڵانی شەستیشدا هەر خۆی بێژەری ڕادیۆی نهێنی (صدای ملی ایران) بوو، کە لە مۆسکۆوە بڵاودەکرایەوە*.

[٣٥]: لەوانە: (ڕەحیمی قازی و سوڵتانی وەتەمیشی و حەسەنی حیسامی ڕەحمانی گەرمیانی و مراد عەبدوڵڵای ڕازماوەرو قادری مەحمود زادەو (حەمەدی مەولوود)یش کە قارەمانێکی گەورە بوون هاتە عێراق و ساڵی ١٩٥٠ بە پێ خۆی گەیاندە باکۆو لەم

**باری سیاسی و دێمۆکراسی:**

کۆماری دێمۆکراتی کوردستان سروشتێکی دێمۆکراسی هەبوو و لە سایەیدا خەڵکی بەوپەڕی سەربەستییەوە لە ئارادا نەبووە، خەڵکی کوردستان ئومێدیان بەو کۆمارە بوو، کە بتوانێ هیواو ئاواتی لەمێژینەیان لە دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردیدا بەدی بێنێ و لە دەوری پێشەوادا کۆببنەوە. دەوڵەتانی ئێران لە ماوەی حوکمی ڕەزا شادا ئەوەندە زوڵم و ستەمیان کردبوو و هەرچی شوێنەوارێ کوردایەتی پێوە دیار بوو لە ناویان بردبوو، بۆیە کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لەلای خەڵکەکە دروست کردبوو، توێژەکانی کۆمەڵ، قوربانی بدەن.

لەڕووی ئەمنیەتی شارەکانەوە، ڕۆزفلت بەراوردێك لە نێوان هەردوو کۆماری دێمۆکراتی کوردستان و ئازەربایجاندا دەکا:

**(لە بارێکدا لە ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، حکومەتی ترس دامەزرابوو، لە کوردستان تەنیا یەك حاڵەتی کوشتن ڕووی دابوو کە دەکرا ناوی سیاسی یان لێ بنرێ، هەرچەندە هەندێ کورد کە ئەم ڕژێمەیان خۆش نەدەویست، هەڵاتبوون بۆ تاران. لە جادەکانی مهاباد مرۆڤ دەیتوانی گوێ لە بەرنامەکانی ئەنکاراو لەندەن بگرێ، لە کاتێکدا لە تەورێز سزای گوێ گرتن لە ڕادیۆکان، مەرگ بوو)[٣٦].**

---

دواییەدا مرد. کەریمی ئەیوبیان و مستەفا شەلماشی وە علی گەلاوێژو سەید عەزیز شەمزینی و غەنی بلوریان و هی تر بوون)*.

بڕوانە: ولیام ئیگلتۆن، کۆماری کورد، ب٢، ٤٠-٤٢. و.ف، ص١٥٤.

عبداللە رسول پشدەری، یادداشتەکانم ب١، ل ٧٢.

غەنی بلوریان ئاڵەکۆك، ل ٦٥-٧٤.

[٣٦]: ئارچی ڕۆزفلت، کۆماری مهاباد، ل ٤١.

ن. پسیان پەیامنێری ڕۆژنامەی (اطلاعات)ی ئەو سەردەمە، دەڵێ: (قازی محەمەد لە کاتی فەرمانڕەوایەتی خۆی لە مەهابادا، بەکار زانییەکی تایبەتیەوە هەڵس و کەوتی کرد، ڕێگەی نەدا کوشتن و جەردەوانی لەشار ڕوو بدەن و ماڵی هاوڵاتیان بە تاڵان بچێ. ئەمە بووە مایەی ئەوەی لە ماوەی دوو ساڵی فەرمانڕەوایەتی ئەوجا تەنیا یەك مرۆڤی دانیشتوانی شار بکوژرێ و خەڵك حەزێکی تایبەتی بۆ قازی محەمەد پەیدا بکەن). بڕوانە: نەجەف قولی پسیان، لە مەهابادی خوێناویەوە، ل ١٨٥. دەربارەی کوژرانی ئەو کەسەش، کە (غەفور مەحمودیان) بوو، گوایە لەسەر جاسووسی کوژراوە، بڕوانە، ئیگلتۆن، کۆماری کورد، ب٢، ل٢١.

غەنی بلوریان، ئاڵەکۆك، ل٥٥. ئەگەرچی غەنی بلوریان دەیگەڕێنێتەوە بۆ مەسەلەیەکی سیاسی، کە گوایە لەگەڵ عەزیز زەندی (ئەڵمانی)، سەر بە (هاشمۆڤ)ی کاربەدەستی سۆڤیەت لە ورمێ بوون و دژی ژێ. کاف کاریان کردووە، بەڵام سەید محەمەدی سەمەدی بە درێژی لە زاریقادری مودەڕیسی ئەو ڕووداوەی گێڕاوەتەوە، بڕوانە: سید محمد صمدی، نگاهی بە تاریخ مهاباد، ص ١٨٧-١٩٠. هەروەها (درك کینان) لە بەراورددا حکومەتی ئازربایجان بە ڕژێمێکی ستالینی تۆقێنەر ناو دەبا بڕوانە: درك کینان، کردهاو کردستان (مختصر تاریخ کرد)، ترجمە ابراهیم یونسی، تهران، ١٣٧٦، ص١٢٥.

ئەمە جگە لەوەی کە هەر لە سەرەتاوە کۆماری دێمۆکراتی کوردستان، کە هەڵقوڵاوی ناوجەرگەی کۆمەڵی (کوردستان) لە ناوچەکەدا بوو، بەرگریشی لەبەرەی دێمۆکراسی خوازانی جیهانی دەکردو ڕێڕەوی پێشکەوتنخوازانەی دژ بە فاشیزم و نازیەت گرتبوو.

هەروەها بە دوژمنانی گەل و بە حکومەتی ئێرانی سەلماند ئەگەر بواری بدرێ کورد دەتوانن ئیدارەی خۆیان بەرێوەبەرن و ئەزمونێکی گەورەی دێمۆکراسی بوو لە بواری جولانەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتی و جۆش و خەرۆشێکی تازەی بەخشیە ڕەوتەکە. تەنانەت هەندێ لە دۆستە بیانی یەکانی کورد بە هەولێکی سەرکەوتووی دەزانن کریس کۆچێرا دەڵێ:

**(کۆماری مەهاباد سەرباری بچووکی قەوارەو تەمەن کورتی خۆی جێگەیەکی گرنگی لە مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی هەیە: ئەمەیەکەمین بزوتنەوەی کوردایەتی بوو کە (ڕۆشنبیر) سەرکردایەتی دەکرد، ئەوەشی دەرخست کە ئەگەر کورد لێی بگەڕێن تەنیا (تالانکەر) نین کە لە پاش زێدەڕۆییەکانی سمکۆوە بەوە ناوبانگیان دەرکد بوو، بەڵکو دەتوانن حکومەتێکی شایست بەناوی خۆیانەوە بەرێوە بەرن)**[37].

پێوەندی دۆستایەتی گەلانی کوردو ئاسووری و ئەرمەنی بەهێز کردو تەنانەت لەمەرامنامەی (حیزبی دێمۆکراتی کوردستان)، لە بڕگەی (٢٢) فەسڵی (٤)دا هاتووە:

(مادە٢٢- ئەو میللەتە پچووکانەی کە لە کوردستاندا دەژین(ئازربایجانی، ئەرمەنی،ئاسووری) حقوقی ئەوان تصدیق دەکەین)[38].

ئەمەش لێکدانەوەی تێفکرینێکی قووڵی سیاسەتی پێشەوا بوو بۆ ئەوەی هەستی میللەتانی دەورو دراوسێ بۆ لای ئەزموونی دێموکراتی کورد ڕابکێشێ، چونکە پێشەواو حیزب لەوە گەیشتبوون، ئەو میللەتانەی ناوچەیش هەروەکو کورد دووچاری زوڵم و ستەمی حکوومەتی شا بوونەتەوەو لە ژێر دەسەڵاتی پەهلەویدا هەموو ئازادییەکییان لێ زەوت کراوە، بۆ ئەوەی گیانی برایەتی بەهێز بکات و ئەوانیش ببنە سوپەرێك بۆ کۆماری دێمۆکراتی کوردستان.

ڕێکخراوەکانی لاوان و ژنان نموونەیەکی دیی دێمۆکراسی بونی کۆمار بوون، کە پێشتر ئەو گرنگییە بە توێژی لاوان نەدەدراو لە سەردەمەدا کۆمار توانی لاوان لەدەوری یەکێتیەك یان **ڕێکخراوی جەوانانی کوردستان**

[37]: کریس کۆچیرا، جنبش ملی کرد، ترجمە‌ء ابراهیم یونسی، ص ٢٢٦. هەروەها ڕۆزفلت دەڵێ: (مەڵبەندو سەرهەڵدانی ئەم کۆمارە گچکەیەی کوردو تەمەن کورت و پڕ لە هەڵبەزو دابەزەکەی و ڕووخانی لە ناکاوی، یەکێك لە داستانە زۆر ڕۆشنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەم سەردەمەی ئێمەیە). بڕوانە: ئارچی ڕۆزفلت، کۆماری مهاباد، ل٣، کەچی نەیارێکی میللەتی کورد ئەو شەش ساڵەی ١٩٤١-١٩٤٧ بە بێ نەزمی و پەشێوی دادەنێ لە ێراندا، بڕوانە: حەمید رضا جلائی پور، قاضی محمد، ص٢٣.

[38]: مەرامنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ل٥.

دا كۆیان بكاتەوەو بڵاوكراوەی خۆیان هەبێو بە ئاراستەیەكی نەتەوەیی و نیشتمانییان دا بەرن و چاكتر بتوانن ئەرك و ڕۆڵی خۆیان ببینن، گۆڤاری (هاواری نیشتمان)، كەلە سەری نووسراوە (بڵاوكەرەوەی بیری یەكیەتی جەوانانی دێمۆكرات) بە سەرپەرشتی (صدیق ئەنجیری اذر)[39] بڵاوكراوەتەوە.ئەم گۆڤارە، گۆڤارێكی ئەدەبی، سیاسی، كۆمەڵایەتی بووەو یەك ژمارەی لێ دەرچووە. هەروەها ژمارەیەك وتار لە ڕۆژنامەی (كوردستان)دا لە بارەی لاوان بڵاوكراوە، كە نیشانەی گرنگی دانی كۆمار بووە بە پەروەردەی لاوان بە هەستی كوردایەتی و ژیانی ئایندە[40]. كچان و ژنان گورجتر و چالاكانەتر هاتنە مەیدان و بەرەو خوێندن و خوێندەواری هان دەدران و پێشەوا بۆ خۆی گرنگی بەم مەسەلەیە دەداو دەست پێشخەری دەكرد لە كرجنەوەی قوتابخانەی كچاندا. بڕیار درا بە دامەزراندنی یەكێتی ژنانی كوردستان، لەم ڕووەوە ڕۆژنامەی (كوردستان)ی زمانحاڵی حكومەت، ئەم هەواڵەی بڵاوكردۆتەوە:

**(سازكردنی حیزبی دێمۆكرات**

**لە لایەن ژنانی كوردستان)**

**ڕۆژی جومعە١٣٢٤/١٢/٢٤ لە لایەن یای پێشەوای كوردستان لە ژمارەییێكی زۆر لە یایەكانی تێگەیشتووی كوردستان گێڕرایەوەو لە ساتی ٣ی پاش نیوەڕۆ لە ئەنجوومەنی فەرهەنگی كۆبوونەوەو بە سەرۆكایەتی یای پێشەوای كوردستان(یای مینای قازی) حزبی دیموكراتی ژنانی كوردستان دامەزراو ژمارەیەكی زۆر لە یایان نیو نووسین كردو مانگانەی ئەندامیەتیان لە تمەنێك تا دە تمەن وە ئەستۆ گرت)[41].**

هەروەها سەبارەت بەیەكەم كۆبوونەوەی یەكێتی ژنانی كوردستان، كە لە سەرپەرشتی یای پێشەوای بەڕێوەچووەو چەند یایەكی كورد وتاریان تێدا خوێندۆتەوە ئەم هەواڵەی بڵاوكردۆتەوە:

**(لەڕۆژی ١٣٢٤/١١/١٦ لە لایەن یای پێشەوای كوردستان بە بۆنەی جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی پێشەوای (معظم) ی كوردستان لە ژمارەییێكی زۆر لە یایانی شاری مەهاباد ئامۆژگارانی مەدرەسەی كچان گێڕدرابۆوەو جێژنێكی خۆشیان گرت ژمارەیەكی زۆر لە یایان ئامۆژگاران دەو**

---

[39]: ئەم ڕووناكبیرە لە ساڵی ١٩٦٨دا تیرۆر كرا. بڕوانە: ح. ماوەرانی، ڕۆژنامەگەری كوردی لە كوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، گ هاوار، ژ٥، ئەڵمانیا، ١٩٩٩، ل٦. بەڵام (هێدی) پێی وایە لە ساڵی (١٩٦٦)دا لە (مامەڕووت) لە كوردستانی باشوور لە ئەنجامی سەرەڕۆیی (ئەحمەدی تۆفیق)د تێدا چووە، بڕوانە: ڕۆژنامەی پەیام، ژ٢١، ٢٠٠٠/٢/٢١، ل٢٦.ئەمەیان لە راستییەوە نویكترە.

[40]: بڕوانە: ڕۆژنامەی كوردستان، ژمارەكانی (٦٨، ٧٠، ٧١، ٧٧).

[41]: ڕۆژنامەی كوردستان، ژ٢٤، ١٩٤٦/٣/١٥.

**بانگ هێشتنەدا نوتق و خیتابەی زۆر باشیان خوێندۆتەوەو جێژن کە لە ساتی (٣)ی پاش نیوەڕۆ گیرابوو لە ساتی (٥)ی دوایی هات..)**[٤٢].

ئەمەش ئەزمونێکی نوێ بوو، کە لە کۆماری کوردستان دا، ژن بتوانێ بەشداری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکات و لە دەوری ڕێکخراوێکی خۆیاندا کۆببنەوەو شان بەشانی پیاوا دەوری چالاکانەی خۆیان ببینن.جێگەی ئاماژە بۆ کردنە، هەروەکو چۆن لقی کۆمەڵەی (ژێ.کاف) لە شاری سلێمانی بە سەرپەرشتی ئیبراهیم ئەحمەد بەڕێوە دەچوو و ژمارەیەك شاعیرو ڕۆشنبیری ئەو ڕۆژەی باشووری کوردستان تێیدا ئەندام بوون، بەهەمان شێوە لقی (یەکێتی ژنانی کوردستان)ی کۆمەڵەی (ژێ. کاف) لە لایەن ناهیدە شێخ سەلام و نەعیمە خانی خوشکی ئیبراهیم ئەحمەد و زەکیە بابان و .. هتد بەڕێوە دەچوو[٤٣].

دوای ئەوەی حکومەتی تاران، هەوڵی زۆری لەگەڵ وەفدی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی (**پیشەوەری**)دا ،کە لە چوارچێوەی ئێراندا خۆیان خۆڕێبەری خۆیان بکەن. ئەم هەولانە و هەولەکانی دواتریش، کە حکومەتی تاران لە بانگهێشتنەکانی بۆ سەرۆکایەتی هەردوو کۆماری دیمۆکرات بۆ ڕاگرتنی بارودۆخ و کەسب کردنی کات بوو، کە بتوانن ئەرتەشی ڕووخاو و تێکشکاوی ئێران بە هێز بکەنەوەو لە لایەکی تریشەوە چاوەڕوانی ئەنجامی وتووێژەکانیان بوون لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت لە بابەت ئیمتیازاتی نەوتەوە.

حکومەتی ئێران لە تەمموزی (١٩٤٦)دا بە ڕەسمی قازی محەمەدی بۆ تارانی پایتەخت بانگهێشت کرد بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ گفتوگۆ لە بارەی داهاتووی ناوچەکە بکرێ‌و ڕازی بکەن بەوەی هاوکاری خۆی لەگەڵ ڕووسیا بپچڕێنێ هاوکاری ئازەربایجان نەکەن و هەندێ بەڵێنی ساختەی بدەنێ، کە ئەوان دان بە بوونی دەسەڵاتی قازی لە چوارچێوەی هەڵبژاردنێکی ئازاد، کە ئەنجام دەدرێ نوێنەری خۆیان بۆ پەرلەمانی ئێران هەڵبژێرن.

**یەکێ لە ڕۆژنامەکانی ئەو کاتەی تاران نووسیوویەتی و دەڵێ:**

**(ئۆتۆمبێلی ژمارە ٢٨ بەناو تاران دا دەسوڕێتەوەو ئالآیەکی بچووکی کوردی بە سێ ڕەنگ سەوز سپی و سوور لە ناوەڕاستدا ڕۆژێك و لێ ی نووسراوە دەوڵەتی جمهوری کوردستان، هەڵکردووە. بێ‌گومان وەفدی لێ پرسراوانی کورد بۆ وتووێژ لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی دەربارەی دەستووری حکومەتە سەربەخۆییەکە هەڵگرتووە)**[٤٤].

هەردوو کۆماری دیمۆکراتی ئازەربایجان و کوردستان لە ڕۆژی (١٦/١٠/١٩٤٦)دا، پەیامێکی سەربازییان مۆر کرد، کە ئەمە بەندەکانی بوون:

(١- دروست کردنی لەشکرێکی ئازەری کوردی کە شوێنی تەورێز بێت.

---

[٤٢]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٣٢، ٦/٤/١٩٤٦.

[٤٣]: بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: نوري شاويس، من مذكراتي، ص ٤٠.

[٤٤]: لوسيان رامبو، الكرد والحق، ص١٣٩.

٢-ناردنی لەشکری نیزامی ئازەربایجان بۆ قـوڵی (سـەقز) لـە کوردسـتان وە نـاردنی لەشـکری غـەیری نیزامـی ئازەربایجان بۆ کوردستان بۆ ئازەربایجان ئەگەر پێویست بوو.

٣- دانانی جەنراڵ عەزیمی ئازەربایجانی بۆ سەرۆکی گشتی لە قۆڵەکانی (سەقز) (سەردەشت) لە کوردستانەوە لـە (هۆلاساسۆر هەوشار)لە ئازەربایجان.

٤- دانانی مەلا مستەفا بە سەرۆکی گشتی کوردی ئازەری لە ناوچەی (سەقز).

٥- ناوچەی هەوشار لە ئازەربایجان لەژێر چاودێری **"محمد حسین سەیفی قازی"** دا بێت.

٦- قازی محمد سەرۆکی گشتی هەرە بەرز بێت لەسەر هێزەکانی ئازەربایجان کوردستان. بەڵام لەژێر ڕەنگ ڕشتنی جنرال عزیمی دا.

٧- (پیشەوەری) سەرۆکی هەرە بەرز بێت بۆ هێزە شەرکەرەکانی کوردی ئازەری لە ئازەربایجان.

٨- هێزی کوردی هەر یارمەتییەکی تری ویست (ئازەربایجان) دەستی بۆ درێژ بکات)[٤٥].

**شەڕ لە ئازەربایجان، کۆبوونەوە لە مەهاباد:**

گفتوگۆیەکان بێ ئەنجام بوون. شەڕ دەستی پێ کرد. تاقە زامنی لەشکری کوردستان لەوێ ڕۆژێ بارزانییەکان بوون،کە **شێخ ئەحمەدی بارزان و مەلا مستەفا** لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری خاو و خێزانی بارزانییەکان لە عێراقـەوە ڕایانکردبووە ئێران و لە ناوچـە کوردنشـینەکانی ئـەوێ نیشـتەجێ ببـوون. هـەر لـە یەکـەم ڕۆژی دامەزرانـدنی کۆمارەوە مەلا مستەفا پشتگیری هاوکاری خۆی ڕاگەیاندو دوای ئـەوەی لـە ماوەیـەکی کەمـدا پێشـتر تـەواوی ئەرتەشی ئێرانیان لە ناوچەکانی میانداو و سەردەشت و بۆکان و ناوچەکانی دی پاك کردبۆوە، ئێسـتا ڕووبـەڕووی نەهامەتییێکی گەورە هاتبوون لە ئەنجامی ئەوەی دەوڵەتی ئێران بە ناوی پاکی و سەلامەتی هەڵبژاردنـەوە هێـزی سەربازی خۆیان ڕەوانەی تەورێز دەکەنەوە و سەرۆك وەزیران (**قوام السلطنه**) بە تەواوی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و ئینگلیز ڕێکەوتوون، بەوەی کە یەکێتی سۆڤیەت چاڵە نەوتەکانی باکووری ئێران بەکاربەرێ و لە قازانجی هـەردوو میللەت دابێ. لەو لاشەوە ئیبگلیزیش چاڵە نەوتەکانی عەبادان و خۆزستان بەکاربێنێ[٤٦].

لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەی هاوپەیمانەکان بـە تایبـەتی سـۆڤیەت و ئینگلیـز کـە تـا ئـەو ڕۆژە لـە پێنـاو پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان کوردو ئازەریان کردبووە کارتی پاڵەپەستۆ بۆ سەر دەوڵەتی ئێران ئێستا بەرژەوەنـدی ئابووری وڵاتەکانیان بەڵێنەکانی جەعفەری باقرۆڤی سەرەك وەزیرانی ئازەربایجان بۆ فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان

---

[٤٥]: علاءالدین سجادی، شۆڕشەکانی کورد، ل ٣٠٨،-٣٠٩.

[٤٦]: لە بارەی ئیمتیازی نەوتی (سۆڤیەت-ئێران)ەوە بڕوانە: محمدخان ملك یزدی، غوغای تخلیه ایران، ص١٤٣.
طاهر خلف البكاء، التطورات الداخلية في ايران ١٩٤١-١٩٥١، ص ٢٣٥-٢٣٦.
ژنرال- دکتر محمود پناهیان، فرهنگ جغرافیائی ملی ترکان ایران زمین، ج٢، ص ١٤٣-١٤٥.

و كۆماری دێمۆكراتی كوردستان بوونە بلّقی سەر ئاو، بەوەی كە داوایا لە وەزارەتەكەی (قوام) كردبوو هەڵبژاردنێكی ڕاستەقینە لە سەرانسەری ئێراندا ساز بكرێ و ناوچە ئازەری و كوردنشینەكانیش بەشداری ئەو هەڵبژاردنە بكەن و نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن.

ئەگەرچی كۆماری دێمۆكراتی كوردستان و ئازەربایجان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هێرشێكی لە ناكاوی دەوڵەتی ئێران لەسەر چەند خاڵێك ڕێكەوتبوون، كە ئەو ڕێكەوتنە بەرژەوەندی و گیانی هاوكاری سەربازی و بازرگانی و فەرهەنگی بەخۆوە گرتبوو. لە ماوەیەكی كەمداو لە ڕۆژی (١٠)ی كانوونی یەكەم سوپای ئێران تەورێزی گرتەوە، بێ ئەوەی بەرەنگارییەكی ئەوتۆی بكرێ. بە تایبەتی پیرۆزبایی (**د. جاوید**) لە ڕادیۆی تاران دەخوێنرایەوەو سەرانی حكومەتیش بەرەو سۆڤیەت خۆیان ڕزگار كرد. لەو سەروبەندەدا، كە هەرگیز چاوەڕوان نەدەكرا وا بەئاسانی تەورێز بگیرێتەوە و سوپای فیرقەی دێمۆكراتی ئازەربایجان هەرەس بێنێ، بەتایبەتی كە ڕاستەوخۆ یەكێتی سۆڤیەت بەرگری لێ دەكردن.

لە مەهاباد، خەڵكەكە و سەرانی كۆمار شڵەژابوون، لە بەردەم بڕیاری شەڕكردن و مقاوەمەت یا هەروەكو ئازەربایجان خۆ بەدەستەوە بدەن و ئەرتەشی ئێران بێ شەڕ بێتەوە كوردستان، ئەگەر بێنەوە چارەنووسی كۆمارو خەڵكی دێمۆكرات چی دەبێ؟!

پێشەوا، كاربەدەستانی كۆمارو هەندێ لە سەرۆك عەشیرەتەكانی بانگ كردو كۆبونەوەیێكی لە مزكەوتی ئاغادا پێكهێنا بۆ تەگبیرو ڕاوێژ.

دوو بیروڕا هەبوو، یەكێكیان خۆ بە دەستەوەدان بێ هیچ بەرەنگاری، دووەم پێیان وابوو دەبێ بەر لەسوپای تاران بگیرێ و تا دوا دڵۆپ خوێن شەڕ بكەن.

قازی بۆ خۆی حەمە حوسێنی سەیفی قازی وەزیری جەنگ سەرەتا لەو ڕایەدا بوون[٤٧].

مەلا عەبدوڵڵای مودەڕیسی و مەلا حوسێنی مەجدی وەزیری داد لەگەڵ مقاوەمەت دا نەبوون[٤٨]. بۆ ڕۆژی دوایی بڕیار درا هەروەكو ئازەربایجان بێ شەڕو شۆڕ پێشوازی سوپا بكرێت و تا ئەو جێگەیەی لە توانادایە خوێن نەڕێو خەڵكەكە زەرەرمەند نەبن. بۆ ئەم مەبەستە پێشەوا بڕیاری هێزی پێشمەرگە لە بەرەكانی جەنگ دا بكشێنەوەو شەڕ نەكەن.

---

[٤٧]: علاءالدین سجادی، شۆڕشەكانی كورد...،ل ٣١١. هەروەها لە بارەی هەڵوێستی قازی محەمەد لەو كۆبوونەوەیەدا، كە دەبێ بەرگری بكرێ و ئازایەتی (حەمەدی مەولوودی)، بڕوانە: عەلی كەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەلدولڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)، ١٩٩٩، ص٣٩٧.

[٤٨]: عبدالقادر دەباغی، ڕاپەڕینی كۆمەڵەی ژێ-كاف، ل٣٧.

**ڕووخانی کۆمارو هاتنەوەی ئەرتەش:**

دوای ئەوەی بڕیاری خۆ تەسلیم کردن درا، هیچ ئومێدێك نەما، - ڕۆژی **٢٥**ی سەرماوەز قازی بـە تەلـەفۆن قسەی لەگەڵ سەرتیپ (همایونی) کرد، ئینجا خۆی و سیف و حاجی بابە شێخ و چەند کەسێکی تر بە ئۆتۆمبێـل چوون بۆ (حەمامیان) تەسلیمی سەرتیپ (همـایونی) بـوون. سـەرتیپ (همـایونی) فەرمانـدەی لەشـکری (٤)ی کوردستان و، سەرکردەی ئەو هێزە بوو کە ئەوەبوو لە قۆڵی سەقزەوە بەرەو مەهاباد بجولێ. همایونی، وەکو خـۆی گێڕاویەتەوە، بەر لەوەی قازی محەمەد و سەرانی تری کۆماری دێمۆکراتی کوردستان بچن بۆ لای گفتی (تـەئمینی جانی)[٤٩] پێدابوون.

ئەگەرچی ڕێگەی ڕاکردن و پەنابردن بۆ وڵاتانی دراوسێ لە بەردەوامدا بوو، بەڵام قازی، کە پیـاوێکی خـاوەن بیروباوەڕ بوو، لەپێناوی خەڵکەکەو سەلامەتییان ئەم ڕێگەیەی پێ لەوانی دی باشتر بوو.

سەرتیپ (**همایونی**) لە سەرتادا، نەیویست هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆ بنێ کـە کاربەدەسـت و خەڵکەکـە لێـی بسڵەمنەوەو ترس و تۆقاندن بکەوێتە نێو شاری مهابادی پایتەختی کۆمار. تەنانەت بە پێـی قسـەی پـەیامنێری ڕۆژنامەی (**اطلاعات**)، کە ئەو ڕۆژانە لەوێ بووە دەڵێ:

**(سەیر ئەوەیە لە ڕۆژانی سەرەتادا لیوا هومایونی سەرکەردەی هێز گەلی کوردستان لە مـەهاباد لـە ماڵی قازی محەمەد لای داو فاڤینی لەگەڵ ئەودا خواردو باس و خواسێك لە بـارەی گـرتنی ئـەو لـە گۆڕێدا نەبوو)[٥٠].**

ئەم هەنگاوەی کۆمار جۆرێك لە بڕوایی لای هۆزە چەکدارەکانیش پەیدا کرد کەبە ئاسانی چەکەکانیان تەسلیم بـە سوپا بکەن، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو، دوای چەند ڕۆژێك قـازی محەمـەدو مەحەمـەد حوسـێن سـەیفی قـازی و هەندێ لە ئەفسەرو وەزیرەکانی کۆمار گیران و تەنانەت **سـەدری قـازی** بـرای پێشـەوایش کـە ئەوکاتـە ئەنـدام پەرلەمان بوو لە تاران بە گیراوی هێنابوویانەوە بۆ مەهاباد.

ئیتر، شاڵاوی گرتن و کوشتن و توندو تیژی لە شارەکانی کوردستان و ئازەربایجانیش دەستی پـێ کـردو (زیـاتر لـە ١٥٠٠٠ ئینسانی دێمۆکرات کوژرا)[٥١].

لە نێو هێزەکانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان دا، بارزانی یەکان چەکیان دانەنا، دوای ئەوی مەلا مسـتەفا ماوەی مانگێك لە تاران دا مایەوە شاو فەرمانەدکانی ئێرانی بینی، گفتوگۆیەکانیان بێ ئاکام بـون، بۆیـە مـەلا مستەفاو ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی، دوای چەندین شەڕی سەخت لەگەڵ ئەرتەشی ئێران و عەشیرەتەکانی سـەر

---

[٤٩]: نەوشیروان مستەفا، حکومەتی کوردستان، ل٢٦٧.

[٥٠]: نەجەف قولی پسیان، لە مهابادی خوێناوییەوە، ل١٨٥.

[٥١]: دکتۆر قاسملۆ، کوردستان و کورد، ل٩٢.

کەریمی حسامی ژمارەکەی بە (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار داناوە. بڕوانە: کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، ل٣٢.

سنوور توانییان زیاتر له ۳۰۰ کیلۆ مەتر به پێ بـڕن و بگەنـه نـاو خـاکی یـەکێتی سـۆڤیەت و لـەوێ بـبن بـه پەناهەندە[٥٢].

**دادگایی و له سێدارەدانی سەرانی حکومەت:**

پاش ئەوی پێشەوا و حەمه حوسێنی سەیفی قازی ئامۆزای پێشەوا و سەدری قازی برای پێشەوا له مـەهاباد گیران، دوای ماوەیەك به شێوەیەکی ڕواڵەتی و به نهـێنی دادگـایی کـران. ئـەو دادگـایی کردنـه کـه لـه لایـەن سەرکردایەتی سوپاوه بەڕێوه دەچوو، چەندین تاوانیان دابووه پـاڵ قـازی یـەکان، لـه هـەتك و سـووك کـردن بـه قودرەتی سوپاو چەکدار کردنی خەڵکی شارو عەشایر دژی سوپاو دەوڵەت. هەڵکردنی ئالآی جیاواز له هـی ئێـران و لەبەرکردنی یۆنیفۆرمی سەربازی ڕووسی و پێوەندی بەستن دەگەڵ ڕوسیەو سـەفەر بـۆ بـاکۆ و بازرگـانی کـردن دەگەڵیان و چەندین شتی دی. ئەگەرچی ئـەوان، کـه تـا ڕادەیـەك بەقسـەو دۆسـتایەتی سـەرەك وەزیـران (قـوام السلطنة) پشت ئەستوور بوون، له لایەك و له لایەکی دیکەوه سەرتیپ (همایونی) بەڵێنی ئەوی پێ دابـوون، کـه سەرو گیانیان سەلامەت دەبێ له بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی که بێ شەڕ شاریان تەسلیم کردووه، بەڵام بەلێنەکانی بڵقی سەر ئاو بوون، هەرچەنده بەرگرییان له خۆیان کردبوو، حەمه حوسێن که دەوڵەت خۆی دەسەڵاتی ناوچـەکەی داوەتێو سەدری قازی خۆی بێ گوناه دەزانی بەوەی که ئەو له تاران دادەنیشێ ئەنـدامی پەرلەمانـه بـۆ لەبـەین بردنی تەنگژەی نێوان حکومەتی ئێران و کۆمار هەوڵیداوه، پێشەواش هەمیشه ئێرانی بەوه تاوانبار دەکـرد، کـه دروست بوونی کۆمار له ئەنجامی کەم و کووڕی و لا لیَ نەکردنەوەی ئێرانەوه بووه بەرامبەر به خەڵکی ناوچـەکه له ڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و مافه نەتەوایەتییەکانـەوه. تەنانـەت (**ن. پسـیان**) پـەیامنێری ڕۆژنامـەی (اطلاعات) نووسیویەتی: (نێزیکەی ١٤ سەعات قسەی کردو کـەمو کـورتی جۆربـەجۆرێ لـه دادگـه گـرت)[٥٣]. هەروەها (**محمدی شەریفی**)، که لـه لایـەن دەوڵەتـەوه کرابـوو بـه پـارێزەری قـازی محەمـەد، سـاڵی (١٩٥٦) گۆشەیەکی له چۆنیەیت ئەم دادگایه لادابووو نووسیبووی:

**(زۆر حەیف بۆ قازی محەمەد بۆ ئەو پیاوه مەزن و ژیره. قازی له دادگادا به نەترسی و قسەی دەکرد. له ڕاستی دا ئەو دادگای موحاکەمه دەکرد، قازی حکومەتی ئێرانی له عاست میللەت به خەیانەت تاوانبار کرد. به ئازایی و غیرەتەوه، نەك هەر له مافی نەتەوایەتی گەلی کورد دیفاعی دەکرد، بەڵکو له مافی هەموو گەلانی ئێران دیفاعی کرد.**

---

[٥٢]: دەربارەی ئەو ڕێپێوانەی بارزانیەکان بۆ سۆڤیەت بڕوانه: مسعودالبارزاني، الحركة التحررية الكردية، ١٩٤٥-١٩٥٨.

مرتضى زربخت،از كردستان عراق آنسوي رود ارس.

نەجەف قولی پسیان، لەمهابادی خوێناوییەوه هەتا لێوارەکانی ئاراس.

[٥٣]: ن.پسیان، له مهابادی خوێناوییەوه، ل١٨٨.

**ئەو قارەمانانە لەم دادگایە بەجۆرێ لە مسلەك و بیروباوەڕی خۆیان دیفاعیان دەکرد کە دادگا سەری سوڕ مابوو. ئەسڵەن لەم کارەی کە کردبوویان پەشیمان نەبوون.[٥٤].**

لە ڕۆژی (٢٣)ی کانوونی دووەمی (١٩٤٧)دا دادگا حوکمی خنکاندنی بەسەر پێشەوا قازی محەمەدو سەیفی قازی و سەدری قازی دا، بەڵام بە خۆی باردودۆخی ئەو ڕۆژانەو گفتوگۆی مەلا مستەفای بارزانی لە تاران لەگەڵ ئێراندا بڕیاری جێبەجێ کردنەکەی تا ڕۆژی (٣١)ی مارتی (١٩٧٤) دواخرا، هەرئەو ڕۆژە، شەو درەنگانێ لە مەیدانی چوارچرا، هەر لەو شوێنەی، کە ئاڵای کۆماری دیموکراتی کوردستانی تێدا هەڵکرا لەوێ لە سێدارەدران. دوای پازدە مانگ کۆتایی بە تەمەنی کۆمار هات و جارێکی دی ئومێدی کورد لە قەوارەی سەربەخۆ و دەوڵەتدا بووەوە بە سەراب.

بێجگە لەو سێ کەسە، هەر لە شاری مەهاباد و پاشان لە بۆکان و شوێنەکانی دیکەشدا چەندین کەس لە ئەفسەرو کاربەدەستانی دی لە سێدارە دران[٥٥]. ژاندرمە هەرچی ئاسەوارێکی کوردی و کۆمار هەبوو سووتاندیان و لەناویان برد. ئەو کارەساتە دەرد و پەندو عیبرەتێکی گەورە بوو، وەکو سەدری قازی لە وەڵامی برادەرێکی ئەندام پەرلەمانی خۆیدا وتی: (**ئەوە من نیم کە شکاوم، ئەمە سیاسەتی سۆڤیەتە لە ئێران دۆڕاندوویەتی..**)[٥٦].

دیارە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە هەر بە تەنیا سۆڤیەتە لەم نێوانەدا، خەتای بووبی، بەریتانیاش بە هەموو شێوەیەك درێغی نەکردووە لە یارمەتیدانی ئێران لە هەواڵ و شێوەکانی سەربازییشەوە لە سەرکوت کردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتی و ڕووخانی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا[٥٧]. هەروەها (ئەمریکا)ش دەورێکی کاریگەری لە یارمەتیدانی ئێران و بەهێزکردنەوەی و گەیاندنی داواکارییەکانی بۆ کشانەوەی هێزەکانی بێگانە لە ئێران بۆ بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشدا هەبوو بە تایبەتی باڵیۆزی ئەمریکی (**جۆرج ئەلن**) لەو سەردەمەدا ڕۆڵێکی خراپی دیوە لە ڕێگە خۆشکردن و هەڵمەتی کۆتایی هێنانی بە کۆمار[٥٨]. ئەمە سەرباری

---

[٥٤]: کریم حسامی، کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، ل٢٤-٢١.

رشیدت. ق، خەباتی نەتەوەی کورد، ڕۆژنامەی ئازادی، ژ٩٢، ٨ی نیسانی ١٩٦٠، ل٢-٤.

لە بارەی ناوەڕۆکی دانیشتنەکانی هەر دوو دادگای (قازی)یەکان بڕوانە: مەحموود مەلا عیزەت، قازی محەمەد لەناو ڕووناکیی مێژوودا، گ مامۆستای کورد، ژ(٢٤،٢٥)، ١٩٩٥، ٣٦-٤٠.

[٥٥]: لە بارەی ناوی ئەو کەسانەی لەشەڕەکانی دی لە سێدارە دران، بڕوانە: د. علاءالدین سجادی، شۆڕشەکانی کورد، ل ١٨٦.

ڕۆژنامەی کوردستان، بیرەوەری(١٠)ی خاکەولێوە ڕۆژی شەهیدان، ژ٣، ئاوریلی ١٩٧١،ل١.

[٥٦]: ن. پسیان، لە مهابادی خوێناوییەوە، ل ١٨٦.

[٥٧]: بۆ سەیری ئەو بەڵگەنامەیەی وەزارەی دەرەوەی بەریتانیا بڕوانە: د. عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات والمنظمات والاحزاب الكردیة في نصف قرن ١٩٠٨-١٩٥٨، ص٢٤٨-٢٤٩.

[٥٨]: لە بارەی ڕۆڵی ئەمریکا لە جاسووسی و بە تایبەتی ڕۆڵی جۆرج ئەلن لە ڕێکخستنی پێوەندی نێوان(قوام السلطنه)ی سەرۆك وەزیرانی ئێران و خێڵە کوردییەکان بڕوانە د.بورهان. ا. یاسین، کۆماری کوردستان لە پەیوەستگەی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا، گ هاڤیبون، ژ٦، ئەڵمانیا، ١٩٩٩، ل٣١-٤٦.

ئەوەی چەندین هۆکاری دی، لە ڕووی ناوچەگەری و خیانەتی سەرانی عەشایرو بڕوا بە خۆ نەبوون و کـزی و لاوازی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و بێ توانایی دەسەڵاتی کۆمار لە چارەسـەرکردنی مەسـەلە سـەرەکییەکانی وەکو زەوی و زارو دروست کردنی دەروازەیەکی ئابووری و بازرگانی ئەوتۆ، کە پشت بە خۆ ببەستێ. هـەموو ئـەو فاکتەرە نێو دەوڵەتی و ناوچەیی و ناوخۆییانە بوونە هۆی ڕووخـانی کۆمـارو هـەوڵی کـورد لـەو پارچـەیەدا بـوو بەقوربانی (نەوت) و پێوەندی دیبلۆماسی و سیاسیی زلهێزەکانی ئەو ڕۆژگارە.

# فەسڵی دووەم

## چاپخانەو رۆژنامەوانیی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان

**باسی یەکەم: چاپخانە و چاپەمەنی و بڵاوکراوە.**

**باسی دووەم: ناساندنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و هونەرەکانی رۆژنامەوانیی.**

# باسی یەکەم

## چاپخانەو چاپەمەنی و بڵاوکراوە

### چاپخانە:

لە دوای دۆزینەوەی ئامێری چاپ لە لایەن (گۆتنبێرگ)ەوە ماوەیەکی زۆر، ئینجا لـە ئـەوروپاوە چـاپخانە گەیشتە دەوڵەتی عوسمانی، دیارە هۆیەکەشی ئەوە بوو، سوڵتانەکانی عوسمانی لە ژێر پەردەی دین دا ڕێگەیان بـە هێنان و دامەزراندنی چاپخانە نەدەدا، چونکە لـە ڕاسـتیدا بـوونی چـاپخانەو چـاپەمەنی نیشـانەیەکی گـەورەی مەدەنیەت و شارستانیەتی نوێیەو بوار لە بەردەم بڵاوبوونەوەی بیروڕای جۆراوجۆردەخولقێنێ وت ئاگـایی خـەڵکی بەرەو ژوور دەبات، دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەوانیی و گەیاندنی هەواڵ و ئاگاداری لە باری دنیا.

زۆربەی سەرچاوەکان، ڕۆژنامەوانیی و چاپخانە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، لە ڕووی مێژووییەوە، دەدەنە پـاڵ ئەو هەوڵە جوامێرانەیەی نەوەی بەدرخانیەکان و بەتایبەتی (**عەبدولڕەزاق بەدرخان**) لە شـاری (خـوی)، کـە لـە ساڵی (١٩١٣)دا هەوڵیداوە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ئێراندا بـە نـاوی (کوردسـتان) بڵاوبکاتـەوەو بـۆ ئـەم مەبەستە چاپخانەیەکیشدا دابین بکات و کتێب و بڵاوکراوەی کوردی پێ چـاپ بکـات و هـانی خـەڵك بـدات بـۆ خوێندن و خوێندەواری و یەکەم قوتابخانەی کوردییش هەر لەو شارەدا بکاتەوە[٥٩].

یەکەمین چاپخانەو ڕۆژنامەوانیی ڕاستەقینەلە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا لەسەر دەستی مەلا محەمـەد تورجـانی زادە(قزڵجی)، کە هەر خۆی لە ڕۆژنامەی (**کورد**)ی سەردەمی شۆڕشی سمکۆ شکاك دا هەموو کارێکی ئەنجام داوە دەستی پێکردووە و ڕچکەشکێن بووە. ئەم ڕۆژنامەیە لە چاپخانەی (**غیرەت**) لـە شـاری ورمێـدا چـاپکراوە، ئـەم چاپخانەیە هی (**محمد تمدن**) بووە، خاوەنی کتێبی (اوضاع ایـران در جـنگ اول یـا تـأریخ رضـائیە)، لـە بـارەی سەرەتای چاپکردنی(ڕۆژێکیان  شێخ لە کەسانی تێگەیشتووی سمکۆو لە (خزمانی سید طـە) هاتە لام، لـە میـانی قسەکانیدا ئەوەی دەرخست کە ئاغا (واتە سمکۆ) بە تەمایە بە هۆی نەبوونی بڵاوکـراوە لـە ڕەزائیـە ئـەم کـەم و کورتی یە نەهێڵێ و لە ڕەزائیـەش ڕۆژنامـە بڵاوبکرێتـەوە ئایـا بـەڕای ئێـوە بـە چ قـەوارەو تیراژێـك دەتـوانرێ ڕۆژنامەیەك لەم شارە بڵاوبکاتەوە، کە سەنین و جوان جێگـەی سـەرنجدان بـێ..) هـەروەها بـەردەوام دەبـێ و لـە میانەی قسەکانیدا دەڵێ: (تابلۆی چاپخانەی تمدنیان هـەڵگرتبوو، لـە جێگـای ئـەو تـابلۆی چـاپخانەی غیرەتیـان هەڵواسی بوو!)[٦٠].

---

[٥٩]: بۆزانیاری زیاتر بڕوانە: ك، اول مدرسة كردية في ايران، جريدة التاخي ١٩٧٣/١٢/٢٠، ص٨.

سەید عـەزیز شەمزینی دەڵێ عبـدالرزاق بـەدرخان کۆمەڵـەی (جیهانـدانی) دامەزارنـدووە، بڕوانـە: دکتـۆر عـەزیز شـەمزینی، بزووتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردستان، ل١٢٦.

جەلیلی جەلی، بوژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەویی کورد کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم- سەرەتای سەدەی بیستەم، ل ١٤٠-١٥٦.

[٦٠]: محمد تمدَن، اوضاع  ایران در جنگ اول یا تاریخ رضائیە، ص ٣٧١،٣٦٩.

لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکەدا (ورمیٰ چاپخانەی غیرەت)و ناوی (مەلا محمد ترجانی نووسراوە، هەروەها لەڕووی سەرەوەدا ئەم ڕستەیە بەرچاو دەکەویٰ (**مقالاتێك که منفعت کردان تێدابی وردگیری**).

لە پاش دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشە ئیدی ڕۆژنامەو چاپخانەکەش پەکی کەوت و ساڵانێکی دوورو درێژ بزاڤی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا خامۆش بوو و زمان و نووسینی کوردی قەدەغەکراو ڕۆژنامەوبڵاوکراوەی کوردیش قەدەغە کران[61].

دەست پیٰکردنی دووەمین جەنگی جیهانی، بارودوخێکی تایبەتی لە جیهاندا هێنایە کایەوە و میللەت و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیشی گرتەوە، لەنێوان لایەنگری هاوپەیمانان و نازیەتدا. ئێران بەپێی سنووری جوگرافی وا هەڵکەوتبوو، لەسەر سنووری سۆڤیەت بوو لە باکوور و لە ڕۆژئاوایش عێراق، کە دەسەڵاتی ئینگلیز بەڕێوەی دەبرد، باری سیاسی و ئابووری شڵەژابوو، شای ئێرانیش (ڕەزا شا) مەیلی تایبەتی بۆ ئەڵمانیا هەبوو و کۆنسۆڵ و دەزگای جاسووسییەکانی ئەڵمانیا بە ئارەزووی خۆیان لە ئێراندا کاریان دەکرد. ئەم بارودۆخە ڕێگە خۆشکەربوو بۆ دامەزراندنی کۆڕو پارت و ڕێکخراوی سیاسی، هەروەکو لە فەسڵی یەکەمدا باسمان کرد.

## چاپخانەو (ژیٰ. کاف) و چاپەمەنی و بڵاوکراوە:

کۆمەڵەی (ژیٰ. کاف)، کە پێویستی ئەو ڕۆژگارە دروستی کرد، یەکیٰ لەو خاڵانەی دەیانەویست جیٰبەجیٰی بکەن. ئەوەبوو لە ڕێگەی چاپ  چاپەمەنی و بڵاوکراوە هەستی نەوەیی و ئاگایی خەڵك بەرزبکەنەوە، چاك لەوە تیٰگەیشتبوون، کە بەخوێندن و خوێندەواری کۆمەڵی دواکەوتووی کوردەواری ئەویٰ ڕۆژیٰ دەتوانن بەرەو پێش بەرن ئەم بۆچوونەی (ژیٰ. کاف) مۆرکی سەرەکیی بزووتنەوە کۆمەڵ و ڕێکخروو پارتە سیاسییەکانی کوردی دوای جەنگی جیهانی یەکەم بوون، بە تایبەتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و پاشتر لە سەفەری باکۆی سمەرانی کوردیش لە ئازەربایجان جەخت لەسەر ئەوە دەکرایەوە، کە میللەتی کورد پێویستی بە هۆشیاری و خۆ ڕۆشنبیر کردن هەیە. لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری (نیشتمان)دا ئامانجی کۆمەڵەی ڕوون کردۆتەوە، کە تیایا هاتووە:

**(زۆر کەس وا لێك ئەدەنەوە کە ئەبیٰ نەتەوەی کورد بە زۆر و نیروی چەك لە دیلی ڕزگار بکرێت بەڵام ئەوانە هەموو بەهەڵە چون و ڕێگای ڕاستیان لیٰ ون بووە چونکو چەکو تفاقی شەڕ کە لە چنگ کوردانە لە بەرامبەر چەك و تفاقی شەڕی ئەمانە بوونە بەرهەڵستی سەربەستی ئێمە کار ناکات ئەبیٰ کورد بزانێت ئیمرۆ تفەنگ لە چاو گوللە پژێن و تۆپ و تانك و فرۆکەو.. و.. توقتوقەیەك زیاتر نیە**

---

[61]: دکتۆر سادق شەرەفکەندی باسی هەندیٰ ڕاپەڕینی دوای سمکۆی کردووەو بە ناویشانی (ڕاپەڕینەکانی خوارووی کوردستانی ئێران) دەیانناسێنیٰ و بە تایبەتی ڕاپەڕینیش عەباس خان (سەردار ڕەشید) باس دەکات، بەڵام مۆرکی عەشیرەتگەرییان دەداتە پاڵ، کە ئەو دەورە کاریگەرییان نەبووە. بڕوانە:

دکتۆر سادقی شەرەفکەندی، کورتە مێژووی بزوتنەوەی نەتەوایەتییەکانی کورد، ل ۱۰۵،۱۰۱. هەروەها بڕوانە:

یاسین خالد حسن، کردستان الشرقیة، ۱۹۱۸-۱۹۳۵، رسالة ماجستیر. کلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، ۱۹۹۵.

**تەنیا ڕێگایەکی ئەبێ کورد بەرەو سەربەستی پێیا بڕوا شەقامی شارستانێتیە٬ ئەم ڕێگایە ڕاست و ڕەوان ئەچێتە ناو مێرگی ئازادی و سەربەستی).**

لەو ڕۆژگارەدا بە کوردی نووسین و خوێندنەوە باوی نەبوو، ژمارەی ئەو کەسانەی ئاشناییان **لەگەڵ** ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی کوردیدا هەبوو دەگمەن بوون. دیاە چاپ و چاپخانە لە کورستانی ڕۆژهەڵاتدا نەبوو. (**هەژار**)دەڵێ:

**(لە بیرمە جارێك بیرمان لەوە دەکردەوە کە چاپخانەیەکی دەستی بچووك بکڕین و بیکەینە چەند بەشێکی بچووك و هەر کەسە بە پێی توانا بەشەکانی بگرێ.**

**کاکە ڕەحمان کە ئەوسا ببوە ئەندام و دەوڵەمەند بوو، گوتی من هەمووی دەکڕم. باوەڕکە زۆرمان فرمێسکمان دەچاو گەڕا، کە لەو خۆشییە ناهومێد بووین و لەکڕینی چاپخانە بەشدار نابین)**[٦٢].

بۆ چاپکردنی گۆڤاری (نیشتمان)، کە بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی (ژێ. کاف) بوو، دەبووایە ڕەوانەی تەوەرێز بکرێ و بە سەد دەردەسەریو بە نهێنی لە چاپخانەی ئەرمەنی و ئازەرییەکاندا چاپ بکرێ و بەدزییەوە بیهێننەوە بۆ مەهابادو لەوێوە بۆ خەڵك و بۆ کوردستانی باشووریش ڕەوانە بکرێ، بە تایبەتی بۆ لقی کوردستانی عێراقی (ژێ. کاف).

لە بارەی کاری چاپکردنی ئەو ڕۆژگارەی گۆڤاری (**نیشتمان**)ەوە، محەمەد شاپەسەندی، کە خۆی کادرێکی چاپەمەنی و نووسەرو وەرگێری ئەو ڕۆژە بوو، دەگێڕێتەوە:

**(..ئەوسا ساڵی (١٩٤٣) لە تەورێز بووم (زەبیحی)یش لەوێ بوو، هەروەها خەلیلی ساوچبلاغی (ئەوسێیەمان بووین). لەوێ زانیم و زەبیحی حروفچینی پێ دەکردم. لەوێ جێگای تایبەتمان هەبوو. ئەوسا بەشێوەی کۆن حروفچینی دەکرا، ژمارەیەکی (نیشتمان)مان حروفچینی کرد. لەوێ دەمانبرد بۆ چاپخانەی کابرایەکی ئەرمەنی ئەویش بۆی چاپ دەکردین. بە دوو سێ ڕۆژ پێنج شەش سەفحەمان ساز دەکرد، تێکمان دەکردەوەو دەمانبردەوە بۆ سابلاغ. لە زۆر جێگادا بە نهێنی، کاری مەتبەعە (چاپخانە)ی ژێ کافمان کرد.. لە پشت میوانخانەی خورشید لەوێ یەك دوو هۆدەمان دەست کەوت، چاپخانەمان دانا تا گۆڕانکاری یەکی تەواو لە (ژێ. کاف)دا هاتەدی بوو بە حیزبی دێمۆکرات (نیشتمان)مان چاپ دەکرد. هەر چۆنێکی بوو من گەڕامەوە مەهاباد بە مەتبەعەیەکی دەستی کە سەفحەیەکی تەقریبەن نیو فۆڵسکابی چاپ دەکرد، لە تەورێز هێنامەوە سابلاغ)**[٦٣].

هەر لەو ڕۆژانەی پڕ خەبات و نهێنی کۆمەڵەی (ژێ-کاف)، توانرا لە ڕێگەی ئەو چاپخانە دەستییە بچووکەوەو بە سەرپەرشتی عەبدولڕەحمان زەبیحی (**ع.بێژەن**) چەند نامیلکەیەك وەکو دیاری پێشکەش بە ئەندامان و خەڵکی شۆڕشگێڕو بە تایبەتی توێژی لاوان بکرێت. لەوانە چاپکردنی ڕۆژ ژمێر بۆ ساڵانی ١٩٤٣-

[٦٢]: هەژار، چێشتی مجێور، ل٦١.

[٦٣]: هانا، مامۆستا محەمەدی شاپەسەندی ڕۆژنامەی کوردستان، ح د ك أ، ژ٢٥٧، ل٨-٩.

١٩٤٤)، بە بەڵگەی ئەوەی، کە کۆمەڵەی (ژێ-کاف) خۆی چاپی کردووە لە میانەی ڕۆژە گرنگەکانی ساڵ ڕۆژی ١٦ی ڕەشەمە ڕۆژی بینادی چاپخانەی (ژێ-کاف)دا ئاماژەی بۆ کراوە. هەروەها لەو ڕۆژە ژمێرەدا پەیامی کۆمەڵە نووسرابۆوە. لە ڕۆژ ژمێری ساڵی (١٩٤٣)دا نووسراوە:

**(ئەی دایکی نیشتمانی کورد دڵنیابە ئەندامەکانی کۆمەڵەی (ژ. ك) ناڵەی دەروون و سکاڵای تایبەتی تۆ بە هەموو ناوچەکانی کوردستانا بڵاو ئەکەنەوەو لاوەکان بۆ خزمەتی تۆ هان ئەدەن. بە هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەر ڕائەگەیێنن، کە دونیای ئیمڕۆ دونیای شارستانێتی و تەمەددونە ئەوەندەی لە توانایاندا بێت بە برووسکەی زانست و خوێندەواری سەرەڕێی پێشکەوتنی کورد ڕووناك ئەکەنەوە پەیامی تۆ کە ئەڵێی سەرکەوتن لە ڕێکەوتنایە بە گوێی هەموو دانیشتوانی کوردستان ڕائەگەیەنن)[٦٤].**

هەر لە چاپخانەی (ژێ-کاف)دا، چەند نامیلکەیەك چاپکراون لەوانە (**دیاری کۆمەڵەی ژ.ك بۆ لاوەکانی کورد**) و (**دیاری مەلا محمدی کۆیی**) و (**گوڵبژێرێك لە دیوانی حاجی قادری کۆیی بلبلی نیشتمانی کورد**) و (**دەستە گوڵێکی جوان و بۆن خۆش لە باغی نیشتمان پەروەری**) بڵاوکردەوە[٦٥]. هەروەها (**عەقڵ و بەخت**) و (**گفتوگۆی دووباز**) و (**کارخانەی قەندی یاسلسلەی مەشایەخی نەقشبەندی**) و (**ئاڵەکۆك**)ی هەژاری موکریانی لە بارەی نامیلکەی (**سلسلەی مەشایخی نەقشبەندی**)ی هەژاری موکریانی یەوە ڕۆژنامەی (**کوردستان**) وەکو یەکەم چاپکراوی چاپخانەکەی بۆکان نووسیویەتی:

**هەوەڵ دەرکەوتنی چاپخانەی بۆکان**

**(ڕۆژی ٢٤/١١/٢٤ هەوەڵ دەرکەوتنی چاپخانەی بۆکان (سلسلەی مەشایەخی نەقشبەندی)ما وەدەس کەوت کە بوو بە مایەی چاو ڕوونی و دڵخۆشی کارگەرانی ئیدارەی ڕۆژنامەو چاپخانەی کوردستان لە خودا دەخوازین، موئەسیسین و کارگەرانی چاپخانەی بۆکان سەربەرزی لە خزمەتی میللیدا موەفەق بن)[٦٦].**

ئەم نامیلکانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر بیرو بۆچوونی خەڵکیدا بەجێ هێشتبوو، لەبەر کەمی ژمارەیان دەستاو دەست بڵاودەبوونەوەو خەڵکێکی زۆر ئەزبەریان کردبوون و بە چاوی ڕێزەوە تێیان دەڕوانرا. لە بارەی نامیلکەی (**دیاری کۆمەڵەی ژ. ك بۆ لاوەکانی کورد**)ەوە، عەبدولقادر دەباغی دەگێڕێتەوە:

**(.. کۆمەڵانی خەڵك بە خۆشییەوە بە شوێن میرزاو خوێندەوارێکی وادا دەگەڕان کە کوردی بزانێ. ئەو کتێبە هەمووی شیعر بوو، چونکە شیعرو هەڵبەست لە گیانی کورددا هەست دەبزوێنێ. ژن و پیاو**

---

[٦٤]: ڕۆژ ژمێری تایبەتی کۆمەڵەی (ژێ. کاف)، بۆ ساڵی ١٣٢٢.

[٦٥]: نەوشیروان مستەفا، حکومەتی کوردستان، ل ٧٠.

[٦٦]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ ١٤، ١٣/١٢/١٩٤٦.

**دەیانگوت زۆر بە کەڵکە، بە تایبـەتیش ڕووپـەڕەو سـەرڵدەکەی پـیرۆزو دڵـڕفێن بـوو، چـونکە ڕۆژی کوردستانی تێدا نەخشابوو و دوو پیتی ژێ-کاف بە لاتین لە ناوەڕاستەکەی دا بوو)**[٦٧].

لە سەرەتای نامیلکەکەداو لەسەر بەرگەکەی نووسراوە: (١) **دیاری مەلا محمدی کۆیی**، بەیارمەتی کۆمەڵەی ژ. ك بۆ هەڵساندنی ئاغاوات و سەردارو عەشیرەتەکانی کورد لـە خـەوی نـەفامی چـاپ کـرا. بـەم شـیعرە دەسـت پێدەکات :

**ئارەزوو**

**زۆر بـــووە بـــــــەرخێکی لــــەڕو لاواز**
**بۆتـــە خـــــەرتێکی دووک زەلام و قەڵـــــەو**
**یــــا منــــاڵێکی ســـیس و مــــــردۆخە**
**بۆتــە پیــاوێکی کـــورج و کـــۆڵ و پتـــەو**
**کـــەلیّ میللـــەت وەهـــاوە ســــەرکەوتوون**
**کــــە نەیەتــە خـــەیاڵ و وەهـــەم و خـــەو**
**بۆیــــــە ئومێــد ئەکــەم لــە لــوتفی خــودا**
**خـــــــالقی مــــانگ و ڕۆژ و، ڕۆژو شـــــەو**
**کــــــــوردەکانیش بکاتــــە ســـاحێب جـــا**
**ســـــنة الله في الـــــــذين خلــــــــو**
**تەلـــــــەفۆنێ بخاتـــە نێـــو کـــــوردان**
**بــانگی یــەکتر بکــەن بــە دەنگــی هەلــەو**
**هــەو هــەوی مــیرەوان لـــــــە مەیـــدانا**
**زەلزەلــــەی داتــە مڵکـــی کــــەی خوســـرەو**
**بێتــە ژێــر دەســـتی میللـــەتی کـــــــورد**
**هــەر لـــــە باتومـــەوە هـــــەتا دەهلـــەو**[٦٨]

---

[٦٧]: عبدالقادر دباغی، ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژێ. کاف، ل٤٤.

[٦٨]: دیاری کۆمەڵەی ژێ. کاف بۆ لاوەکانی کورد، ١٩٤٣، ل٣-٤.

• حەز ئەکەی بیت بلێم چیە کوردی •
• عاقلی و چابکی و جەران مەردی •

# ١

# دیاری مەلا محمدی کویی

بەیارەی کرمەلەی ژ . ك بو هەلـاندنی
آغاوات و سەردار عەشیرە تەکای کورد
لەخەوی نەفامی چاپ کرا

١٣٢٢

**له بارەی (كارخانەی قەندی یا سلسلەی مەشایەخی نەخشبەندی)** (**هەژار**) كە دانەریەتی دەڵێ:

**(ناوی مەشایخی نەخشبەندیم بە شیعر هۆنیبۆوە، لە بۆكان چاپیان كرد هەزار نوسخە بە دوو سێ ڕۆژ فرۆشرا، لام وابوو شیعرەكانیان پەسەند كردووە:**

**دوایی دەركەوت وەك نوشتە كڕیویانەو دە بەرگیان گرتووە و بە كڵاویانەوە دروە!)**[٦٩].

لەو نامیلكەدا وەها باسی مەولانا خالید نەقشبەندی دەكات:

**كە سەر دەستەی هەموو مەستانە خالید**
**نەمامی باخی كوردستانە خالید**
**فیدات بم نیشتمان بۆ شارەزوورت**
**ڕووناكە شام و ئەستەنبول لە نوورت**[٧٠]

## چاپخانەو كۆماری دێمۆكراتی كوردستان:

دوا بە دوای دامەزراندنی كۆماری دێمۆكراتی كوردستان، بە پێی ئەو بەڵێنانەی باقرۆف بە پێشەوا قازی محەمەدی دابوو لە سەرەفەری دووەمی باكۆ كە یارمەتی فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییان بدەن و چاپخانەیەكیان بۆ دابین بكات، ئەو بەڵێنەی خۆی بەجێ گەیاندو لە ڕێگەی ڕابیتەی فەرهەنگی تەورێزەوە چاپخانەیەو بڕێ كاغەزو كەلوپەلی چاپ گەیشتە مەهابادی پایتەخت. بە گەیشتنی چاپخانە بۆ كوردستان جێژنێكی گەورە ساز دراو هەندێ لە بەرپرسانی كۆمار بەم بۆنەیەوە وتاریان خوێندەوە. دەسبەجێ كەوتنە دەركردنی ڕۆژنامەی (كوردستان) زمانحاڵی كۆماری دێمۆكراتی كوردستان و لە پاڵ ئەوەدا، ژمارەیەك گۆڤارو نامیلكەش چاپ كران و چاپخانە كۆنەكەیش گوازرایەوە بۆ بۆكان لەوێ گۆڤاری (هەڵاڵە) تو كاروباری میری پێ چاپ دەكرا. دەربارەی ئەو ئاهەنگەی بە بۆنەی گەیشتنی چاپخانەوە كراوە، باشتر وایە ئەو ڕیپۆرتاژە بخوێنینەوە كە ئەو ڕۆژگارە ڕۆژنامەی (**كوردستان**) بڵاوی كردۆتەوە:

**(جێژنی كردنەوەی ئیدارەی ڕۆژنامەی كوردستان**

**ڕۆژی ١٣٢٤/١٠/٢٠ ساتی ٥ ی پاش نیوەڕۆ لە ئیدارەی ڕۆژنامەو گۆڤاری (كوردستان) بە موناسەبەتی كردنەوەی ئیدارەو بڵاوكردنەوەی هەوەڵ ژمارەی ڕۆژنامەی كوردستان جێژنێكی بە شەوكەت گیرا. عولەمای**

---

[٦٩]: هەژار، چێشتی مجێور، ل ٨٧.

[٧٠]: عبدالقادر دباغی، ڕاپەڕینی كۆمەڵەی ژێ- كاف، ل ٥٧. هەروەها لەم دواییەدا، شاعیرێكی میللی مەهابادێ دەربارەی سیلسلەی مەشایەخی نەخشەبەندی بە شیعرو نامیلكەیەكی چاپكردووە، ئەو هۆنراوەیەی (هەژار)یش سەرلەنوێ ڕەگەڵ خستووەو چاپ كردۆتەوە.. رحمان مصباح قاضي،سلسلەی نەخشەبەندی، ناوەندی بڵاوكردنەوەی ئەدەبیاتی كوردی، ارومیە، ١٣٦٩، ل٢٤-٣٢.

**ئەعلامو ئەعضای  حیزبی دێمۆکرات و نوێنەرانی نوقاطی موحتەرەمینی مەهاباد و زۆر لە ئاغایانی اطراف لەم جێژنە حضوریان بوو.**

**لە پێش دا جەنابی بابا شێخ بە نوتقێکی کورت جەلەسەی ئیفتیتاح فەرموو و لـە ضـیمن دا جـەنابی ئاغای قاضی محمدی ڕەئیسی حیزبی دێمۆکرات پێشەوای میللی و دینیی کوردستان زۆر تەمجید و تەحسینی کردو فەرمووی: (وجودی وی بۆمە غەنیمەتەو هەر ئەو دەتوانـێ کەشـتی کورسـتان لـە نێـو شـەپۆڵی سیاسـەت دا بگەیەنێتە ساحیل).**

**لە دوای ئەو ئاغای سید محمدی گە زادەو معاون حیزبی دێمۆکرات لە لایەن پێشەوای معڤمـــهوە خێـر مەقدەمی بە جەنابی بابا شێخ و سایری موحتەرەمین کە لە جەلسەی حزوریان و ئیڤهارو موربارەکبادی کردنەوەی ئیدارەی ڕۆژنامەی لە هەمووان کردو:**

**١-ئاغای قادری مدرسی بە سەرۆکی بنگاهی چاپخانەو ئاغای علی خسـروی بـە مـدیری داخلـی چاپخانەی معرفی کرد.**

**٢-ئاغای سید محمد مدیرو سەردەبیری ڕۆژنامەو گۆواری کوردستان ناساند)[71].**

هەروەها ڕۆژنامەی (کوردستان)، لە پیرۆزبایی ئاغای سعید زەرگەیی، کـە تیپچـنی چـاپخانەکە بـووە، ئـەم هۆنراوەیەی بڵاوکردۆتەوەوە:

**شــــوکر نـــــەمردم مــــــن بــــــەو چــــاوانە**
**لـــــە کوردســـــتانا کانگـــــای چــــاپخانە**
**هاتــــــە بەرچـــــــاوم وەك ڕۆژ نمایـــــــان**
**لـــێ تــــان پـــیرۆز بـــێ گــــەلی برایـــان**
**فێنکــــــایی دڵــــــم جــــــەرگو هــــــەناوم**
**ڕۆژنامـــــــەی کــــــوردی هاتــــــە بەرچــــاوم**
**هێنـــــد کــــــەیف ســـــازو شـــــادو خەنـــدانم**
**وەختـــــە لــــە شـــادی دەربچـــــێ گیـــانم [72]**

گەیشتنی چاپخانەو بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی (**کوردستان**) دەنگ و سەدایەکی زۆری دایەوەو بە جارێ دەنگـی نارەزایی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی تاران بەرز بۆوەو پێـی شـڵەژان، تەنانـەت ڕۆژنامـەی (تهـران امـروز) لـە (١٩٤٥)دا نووسیوویەتی:

---

[71]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٣، ٢٤/١٠/١٣٢٤. ١٥ی ژنویەی ١٩٤٦، ل٤.

[72]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٦، س١، ٢١ی ژانویە ١٩٤٦، ل٢.

**دەبێ زاری کوردان پڕ لە ئاسن بکرێ و ڕۆژنامە کوردییەکەشیان تەفرو تونا بکرێت)[٧٣].**

لێرەوە دەدەکرێ بە وشەو ڕۆژنامەوانیی ڕاچەنیوی شۆڕشگێڕیی بکرێ، کە چۆن دوژمن زەنـدەق دەبـات و تـرس و سام دەخاتە دڵیانەوە و دەبێتە چەکێکی کاریگەر بۆ خەبات و بە درۆخستنەوەی پڕۆپاگەندەی دوژمنـان. ئەمـەش هەر لە سەرەتاوە سیفەتێکی دیاری ڕۆژنامەوانیی کوردی بووەو ئەو سروشتەی بووە.

لە شۆڕش و بزووتنەوەکانی پێشووی کورد دا، هەمیشە چاپخانەو ڕۆژنامەوانیی دەورێکـی پێشـەنگ یـان لـە بەرزکردنەوەی ورەی خەڵك و کورد لە هرە پارچەیەکی کوردستان دا تۆزقاڵێ ئازادی و سەربەخۆیی بۆ هەڵکـەتبێ، چاپخانە بە ئیش کەوتووەو ژمارەیەکی بـاش ڕۆژنامــەو گۆڤـارو بڵاوکـراوەی کـوردی هاتۆتـە بەرهـەم. باشـترین بەڵگەشمان هاتنە وجودی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان بەڵگەیەکی زیندووە، کـە چ بووژانەوەیـەکی ڕۆشـنبیری و فەرهەنگی گەورە هاتۆتە ئاراوە. لە ماوەی یازدە مانگی تەمەنی کۆماردا چـەندین ڕۆژنامــەو گۆڤـارو نامیلکـە چاپ کران.

هەروەها پێشەوا بۆ خۆی ئەوەندە گرنگی بە ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی داوە، لەم ڕووەوە ئارچی ڕۆزفلت دەڵێ:

**(ئەو بایەخەی قازی محەمەد بۆ ئەدەب و زمانی کوردی دایناوبوو، دەتوانرێ لەم خاڵەوە دەرك بکرێ کە لە نێو، کارمەندانی بیرۆکەدا دوو شاعیری لاو-هەژارو هێمن- هەبوون کەشیعرەکانیان- وێڕای کەمی کاغەزیش- چاپ و بڵاودەکرانەوە)[٧٤].**

عەبدولقادر دەباغی لە بارەی گرنگی چاپخانە لەو ڕۆژەدا دەڵێ:

**(چاپخانەی کوردستان، لەو سەردەمەدا ئەوەندە گرنگ بوو کە زۆربەی ڕۆژان، پێشەوای شەهید سەر لە بەیانیان بەر لە گشت کارێ دەچووە چاپخانە، چاوی بە کاك مودەڕیسـی و زانـای خۆشەویسـت خوالێ خوش بوو سید محمد حمیدی دەکەوتن و وتووێژی لەگەڵدا دەکردن. چونکە سەرەڕای ڕۆژنامەی (کوردستان) تەواوی ئیعلامیەو هەموو بەشی تەبلیغات بۆ بەشـەکانی دیکـەی کوردسـتان، هـەر لەوێدا چاپ دەبوو، کەسانێکی زاناو ئەدیب و جێگەی متمانە لەوێ بن)[٧٥].**

ئەم گرنگی دانە بەکاری چاپخانەو ئەرکی چاپخانە لە پێش ئەوەشەوە جێگەی سەرنجە، بەتایبـەتی (سـازمانی جەوانانی کورد)، کە پاشتر بوو بە یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی کوردستان، بۆ پاراستنی چـاپخانە لـە ڕۆژانـی بەر لە دامەزارنی کۆمارا بە نهێنی یەوە کاریان کردووە ئێشکیان لێگرتووە، غەنی بلوریان لە یادداشـتەکانی خۆیدا وای تۆمار کردووە:

**(چاپخانەیەکی دەستی کۆمەڵی ژ. ك لە ژێرخانێکی بن هۆدەکانی تەرخان کراو بۆ ڕێکخراوی لاوانی کۆمەڵە دامەزرابوو. شەوێك قازی محەمەد ناردبووی من بچمە لای، کە چووم، قازی گوتی: (دەبـێ**

[٧٣]: ڕۆژنامەی (تهران امروز)، ژ٢٢٨، ٢٥/١٠/١٩٤٥، بڕوانە: لوسیان رامبو، الکرد والحق، ص ١٢٩.

[٧٤]: ئارچی روزفلت، کۆماری مهاباد، ل٣٧.

[٧٥]: عەبدولقادر دەباغی، ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژێ. کاف، ل٣٧.

**پارێزگاری لەو چاپخانەیە بکەن کە لە ناوەندی ڕێکخراوەکەتان دامەزراوە). ئێمە لاوەکـان بـە ڕۆژ لەوێ کارمان دەکردو شەوانەش دەرگای بارەگای ڕێکخراوەکان قفڵ دەکردو و هەر کام دەچووینەوە ماڵی خۆمان. ئەمجارە لەدوای ئەمری قازیدا شەوانە چەند کەسمان لەوێ دەماینەوە. من و (سەدیقی سیاسەری) پای ئەسڵی بووین و هەموو شەوێ بەنۆبە یەکما لەوێ دەماینەوەو ئەوانی تـریش هـەر شەوەی ٤-٥ کەسان دەهاتن و چەکمان هەڵدەگرت و بەیەکەوە کێشکمان دەدا)[٧٦].**

بەم شێوەیە چاپخانە لە ژیانی ڕۆشنبیریی کۆماردا ئەرکێکی نەتـەوەیی گـەورەی لـە ئەسـتۆ گرتبـوو، ئەمـە سەرباری ئەوەی ئەو چاپخانەیە بووە هۆی ئەوەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی ئەو ڕۆژەی پێ چاپ بکرێ، کـە لـە باسی دووەمدا باسیان دەکەین و هەوڵ دەدەین بە پێی هونەرەکانی رۆژنامەوانیی لێیان بکۆڵینەوە.

[٧٦]: غەنی بلوریان، ئاڵەکۆك، ل٤٤.

# بلسی دووەم

## ناساندنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و هونەرەکانی ڕۆژنامەوانیی

### ١-گۆڤاری نیشتمان:

گۆڤاری نیشتمان، زمانحاڵی کۆمەڵەی ژیانەوی کورد ناسراو بە (**ژێ. کاف**)، لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٣٤)، یەکەم ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، دووەمین گۆڤاری کوردی یە لە ئێران دوای گۆڤاری (**کوردستان**)ی شاری (**خوی**) لە (١٩١٣)دا. ئەم گۆڤارە شوێن پایەیەکی دیارو بەرچاوی لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا هەیەو ژمارەیەك بەرهەمی هەمە چەشنەی بە قەڵەمی شاعیرو نووسەرانی کورد بڵاوکردۆتەوە.

لە باسی یەکەمدا بە کورتی لەە دواین، کە چۆن و بە چ دەردەسەرییەك لە تەورێز حروفچینی کراوە بە ماوەیەکی زۆر لاپەڕەکانیان تەواو کردووەو بە نهێنی و بەدزییەوە هێناویانەتەوە بۆ موکریان و پاشان ژمارەیان بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵە لە عێراق و تورکیا و سوریا ڕەوانە کردووە.

کاربەدەستانی ئەو ڕۆژگارە بە بڵاوبوونەوەی گۆڤاری (**نیشتمان**)، بە جارێ شڵەژاون و ئەم هەنگاوەیان بە ورای بوونەوەی میللەتی کورد داناوەو کونسوڵخانەی عێراق لە تەورێز و کرماشان بە پەلە بە بروسکە هەوڵی چاپ و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ناوبراویان ڕاگەیاندووەو لەوە ترساون بیری نیشتمانیی کوردی کۆمەڵەو ناوەڕۆکی بابەتەکانی گۆڤارەکە کوردی عێراقیش بوروژێنێو ڕاپەڕین و شۆڕشی نوێ دروست بکات. لە دەقی یەکێ لەو بەڵگەنامانەی وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە پشت بەستن بە کونسوڵخانەی خۆی لە ئێران دا هاتووە:

**(نهێنی، ژمارە ش ٤/٨٥٨**

**ڕۆژ:حەڤدەی مایسی ١٩٤٤**

**بابەت: بزووتنەوەی کورد**

**کونسوڵخانەی عێراقی لە تەورێزەوە بە برووسکە پێی ڕاگەیاندووین کەوا کوردی مەهاباد ڕۆژنامەیەك دەردەکن ناوی (نیشتمان)ەو بەزمانی کوردی عێراق چاپ دەبێت بە نهێنی دەینێرن بۆ کوردی عێراق، (نیشتمان) داوای سەربەخۆیی بۆ کورد دەکات و حوکمەتی ئێران بایەخی داوەتە ئەم باسە، سەرباری ئەوە، بە پێی بروسکەی کونسوڵخانەی ناوبراو هاتوچۆ لە نێوان ئێران و عێراق دا لە ڕێگەی کوردستانەوە کارێکی ئاسانە، پێویستی بە ڤیزەو ڤیزەکاری نی یە)**[٧٧] .

هەروەکو دەردەکەوێت جەخت لەسەر هاتووچۆی کوردی نێوان عێراق و ئێران دەکاتەوە، کە ئەم گۆڤارە بەئاسانی بڵاودەبێتەوە، هەروەها ڕستەکانی (داوای سەربەخۆیی بۆ کورد دەکات) و (حکومەتی ئێران بایەخی

[٧٧]: د.کەمال مەزهەر، بایەخی (نیشتمان) لە ڕوانگەی دوو ، ل بەڵگەنامەوە، ڕۆژنامەی کوردستان، ح د، ك، أ، ژ٢٥٧، ل١٢.

داوەتە ئەم باسە) جێی سەرنجن. سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکە خۆیان هەستیان بەوە کردووە، کە تاقییان دەکەن و بە دوای چاپخانەکەدا دەگەڕێن، لە ژمارە (٥)ی خۆیدا نووسیویەتی:

**(.. وەکو ئیداراتی ئێمە پێیان ڕاگەیاندووین ئەم دوو حکومەتە (مەبەست تاران و ئەنقەرەیە- هیمداد) بێ دادو ستەمکارانە لە جیاتی بیرکردنەوە لەم داوایەی ئێمە پێکهێنانی کەوتوونە سەروکاری دیتنەوەی چاپخانەی (ژ- ك) ئێمە مژدەیان ئەدەینێ ئەگگەر توانییان پێشی بڵاوبوونەوەی تیشکی هەتاو بگرن، ئینجا دەشتوانن چاپخانەکەی ئێمەش ببیننەوە، چونکو کۆمەڵی ژ.ك بە هیممەتی گەنجانی وورپای خۆی ئێستا لە بەشی زۆری پارچەکانی کوردستان دەستی دەڕواو دەتوانێ لە کەم ترین وەختدا گەورەترین شت بۆ دوورترین جێگای کوردستان ڕەوانە بکات، ئەوا ئەو جارەش حکوومەتی بەغدا وشیار دەکەینەوە کە وەکو ئێران و تورکیا ئەکا بزانێ کورد لەم بیستساڵی دواییەدا چەندیان بۆ حکومەتی عێراق کەڵك هەبووە چاکەیێکی ئێمە تا ئێستا کردوومانە ئەم هەموو سەروەتە لە بەرانبەر و سەرچاوەی ئابووری وڵاتەکەمان داوەتە دەمیان نەوتی کەرکوك وەکو لە خاکی عەرەبەکان دا بێ ئیستیفادەی لێ دەکەن خەراپەمان نەدەنەوە داوای کوردەکان بە چاکی تەماشا بکەن و بۆیان پێك بێنن، خۆیان نەکەنە نیشانەی تیری ئێمە، ئەگەر ئەوانیش بیانەوێ چاپخانەی (ژ.ك) ببیننەوە ئەبێ وشترێك ببینن دەستی بە کلکی بگرن ڕای بکێش بیگەیێننە زەوی ئینجا ئەگەنە ئامانج دیسان ئێمە دەمانەوێ تاران ئانکارا و بەغدا وەڵامی ئێمە بدەنەوە بە ڕادیۆو ڕۆژنامە ئەو کوردانەش کە مەئمووری دیتنەوەی جێگای چاپخانەی ئێمە ئەگەر تا ٤٨ سەعات دوای خوێندنەوەی ئەم ژمارەیە دەست لەم کارە بێ شەرەفانەی خۆیان هەڵ نەگرن وێنە (عکس) و تەئریخی ژیانیان چاپ ئەکەین[٧٨].**

**(نیشتمان)** بەڵگەو تۆمارێکی زیندووە بۆ ڕوون کردنەوەی تێڕوانینی ئەو ڕۆژگارەی کۆمەڵەی ژێ. کاف و هەوڵۆێستی لە بەرامبەر جیهانی دووەم و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و مەسەلە ئایینددەییەکان وەکو یەك گرتنەوەی پارچەکانی کوردستان و پشت بەستن بە بۆچوونی ئاشتی دیموکراسی و شۆڕشی ڕۆشنبیری و پشت بەستن بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ئەوێ ڕۆژێ، بەریتانیا وسۆڤیەت، بە تایبەتی ئەوەی دووەمیان کە ناسرابوو بە یارمەتیدەرو هاوکاری میللەتانی زوڵم لێ کراو بۆ مافی چارەی خۆنووسین. لە هەمان کاتدا **(نیشتمان)** لە ڕوی ئەدەبی ڕۆژنامەوانییەوە کۆمەڵێ شیعرو وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی تێدا بڵاوکراوەتەوە، کە گوزارشت لە ئاستی ئەدەبی کوردیی ئەو ڕۆژگارەی کلتووری کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دا دەکات.

---

[٧٨]: گ نیشتمان، ژ٥، ل٢٤-٢٥.

له بارەی بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەو چەندێتی ژمارەی بڵاوکراوەی، چەند بیروڕایەك هەبوون، بـەڵام دوای سەرلەنوێ چاپکردنەوەی ژمارەکان له (١-٦)، له لایەن دکتـۆر (**جەمال نەبـەز**)ەوە ڕاسـتییەکان وەدەر کـەوتن و گومانیان تێدا نەما[٧٩].

ئەم نەخشەیە ژمارەی لاپەڕەو هەندێ زانیاری له بارەی گۆڤاری (نیشتمان)ەوە دەردەخا:

| ژمارە | مێژووی دەرچوون | لاپەڕەکان | وێنەکان | شیعر | وتار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پووش پەڕی ١٣٢٢ | ٢٥ | - | ٤ | ١١ |
| ٢ | خەزەڵوەری ١٣٢٢ | ٢٥ | ٢ | ٧ | ٧ |
| ٣،٤ | سەرماوەزو ڕێبەندانی ١٣٢٢ | ٣٦ | ١ | ٧ | ١٢ |
| ٥ | ڕێبەندانی ١٣٢٣ | ٢٤ | ١ | ٧ | ٦ |
| ٦ | ڕەشەمەی ١٣٢٣ | ٢٢ | ٢ | ٦ | ٧ |
| ٧،٨،٩ | خاکەلێوەو بانەمەڕو جۆزەردانی ١٣٢٣ | ٣٢ | ١ | ٧ | ١٤ |

## چی دەربارەی گۆڤاری (نیشتمان) نووسراوە:

جەمال خەزنەدار دەربارەی ئەو گۆڤارە نووسیویەتی: (نیشتمان گۆڤارێکی ئەدەبی و سیاسی مانگی بـووە، له شاری مەهاباد له لایەن کۆمەڵەی (ژ.ك) دەدەهێنرا، (٩) ژمارەی لـێ دەرچـووە، ژمـارەی (٩)ی لـە مـانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٤٥)دا دەرچووە) (٢٢).

هەڵوەستەیەك دەکەین بەوەی لەسەر بەرگی گۆڤارەکەدا باسی وشەی سیاسی نەکردووە، بەڵکو نوسراوە: گۆوارێکی کۆمەڵایـەتی، ئـەدەبی، خوێنـدەواری و مـانگی کوردییـە. ڕاسـتە (نـۆ) ژمـارەی لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان

[٧٩]: بڕوانە: جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتمان تەمووزی ١٩٤٣-مایسی ١٩٤٤ زمانی حاڵی کۆمەڵـەی (ژێکـاف) و ئیـدیۆلۆژیی هوردە بۆرژوای ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست له کوردستاندا، بنکەی چاپەمەنی ئازاد- سوید١٩٨٥. د. جەمال نەبەز، کە زانایـەکی ئەکادیمیە، بۆ سوودوەرگرتن و گواستنەوەی وتەی جەمال خەزنەدارو د.کەمال مەزهەر،نەوەکو له کتێبەکانی خۆیـان بـەڵکو لـەو سەرچاوەیەکی تری فارسیی وەریگرتووە. کە گەڕامەوە سەر قسەکانی ئەو دوو نووسـەرە، قسـەی وایـان لـە چـاپە کوردییەکـەی خۆیاندا نەکردووە و وەرگێڕی فارسی کتێبەکەی جەمال خەزنەدار، ڕابەڕی ڕۆژنامەگەری کوردی، له خۆیەوە قسەی بەناوی ئەوانەوە ئیزافە کردووە ئەمە سەرباری ئەوەی گلەیی ئەوە لەوان دەکات، کە ژمارەکانی گۆڤاری (نیشتمان)یان هیچ نەبێ ژمارەی هەوڵیان نەدیوە، بەڵام سەیرە د.جەمال چاپی کوردی کتێبەکانی، تێگەیشتنی ڕاسـتی و ڕابـەری ڕۆژنامەگـەریی کـوردی لـە بەردەسـتدا نەبووە.

بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ژمارە (٧،٨،٩)ی بەسەر یەکەوە لە یەك بەرگدا چاپکراوە، ئەویش لە (١٩٤٤)دا، نەوەکو ١٩٤٥دا.

**د. کەمال مەزهەر ئەحمەد** وەهای دەناسێنێ:

**(ئۆرگانی کۆمەڵەی ژ.ك بوو. لە تەورێز بە دزییەوە لە چاپخانەی کابرایەکی ئەرمەنی چاپ دەکرا. ژمارەی (٧و٨و٩)ی بەسەریەکەوە دەرچوون و خاکەلێوەو بانەمەڕو جۆزەردانی ١٣٢٣یان لەسەر نووسراوە کە دەکەنە مارت و نیسان و مایسی ساڵی ١٩٤٤. ئەو سێ ژمارەیە بەسەر یەکەوە ٣٢ لاپەڕەن و ٣٠ باسی هەمە جۆریان تێدایە. بارستی (٢٢×١٧سم)ە. دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد مامۆستا زەبیحی بە نهێنی ساڵی ١٩٤٨ ژمارەیەکی تری (نیشتمان)ی لە عێراق دەرکرد کە وەك خۆی دەڵێت ٣٤ لاپەڕە بوو)[٨٠].**

د. کەمال مەزهەریش، بەوەی ئاماژەی بۆ هیچ یەکێك لە ژمارەکانی بەرایی نەکردووە، نەلاپەڕەو نەبابەتەکانی، وا دیارە هەر ژمارەی (٧،٨،٩) کە لە یەك بەرگدا بڵاوکرابەوەتەوە لە بەردەستدا بووە. ئەوەی (١٠)یەمیش تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە. د.کەمال مەزهەریش بە پێی قسەی (زەبیحی) دەڵێ (٣٢) لاپەڕە بووە. لەم بارەیەوە د.عیزەدین دەڵێ:

**(ئەم ژمارەیە زەبیحی لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٨ بەو چاپخانەیەی پارتی دەریکرد، کە لە گوندی "سیتەك" لای شێخ لەتیفی حەفید بوو.زەبیحی هەندێك تیپی لە داری بەڕوو بۆ داتاشیبوو. لەسەر ئەو ژمارەیە نووسیبوو "ئۆرگانی نهچت مقاومت" ژمارەیەکی بە خواستی ڕەحمەتی شێخ لەتیف دەرکردبوو کە تا ئەو کاتە بەناو جێگری یەکەمی سەرۆکی پارتی بوو. شێخ لەتیف لەگەڵ پارتیدا کەوتبووە ناکۆکی. لەم ژمارەیەدا زەبیحی بە ئارەزووی خۆی هێرشی بردبووە سەر پارتی. وەڵامی پارتیش کە ئەو کاتە مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا سکرتێری بوو لە هێرشێکی بەرامبەردا بوو بێ ئەوەی ناوی کەس بهێنرێت. ئەو وەڵامە لە بڵاوکراوەیەکی (ناوخۆی) پارتیدا بوو کە دوو ژمارەیم دیوە بەناوی "مرۆڤ"ەوە. وەك بیرم بێ وتارێکی تێدا بڵاوکرابۆوە بەسەر ناوی (نیشتمان) لە دەوری دووەمیدا، دەبێتە زمان حاڵی کەسانێکی خاین و..هتد.. بەڵام زۆری نەبرد شێخ لەتیف لەگەڵ پارتی ئاشت بۆوە وە نەبووەوە بە پارتی بەڵام زەبیحی بوو بە یەکێك لە سەرکردەکانی پارتی)*.**

(ساڵی ١٩٤٣ گۆڤاری (نیشتمان) ئۆرگانی کۆمەڵەی (ژ.ك) لە مەهاباد دەرچووە، وەدیهاتنی ئەم گۆڤارە لە لایەك دەرگایەکی نوێی بە ڕووی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ئێراندا کردووەتەوە، لە لایەکی دی هەنگاوێکی گەورە بووە بۆ زمانی کوردی و تزوتنەوەی سیاسی و ڕۆژنامەوانی پاشی دیکتاتۆری توندو تیژی ڕەزا شا، بەتایبەت دژ بە گەلی کوردو زمانی کوردی. هەوەڵ ژمارەی (نیشتمان) لە پووشپەڕی ١٣٢٢ (تەمووزی ١٩٤٣)

---

[٨٠]: جەمال خەزنەدار، ڕابەڕی ڕۆژنامەگەری کوردی، ل٤٤.

سەرجەم "٩" ژمارەی لێ بڵاوکرابووەتەوە.. هەرەوها ئەوەشی ڕوون کرۆتەوە، کە ١٣ لاپـەڕەی هەوەڵـدا کـە لـە تەوریز چاپ کراوە، وتارێکی سیاسی بە قەڵەمی (زەبیحی) چاپ کراوە بەنێوی (پەیمانی سێ سنوور)، لە مـەهاباد ئەم وتارە لە گۆڤارەکە دەرهاوێژراو لە جێی ئەو، پارچە هەڵبەستێك و وێنەیەکی دوو کچە کـوردی تورکیـای لـە جێی چاپ کرا، نووسخەیەك لە وتارەکەی زەبیحی لە ئەرشـیفی مامۆسـتا عوبەیـدوڵڵای ئـەیوبیان لـە مـەهاباد هەیە)[٨١].

ڕاستە (٩) ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە بەڵام لە (٦) بەرگدا چونکە ژمارەکانی (٣،٤) لە یـەك بـەرگاو (٧،٨،٩)یـش لەیەك بەرگدا بڵاوکراوەتەوە.

## تەکنیکی ڕۆژنامەوانیی لەگۆڤاری (نیشتمان)دا:

گۆڤاری نیشتمان، لەڕووی چاپ و تیپەکانەوە، بە لاینۆتایپ چاپکراوە، هەر ژمارەیەکی (٢٢×١٧سم)ە. لـە هەر ژمارەیەکدا دوابەدوای بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکە، پێرستی بابەتەکانی گۆڤارەکـە چـاپ کـراوە. ناونیشـانی بابەتە گرنگەکان و لە بەرامبەریدا ناوی نووسەرەکەی. لەسەر بـەرگی پێشـەوەی گۆڤارەکەدا،لـە سـەرەوە وێنـەی ڕۆژێك کێشراوە کە پڕشنگی لە دەوری خۆیدا بڵاوکردۆتەوەو لە ناوەڕاستی ا دوو تیپی**J.K**ی لاتینی نووسراوە، کە دەربڕی یان کوردتکراوەی (ژ.کاف)ە و ئەمەش کورت کراوەی (ژیانەوەی کـورد)ە. لـە ژمـارەی (١)دا نووسـراوە: (کم من فئة قليلة غلبت فئة كثيرة بأذن الله). لە ژمارە (٢) نووسراوە: (ومن يتوكـل علـى الله فهـو حسـبه)، لـە ژمارەی (٣،٤)دا نووسراوە: (نصر من الله وفتح قريب وبشر المؤمنين)، لە ژمـارە (٥)دا نووسـراوە: (ان الله يـأمر بالعدل والاحسـان). لە دەستی چەپی ڕۆژەکەدا لە ژمارە (١)دا نووسراوە: بژی سەرۆك و کوردو کوردستان و هیوا، ئیدی لە ژمارە (٢)دا ناوی (هیوا) کە (حیزبی هیوا)ی کوردستانی باشوورە نەماوە، لەم دیوو ئەو دیوی ڕۆژەکەدا ئەمانە نووسراوە:

**بـــەختیارین لـــە هـــەوەڵ نێـــوی مـــەیان دانـــا کـــورد**
**صـــاحبی غیرەتـــی ئـــەو قەومـــە وەکـــو ڕۆســـتەمی کـــورد**
**هەرکەســـێ پەنجـــەی لـــە پەنجـــەی مـــە دەدا یـــا ڕەبـــبی**
**دەســـتو پەنجـــەی بشـــکێ پیلـــی لـــەبن بـــێ ورد**

لە ژمارەکانی (٣،٤)دا، (بژی کوردو کوردستانی گەورە) لە دەستە چەپ و (لە دەم بـڕینی ئەوانـەی لـە کۆڵم بەدۆگن/لە بارو تیژە دەمی مرودەکا مەقستە برینگم) لە دەستە ڕاست دا نووسراوە. لە ژمارە (٦)دا هەمان شت دووبارە بۆتەوە.

---

[٨١]: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی.. ل٢٣٧.

لە ژێر ڕۆژەکەدا مانیشێتی سەرەکی گۆڤارەکە (نیشتمان) نووسراوە بە تیپێکی چاپی وردتر، کە وێ دەچێ (١٢) بێ، (بڵاوکەرەوەی بیری کۆمەڵەی (ژ.ك) نتووسراوە. ئەمجا بە دێڕێکی درێژی سەر تا سەری نووسراوە گۆوارێکی کۆمەڵایەتی، ئەدەبی، خوێندەواری و مانگی کوردییە.لەنێوان دوو هێڵی ڕەشی سەرتاسەری ژمارەو ساڵ و مانگی کوردی و فەرهەنگی نووسراوە، بەڵام لە ژمارەی (٢)ەوە بە تەنیا مانگی کوردی نووسراوە و ئاماژە بۆ ساڵی فەرهەنگی ی (زایینی) نەکراوە.

گۆڤاری (نیشتمان) لە ژمارە (٢)ەوە وێنەی بڵاوکردۆتەوە، لەو ژمارەیەدا دوو وێنەی (جەنابی شێخ عەبدولقادر شەهیدی ڕێگای سەربەستی کورد) و (عالمی بەناوبانگ و نیشتمان پەروەر مەلا محمدی کۆیی) و لە ژمارە (٦)دا وێنەی (لینین)ی بڵاوکردۆتەوە[٨٢].

**هونەی هەواڵ:**

بە پێی وتەی زۆربەی ئەو لێکۆڵەرو پسپۆرانەی دنیای ڕۆژنامەوانیی کۆڵەکەی سەرەکی ڕۆژنامەیەو ڕۆژنامە خۆی لە خۆیدا گەیاندنی هەواڵە بە زووترین کات و بە ڕاستگۆیی خەڵکەکە یان جەماوەر بوروژێنێ. پێناسەی زۆرو زەوەند بۆ هونەری هەواڵ کراوە.

ڕەنگە بابەتێکی ئاوەها خۆی بەتەنیا بابەتێکی زۆر دوورو درێژی گەرەك بێت، ئێمە بە هێنانەوەی پێناسەی (میگێل. وای. چارئلی) ئوستادی ڕۆژنامەوانیی زانستگای مینسوتای ئەمریکا ئاماژە دەکەین، کە دەڵێ (هەواڵ ڕاپۆرتێکی گونجاوە، کورتەیەکی وردی ڕووداوێکە، کە خۆی ڕووی نەداوە)[٨٣]

گۆڤاری نیشتمان، ئەگەرچی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە نەبووە، تا مەسەلەی هەواڵ و پێشبڕکێی خێرایی بۆ بکرێ و لەو ڕوانگەوە سەیر بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ هەواڵی گرنگی سیاسی و ئەدەبی کە پەیوەست نین زۆر بە کاتەوە و وەکو کاڵایەکی بێ بەها نین، وەکو ڕۆژنامەنووسان دەڵێن، بڵاوکردۆتەوە، بە تایبەتی بە بۆنەی کۆچی دوایی مەلای گەوەری کۆیی، هەروەها دەنگوباسی (کۆمەڵە) لەهەموو ژمارەکانیدا لە ژێر ناونیشانی (لەنانو کۆمەڵدا چ باسە؟) یان (لە ناو کۆمەڵدا) بڵاوکراوەتەوە.

بۆ ئاشنا بوون بەزمانی ڕۆژنامەوانیی و چۆنیەتی دارشتنی هەواڵی ڕۆژنامەوانیی بە شێوازێکی ئەدەبی، ئەم هەواڵە بە نموونە وەردەگرین).

**(ضاییعەیێکی گەورە)**

**ڕۆژی سە شەممو ٢١ تەشرینی یەکەمی ١٩٤٣ ڕۆژێکی پڕ غەمو خەفەتی نەتەوەی کوردە، ڕۆژێکی تاڵو ناخۆشی تاریخی ٥٠٠٠ ساڵەی کوردی حەق خوراوو پڕ دەردە، کورد لەم ڕۆژەدا یەکێك لە گەورەترین پیاوی نیشتمان پەروەرو عالمی بەناوبانگی خۆی لە دەس داوە، چەرخی**

---

[٨٢]: گۆڤاری (ڕۆژی کورد- ١٩١٣)بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا وێنەی بڕوکردۆتەوە،بە تایبەتی وێنەی گەورەپیاوانی کورد.بڕوانە:ڕۆژی کورد١٩١٣، جەمال خەزنەدار، بەغدا، ١٩٨١،ل ٨٧،٥١،١٥.

[٨٣]: دکتر کاظم معتمد نژاد، روزنامەنگاری، ص ١٧-١٨.

**بەدکردار لەم ڕۆژەدا نەگبەتییێکی زلی تری خستۆتە سەر ئەم هەموو چارە ڕەشیو مەڤلومێتی قەومی هەژاری کورد گورگی ئەجەل لەم ڕۆژەدا رۆڵەییێکی بێ هاوتای دایکی نیشتمانی کوردی رفاندوەو شینو شەپۆڕێکی بێمانەندنی خستۆتە هەموو کوردستانەوە.**

**لەم ڕۆژەدا جەنابی مەلا محمدی کۆیی کەبە اقراری هەموو زانایانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا پیاوێکی عاقڵ،.نیشتمان پەروەر پاش ٧٠ ساڵ ژیانێکی پڕ افتخارو خۆمەتی نیشتمان بە ڕەحمەتی یەزدان شاد بوو ایمە لەم ژمارەیەدا وێنەی ئەم ژاتە چاپ ئەکەین بەو یارمەتی خودا بەسەر هاتی مەرحومیش دەگەڵ ئەم هەڵبەستانەی لە لایەن ئەندامەکانی کۆمەڵە بۆ شینی ئەم ژاتە گەورەیە دایانناوە لە چاپ ئەدەین)[٨٤].**

لە پاڵ بڵاوکردنەوەی (هەواڵ)دا هەندێ ئاگاداری و (اعلان)یش چاپکراوە کە زیاتر ئاگاداری ئەدەبین، لە یەکێ لەو ئاگادارایییانەدا هاتووە:

**(اعلان**

ڕۆژنامەی هەفتەیی (مرۆ-**MIROV**) لە لایەن (بیژەن)- بەم نزیکانە دەرئەچێت ێبونە تەنیا بۆ ئەندامەکانی کۆمەڵەیە)[٨٥].

دیاردەیەکی دیکەی رۆژنامەوانیی، دەمەتەقێ (گفتوگۆ)ی دوو کەسییە، کە لە شێوەی (چاوپێکەوتن)دایە، دیارە ناهەمواری و کاروباری ڕۆژانە بە شێوازێکی ڕەخنە ئامێزەوە خراوەتە ڕوو، بە تایبەتی لەسەر زاری دوو هەژارو داماوی ئەو ڕۆژەو دوو ناوی کوردی ڕەسەنی (بایزو باپیر)دا، کە بەوپەڕی سەربەستی یەوە دەردی دڵی خۆیان هەڵدەڕێژن و هەمیشە یەکێکیان خۆی بەبێ ئاگاو ئەوەی دیکەیان بە زاناو ئاگادار لە هەموو مەسەلەیەك پیشان دەدات.

هەندێ جار دەمەتەقێیەکە بەشێوەی هۆنراوە دەربڕاوە، هەروەکو:

**(بایز- ئەرێ مام باپیر، کتێبە پەرپووت**
**باپیر- سندان دەڵێی چی ی، دیسان بایزە ڕووت**
**بایز- پرسین هەیە، جوابم دە زوو بە**
**ئاغا تەشریفی بۆ چووە**
**باپیر- ڕەئیسێك ناردا، لە شوێنیو بردی**
**نامەی ڕزگاری بدا بەکوردی)[٨٦].**

---

[٨٤]: گ نیشتمان، ژ٣،ل٢٢.

[٨٥]: هـ.س، ژ٢، ل١٢ . د.عیزەدین دەڵێ: (زەبیحی "مرۆڤ" ی دەرنەکرد. کەچی پاش چەند ساڵ "مرۆڤ" بوو بە ناوی بڵاوکراوەیەك کە قسە بە خۆی بڵێت)*.

له ڕووی ڕێنووسی زمانی کوردییەوە، لە گۆڤاری ناوبراو، هەندێ لە تیپەکانی زمانی عـەرەبی وەکـو (گ، ڤ، ێ، ا، ژ) بەکارهاتوون، بەتایبەتی لەو وشانەی، کە خۆیان عەرەبین.
نیشانەی (٧) حەوت بەرچاو ناکەوێت. لە ڕووی بەیەکەوەنووسانی تیپـی (و) لەگـەڵ وشـەی پـێش خـۆی بەرچـاو دەکەوێ، وەکو: (بەکورتیو، چونکو، ڕۆژهەلاّتو،).

شێوەزاری پان دیـالێکتی سـەرەکی بابەتـە نووسـراوەکانی نێـو گۆڤارەکـە کـە شـێوە زاری موکریانییـە (دیالێکتی کرمانجی خواروو)، بە تەنیا بابەتێکی وەرگیراوە لە گۆڤـاری (ڕۆژانـو) نـەبێ بـە شـێوازی دیـالێکتی کرمانجی سەرووە[٨٧].

ڕێــڕەوی گشــتیی گۆڤارەکــە بــە هێڵێکــی ئاسـۆییدا نـەڕۆییوە، واتـا لـەڕووی زمـانی سـتراتیژی یـان دیبلۆماسییەوە، ڕێڕەوێکی میانڕەوی گرتووەو بـە زمـانێکی سـادەو دوور لـە ڕووگـرژی ڕووی دەمـی لەسـەرانی عەشایرو ئاغاو دەرەبەگەکان کردووە، کە کۆمەڵی کوردەواری ئەو ڕۆژگارە بنیادێکی خێڵەکی هـەبوو. ئەمـە لـە لایەك، لە لایەکی دیکەوە سیاسەتی ئەو ڕۆژە وابوو، کە بەچاوی ڕێزەوە لە ئۆردووی سووری سۆڤیەت دەڕوانراو بە یارمەتیدەرو تاقە ڕێگەی ڕزگـاری میللـەتان ناوزەنـد دەکـرا، بـەلاّم لەسـەر ڕووپـەڕی گۆڤارەکـەدا بـە ئاشـکرا نەیاندەتوانی شیوعیەتی خۆیان ئاشکرا بکەن و بەرپەچی ئەوانـەیان دەداوە، کـە بـە شـیوعی و کۆمۆنیسـت لـە قەڵەمیان دەدان، هەروەها، ستایش و مەدحی بەریتانیایان دەکرد، کە چاوی لە کوردەو ڕۆژنامەو گۆڤار بـەکوردی دەردەکا، ئەم هەڵوێستەش بە ڕای ئێمە لەوەدا بوو، کە پێکهاتەی (کۆمەڵە) پێکهاتەیـەکی تێکـەڵ لـە جۆرەهـا ئایدیۆلۆژیای جیاواز بوو، بەلاّم بە شێوەیەکی گشتی هێڵی فیکریان نیشتمانپەروەرانە بوو.
لە بەیاننامەیەکی (کۆمەڵە)دا هاتووە:

**(هێندێك لە خاوەندانی (مال و مەقام) کەپێش کەوتنی ئێمەو پاش کەوتنی خۆیان لـە ڕێزێکـدا ئەدیت دەستیان کرد بە پڕۆپاغاند کە کۆمەڵی ژ.ك کۆمەڵێکی شـیوعی (بلشـویك)یەو بـەناوی کوردایەتییەوە کارئەکا)[٨٨]. لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێ: (ایمە کمونیست نین)[٨٩].**

سەرنووسەری گۆڤاری (نیشتمان) عەبدولڕەحمانی زەبیحی، کەسـایەتییەکی دیـارو پیـاوێکی ڕۆشـنبیرو خـەبتگێڕ بووەو لە پێناوی هەڵوێستی دلێرانەی خۆیدا شەهیدبوو. هەروەکو چۆن ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەی (ژێ. کـاف) بوو، هەروا لە گۆڤارەکەشدا دیارترین و چـالاکترین نووسـەر بـووە و بـەناوی (ع.بێـژەن)ەوە بەرهەمـەکانی خـۆی بلاّوکردۆتەوە.

---

[٨٦]: هـ.س، ژ٣،٤،ل١٢.
[٨٧]: گ نیشتمان، ژ٣،٤، ٣٤.
[٨٨]: هـ، س، ل٩-١٠.
[٨٩]: هـ.س، ژ٢، ل٩.

## ٢-گۆڤاری هاواری کورد:

گۆڤاری هاواری کورد، یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە لە کاتێکی ناسکدا دەرچووە لە کاتی هێرشی خەڵکی مەهاباد بۆ سەر شارەوانی مەهاباد و چۆڵکردنی دەستەڵاتی حکومەتی ئێران و سەروبەندی یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان داو هەڵوەشاندنەوەی یان گۆڕینی کۆمەڵەی (ژێ. کاف) بە حیزبی دێمۆکرات. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە حیزبی دێمۆکرات لە یادی سەد ساڵەی رۆژنامەوانیی کوردیدا، لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی مانگانەی خۆیدا لە ڕیزکردنی ناوی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی حیزب و کۆماری دێمۆکراتی کوردستاندا هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئەو تاقە ژمارەیەی ئەم گۆڤارە نەکردووە[٩٠].

هەندێ لە سەرچاوەو بیبلۆگرافیاکانی ڕۆژنامەنووسیش دیسانەوە هەندێ زانیاری هەڵەیان نووسیوە، کە من پێم وایە نەیان دیوە، دەنا نەدەکەوتنە ئەم هەڵە زەقانەوە.

جەمال خەزنەدار، دەڵێ:

**(گۆڤارێکی سیاسی مانگانە بووە، لە لایەن کۆماری کوردستان لە مەهاباد، دەرچووە، ژمارەیەکی لەمانگی ڕەزبەری ساڵی ١٩٤٥، بڵاوکراوەتەوە)[٩١].**

جارێ پێش هەموو شتێك بە هیچ شێوەیەك گۆڤارێکی سیاسی نەبووەو لەسەر بەرگەکەیشی نەنووسراوە، بەڵکو زیاتر گۆڤارێکی ئەدەبی بووە.

ڕەخنەی دووەمان ئەوەیە لە لایەن کۆماری دێمۆکراتی کوردستانەوە دەرنەچووە، یان بڵاونەکراوەتەوە، چونکە ڕەزبەری ساڵی (١٣٢٤) دەکەوێتە بەرامبەر ئەیلوول و تشرینی یەکەمی (١٩٤٥)، تا ئەو کاتە کۆماری دێمۆکراتی کوردستان ڕانەگەیێندرابوو، بەڵکو لە (٢٢)ی کانوونی دووەمی (١٩٤٦)دا ڕاگەیێندرا.

ئەم گۆڤارە بە درێژەپێدەری گۆڤاری (نیشتمان)ی کۆمەڵەی (ژێ. کاف) دادەنرێت چونکە دیارە لەو کاتەی، کە کۆمەڵەی (ژێ. کاف) هەڵوەشایەوە، گۆڤارەکەیان، چەندین بابەتی جۆراوجۆری بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە کردبوو و فریانەکەوت. بۆیە پاشماوەکانی ژمارە(٧،٩,٨)، کە هەمووی بەسەر یەکەوە لە یەك بەرگ دا بڵاوکراوەتەوە، لەوێ لە گۆڤاری (هاواری کورد)دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها هەڵەکانی ئەم بەرگەش هەر لەوێدا ڕاست کراوەتەوە. بە بۆچوونی ئێمە، لەوە دەچێ کە بەشێکی زۆری دامەزرێنەرانی (ژێ.کاف) ڕازی نەبووبن، بە بەڵگەی ئەوەی، بێژەن (زەبیحی)، کە پێشتر گۆڤارەکەی بەڕێوە دەبرد (نیشتمان)، وازی لێهێناوەو (سیدمحمدی حمیدی) ئەو ئەرکەی لە ئەستۆ گرتووە. پاش ڕووخانی کۆمار، جارێکی دی (زەبیحی) لە کوردستانی باشوور ژمارەیەکی تازەی گۆڤاری (نیشتمان)، ژمارە(١٠)ی بڵاوکردۆتەوە. د. عیزەدین دەڵێ: **(لەو کاتەدا زەبیحی لە تاران گیرابوو، بە کۆششی پێشەوا ئەفسەری ئێرانی لە بارتەیدا گرتن بەردرا)***

---

[٩٠]: بڕوانە ڕۆژنامەی کوردستان، ح د ك أ، ژ٢٥٧، ئاوریلی ١٩٩٨، ل١٨-٢٢.

[٩١]: جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل ٤٩.

## تەکنیکی ڕۆژنامەوانیی لە گۆڤارەکەدا:

**لەسەر بەرگی پێشەوەی** گۆڤارەکەدا بۆ نـاوی گۆڤارەکـە بـە تـەنیا لـە ناوەڕاسـتی لای سـەرەوەدا (هـاوار) نووسراوەو لەژێر ئەودا وێنەی گوڵێك کێشراوە و لەژێر ئەودا نووسراوە ژمارە (١) لە ژێر ئەویشدا گوڵبژێرێك لە هێڵێکی ئاسۆیی کێشراوە پاشان ناوی مانگی کوردی (ڕەزبەر)ی ١٣٢٤ شمیس) نووسراوە. بەڵام بە هەمان شـێوە لە لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکەدا تەنیا ناوی گۆڤارەکە لـە جیـاتی (هـاوار) ئـەمجارە (هـاواری کـورد) نووسـراوە. کاغەزی گۆڤارەکە کاغەزێکی زەردی ڕۆژنامەیی (٦٠)گم. شێوەی ژمارە دانانی لاپـەڕەکان لـە ناوەڕاسـتی هـەر لاپەڕەیەك و لە لای سەرەوە لەسەر هێڵێکی ڕەشی سەرتاسـەری نووسـراوە، لـە لاپـەڕەی (٢)ەوە تـا (٣٠) و دوا لاپەڕەش کە بۆ دەست نیشانی هەڵەکانی چاپی ناو گۆڤارەکە تـەرخان کـراوە، ژمـارە نەنووسـراوە.ئەم دیاردەیـە پێشتر، واتای دیاردەی دەست نیشانی هەڵەکانی چاپی لە لایەن هەڵەچنەکانەوە بەرچاو ناکەوێ.
تیپەکانی چاپەکە،بە چاپخانەیەکی دەستی چاپکراوەو تیپەکانی بە وردی و بە (١٠) چاپکراون. تەنیا تایتڵـەکانی نەبێ بە (بۆڵد) چاپکراون وخۆشنووسی تیا بەکار نەهاتووەوهەر هەمووی بە تیپەکانی چـاپخانەوبەوردە نـەخش و زەخرەفەی چاپ ئەنجام دراون.

لە ڕووی جوانکاری و نەخشەسازی تا ڕادەیەك لاوازی پێوە دیارەو بە زەوق و چێژێکی هونەری نەخشـەی بـۆ نەکێشراوە. تەنانەت بابەتێك لە کوێی لاپەڕەدا تەواو بووبێ ڕاستەوخۆ دەست بە چاپی بابەتێکی دی کراوەتەوە.
لە کەم و کورتییەکانی گۆڤارەکەدا ئەوەیە بـە هـیچ شـێوەیەك ئامـاژە بـۆ ئادرەسـی گۆڤارەکـە و سەرنووسـەرو دەستەی نووسەران وهونەرکاران و ناوی چاپخانەو ساڵی چاپی (لە ڕووی مانگە کـوردی و فـەرەنگی یەکانـەوە) و پێڕست و دەستەی یان ئەو حیزب و ڕێکخراوەی دەری دەکات و کاتی دەرچوونی (مانگانـەو وەرزانـەو هەفتانـە)، هیچ کام لەو زانیاریانەی تێدا نی یەو هەست بە نەبوونی هۆشمەندی ڕۆژنامەوانییان دەکرێت.

لە پاڵ بابەیت نووسراوی خۆماڵی، بابەتی وەرگێڕانیشـی تیایـە، بـەڵام دیسـانەوە بـێ ئـەوەی ئامـاژە بـە سەرچاوەی سەرەکی بکرێت، کەبابەتەکانیان لێوە وەرکێڕاوە یان بە شێوەیەکی پڕ لە کەم و کورتی، بـۆ نموونـە لـە وتاری یەکەمی گۆڤارەکەدا بەناویشانی (ترس) بە تەنیا وەکو پەراوێزێك ئاماژە بۆ ئەوە کراوە، کـە لـە وتـارێکی (سید جمال الدین افغانی) وەرگیراوە، بەڵام کام وتارو لە کوێ بڵاوکراوەتەوەو لە لاپەڕەی چەند.. هتد، دیار نییە.

هەروەها لە پاڵ بابەتەکاندا کە هەمووی بە زمانی کوردی یەو گۆڤارەکە تایبەتە بەنووسەری کورد، بابەتێك بە زمانی فارسی لە لایەن(م-ح) کە کورت کراوەی ناوی (سید محمدی حمیدی)یەو نازناوی (گرشاسـب)ی بـۆ خـۆی هەڵبژاردووە، دەربارەی زمان ئەدەبیاتی کوردی یە، بڵاکراوەتەوە، ئاراستەکراویشە بۆ نووسەرانی فارسی، چـونکە لە سەرەوەدا بە زمانی فارسی نووسراوە:(نویسەندگان فارسی بخواننـد) واتـا (نووسـەرانی فارسـی بیخوێننـەوە).
کلێشەی گۆڤارەکە(٢٠×١٤) سانتیمترەو درێژی هەر دێرێکی (١٠) سانتیمەترە.

هیچ هەواڵ و ڕیپۆرتاژو لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەوانیی و ئاگادارییـەکی تێـدانی یـە، لـە لاپـەڕە (١٣٩دا، گۆشەی (ئەزانیت؟) وا هاتووە:

**(ئاغای احمد خسرەوی تەئریخ زان و نووسەری بەناوبانگ لە کتێبی "شێخ صفی و تبارش،صفحه ٣٧"دا پاش تەحقیقات و وردبوونەوەیەکی گولانی ئەڵێت: (جەدو ئابای شێخ صفی لە کوردستان لە سەنگار (سنجار) یا لە دەوروبەری وێوە هاتوون) وە "صفوه الصفا" دا فەیروزشای زەڕین کلاو کە یەکێکە لە باوکانی شێخ صفی بە (الکردی السنجاری) باس دەکا. ئـەوا بۆمـان زانـرا کـە پادشاکانی صفویش ڕیشەیان ئەچێتەوە سەر کوردان. وە دەبێ واش بێت، چونکە لە نێو حەیدەری یەکانی عێراقدا کە بنەماڵەیەکی عیلمی کوردستانن وا مەشـهورە کـە تایفـەی ئـەوان دەگـەڵ صفویەکان یەکێکە وە ئێمە لەم بابەتەوە سەنەدێکمان وەگیر نەکەوتووە رجا دەکەین هەرکەس لەم بابەتەوە مەدرەکێکی وەگیر کەوێ کە لە بابەت خزمایەتی صفویەکان و حەیدەریەکانـەوە بـدوێ بۆمان بنێرن)[٩٢].**

ئەم خشتەیە هەندێ زانیاری لە بارەی گۆڤارەکەوە پێشان دەدات:

| ژ | ساڵی دەرچوونی | وێنە | شیعر | وتار | ل | جۆری کاغەز | کلێشە | سەرنووسەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕەزبـــەری١٣٢٤ (١٩٤٥ز) | - | ٩ | ٥ | ٣٠ | ٦٠ گرامـــی زەرد | ٢٠×١٤ سم | ســەید محمــدی حمیدی |

[٩٢]: گ هاواری کورد، ژ١، ١٩٤٥، ل١٣.

## ٣-گۆڤاری کوردستان:

گۆڤاری (کوردستان)، بەر لە دەرچـوونی ئـەزموونی بـە بایـەخی ڕۆژنامـەی ڕۆژی نـاڕۆژێکی (کوردسـتان) دەرچووە. دەرچوونی ئەم گۆڤارە بە ماوەیەکی زۆر کەم بەر لە (ڕۆژنامەی کوردستان) بە لای کۆماری دێمـۆکراتی کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە گرنگییەکی تایبەتی هەبووەو جێژنی تایبەتی بۆ سـازدراوەو پێشـەوا بـۆ خـۆی بەشداری لەو ئاهەنگەدا کردووە.

لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا هاتووە:

**جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆك جمهوری کوردستان لـە چـاپخانەو ئیـدارەی ڕۆژنامـەو (گۆواوی کوردستان).**

**ڕۆژی ١٣٢٤/١١/٥ بە موناسەبەتی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆك جمهوری بەرزی کوردستان لە ساتی ٤ی پاش نیوەڕۆ لـە چـاپخانەو ئیـدارەی ڕۆژنامـەو گـۆواوی کوردسـتان جێـژنێکی موجەللەلە گیرا، لەساتی دیاریدا بانگ کراوەکان کە عیبـارەت بـوون لـە ئـەعزای کۆمیتـەی مەرکەزی و هەیئەتی ڕەئیسەی میللی و کارگەرانی حیزبی دێمۆکرات نوێنەرەکانی قـەبایل و تەوایف و لکەکانی حزبی دێمۆکراتی کوردستان و عولەماو روحانیان و موحتـەرەمینی شـاری مهاباد تەشریفیان حازر بوون و هەکەس لە جێی خۆی دانیشت و جەناب سەرۆك جمهوریش لـە ساتی (٥) لە کاتێکداکە گاردی تایبەتی مەراسیمی ئیحتیرامیان بەجێ دێنا سروودو مۆزیکی میللی کوردستان دەخوێندرایەوەو لێدەدرا تەشریفی وارید بوو وە لەسەر جێگەی تایبەتی خۆی نزولی ئیجلالی فەرموو وەیەك دەورە شەربەت و چای بە مێوانەکان پێشکەش کرا. پاش سەرفی چاپی و شەربەت ئاغای عەلی خوسرەوەی مودیری داخیلـی پاپخانـە جێـژنی ئیفتیتـاح کـردو چونکو چەن کەس لە کارگەران و زەحمەت کێشانی چاپخانەو ڕۆژنامەو گۆوارو توتق و وتاریان بۆ خوێندنەوە ئامادە کردبوو..)[٩٣].**

لە نێو مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، زۆربەی زۆری گۆڤارەکان مانگانە یان ناوبـەناو بـوون، بـە دەگمـەن هەڵدەکەوێ گۆڤارێکی پازدە ڕۆژی (نیومانگی) بەرچاو بکەوێ، بەڵام دیارە هەوڵ و حەزو ئـەڵهای کارمەنـدانی و خۆشەویستی ئەو ئەزموونەی حکومەتی کوردی زۆر خۆیان ماندوو کردبێ بە هەوڵی چاپخانەیەکی سادە لە کاتی خۆیدا، گۆڤارەکە، بەتایبەتی لە سەرەتادا دەربکەن.

جەمال خەزنەدار، لەمیانەی ناساندنی ئەم گۆڤارەدا دنووسێ:

(هەتا کۆتایی مانگی دووەمی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦(١٦) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە)[٩٤].

---

[٩٣]: ڕۆژنامەی کوردستان،ژ١٧، ١٩٤٦/١٢/٢٠، ل١.

[٩٤]: جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژناگەریی کورد، ل٥٠.

(علاء الدين سجادی)یش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (١٨) ژمارەی لێ دەرچووە[٩٥] .

د. کەمال مەزهەر، لەمیانەی زانیاریەکانی لەبارەی ئەو گۆڤارەوە دەنووسێ:

**(چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو.ژمارە یەك ودووی هەریەکەیان٢٠ لاپەڕەیە. ژمارە سێو چواری هەریەکەیان (٣٨)لاپەڕەیە.ژمارە (٦،٧)ی پێکەوە دەرچوون و بەسەریەکەوە (٦٠)لاپەڕەن. (٢١،٥×١٤سم)ە)[٩٦] .**

نەوشیروان مستەفا، وردتر لە بارەی گۆڤارەکەوە دواوە،تەنانەت ناونیشانی بابەتە بڵاوکاروەکانی ژمارەکانی (١،٢،٣)ی نووسیووە، بەڵام ئەویش دڵنیا نەبووەلەوەی کەچەند ژمارەی لێ دەرچووەو زۆر بەخێرایی بەسەریدا تێپەڕیوە[٩٧] .

سەید عەبدوڵڵای سەمەدی، دەنووسێ: (..**سەرجەم (٩)ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە)**[٩٨] .

مصگفی مەعرووفی، لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا، دەڵێ: (..لەسەریەك ١٦ ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە)[٩٩] .

مەحموودی مەلا عیززەت دەڵێ: (.. **تا کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ چەند ژمارەیەکی لێ دەرکراوە. بەڕێوەبەری لێپرساوی ملا قادر مجرسی بوو..)**[١٠٠] .

کتێبی (کرد در دائره المعارف اسلام)یش ئاماژەی بۆ ئەوەی کردووە، کە گۆڤاری کوردستان (١٦) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە[١٠١] .

لە وەڵامی هەموو ئەو نووسراوانەدا، دەمەوێ ئەوە بڵێم وێڕای سوپاسمان بۆ ئەو بەڕێزانە، کە ماندوو بوون بۆ ڕوون کردنەوەی چەمکێکی مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی، بەڵام ڕاست کردنەوەی هەندێ زانیاری بە پێویست دەزانین.

جارێ بەر لە هەموو شتێك ئەو بەڕێزانەی، کە ژمارەکانی ئەو گۆڤارەیان دەست نیشان کردووە، دەبێ بڵێین زانیاری ئێمەو سۆراغ و بەدوادا گەڕان، تەنیا (٩) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، هەروەکو سەید عەبدوڵڵای سەمەدی ئاماژەی بۆ کردووە.

---

[٩٥]: علاء الدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ١، ل ٥٥٧.

[٩٦]: د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی، ل ٢٣٨.

[٩٧]: نەوشیروان مستەفا، حکومەتی کوردستان، ل١٥٤-١٥٦.

[٩٨]: سەید عەبدوڵڵای سەمەدی، گ ڕامان، ژ٤١، ل ٢١٥.

[٩٩]: مصطفی مەعروفی، گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردستانی ئێران، ڕۆژنامەی کوردستان، ح د ك أ، ژ٢٥٧، ل١٩.

[١٠٠]: مەحمود مەلا عیززەت، کۆماری میللی مەهاباد، ب ٢، ل ١٤٠، نووسەر لە چاوپێکەوتنی ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/٣٠ لەماڵی خۆی لە شاری سلێمانی لە بارەی گۆڤاری (کوردستان)ەوە وتی من تەنیا (٤) ژمارەیم لێ دیوە.

[١٠١]: اسماعیل فتاح قاضي، کرد در دائره المعارف اسلام، ص ١٩٠.

ژمـاره (١) و (٢)، ٢٠ لاپـەڕە نـی یـە، هـەروەکو دکتـۆر کـەمال مەزهـەر ئامـاژەی پێـداوە، بـەڵکو (٢٢)لاپەڕەن. هەروەها ژمارە(٦،٧) کەبەسەریەکەوە دەرچووە، (٦٠) لاپەڕە نی یەو (٦٣) لاپەڕەیە.

سەرنووسەری گۆڤارەکە، (سەید محمـدی حمیـدی) بـووە، بەوپێـیە، کـە سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی گۆڤـاری (کوردستان)یش بووە، نەوەکو (قادری مودەریسی) وەکو مەحموودی مەلا عیززەت ئاماژەی پێداوە، بەڵام شـایانی باسە، ناوبراو هەر خۆی پاشتر لە وتارێکی لەمەڕ (کرونۆلۆجی و ڕووداوەکانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستاندا ئەم هەڵەیەی ڕاست کردۆتەوە[١٠٢].

گۆڤاری کوردستان لەیەکەم ژمارەی خۆیدا بەم شێوەیە ئامانجی خۆی بۆ خوێنەرەکانی ڕوون دەکاتەوە:

**(خۆمان گەڵێك خۆشبەخت دەزانین، کە بە یارمەتی خودا یەکەم ژمارەی (کوردستان)تان پێشکەش دەکەین و هیوامان هەیە بە دڵێکی خۆش لێمان وەرگرن و لە حـدودی دەسـتەڵاتی خۆتانـدا بـۆ بڵاوکردنەوەو ژیاندن و پێش خستنی ئەو گۆوارە یارمەتیمان بدەن تا ئەیگەێنینە ڕیـزی گـۆوارە هەرە چاکەکانی گێتی چونکە ئەو هـۆش و لێکدانـەوەو گەرمییـەی کـە ئێمـە خسـتۆتە سـەر دەرهێنانی ئەم گۆوارە لە دڵی ئێوەدا گەرمترو بەتین ترە.**

**کەس لە پڕێ نابێ بە کوڕێ، نە ئێمەش بە گەورەیی و پۆشتەیی و خوێندەواری لە دایك بـووین، هەموو شتێ سەرەتاییێکی هەیەو هەموو شتێ لە سەرەتادا کەم وزۆر ناتەواوی و کـەم و کـورتی تێدا دەبێو کوتوپڕ نابێ لێی زویر بن و فرێی دەنە لاوە، (کوردستان) وەکـو گۆوارەکـانی گـێتی ڕەنگاو ڕەنگ و پڕ وێنەو ڕێکوپێکی نابینن چـونکو کاڵـە لـە قـەد باڵایانـە و دیـاری و شـوان ئاڵەکۆکەو چاکی و خراپی و دواکەوتن و پێشکەوتنی هەموو گۆوارێك بـە پێـی کـەمی و زۆری دڵسۆزی و کەمتەرخەمی خوێنەوارەکانیەتی.**

**کوردستان گۆوارێکی ئەەبی تەئریخی کۆمەڵایەتی (اجتماعی) مانگی کوردییە یەکەمین ئارمانی برژاو ژیانەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردییـە. زینـدوو کردنـەوەی کـورد و کوردسـتانە بـە پێـی شارستانیەتی ئەمڕۆو بۆ ژیانەوەی نێو و ئاساری زانایانی کوردوکوردستانە بە پێی شارستانیەتی ئەمڕۆو بۆ ژیانەوەی نێو ئاساری زانایانی کورد تەقەلا دەدا لەبەر ئەوە تکـا لـە خوێنـدەوارانی خۆشەویست دەکەین هەر کەس بەیت و حیکایەت و سەرگوزەشتی پیاوێکی مەزن و عەشیرەتێکی کوردی، فارسی، عەبەبی، مادامێك هی زانایانی کوردبێ و چـاپ نـەدرابێ بۆمـان بنێـرن کـە بەیارمەتی خودا لە چاپی بدەین کە بەسەرهاتی ڕۆژگار لە نێوی نەبا)**[١٠٣].

ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و شاعیرانی کورد بە وتارو شیعر بەشدارییان کردووە، زۆربەی ئـەو نووسـەرانە هەمان ئەو نووسەرانەن، کە لە ڕۆژنامەی (کوردستان)دا نووسن و بەرهەمیان دەبینـرێ. نووسـەرانی کوردسـتانی

---

[١٠٢]: مەحمود مەلا عیززەت، پێشەوا لەسەردەمی سەرۆك کۆماردا، گ ڕابوون، ژ٢،ل ٦١.

[١٠٣]: گ کوردستان، ژ١، ل١.

باشوریش، که ئەو ڕۆژگارە لە کۆمارو کارەکانیدا بەشداربوون و ڕەگرییان کردووە، یان ئەو نیشتمانپەروەرانەی لەژێر چاوەدێری (بارزانی)دا پێشمەرگە بوون، بەرهەمیان لەو گۆڤارەدا بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: محمد تۆفیق وردو و سەعید ناکام بە (شیعر) و یەحیا چروستانی بە وتارو مەغدید سۆران بە وتارو (قانع) بە شیعر.

دیارترین نووسەرانی گۆڤارەکە بریتی بوون لە:

دڵشادی ڕەسووڵی، سەید محەمەدی حەمیدی، عەلی خوسرەوی، م.عیشقی، هێمن، هەژار، م. نژادی.. بەتایبەتی دڵشادی ڕەسووڵی لە هەر ژمارەیەکدا چەندین وتاری جیاوازی نووسیوە.

### تەکنیکی ڕۆژنامەوانیی لە گۆڤارەکەدا:

کلێشەی بەرگی گۆڤارەکە بەم شێوەیە، سود لە تایپۆگرافیا[١٠٤] چاپی لاینۆتایپ وەرگیراوە. نیوەی سەرەوەی لاپەڕەکە بۆ ناوی گۆڤارەکەو ڕێرەوی گۆڤارەکە ئامانجی گۆزارەکەو وادەی دەرچوونی تەرخان کراوە، هەمووی پێکەوە خراوەتە نێو چوارچێوەیەکی گوڵی ورد ورد، کە لە چاپخانەدا هەبووە و بەشێکە لە کەرەستەکانی چاپی.

ناو گۆڤارەکە (کوردستان) و ڕیزە وردە گوڵێکی ڕەش وەکو هێڵێك بۆ جیاکردنەوە لە ڕووی هونەرییەوە سوودی لێ وەرگیراوە. بە خەتێکی بۆڵد نووسراوە:

**(بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دێمۆکرات کوردستان)، پاشان لە نێواندوو کەوانەدا نووسراوە: (گۆوارێکی ئەدەبی، کۆمەڵایەتی سیاسی کوردییە). لەژێر ئەو دێرەشدا نووسراوە: (هەر پازدە ڕۆژ جارێك بڵاودەکرێتەوە).**

دووهێڵی ڕەشی ئەستوور و هاوتەریب لە ناوەڕاستەکەیدا نووسراوە: ژمارە ( )ساڵی یەکەم( )١٣٢٤ ( ) ١٩٤٥. لەژێر ئەم دوو دێڕەدا پێویستی بابەت و لاپەڕەو نووسەری بابەتەکان بە شێوەیەکی هونەری ڕیزکراوە، لێرەشدا بە پێی گرنگی بابەتەکان نی یە، بەڵکو بە پێی ڕیز بوونی ژمارەی لاپەڕەکانە. پاشان لەوپەڕی خوارەوەی بەرگدا، ناوی (مهاباد چاپخانەی کوردستان) نووسراوە. ئیدی ئەم کلێشەیە لە لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکەدا دووبارە نەبۆتەوە، هەروەکو ئەمڕۆ لە دنیای ڕۆژنامەوانیدا بەرچاو دەکەوێ. یان زانیاری زیاتر دەربارەی سەرنووسەر دەستەی نووسەران و کارمەندانی هونەری و چاپی بەدیار بخات.

---

[١٠٤]: تایپۆگرافیا (ΤΨΠΟΓΡΑΠΗΕ) لە فەرهەنگی رۆژنامەوانیدا بە واتای (حروفچین)، (تیپچنین) یان (تیپچن) دێت، وەکو مەسەلەیەکی چاپی بەو کەسە یان ئەو ئامێرە دەوترێت، کەکاری چاپکردنی لە ئەستۆدایە. هەروەها: (زانست و هونەری ئادگارە چاپییەکانە کاری بە شێوەی مادییەو هەیە لەو شتانەی پێوەندی بە ڕووپێو و ڕێکخستنەوەی هەیە)، بۆ فەرهەنگی رۆژنامەوانییەکە بڕوانە:

کاظم معتمد نژاد، روزنامە نگاری، ص٥٥٩، هەروەها بۆ پێناسینی دووەم بڕوانە:

نەژاد عزیز سورمێ، ڕۆژنامەگەریی کوردی چەند سەرە قەڵەمێك لەبارەی تەکنیك و هونەرەکانی، ل٦٣.

یەکێ لە کەمو کووڕیەکانی گۆڤارەکە ئەوەیە، سەروتاری تایبەتی تێدا نی یـەو بوویێتـە دەسـپێکی بابەتـە ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکانی گەرماو گەرمی ڕۆژ، بەڵکو یەکسەر بابەتێکی مێژوویی (وتارێك) ئینجا درێژ یان کورت، زۆربەی کات درێژ یان پیاهەڵدانی (ستالین)..هتد.

کەم و کورتیەکی دیکەی گۆڤارەکە سوودی لە وێنەی نەخشەی پێویسـت وەرنـەگرتووە، بـە تایبـەتی دەبـێ ئاگامان لەوە بێت، لە هەمان چاپخانەداو بە هەمان تایپۆگرافیـا، وێنـە لـە ڕۆژنامـەی (کوردسـتان) و گۆڤـاری (هەڵاڵە) و گۆڤاری (هاواری نیشتان) و گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد)دا بەکارهاتووە.

یەکێکی دی لە کەم و کورتیەکانی ئەم گۆڤارە سەرجەم گۆڤارەکانی دیکەی سەردەمی کۆمـاری دێمـۆکراتی کوردستان، ئەوەیە یەك نووسەر زیاتر لە دوو سێ بابـەتی لـە هـەمان ژمـارەدا بڵاوکراوەتـەوە. دیـارە بێگومـان هەموو ئەوەدەزانین کوردیزان و کوردی نووسی لەو ڕۆژگارەی کۆمەڵی کوردەواری ناوچەی موکریانێ کەم و دەگمەن بوون، بە ناچاری یەوە هەر ئەوان زۆربەی بابەتەکانی گۆڤارەکەیان نووسیووە.

کەم کورتیەکی دی، ئەوەیە گۆڤارەکە گۆڤارێکی کوردییەو بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دێمـۆکراتی کوردسـتانە، کەچی وتار بە زمانی فارسی بڵاودەکاتەوە.

مەسەلەیەکی  دی هونەریی ئەوەیە، هەر کە بابەتێك تەواو بووە، بۆ نموونە لە ناوەڕاسـتی لاپەڕەکـەدا، هـەر لەوێ و ڕاستەوخۆ بە هێڵێك لـە بابـەتێکی دی جیـا کراوەتـەوە، بـێ ئـەوەی نەخشەسـازی وەکـو مەسـەلەیەکی جوانکاری ڕەچاو بکرێت.

بودجەی سەرەکی گۆڤارەکە، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ حیزب و کۆمار بـووە، بـەڵام بەشێکیشـی کەوتۆتـە سـەر ئابوونەی بەشداربووانەوە، کە لە کۆتایی گۆڤارەکەدا بەم شێوەیە دیاری کراوە:

ئابوونەمان

| | |
|---|---|
|ساڵیانە | ١٨٠ڕیاڵ |
| شەش مانگە | ٩٠ ڕیاڵ |
| دانەی | ٨ڕیاڵ |

لە (**تکای تایبەتی**) دا دەنووسێ:

**(٢-لە خوێندەواری بەرزەکان تەمەننا دەکەین هەرچی زوترە ئابوونەکەمان بۆ بنێرن چونکو گۆواری کوردستان موحتاجی کۆمەکە)**[١٠٥].

[١٠٥]: گ کوردستان، ژ٢، ل ٨.

یەکێ لە گرفتەکانی ئەم گۆڤارەو سەرجەم گۆڤارەکانی ئەو کاتەو تەنانەت دواتریش ئەوەیە، بۆ لێکۆڵەر ڕوون ناکەنەوە، کە چەندت ژمارەی لێ چاپکراوەو چەندێکی سەرف بووەو چۆن و بە چ شێوەیەك دابەشکراوە یان ئەنکێت و لیستی تایبەتی هەبێ وەکو ڕاگیرییەك بۆ هاوکاران بەشداربووانی.

هەواڵ و دەنگ و باسی گەرماو گەرم، جاروبار لە گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوە، بە تایبەتی کێشەیەکی دادگایی و دزی و کوشتن بووبێ لە ناوچەیەکی بچووکی ژێر دەستەڵاتی کۆمار خەڵکەکە زانیویەتی و چاوەڕێی لێ پرسینەوەو بەدوادا چوونی کاربەدەستانی کۆمار بوونە، گۆڤارەکە ڕەخنە دەگرێ و نارەزایی بەرامبەر تیرۆر دەردەبڕێ و شەرعیەت بە یاساو دادگا دەداو سروشتێکی دێمۆکراتی وەرگرتووە، بۆ نموونە ئەم هەواڵە لەژێر ناوی (دەنگ و باس)دا بڵاوکراوەتەوە:

**(ناڕێکترین کردەوەی کەسێك ئەوەیە کە لە وڵاتێکدا جێگایەك بۆ پێکهێنان و ڕێکخستنی داواو کێشە هەبێ و خەڵکی بە خۆشیی خۆیان کاران بکەن کە لە .. تووشی بەڵاو زەرەر بە خەڵك بگەیێنن. هەروەکو بیستوومانە عبداللە بەگ ئاغا یالاوە لەگەڵ حەمزە ئاغای وەتەمیش مورافەعەیەکی مولکیان هەبووە. عبداللە بەگ لەگەڵ دادخوازی دێتە شاری (مهاباد) کە لە حزبی دێمۆکرات شکایەت بکا مستەفای کوڕی حەمزە ئاغای وەتەمیش دەکەوێتە دووی وەدەی کوژێ، جەندەکەیان بۆ پرسین و دادخوازی هێنایە شاری چلۆنیەتی وی لە تەحقیق دایە، نەتیجەی لە ژمارە سێدا دێتە بەر چاو)**[١٠٦].

دەکرێ لێرەوە ئاماژە بەوە بکەین، کە مەسەلەی یاساو چەسپاندنی یاسا لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەزموونی حکومەتی کوردیدا بوو.

قانونەکانی بە زمانی کورتی لەژێر دەستەڵاتی حکومەتی کوردیی خۆیدا لە ڕۆژنامەی کوردی ئەو کاتەدا بڵاوکراوەتەوە[١٠٧].

ڕێپۆرتاژ، وەکو هونەرێکی ڕۆژنامەوانیی لە گۆڤارەکەدا سوودی لێ بینراوەو بە زمانێکی سادەی ڕۆژنامەوانیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەرانیدا دەدوێ، ڕێپۆرتاژەکە لە دەست نیشان کردنی کات و شوێن و هۆو مەبەستی هەواڵەکەدا سەرکەوتووەو هەوڵ دەدا وەڵامی پرسەکانی (چۆن و کەی و لە کوێ و بۆچی) بداتەوە.

لە یەکێ لە ڕێپۆرتاژەکانی گۆڤارەکەدا، بە بۆنەی هەڵکردنی ئاڵای موقەددەسی کوردستان لە نەغەدەدا هاتوە:

---

[١٠٦]: گ کوردستان، ژ٢، ل ٨.

[١٠٧]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٤١، ١٩٤٦/٣/٣٠.

نەوشیروان مستەفا، حکومەتی کوردستان،ل ١٥١-١٥٢.

طارق جامباز، سەرەقەڵەمانەی بوونی یاسا لەنێو گەلی کوردستاندا، گ یاسا پارێزی، ژ١، س١، ١٩٩٦، ل١١٨-١٢٠.

**( به پێی دەستووری هەیئەتی ناوەندی حزبی دێمۆکراتی کوردستان خۆشەویست ئاغای حوسێنی فروهەرو عەلی خوسرەوی ڕۆژی ٢٤/٩/٢٦ مەئموور کران که ئالاّی موقەددەسی کوردستانی لە نەغەدە هەڵکەن..ڕۆژی چوار شەمو سەعات ٩ی بەیانی جێژنە دەست پێ کرا، قوتابیانی کوردو ئەرمەنی و ئاسووری بە سرودخوێندنەوە لە مەحلی جێژنەدا ئامادە بوون. برایانی خۆشەویست ئاغای فروهەرو خوسرەوی ئالاّی موقەددەسیان بۆ بەشی سواران کە لە شەقان ئامادە بوون برد وەختێکی ئالاّکە وەدەرکەوت هەرزان تیر بە ئیفتیخاری ئالاّ هاوێژرا. سوارەکان ئالاّیان وەرگرت و ببۆ کانگای حزبی دێمۆکرات وەتا گەیشتە بینای حزب هەرچەند قەدەم گاو گەردوون دەکرا خەڵکی لێکدا لێکا چەپڵەیان لێ دەداو هورایان دەکێشا، لەو وەختەدا بە جارێك هەزار نەفەر بۆ زیارەتی ئالاّی موقەددەس هێرشیان برد، لە پاش زیارەتی عموم ئالاّی موقەددەس هەڵکراو سەلامی ئالاّ خوێندرایەوە، سەدو یەك نەفەر فیداییان مسلح هەریەك سێ تیریان بەتاڵ کرد..)**[١٠٨].

گۆڤاری (کوردستان)، لە ڕووی قەوارەوە، لە شێوەی کتێبی نیو بەتاڵ چاپکراوە، ڕەنگە یەکێك لە هۆیەکانی ئەوەبێ، بە هۆی ئەزموونی هەندێ لە نووسەرانی، کە پێشتر لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا بەرهەمیان بلاّوکردۆتەوە، ئەو قەوارەیان بە پەسەند زانی بێ.

زمانی کوردی لە گۆڤارەکەدا، بە شێوەزاری موکریانییە، وشەو زاراوەی عەرەبی و فارس کەم و زۆر تێدا بەدی دەکرێ و زۆربەی ئەو وشەو زاراوانەش بە شێوەی ڕێنووسی خۆی (عەرەبی، فارسی) بەکارهاتوون لە ڕووی ڕێنووسەوە نیشانەی (٧) حەوت و پیتە بزوێنەکان کەم بەکارهاتوون، ڕەنگە ئەمەش بە هۆی کەمی تواناو ئیمکانیاتی چاپی ئەو ڕۆژگارە بووبێ.

ئەم خشتەیە هەندێ زانیاری لە بارەی ژمارەکانی گۆڤاری (کوردستان)ەوە ڕوون دەکاتەوە:

---

[١٠٨]: گ کوردستان، ژ٢، ل٢٢.

| ژ | کاتی دەرچوونی | شیعر | وتار | وێنە | لاپەڕە | چاپخانە | سەرنووسەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٦ی دیسامبری١٩٤٥ | ٥ | ٧ | - | ٢٠ | کوردستان- مهاباد | **سید محمد حمیدی** |
| ٢ | ٢١ی دیســــــامبری ١٩٤٥ | ٥ | ٤ | - | ٢٢ | - | **سید محمدی حمیدی** |
| ٣ | مارتی ١٩٤٦ | ٣ | ٥ | - | ٣٨ | - | - |
| ٤ | ١٩٤٦ | ٩ | ٩ | - | ٣٨ | - | - |
| ٥ | ١٩٤٦ | - | - | - | - | - | - |
| ٦و٧ | ١٩٤٦ | ٧ | ١٣ | - | ٦٢ | - | - |
| ٨ | ١٩٤٦ | - | - | - | - | - | - |
| ٩ | ١٩٤٦ | - | - | - | - | - | - |

## ٤-ڕۆژنامەی کوردستان:

یەکێك لە کارە گرنگ و پڕ بایەخەکانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان لە ڕووی ڕۆشنبیری و کلتوورییەوە دەرکردنی ڕۆژنامەی (کوردستان)ە، هەوڵدانێکی سەرکەوتوو بوو، بناغە دانانێك بوو بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردی، کە ئەرکێکی قورس و توانایەکی ماددی و مەعنەوی زۆری گەرەکە. لە دنیای ڕۆژنامەوانیی کوردیدا خاڵی وەرچەرخانێکی تازە بوو و سەلماندنی ئەگەر نووسەرو ڕۆژنامەوانیی کورد پێداویستییەکانی بۆ دەستەبەر بکرێ دەتوانێ داهێنان بکات. لەگەڵ هەموو کەم و کورتییەکانیشدا ڕۆژنامەی (کوردستان)، وەکو زمانحاڵی حکومەت و ئۆرگانی یان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەنگاوێکی مەزن بوو. لەو ڕوانگەیەوە، کە بوونی ڕۆژنامە لەهەر کۆمەڵێکدا مەدەنیەتی ئەو پیشان دەدا، گۆڕینی پەیڕەوو پڕۆگرامی کۆمەڵەی (ژێ. کاف) بۆ حیزبی دێمۆکرات پێویستی بەوە دەکرد، کە تازە بوونەوەیك لە سەرجەم بوارەکانی ژیانی حیزبیدا ڕووبدات، هاتنە کایەی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان کە ئەزموون و ناسنامەیەکی نەتەوەیی کورد بوو، ڕۆژنامەگەرییش لە سیماو ئادگارەکانی ئەو تازەبوونەوەو گۆڕانانەدا بوو. هەروەها گرنگی بەرچاوی ئەم ڕۆژنامەیە لەوەدایە هەرچی دەنگ و باس و ئاگاداری و بانگەوازو کارو کردەوەو وتارو چاوپێکەوتن و لێداوانێکی پێشەوا قازی هەیە لەو ڕۆژنامەیەدا، کە زمانحاڵی حکومەت بووە بڵاوکراوەتەوە، لەبەرئەوە باشترین سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕۆژگاری کۆماری دێمۆکراتی کوردستان، کە بە حەق ئەزموونێکی گەورەو پڕشنگداری خەباتی سیاسییە لە مێژووی هاوچەرخی میللەتەکەمانداو هەوڵێکی گەورە بوو بۆ جۆشدان و بەردەوامبوونی بزاڤی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازی کورد.

گۆڤاری (گەلاوێژ) بە بۆنەی دەرچوونی ڕۆژنامە (کوردستان) نووسیویە:

**(کوردستان ڕۆژنامەیەکی کوردی یە بە شێوەی موکری، بە زمانی کوردی ڕۆژی نە ڕۆژێ لە شاری (مەهاباد) بە سوڕەتێکی ڕەسمی دەرئەچێت، ئێمە بە پۆستە تا ئێستە (٧) ژمارەمان وەرگرتووە. باس و خواسی ئەم ڕۆژنامەیە، چۆنیەیت کردەوەی کوردەکان و هەڵسوڕانیان کۆبوونەوەیان بۆ کردنەوەی چاپخانەی کوردستان، نووسنی باسی زانایانی کورد، وەرگرتنی دەنگن و باسی دەرەوە بە هۆی ڕۆیتەرەوە، ئامانجی قەومی، وتارو کۆبوونەوە بۆ هاندانی خەڵکی بۆ کردنە باوی خوێندنی کوردی وە گەلێ شتی تر.**

**بە ڕاستی ئەم ڕۆژنامەیە یەکەم ڕۆژنامەیەکی کوردی یە، لە هەموو ناتەواوی کوردەواری یەوە قسە بکاو خزمەتی خۆی بە هەموو لایەك بگەیەنێ، ئەنجا بەو بۆنەوە ئێمە پیرۆزبایی لەو برایانە ئەکەین کە ئەم ئەرکەیان گرتۆتە ئەستۆ، هیاوادارین هەر بژین بە ژیانی هەموو لایەك دیسانەوە پێویستە هەموو کوردێك بۆ هاندانی بەرێوەچوونی ئەم ڕۆژنامە خۆشەویستە خۆی لە کردنە ئابوونەو خزمەتکردنی تری بە دوور نەگرێت، ناونیشانی ئەمەیە:**

### مهاباد: (چاپخانەی کوردستان)[١٠٩].

ئەم خستنە ڕووەی گۆڤاری (گەلاوێژ)، پەیوەندی نێوان هەردوو لایان نیشان دەداو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دیارە ڕۆژنامەی (کوردستان)لە میانەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە ژمارەکانی خۆی بۆ ڕەوانە کردوون، یەکێکیان،گۆڤاری (گەلاوێژ) بوو. چونکە هەروەکولە ئاگادارییەکی ڕۆژنامەکەدا دەردەکەوێ، هەندێ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، کە ناوی نەهێناون، بەڵام واپێ دەچێ ڕۆژنامەو گۆڤارە فارسی یەکانی تاران بووبن، ژمارەکانیان وەرنەگرتووە یان وەڵامیان نەداوەتەوە، بۆیە نووسیویەتی:

**(پیام به مطبوعات داخله و خارجه**

**روزنامه کوردستان که برای مگبوعات داخله یا خارجه فرستاده میشود برای مبادله است در صورتیکه مایل به مبادله نباشند روزنامەها را اعاده فرمایند.کوردستان)**[١١٠].

لێکۆڵینەوەی فراوان یان ئەکادیمی لەبارەی گرنگی و پایەی ئەم ڕۆژنامەیە نەنووسراوە، چەند ئاماژەیەکی پەرت و بڵاو لەبارەی ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە لە پەراوێزێ: یا لابەلایی کراوە، هەندێکیان بە (١١٦،١١٤،١١٣،١١٢،١١٠) ژمارەیان لە قەڵەمداوە[١١١].

سەرنووسەری ئەم ڕۆژنامەیە، (سەید محەمەد حەمیدی) بووە، ئەگەرچی بە شێوەیەکی ڕەسمی لە ڕۆژنامەکەدا نەنووسراوە، بەڵام هەروەکو لە ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەکەدا، کە بەبۆنەی جێژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرکۆمار لە ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان و ئیدارەی چاپخانەدا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێ:

**(خیتابی سەید محەمەدی حەمیدی مدیرو سەردەبیری ڕۆژنامەو گۆواری کوردستان)**[١١٢].

ناوی دەستەی نووسەران نەنووسراوە، بەڵام هەر لە ڕێگەی ئەم ڕیپۆرتاژەوە دەردەکەوێ(هاشم خەلیل زادە) لە دەستەی نووسەرانو بە پێی هەندێ پرسیارو سۆراغیش دەزانین، کە (هێمن و زەبیحی و مەلا قادری مودەڕیسی و عەلی خوسرەوەی)یش لە دەستەی نووسەران بوون.

---

[١٠٩]: گ گەلاوێژ، ژ٢، س٧، ١٩٤٦، ل ٢٩. د. عیززەدین دەڵێ: (لە ڕاستیدا بە پۆستە نەبووە. ئەمە بۆ شوێنەونی نووسراوە. بەڵکو لە ڕێگەی بەرپرسی لقی (ژێ. کاف) لە سلێمانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدەوە بووە، کە پاشان چووە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی عێراقەوە)*.

[١١٠]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٢٥، ١٧ی مارسی ١٩٤٦، ل ٢.

[١١١]: سەید عەبدوڵڵای سەمەدی دەڵێ: (١١٠) ژمارە، بڕوانە گ ڕامان، ژ٤١، ل٢١٦.

میرزا محمد امین مەنگوڕی، (١١٢) ژمارە، بەسەرهاتی سیاسی کورد، ب١، چ٢، ل١١٩-١٢٠.

علاءالدین سجادی، (١١٣) ژمارە، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ١، ل٥٥٦.

جەمال خەزنەدار، (١١٣) ژمارە، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل٥٢.

سەعید ناکام، (١١٤) ژمارە، کوردستان، قادر وریا، ل١٠١. هەروەها لە نامەیەکدا بۆ نووسەر.

مەحموود مەلا عیززەت (١١٦) ژمارە، کۆماری میللی مەهاباد، ب٢، ل ١٣٩.

[١١٢]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ١٩، ١٩٤٦/٢/٢٥.

لە ژمارەی یەکەمی خۆیدا، بە مانشێتی (ئامانجی ئێمە)، مەبەستی دەرکردنی ڕۆژنامەکە لە لایەن سەرنووسەرەوە وا ڕوون کراوەتەوە:

**(لەم کاتەدا کە خاکی کوردستان لە هەموو وەختێك زیاتر پێویستی بە فیداکاری کوڕەکانیەتی. لەم ئانەدا کە هەموو نەتەوەکانی گێتی بۆ ڕاگرتن، بۆ وەدەس هێنانی سەربەستی و ئازادی خۆیان وە بۆ وەدەس خستنی وەسائیلی پێش کەوتنی هاونیشتمانەکانیا دە تەقەلادان..**

**ئامانجمان چی یە؟**

**پاش چەنین ساڵ دەربەدەری و سەرکزی و بەندو تێهەڵدانی بێ ژمارەو قوڕ بەسەری و هەژاری.. ئێمە لە زنجیری دیلی ڕزگاریمان بوو و دەستی بەستراومان کراوە، چاوی نوستوومان وەخەبەر هات.. ئێمە کە دڵمان نەدەهات خاوەنی چاپخانەو ئینتیشارات بین.، ئەوا بە یارمەتی خودا نامەی کوردستان داندراو هەوەڵ ژمارەی بڵاوکراوە، ئەم نامەیە کە لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە بڵاودەبێتەوە دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتیحادو برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەی بە زانست و هونەرو لەشساغی داندرابێ‌و بتوانێ دەگەڵ سێلاوی دوبەرەکی و بێدینی و هەموو جۆرە ڕەوشتێك کە بۆ سەربەستی زەرەر بێت بەرەبەرەکانی بکا، هیوامان وایە ئەم قەڵایە کە خەریکین قایمی بکەین.، وەها قایم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێك نەتوانێ بەرەبەرەکانی لەگەڵا بکا)**[١١٣].

بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (کوردستان)، بەدیهاتنی یەکێ لە خەونە دێرینەکانی سەرکۆمارو تەواوی کاربەدەستانی کۆمار بوو، بۆیە دوای بڵاوبوونەوەی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەکە، (حاجی بابا شێخ) سەرەك وەزیرانی کابینەی حکومەت و ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی حیزبی دێمۆکرات لە ناوچە جیاوازەکان و پیاوانی ئایینی و بازرگانان لە جێژنی کردنەوەی ئیدارەی چاپخانەو ڕۆژنامەی کوردستان ئامادە بوون و لەو جێژنەدا، سەرنووسەری ڕۆژنامەکە سەید محەمەدی حەمیدی دوای بەخێرهێنان وتارێکی خوێندۆتەوەو ئامادەبووان بۆ بینینی چاپخانەو چۆنیەتی چاپکردنی ڕۆژنامەکە بانگ کراون، کە تەواوی مەراسیمی ئەم جێژنە لە ڕیپۆرتاژێکدا بڵاوکراوەتەوە(٨٥). ڕۆژنامەی (کوردستان)، بە کوردیکردی زاراوە سەربازییەکان و پوختە کردنی زمانی کوردی لە وشەی عەرەبی و فارسی و بە ئەرکی خۆی زانیوەو لیستی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە بڵاوکردۆتەوە، کە لە لایەن فەرماندەی هێزی مەرکەزی (محەمەد نانەوازادە) ناردراوەو نووسراوە:

(ژمارە/٤٣٦

بەروار/٢٤/١١/١٠

لەسەر ئەمری موبارەکی سەرۆکی موعززەمی جمهوری پێویستە لوغاتی مەربووت بە پێش مەرگەی کە کراوە بە کوردی نوسخەیەکمان دەگەڵ ئەو نووسراوەی نارد کە لە ڕۆژنامەیدا چاپ بکرێت.

---

[١١٣]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ١، ١٩٤٦/١/١١.

نظامنامە: ڕێوشوێن.

حرب: شەڕ.

عوارض زمینی: تووش هاتی هەردی.

عوارض مصنوعی: تووش هاتی خۆڕسك.

تعلیمات: فێرکدن.

انجام: پێك هێنان.

کمیسیۆن: مەکۆ..)[١١٤] .

هەروەها دیسان بۆ ئەوەی زمانی کوردی لە بواری دادگاو یاسادا بەکاربێت و لە بەینی خەڵکیدا بەکاربێت، ڕۆژنامەکە لە بەکوردیکردنی زمانی قانون دەست پێشکەری کردووە، ئەمە نموونەیەکە لە بڕیارێکی هەیئەتی ڕەئیسە:

**(ڕەزامەندی لە بابەت داوای ڕەشید بەگ و سایری وەرەسەی عەبدوڵڵا بەگی کوژراو لە مستەفا ئاغای کوڕی هەمزە ئاغای مەعرووفی لە پاش گفتوگۆو تەسوییبی هەیئەتی ڕەئیسە بەو جۆرە بە ڕەزای تەرەفەین بڕاوە:**

**هەمزە ئاغای نێوبراو دوو هەزار تمەنی نەغدە کە لە (٩) بەش لە (٢٤) بەشە ملکی کە لە مستەفا بەگی کڕیبوو دەگەڵ حەق ئەلسەعی و تفاق و شیاییەکی کە لە یالاوەی خواریێدا بوو دای بە وەرەسەی عەبدوڵڵا بەگی کوژراو و ئەوانیش ڕازی بوون و پازدە بەش لە (٢٤) بەش لەو ملکەی لە مستەفا بەگی کڕیبوو بە موقابیل سەنەدی (٧) هەزارو (٥٠٠)تمەن خۆی دای بە سەعید بەگی قەییومی وەرەسەی مستەفا بەگی و ئەویش قبووڵی کرد، تەرەفێن حەقی تەجدیدی دەعوایان نی یە.٣٠/ی بەرفرانبار/ی ١٣٢٤ دەفتەری هەیئەتی ڕەئیسە)[١١٥] .**

## تەکنیکی ڕۆژنامەوانیی لە ڕۆژنامەکەدا:

کلێشەی ڕۆژنامەکە بەم شێوەیە: لە سەرەوەی لاپەڕەی یەکەمداو لە ناوەڕاستدا ناوی ڕۆژنامەکە (کوردستان) نووسراوەو بە خەتی چاپی و بە بچووکتر لەژێر ئەودا نووسراوە بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و لە سەرەوەی ناوی (کوردستان)یش (بەنێوی خودای بەرزو بێ هاوتا) هاتووە. لە دەستە ڕاست و چەپی سەرەوەی لاپەڕەکەدا دوو چوار گۆشەی چوارچێوەکەی بە وردە گوڵی چاپی نەخش کراوەو لەوەی دەستە ڕاست دا نووسراوە: (کوردستان لە لایەن هەیئەتی تەحریرەوە دەردەچێ)، لەوەی دیکەدا: (ئابوونەمان یەکساڵە ٣٠٠ڕیاڵ، شەش مانگ ١٦٠ڕیاڵ و دانە بە ڕیاڵ)، تا ژمارەی (٦) دانەی بە (١) ڕیاڵە و لە ژمارەی (٧)ەوە

---

[١١٤]: ڕۆژنامەی کوردسان، ژ١٧، ١٩٤٦/٢/٢٠، ژ(١٨) ١٩٤٦/٢/٢٢.

[١١٥]: ڕۆژنامەی کوردسان، ژ١٧، ١٩٤٦/٢/٢٠.

بووه به (٢) ڕیاڵ. له نێوانی دوو هێڵی ئاسایی چاپی ئاسۆیی سەرانسەری ژمـارەو سـاڵ و مێژووەکـەی بـه پێـی ساڵی کوردی و عەرەبی و فەرەنگی نووسراوه بـۆ نموونـە: ژمـارە (١)، سـاڵی یێکـەم، پێـنج شـەممو ٢٠-١٠-١٣٢٤، ١١ ژانۆیه ١٩٤٦.

**هونەری هەواڵ،** که یـەکێ لـه کۆڵەکـه سـەرەکیەکانی ڕۆژنامەیـە، لـه ڕۆژنامـەی (کوردسـتان)دا سەرچـاوەی هەواڵەکان ڕادیۆکانی بیانی و ڕۆژنامەکانی تاران و ئازەربایجانە، ڕۆژنامه کاتێ دەتوانێ بچێته بازنەی پێشبڕکێ و زوو بڵاوکردنەوەی هەواڵ، که خۆی پەیامنێری له شوێنی ڕووداودا هەبێت و کەرەستەکانی گەیاندنی پێویستی لـه بەردەستدا بێ‌و له کاتی خۆیدا سەرنجی خوێنەرانی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ‌و سوودێکی یـان قـازانجێکی گەورەشـی دەبێ به هۆی فرۆشتنی ژمارەکانی به خێرایی. ئەم پێوانەیه بۆ ئەو ڕۆژانەو به توانایەکی سادەوە زەحمـەت بـووە، لەبەر کۆمەڵێ هۆ.، کەمی توانا ماددی، دەگمەنی کادیری ڕۆژنامەوانیی، کـه تـا ئـەمڕۆش چارەسـەر نـەکراوە، نەبوونی پێداویستی یه تەکنیکی یەکانی چاپی وەڕاگەیاندن (ڕێکۆردەرو تەلەفۆن و فـاکس و وێنـەی ڕادیـۆیی..) ئەوەی لێرەدا به لای ئێوەوە گرنگه ئەوەیە، ئەگەر سەرچاوەی هەواڵەکان ڕادیۆکانی دەرەوەیش بووبـێ، چـۆنیەتی هەڵبژاردن و داڕشتنەوەی هەواڵەکانە، به گوێرەی گرنگی و پێویستی و گونجانی ئەو ڕۆژە، که له خزمەتی ڕەوتـی سیاسی سەردەم دا بێ. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەکه خۆیشی دوای ئەوەی لەسەر پێـی خـۆی وەسـتاوە ویسـتویەتی خۆی بەرەو پێشەوەی بەرێ و پەیامنێر له ناوەوەو دەرەوەی کۆماردا دابمەزرێنێ بۆیه نووسیویەتی:

(ئیدارەی ڕۆژنامەو گۆواری کوردستان له هەموو نوقاتی کوردستان و هەندەران نوێنـەرو وەڵام دەر (خبرنگار)ی پێدەوێ، کەسانێ ئامادەن ئەم کارانه بەجێ بێنن به ناردنی وێنـەو نێـوو نێوبـانگ و جێگای دانیشتنیان خۆ به ئیدارەی ڕۆژنامه بناسێنن)[١١٦].

له هەواڵێکدا، که له ڕادیۆی (بێروت)ەوه وەرگیراوە، سەبارەت به دامەزراندنی کۆماری دێمـۆکراتی کوردسـتان، که ئەو ڕۆژانه زۆربەی ڕادیۆکانی جیهان گرنگییان پێداوەو بڵاویان کردۆتەوە، بەم شێوەیه نووسراوە:

{دەنگوباسی هەندەران}

ڕادیۆی بێروت ٢٤/١٢/٢٦

له خەبەرێکی که له قاهیرەوه وەرگیراوە.

دەوڵەتێکی جمهووری کوردستان سەربەست له ئازەربایجان دامەزراوە و ئامانجی ئـازادکردنی کوردسـتانی تورکیـەو ناوچەی سەرەوەی عێراقەو گفتوگۆی نوری سەعید بەینی عێراق و تورکیه لەبەر ئـەو مەسـەلەیه وەرامـی ڕەسمـی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر به شۆڕشـەکانی کـورد ئەوەیـە کـه شۆڕشـی عەشـایریە، بـەڵام ده حەقیقـەت دا ئـەم شۆڕشەمان شۆرشی میللی بووەو ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییه بۆ کەڵك وەرگرتن له نەوت و کانگاکانی خۆی.

بزوتنەوەی مستەفا کەمال بەرامبەر به کورد هەموو بۆ دامرکاندنی و بزووتنەوەی کورد بووە.

---

[١١٦]: ڕۆژنامەی کوردسان، ژ ٢٤، ١٩٤٦/٣/١٣.

ئەو خەبەرەی کە لە قاهیرە وەرگیراوە دەڵێ:

**دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بە یارمەتی دەوڵەتی شورەوی بۆ ئەوەی کەڵك لە نەوت و کانگاکانی وەرگرێ و تا ئێستاش سەنەدێکی ڕەسمی لە بابەت ئەم جمهووریەتەوەلە لایەن دەوڵەتی شورەوی یەوە چەنگ نەکەوتووو بەڕاستی منگور لەو نهچەتەدا دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکێتی سەربەخۆی کوردی ئێران و عێراق و تورکیەیە کە لەژێر پێشەوایەتی جمهووریەتێکی ئازاد دا بژی)**[۱۱۷].

**زمانی هەواڵ،** بێجگە لە وەڵامی پرسەکان، زمانێکی سادەی دیپلۆماسیانەیەو نازانین چەندی هی ڕادیۆیەو چەندی زیاد کراوی ڕۆژنامەیە، بەڵام بە هەر حاڵ کە هەواڵەکە جەخت لەسەر کوردستانی گەورە دەکاتەوە، ڕۆژنامەکە بە هیچ شێوەیەك ئەو مەسەلەیە ڕەت ناکاتەوە. یەکێ لە کەم و کورتیەکانی ڕۆژنامەکە لە ڕووی بڵاوکردنەوەی (هەواڵ) لەوەدایە، کە نەکەوتونەتە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکە. ئەمە نەریتێکی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕۆژنامەوانییە، کە دەکەوێتە لاپەڕەی یەکەمەوەو بە مانشێت و تایتڵی سەرنج ڕاکێش خوێنەرو بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەمە نەریتێکی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانە چ پەیوەندی بە کوردستانەوە بێ و چ بە شەڕوو شۆڕی دووەمین جەنگی جیهانی و بارودۆخی دەرەوەو ناوەخۆی وڵاتان بێ لە لاپەڕەکانی (٣) و (٤)دا بڵاوکراونەتەوە، واتا لە دوادوایی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا، چونکە هەر خۆی چوار لاپەڕەی نیو بەتاڵی ڕۆژنامە نووسییە. ئەو ڕادیۆیانەی کە زۆربەی کات هەواڵەکانیان لێ وەرگرتوون، کە لەوە دەچێ ڕۆژنامەکە (انصات)ی بە کەسێکی چەند کەسێکی ڕۆژنامەنووس بەخشی بێ بریتین لە: (ڕادیۆی لەندەن، قاهیرە، بێروت، دەهلی، مۆسکۆ، تاران، ئەنقەرە)، بێجگە لە ڕۆژنامەکانی فارسی زمانی تاران، وەکو: (ایران ما، رهبر، پیام، نو، دوست ایران،ئێرزو) و ڕۆژنامەی (وگن یولندا) و (ئێزربایجان)ی تورکی حکومەتی ئازەربایجانی هاوپەیمانی کۆمار دێمۆکراتی کوردستان.

ئاگاداری و بانگەواز و تکا، لایەنێکی تری ڕۆژنامەوانیی نێو ڕۆژنامەی (کوردستان)ە، کە بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش خۆ دەنوێنێ. چەند جۆرێك لە ئاگاداری بڵاوکراونەتەوە. ئاگاداری سەربازی، ئاگاداری دارایی، ئاگاداری گشتی، ئاگاداری ڕەسمی، ئاگاداری تایبەتی..

**ئاگاداری سەربازی:** ئەو ئاگادارییانەن، کەلەلایەن فەرماندەیی هێزی دێمۆکراتی کوردستان- محمەد نانەازادە) بە هێزی پێشمەرگەو خەڵکی ڕاگەیێندارون، وەکو قەدەغەکردنی چەك هەڵگرتن لەنێو بازاڕەوە مەسەلەکانی دی.

**ئاگاداری دارایی،** ئەو ئاگادارییانەن، کە پەوەندی بە (مالیە)وە هەیە، بۆ بازرگان و کاسبکارو خەڵکی پەیوەندار دەچوون وەکو دانی پارەی کارەباو پۆست و تەلەگراف و..

**ئاگاداری گشتی،** ئەو ئاگادارییانەن، بۆ تەواوی خەڵکی ژێر دەستەڵاتی کۆمارەو بەرژەوەندی گشتی تێدایە، وەکو دەست نیشان کردنی نرخی گۆشت و قەدەغەکردنی ڕەدووکەوتن و دانانی ڕێ و شوێن بۆ پرسەی مردوو..

---

[۱۱۷]: ڕۆژنامەی کوردسان، ژ٢٥، ١٩٤٦/٣/١٧.

**ئاگاداری ڕەسمی،** ئەو ئاگادارییانەن، کە لە لایەن نووسینگەی پێشەواو سەرکۆمارەوە دەرچوون بۆ ئەوەی لایەنی بەرپرس جێبەجێی بکەن و پەیڕەوی بکەن، هەروەکو، بە زۆر ناردنی منداڵان بۆ بەر خوێندن و گۆڕینی ناوی خوێندنگەو تابلۆی دوکان و بازاڕو ڕۆژو ناونیشانی دیداری سەرکۆمارو..

**ئاگاداری تایبەتی،** ئەوانەن، کە بۆ کەسانی تایبەتی بۆ کێشەیەك یان مەسەلەیەکی شەخسی بە پارە بڵاوکراونەتەوە.

لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکەدا بە تایتڵی (مزی ئاگاداری)، نرخی بڵاوکردنەوی ئاگاداری وا دیاریکراوە:

١-لاپەڕەی ١ دێری ٣ ڕاڵ.

٢- لاپەڕەی ٢ دێری ٢،٥ ڕیاڵ.

٣- لاپەڕەی٣ دێری ١،٥

٤- لاپەڕەی ٤ دێری ١ ڕیاڵ.

٥-کاغەزو پاکەتی سەدی ٢٠ ڕیاڵ.

**ئاگاداری،** ڕێگەیەکی باش بووە بۆ دەستەبەر کردنی پارەی چاپی ڕۆژنامەی (کوردستان)، لە پاڵ ئەوەشدا بە بەردەوامی بە شێوەی ئاگاداری و تکا لە لقەکانی حیزب لە شارەکان و وەزارەت و هاووڵاتیان کراوە بۆ ئەوەی ئابوونەیان دوانەخەن لە پێناو بەردەوام بوونی ڕۆژنامەکەدا. بە نموونە ئاگادارییەك وەردەگرین بۆ مەبەستی ئاشنا بوون بە شێوەی داڕشتنی و زمانەکەی:

**ئاگاداری**

**بە تەواوی ئەهالی ڕادەگەیەندرێت کە هەڵگرتنی ئەسلیحە لە نێو شاری دا غەیری ئەشخاسی مەجاز بە کوللی قەدەغەیە هەر کەسێك لەنێو شاری دا تیر خاڵی بکا سەخت تەعقیب و موجازات دەکرێ.**

**فەرماندەی هێزی دێمۆکراتی-کوردستان- محەمەد نانەوازادە[١١٨].**

ڕۆژنامەکە هەندێ وردەکاری ڕۆژنامەوانیی گرنگی لەبەرچاو گرتووە، لەوانە ساتی دیدەنی هاوڵاتیان لە (٣-٥) پاش نیوەڕۆ دیاری کردووە، هەروەها نووسیویەتی: (ئیداری ڕۆژنامەلە چاك کردن و ڕەدو قبوڵی وتاردا سەربەستە)[١١٩].

هەروەها هەندێ نەریتی ڕۆژنامەوانیی هەن، لە بارەی ئامۆژگاری بۆ نووسەران و چۆنیەتی ناردنی وتار بۆ ڕۆژنامەکە نووسیویەتی:

**(١-هەوڵ بدە لە نووسراوی خۆتاندا کەلیماتی کوردی پەتی بەکاربێنن.**

**٢-ئیدارەی ڕۆژنامە لە ڕێکوپێك کردن و چاپی نووسراو ئازادە.**

---

[١١٨]: ڕۆژنامەی کوردسان،ژ٢، ١٩٤٦/١/١٣.

[١١٩]: ڕۆژنامەی کوردسان، ژ٢٥، ١٩٤٦/٣/١٧.

**- بە خەتێکی خوانا لە لایەکی کاغەزەکە بینووسن)[120].**

مەسەلەیەکی دی، کە بە لای ئێمەوە دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێش و هۆشمەندانەی ڕۆژنامەوانیی یە، ئەویش ئەوەیە، کە ڕۆژنامەی (کوردستان) هەوڵیداوە ڕاگیرییەك بۆ ئاست و کلێشەی کاروباری هونەری و لایەنەکانی تری ڕۆژنامەکە بەپێی ڕای خوێنەرانی بکات، ئەمەش هەنگاوێکی دیمۆکراسیانەی گرنگەو نیشانەی ئەوەیە، کە زۆر خوێنەری خۆی بە گرنگ لەبەرچاو گرتووە، لەو ڕاگیرییەدا هاتووە:

(- ڕۆژانامەی کوردستانت چۆن دەوێت؟

- چە باسێکت پێ خۆشە؟

- چە ناتەواویەکی تیا دەبینیت؟

- چۆنی بە باش دەزانی بۆمان بنووسە)[121].

**ڕیپۆرتاژ،** هونەرێکی ڕۆژنامەوانییە لە ڕۆژنامەکەدا، گرنگی پێدراوە، تەنانەت هەندێ لە شارەزایان بەڕۆحی ڕۆژنامەی دەزانن. یەکێ لە کەم و کورتیەکانی ڕیپۆرتاژەکانی ئەوەیە بە زمانێکی ئەدەبی پەخشان ئامێز ڕازاوەتەوە، کە پڕیەتی لە وشەی ڕازاوەو ئەندێشە و خەیاڵاوی ئەوتۆ نزیك لە زمانی شیعر، هۆیەکەشی ئەوەیە، چونکە ئەوانەی لە ڕۆژنامەکەدا کاریان کردووەو نووسیویانە وەکو شاعیرێك یان ئەدیبێك ناسراون لەوەی شارەزای ڕۆژنامەوانیی بن و لە ئەرك و پەیامی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا بەردەوامە و شاعیرو ئەدیبەکان ڕۆژنامەکان بەڕێوەدەبەن و لە ناچاریدا هەر خۆیان زۆر جار وتارو ڕیپۆرتاژ و هەواڵ و تۆژینەوەی ڕۆژنامەوانیی هەمەچەشن لە بوارە جیاجیاکانی ئەدەبی وسیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.. هتد دەنووسن.

نەورۆزی ساڵی (١٩٤٦)، نەورۆزی ئازادی بوو، لەژێر سایەی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان لە مەهاباد دا، خەڵکی بە دوور لە سیاسەتی چەوساندنەوەو تۆقاندنی حەمە ڕەزا شاو، بە ئازادی یەوە جێژنی نەورۆزیان پیرۆز کرد. ڕۆژنامەی (کوردستان) لەم ڕووەوە ڕیپۆرتاژێکی لە بارەی (**جێژنی نەورۆز لە مەهاباد**) بلاوکردۆتەوە:

**(ڕۆژی ٥ شەممو هەوەڵی ساڵی ١٣٢٥ کاتێك کە هەتاو لەپشت کێوە جوانەکانی کوردستان گەردنی بەرز کردو بە تیشکی تینداری خۆی مزگێنی بەهاری تەڕو تازەو ڕۆیشتنی سەرماو سۆڵی زستانی بە ئافەریدەکانی خوای بێ هاوتا دەدا، مهابادیش لەگەڵ میوانە ئازیزەکانی (بارزانی) و دانیشتوانی خۆی هەر لە وردو درشت کیژو لاو بەدڵێکی هێزدارو ڕوییکی گەشەوە بۆ نیشاندانی بەروبۆی بەهاری کوردان کە چەندێك لەمەو بەر باغەوانێکی بە ڕاوو ژیر ڕەنێوی هێناوە!..**

**ساتی ٨س بەیانی ڕۆژی نێوبراوی سەرەوە کاتێك کە دوو شەقامی قازی و وەفایی لەبەر کۆمەڵ ڕەش دەچووەوە، پێشمەرگەکانی شاریش بە تێکەڵ بوونی پیاو ژن و کیژو لاو بە ڕەنگی سوورو**

---

[120]: ڕۆژنامەی کوردسان، ژ٨، ١٩٤٦/١/٢٨.

[121]: ڕۆژنامەی کوردسان، ژ٢٧، ١٩٤٦/٣/٢٥.

**سپی و سەوز دەدرەوشانەوە. لە ناکاو ئاوازی فریشتەکانی ئازادی و ڕۆڵە خوێن گەرمەکانی ڕەشیدی کوردی لەناو کۆمەڵ و دەشت و چیای شاری وای دەنگ دەداوە..**

**لەم کاتەدا کە قوتابی و سەربازەکان و خەڵکی شادی مەستی تەبیعی ئازادی و جێژنی نەورۆز و هاتنی فەسڵی بەهار بوون فەرمانی خەبەردارو دەنگی سەلامی ڕەسمی مۆزیك کە تەشریف هێنانی سەرداری موحبوب و پێشەوای مەزنی اعلام دەکرد وە خەبە هاتن.**

**زاتی موقەددەسی پیشەوا مەزنی اعلام دەکرد و خەبەر هاتن.**

**زاتی موقەددەسی پێشەوا لە پاش گرێدانی گوزارشت کە بە وەسیلەی فەرمانەدەی هێز درا داخلی ناو کۆمەڵی مەدرەسەکان بوو:**

**هەوەڵ بە کچەکان و کوڕەکانی فەرموو شادبن کچەکانم کوڕەکانم (خەڵك بە گوێ لێ بوونی ئەو دوو وتەیە لەبەر شادی فرمێسکیان دەڕژاند)[١٢٢].**

مەسەلەیەکی دیکەی ڕۆژنامەوانیی، **سکاڵای هاوڵاتیان** و ئیبراز کردنی کێشەو گیروگرفتی خەڵکەو داوای چارەسەری لە دەزگاکانی حکومەتە. ڕۆژنامەکە، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکرات و زمانحاڵی حکومەت بووە، واتا ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مافی ڕەخنەگرتن لە دەزگاکانی حکومەت بە هەنگاوێکی گرنگی دێمۆکراسی و زمانی هاوبەشی نێوان خەڵك یان جەماوەر و حکومەت دەزانێت و دەیەوێ لاپەڕەکانی ڕۆژنامە سەکۆیەکی ئازاد بێ بۆ دەنگن هەڵبڕین لە ئاست ناهەزارییەکاندا. بە ناونیشانی **(شکایەت)**یان **(رجای پێ ڕاگەیشتن)**، سکاڵاکان بڵاوکراونەتەوە. لە یەکێ لەو سکاڵایانەدا وا هاتووە:

**(ئاغای سەعید چەلەبی نامەیەکی لە کۆمیتەی حیزب دێمۆکرات نووسیوەو ڕوونیووسی بۆ ئیدارەی ڕۆژنامە ناردووە کە لە ڕەسووڵی میرکەر شکایەتی هەیە رجا دەکەین هەیئەتی میللی زۆر زوو پێ ڕابگاو ڕەزامەندی شاکی بەجێ بێنن)** [١٢٣].

هەر لە پێوەندی و هاوکار جەماوەر دەگەڵ ڕۆژنامەکەدا، ژمارەیەکی زۆر نامەی هاووڵاتیان و سەرۆك عەشیرەت و بەڕێوەبەری دەزگاکانی حکومەت بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوکراونەتەوە، کە تیایدا، گوزارشت لە هەست و سۆزی خۆیان دەکەن و بە ناویشانی (پێ پیرۆزەی کوردستان) بڵاکراونەتەوە. لەیەکێ لەو پێ پیرۆزانەدا وا هاتووە:

**(بە دیتنی ئەوەڵ ژمارەی کوردستان چاوم پشکوت هەروەکو لە منداڵیدا کوێر بم و لەو چاخەدا خودا کەرەم بکا چاوی خۆم بکرێتەوە ڕۆژی ڕووناك (ڕۆژنامەی کوردستانم) بە چاوی خۆم دی، چاوم هەڵهێنا ڕووم کردە ئاسمان شوکری خودام بەجێ هێنا..)[١٢٤].**

---

[١٢٢]: ڕۆژنامەی کوردسان، ژ٢٧، ١٩٤٦/٣/٢٥.

[١٢٣]: ڕۆژنامەی کوردسان، ژ٥، ١٩٤٦/١/٢٠.

[١٢٤]: ڕۆژنامەی کوردسان، ژ٥، ١٩٤٦/١/٢٠.

هەڵوەستەیەك لەسەر مەسەلەی (**مانشێت**) دەكەین. لە دنیای ڕۆژنامەوانیدا، مانشێت یەكەم شتە ،كە چاوی بینەری لەسەر دەنیشێتەوە، كەوابێ مانشێت دەفرۆشرێ، مانشێتی سەرنجڕاكێش و وروژێنەر خوێنەر دەخاتە پرسیارو تاقیب و سۆراغ كردن. مانشێت هەرچەندە كورت بێ باشە نەوەكو هەرخۆی دەربڕی گەیاندنی هەواڵەكە بێ و ناوەڕۆكی هەواڵەكە هەمووی ڕوون بكاتەوە. مانشێت لە ڕۆژنامەی (كوردستان)دا سەرنج ڕاكێش نییەو زۆر گرنگی پێنەرداوە یان هۆشیاری ڕۆژنامەوانیی بە گوێرەی پێویست نەبووە. هەندێ لەو مانشێتە تەقلیدی یە كەم بایەخانە دەخەمە بەرچاوان:

- فداكاری سەرچاوەی پێشكەوتن، ژ٤.
- ئێمە دەڵێین چی، ژ٦.
- دەستەچیلەی كوردی پاك، ژ٧.
- سیف القضات، ژ٨.
- مەزنی چاك، ژ٩.
- جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی كوردستان، ژ١٠.
- لە ڕۆژنامەی ئازربایجان، ژ١٧.
- خوێندەوار بە نەخوێندەوار تێگەیێنێ، ژ١٩.
- جێژنی نەورۆز لە مهاباد، ژ٢٧.
- ئەی دنیا بزانە كورد سەربەخۆیی دەوێ، ژ٢٩

لەكاتێكدا ئەو هەموو گۆڕانكارییە سیاسی و سەردانانەی پێشەوا بۆ ئازربایجان و تاران و كۆبوونەوە لەگەڵ سەركردە سەربازی و سیاسییەكان هەمووی دەتوانرا مانشێتی قسەكانی ئەوان یان گۆڕانە كتوپڕەكان ببنە مانشێتی سەرنج ڕاكێش. هەواڵی ڕووخانی كابینەی حكومەت لە تاران، لە پەراوێزێكدا بڵاوكراوەتەوە، لە چاوپێكەوتنی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەو گۆڤارەكانی تاران دا زۆر گوتەی گرنگی ئەو ڕۆژە سەرنج ڕادەكێشێ، كە نەتوانراوە دەربخرێن.

لەكۆتاییدا، ناوی نهێنی هەندێ لەو سەرنووسەرانەی كە لە ڕۆژنامەوانیی ئەو سەردەمەدا نووسینیان بڵاوكردۆتەوە، ئاشكرا دەكەین، كە زۆربەیان بە پرسیارو سۆراغ دۆزیومانەتەوەو هەندێكیشی (سەید محمد صمدی) ئاشكرای كردووون:

**أ.أ.ڕژدی: ئەحمەدی ئیلاهی. (ئەندامی ژ.ك).**

**برای ڕاست: عبدالرحمنی ئێڵخانی زادە (ئەندامی ژ.ك).**

**ح.قزڵجی: حەسەنی قزڵجی. (سەرنووسەری گۆڤاری هەڵاڵە).**

**خاڵە مامە: حاجی سەید حەمەدەمینی بەرزنجی (خاڵەمین). (شاعیر).**

**خ.م. شاباز: محمد خلیل موفقی. ءئەندامی ژ.ك).**

س.م. حەمیدی: سید محمدی حەمیدی. (سەرنووسەری ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان).

ع.بێژەن: عەبدولڕەحمانی زەبیحی (سەرنووسەری گۆڤاری نیشتمان).

ع.خسرەوی: عەلی خوسرەوی. (نووسەری ڕۆژنامەو گۆڤاری کورستان).

ع. زادە: عەبدولڕەحمانی ئیمامی(ئەندامی ژ.ك).

ع. ساسان: وەهابی بلوریان (ئەندامی ژ.ك و نووسەری گۆڤاری نیشتمان).

ع.سیامك: عەبدولقادری دەباغی (ئەندامی ژ.ك).

ع.مولوی: عەزیزی مەولەوی (لە نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان).

ع.هەژار: عەبدولڕەحمانی شەرفکەندی (شاعیر).

ق.م.: مەلا قادری مودەڕیسی. (ئەندامی ژ.ك و سەرنووسەری گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد).

ق.م. ڕەوادی: مەلا قادری مودەڕیسی.

کاوە: حسێنی فروهەر (سەرۆکی کۆمەڵەی ژ.ك).

گرشاسب: سید محمدی حەمیدی.

م.آریا: مەنافی کەریمی (وەزیری فەرهەنگ).

م.ا.حریق: محمدی ئەسحابی. (ئەندامی ژ.ك).

م. بەیان: محەمەدی خاتەمی.

م.ح: سید محەمەدی حەمیدی (سەرنووسەری ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان).

م.ح.لاو: سەدیقی حەیدەری (وەزیری ڕاگەیاندن).

م.س.توس: محەمەدی شاپەسەندی (نووسەرو وەرگێڕی گۆڤاری نیشتمان).

م.ش.آذر: محەمەدی شاپەسەندی (نووسەرو وەرگێڕی گۆڤاری نشتمان).

م.ش.هێمن: محەمەدەمینی شێخ الاسلامی موکری (شاعیر).

م.ص.قزلّجی: محەمەد سادقی قزلّجی. (نووسەری گۆڤاری هەڵاڵە و گڕوگاڵی منداڵای کورد).

م.نادری: دلّشادی ڕەسووڵی. (نووسەری ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردستان).

## ٥-گۆڤاری هەلاڵە:

دوای ئەوەی چاپخانە لە سۆڤیەتەوە گەیشتە مەهاباد، ئیتر چاپخانە دەستییەکەیان لە مەهابادەوە گواستەوە بۆکان و لقی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەو شارەدا بەیارمەتی چەند ڕۆشنبیرێك و ئەندامێکی حیزب لەوێ کەوتنە بیرۆکەی ئەوەی، کە گۆڤارێکی ئەدەبی بەو چاپخانە دەستییە چاپ بکەن. لەسەرووی هەمووواندا ئەم ئەرکە کەوتە ئەستۆی ئەدیب و ڕووناکبیر (حەسەنی قزڵجی) و گۆڤارەکە بەناوی (هەلاڵە)ەوە ناوزەد کرا. حەسەنی قزڵجی، کوردێکی دڵسۆزو چیرۆکنووسێکی سەرکەوتو بوو، بە زمان و بابەتی سادەوە لە ناوجەرگەی ژیانی لادێی کوردەوارییەوە بابەتەکانی هەڵهێنجاوە، لەسەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستاندا دەستی بەکاری ڕۆژنامەوانیی کردووە و پاش ڕووخانی کۆمار ڕووی لە باشووری کوردستان کردووەو ماوەیەك لە بەغدا ماوەتەوەو پاشان ڕووی لە وڵاتی بۆلگاریا کردووەو دوای ڕووخانی شای ئێران گەڕاوەتەوەو لە زیندان لە ساڵی ١٩٨٥دا شەهید بووە[١٢٥].

بەرلەوەی گۆڤارەکە یەکەم ژمارەی لێ چاپ و بڵاوبکرێتەوە، لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستاندا بەم شێوەیە، وەکو ئاگادارییەك نووسراوە:

**مزگێنییێکی خۆش**

**(خوێندەوارانی خۆشەویست پێویست نی یە پێوبلێم کە سەرچاوەی پێشکەوتنی هەر میللەتێك بەستە بە تەوەسوعەوە عیلمەو فەرهەنگ و بڵاوکردنەوەی بیری چاك بە وەسیلەی ڕۆژنامەو مجەلەیە:**

**ئەگەر ئێوەش تاڵبی پێشکەوتن و ژیانێکی زیندوو سەربەرزن پێویستە لە ڕۆژنامە و مجەلەکانی بیری کوردستان بە دڵێکی گەرمەوە پێشوازی بکەن.**

**ئەوا لە پاش چەند ڕۆژێکی تر لە لایەن لکی دێمۆکراتی بۆکان مجەلەیەك بە نێوی (هەلاڵە) کە لە چاکترین مجەلەکانی دونیای ئەوڕۆو بۆ ئێمەیە چاپ و دەردەکەوێ. هومێدم وایە کە هەموو کەس بۆ کڕینی قەبزی ئابوونمانی پێش بڵاوکردنەوە کە شەش تمەنە لە پاش بڵاوکردنەوە هەرزانترە پێش دەستی بکات وە ئیللا پەشیمانی دوایە قازانجێکی نییە.**

**هاشم –خلیل زادە**[١٢٦].

---

[١٢٥]: بۆ ژیانی شەهید حەسەنی قزڵجی بڕوانە:
ڕۆژنامەی کوردستان، ح د ك أ، ژ٢٥٧، ١٩٩٨، ل١٠.

[١٢٦]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٦، ١٩٤٦، ل٤.

د. کەمال مەزهەر نووسیوویەتی:

**(هەڵاڵە**

**بۆکان**

**ژمارە یەکی: ڕەشەمێی ١٣٢٤، سەرەتای مارتی ١٩٤٦ ژمارەیەکی ٣٠ لایەڕەیە. لەسەر دوا لاپەڕەی و لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا دیستان ناوی گۆڤارەکە چاپ کراوەو لە لای سەرەوەی نووسراوە:**

**بابەرێ بۆنی "هەڵاڵە" و بەیبوون**

**ئابڕووی عەتری گـــوڵی کاشانی**

**چەند ژمارەیەکی کەمی لێ دەرچوو (٢٣×١٥سم)ە[١٢٧].**

ئەم ناساندنەی دکتۆر کەمال مەزهەر ناتەواوەو من وای بۆ دەچم تا ئەو کاتە ژمارەکانی گۆڤارەکەی نەدی بووبێ. چونکە نەینووسیووە چەند ژمارەی لێ چاپکراوە.

ئەو ژمارەی باسیشی دەکات ئاماژەی بۆ هیچ بابەتێکی نێو گۆڤارەکە نەکردووە، تەنیا ئاماژەی بۆ بەرگی دواوەی گۆڤارەکە کردووەو ئەویش بە پیتی کوردیی لاتینی نووسراوە **HELALC** لەناو نەخشێکداو پاشان لەسەرەوە ئەم دێرە نووسراوە کە ئاماژەی پێ کردووە، بەڵام باسی ئەوەشی نەکردووە هەر لەژێر نەخشەکەدا بە هەردوو زمانی فارسی و ئازەری چی نووسراوەو لە سەرەوەی نەخشەکەشدا بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە:

ان النهظة الحزبية العامة اجلى برهان و اسطع دليل لدى قاضي العدل البشري على جدارة الشعب الكردي لحياته الحرة في وطنه (كردستان).

جەمال خەزنەدار نووسیویەتی:

**(هەڵاڵە، گۆڤارێکی سیاسی ئەدەبی بووە، لە شاری بۆکان لە لایەن لاوانی دێمۆکراتی کوردستان بڵاودەکرایەوە، ژمارەیەکی لە ٢١ی مارتی ١٩٤٦ دەرچووە، لەژێر چاودێری مامۆستا حەسەن قزڵجی بووە)[١٢٨].**

ئەم وشەی (لاوان)ەی لە کوێ هێناوە، بە هیچ شێوەیەك لەسەر بەرگی گۆڤارەکە ناوی (لاوانی دێمۆکراتی کوردستان) نەهاتووە، بەڵکو تەنیا کۆمیتەی محلی حزبی دێمۆکراتی کوردستان لکی بۆکان) هاتووە. یەکێتی جەوانانی دێمۆکرات گۆڤاری تایبەتی خۆیان هەبووە، کە گۆڤاری (هاواری نیشتمان) بووەو ئێمە لەم تێزەدا لە تاقە ژمارەکەیەوە دواوین.

(ا.م. مینتشاشڤیلی)یش نووسیویە: **(لە ساڵانی ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئێراندا گۆڤاری (هەڵاڵە) دەرچوو، کە زمانی حاڵی کۆمەڵەی لاوانی کوردستان بوو)[١٢٩].**

---

[١٢٧]: د.کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی، ل ٢٣٩.

[١٢٨]: جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی،ل٥١.

[١٢٩]: أ، م، مینتیشاشڤیلی، کورد، وەرگێڕانی د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ل١٠١.

له سەروتاری یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەدا، کە بە قەڵەمی ڕەحمان ئاغای ئێڵخانی زادەیە، بە ناونیشانی (**سەربەخۆیی وەك ئەستاندنی زەحمەتە ڕاگرتنیشی زەحمەتە**)دا نووسراوە:

**(واقیعەن وایە چونکە زۆر تاقی کراوەتەوە هەر شتێکی تازە کە پەیدا دەبێ خەڵکی تێیدا دوو دەستەن، هێندێك بە پیریەوە دەچن هێندێك لەبەری هەڵدێن، خیتابی مـن دەگـەڵ دەسـتەی هەوەڵێیە ئەوانیش دیسان دوو جۆرن بەعزێك هەر لە هوەڵێڕا بە بیرێکی ڕووناك بـەر ئـاوردی کارەکەی دەکەن و لە ڕووی لێك دانەوەییێکی قوڵ و وردەوە قـازانج و زەرەری کارەکـەی دێتـە بەرچاوان جا دەسی دەدەنێ، قسمێکیش هەر لەبەر تازەییەکەی کە هەموو تازەییێك لەززەتێکی هەیە بۆی دەچن و هەردووك دەستە زۆر بە دڵێك گەرم بۆی دەڕۆن و وەك شێتان لێ دەگەڕێن و بە قیمەتی گیانیش بێ وەدەستی دەخەن..)**

تا لە کۆتاییدا دەڵێ:

**(ئێمە بە هەموو دنیایـەمان ڕاگەیانـد کـەکورد ئـازادی و سـەربەخۆیی دەوێو دەتـوانی بـی ئەستێنێو دەبێ دووبارە هەموو دنیایە تێبگەیێنین کە کوردت عەرزو لیاقەتی ئیستقلال ڕاگرتن و وەخڕکردنی هەموو کوردانی دەبن ئالاًییێکدا هەیەو دەزانێ و دەتوانێ ڕۆڵەی هـەرە ڕەشـیدو پاکی خۆی بکاتە مەزن و پێشەواو بۆ بڵیند گەورەی کردنەوەی خانووی ئیستقلال و سەعادەتی خۆی بە قەدەم بە دوویدا بڕوات)**[130].

گۆڤاری هەلاڵە، بە باشوری کوردستانیشدا بلاوبۆتەوەو شاعیران و نووسەرانی کرد بەرهەمیان بۆ ڕەوانـە کـردووە. لە ژمارە (٣)دا سوپاسی شاعیرێکی گەرمیان دەکا، کە ئەو شـیعرەی خـۆی رەوانـە کـردووە، کـە بـەناوی (بـۆ خزمەتی ئالاً)یەو، وا دەست پێدەکات:

**خۆم پیرم و دڵ تازە خەریکی گڕوئاڵە**
**عومرم کە لە شەستایە ئەڵێن گەنج و مناڵە**
**ئەو خوێنە لە سەرچاوەی چاوم کە لەمەوبەر**
**تك تك دەتکا ئێستە شوکر ئاوی زۆلاڵە**
**ناحەق نیە گەر شادی مەرگم بم لە سەروەرا**
**ئەمڕۆ کە دییم شێوەیی ئەم تازە (هەلاڵە)** [131]

هەروەها (شوان) ناوێك لە ژمارەکانی گۆڤارەکەدا هەر جارەی چەند وتەیەکی گەورە پیاوانی بلاکردۆتەوە[132].

---

[130]: گ هەلاڵە، ژ١، ل ١-٣.

[131]: هـ.س، ژ٣، ل٨.

[132]: هـ.س، ل ٢٦، ٢٨.

## تەکنیکی رۆژنامەوانیی لە گۆڤارەکەدا:

یەکێ لە کەم و کورتیەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی کۆمار ئەوەیە ناوی سەرنووسەرو دەستەی نووسەران و کاروباریە هونەرییەکانی نەنووسیووەو هەولّی زۆر لـەو سـەربازە نەناسـراوانەی دنیـای رۆژنامـەوانیی کوردی ئەو ڕۆژگارەیان رە فیرۆ داوە، ئەمەش بە ڕای من بەشی زۆری بە هۆی گیانی لـەخۆبوردوویی و خاکـەڕایی ئەو بەرێزانەوە بووە، کەئەوەندە بە تەنگ ئەوەوە نەبوون ناویان بلاّوبێتەوە بە قەد ئەوەی مەبەسـتیان خزمـەتی بزووتنەوەی کوردایەتی بووەو رۆژنامەوانیی کۆمار بە جوانترین شێوە چاپ بکرێت، ئەگەرچی ئـەم مەسـەلەیە بـۆ ڕوون کردنەوی هەندێ لایەنی مێژوویی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، نەوەکو لە پاشدا هەر کەسـەو بلّـێ مـن لـەو کاتەدا فلاّنە کارە بوومە.

گۆڤاری (هەلاّلّە) بە پلەی یەکەم بە هەولّ و هیممەتی چیرۆکنووس و ڕۆشـنبیری کورد"حەسـەنی قزلّجـی" هاتۆتە بەرهەم و خۆی زۆربەی بابەتەکانی نووسیووەو سەرپەرشتی کردووە، لە پـالّ ئەویشـدا (هـەژاروهێمن) بـە ناردنی بەرهەم بەشدارییەکی فراوانیان کردووە. ئەگەر گۆڤاری (نیشتمان) بە سەرپەرشتی و هیممەتی جوامێرانەی بێژەن (عەبدولڕەحمانی زەبیحی)، ئەندامی چالاك و بەتوانای (ژێ. کاف) هاتبێتە بەرهەم، ئەوا (هەلاّلّـە)یش بـە هەولّی (حەسەنی قزلّجی)یەوە دەرکەوتووە. ئەگەرچی لەسەر گۆڤارەکەدا نووسراوە مودیری ئیدارە (ح- قزلّجی) و لە لاپەڕەی یەکەمیشدا لەژێر ناوی گۆڤارەکەدا نووسراوە (لە لایەن دەستەی نووسەران وەدەر دەکەوێ).

لە سەرەوەی ناو گۆڤارەکەشدا، لە ژمـارە (١) لـە ڕووی نـاوەوەی گۆڤارەکـەدا دوای (بسـم الله الـرحمن الـرحيم) نووسراوە: ئامانجی ئێمەیە بە پشتیوانی خودا سەرخستن و ڕووناك کردنەوەی بیری هەمووانە.

لە ڕووی نەخشەسازییەوە، گۆڤارەکە لە شێوەی کتێبی قـەوارە بـەتالّ چـاپکراوەو ناونیشـان یـان تـایتلّی سەرەکی بابەتەکان بـە (بۆلّـد) چـاپکراوو مـەتن (ناوەڕۆك)ەکـەی بـە پیتێکـی لاینـۆ تـایپی (١٤) چـاپکراوەو مانشێتەکانیش زۆربەی کات بە فۆنتی (١٦) چاپکراوە. کلّێشەی گۆڤارەکە (٢٣×١٥) سانتیمەترە.

درێژی دێرەکان لە هەر لاپەڕەیەکدا (١٢) سم هەندێ مانشێتیش بە پێی توانا لە نێوچوارگۆشە یان لاکێشـەیەکی بـە (شـەبەك) داپۆشـراوی کالّـە، کـەزیاتر بـۆ سـەرنج ڕاکێشـان و هونـەری چـاوهەلّخەلّەتێنەرە، هـەروەکو چاپەمەنییەکانی دی ئەو کات نیشانەی (٧) حەوت بەسەر پیتەکانی( ل، ی، یـ، و) و لە ژێر (ر)دا نییە، بە تەنیا لەسەر بەرگی گۆڤارەکە، لە ناونیشانی گۆڤارەکە (هەلاّلّە)دا نەخش کراوە، ئـەویش چـونکە بـە جواننووسـی یـان خۆشنووسی و بەدەست نووسراوە.

لە کۆتایی گۆڤارەکەدا نێونیشانی گۆڤارەکەو مودیری ئیدارە بەم شێوەیە نووسراوە:

**نێونیشانی هەلاّلّە: بۆکان –کۆمیتەی مەحلی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لکی بۆکان- گۆواری هەلاّلّە.**

**ئابوونە:**

**ئابوونەی سالاّنە بۆ هەمووان و لە هەموو جێیەك ١٢ تمەن**

**ئابوونەی سالاّنە بۆ مەلاو فەقێ ومعلم و قوتابی ٨تمەن**

**دانەی تمەنێك**

**ئابوونە بە نێوی هەڵاڵەوە دەنێردرێ و دەبێ پێشەکیش بدرێ**

**مودیری ئیدراە: ح-قزڵجی**

هەر لە یەکەم ژمارەوە گۆڤارەکە، گرنگی بە بڵاوکردنەوەی (وێنــە) داوە، لــە ژمــارەی یەکەمــدا، (وێنــەی هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە مهاباد) و (وێنەی هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردســتان لــە شــاری بۆکــان) چاپکراوە.

لەژمارەی دووەمدا (**وێنەی مەرحوومی ئەبولحەسەنی سەیفی قازی شاعیری بەناوبانگی موکریان**) چاپکراوە. لە ژمارە سێیەمدا.، وێنەی (شاعیری میللــی و بــەناوبانگی کــورد هــەژار) چــاپکراوە. یــەکێ لــە کۆڵەکــەکانی رۆژنامەوانیی هونەری دارشتنی ڕێپۆرتاژو هونەری هەواڵی رۆژنامەوانییە.

لە یەکەم ژمارەی گۆڤارەکەدا، ڕێپۆرتاژێکی سەبارەت بە هەڵکردنی ئاڵای پــیرۆزی کوردســتان لــە مەیــدای چوراچرای مەهاباد دا بڵاوکردۆتەوە، دەست نیشانی شوێن و کورتەیەکی پێشهاتی مێژوویی و پاشــان ئامــاژە بــۆ وتەی پێشەوا   لەو ڕۆژەداو ئاماژە بۆ دەقی ئەو پێشهاتی مێژوویی و پاشان ئاماژە بۆ وتەی پێشەوا لــەو ڕۆژەداو ئاماژە بــۆ دەقــی تــەواوی ئــەو هۆنراوەیــەی هــەژاری موکریــانی لــەو ڕۆژەداو  بــەم بۆنەیــەوە، کــە گوتویــەتی بڵاوکراوەتەوە، لە پاڵ بڵاوکردنەوەی ڕێپۆرتاژەکەشدا بۆ بەڵگەی پتەوو پشــت ئەســتووری گوتــەکانی وێنــەی ئــەو رۆژەی لە ئاپۆرەی خەڵك بڵاوکردۆتەوە.

سەرەتای ڕێپۆرتاژەکە وا دەست پێ دەکات:

**(پێی ناوێ لە گەورەیی و دەستەڵاتی بنەماڵانی پادشایانی قەدیم و زۆۆی کــورد بــدوێین. دیــارە مێژووزانان ەزانن کە پادشایانی: کیان، ماد، ئەشکانی، ئەیوبی، زەندی، رەوادیان، ئەخشیدی و غەیرە بێ قسەو باس کورد بوون.**

**سەد ساڵ پتر نی یە سەربەخۆیی ککورد لە ناوچووەو لەو وەختەشەوە تا بیست ساڵ لەمەوبەر لە خودموختاری بێبەش نەبوون.. لە سەعاتی (١٠)ی ڕۆژی ٢٤/٩/٢٦دا ئاڵای پیرۆزی کوردستان بەقەدەرو عزەتێکی یەگجار زۆر لە سەر بانی یانەی (هیئتی رئیسەی ملی) و یانەی پێشمەرگەیان لە مهاباد هەڵکرا.. پێشەوای بەرزو مەزنی کوردستان جەنابی قازی محەمەد پیرۆزبایی لە میللەتی کورد کردو فەرمووی: (مێژوو نیشان نادا هیچ میللەتێك توانیبێتی بێ خوێن ڕێژی ئاڵای ڕزگاری خۆی هەڵکا بەڵام میللەتی کورد توانی بەبێ ئەوەی خوێن لە کەپووی کەس بێت بە هۆی لیاقەت و کارزانییەوە ئاڵای ئازادی هەڵکاو خۆی بە دونیای تەمەدوون بناسێنێ).**

هەروەها لە کۆتایی ڕێپۆرتاژەکەداو لە هۆنراوەکەی (**هەژار**) ئەم چەند بەیتە وەردەگرین، کەوا دەست پێدەکات:

**نیشــــتمان، خۆشەویســـت شــــەوگاری ڕەش نـــەیما ئەســـەر**

**ڕۆژی بـــەختت موژدەبـــێ ئـــەمڕۆ لـــە ئاســـۆ هاتـــەدەر**

**ئـــەی وەتـــەن ئەمڕۆكـــە ڕۆژێكـــە كـــە منـــداڵانی تـــۆ**

**داری ئومێـــــدیان چـــــرۆی دەركـــــردووەو هاتۆتەبـــــەر**

**ئـــەی وەتـــەن ئـــەمڕۆ بـــە ئـــازادی لـــەنێو ئـــامێزی تـــۆ**

**..نـــــابین لەمـــــــەودوا دەركـــــــراوەو دەربـــــــەدەر**

**ئـــەی وەتـــەن چـــاو و دڵـــی منداڵـــەكانت ڕوون و شـــاد**

**دیـــتنی بەیـــداغی ســـێ ڕەنگـــت جەلایـــە بـــۆ بەصـــەر[١٣٣]**

ئەم جۆرە ڕیپۆرتاژە، بە ڕێپۆرتـاژی سیاسـی ناودەبرێـت و لـە شـێوازەكانی لێكۆڵینـەوەی ڕۆژنامەوانیـدا، گەڕانەوەیەكـە بـۆ ڕابـردوو یـان مێـژوویی پاشـان دەرخسـتنی هێڵـە گشـتییەكانی مەبەسـتی سـەرەكی لـە ڕێپۆرتاژەكەدا[١٣٤].

لە بابەتە گەرماو گەرمەكانی ئەو ڕۆژانەی، مەسەلەی برایەتی و پەیماننامەی كوردستان و ئازەربایجان بـووە، كە نەوەكو هەر لە ڕۆژنامەكانی كۆماری دێمۆكراتی كوردستان بەڵكو ڕۆژنامەو گۆڤارەكان یان ژورنـاڵی تـارانیش گرنگیان پێدراوەو ناوەڕۆكەكایان بلاوكردۆتەوە[١٣٥]، گۆڤاری هەڵاڵە لەژێر ناونیشانی (**كوردسـتانی ئـەمڕۆ**) وەكـو (حدیث الساعة)

یان هەواڵێكی رۆژنامەوانیی لەگەڵ پێشەكیەك بە قەڵەمی حەسەنی قزڵچی سەرنووسەری گۆڤارەكە، پاشـان بە گێڕانەوەی یان نەقڵ كردن لە ڕۆژنامـەی (كوردسـتان)ی ئۆرگـانی حیزبـی دێمـۆكرات و كۆمـاری دێمـۆكراتی كوردستان، ژمارە (٢٥) دەقی تەواوی پەیماننامەكەی بلاوكردۆتەوە. لەمیانەی لێدوانی نووسەری ئەو لێدوانانـەدا هاتووە:

**(هەنگاوێكی بەرز كە بە تازەیی كوردستان بەرەو تەرەقی هەڵیهێناوە بەستنی پەیمانی یەكیەتی و برایەتیە لەگەڵ میللەتی دۆست و هاوئامانجی خۆمان خەڵكی ئازەربایجان كە ئەو پەیمانە كورد بۆ**

---

[١٣٣]: گ هەڵاڵە، ژ٣، ل ١٠-١٤.

[١٣٤]: بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

دكتر كاظم معتمد نژاد، روزنامەنگاری، ص ٧٩.

غازی حەسەن، كاری ریپۆرتاژ نوسین و لێكۆڵینەوەو ڕاپۆرتی هەواڵ نووسی لـە ڕۆژنامـەدا، گ ڕامـان، ژ٢٣. ١٩٩٨، ل ١٥٥-١٦٣.

[١٣٥]: بڕوانە: نامەء هفتگی كوهستان، ش ٥٤، ١٩٤٦، ص٤.

**ڕاگرتن و پاراستنی ئازادی شئونی میللی و حقوقی مەدەنیەتی میللـەتانی کـورد و ئازەربایجـان بناغەیێکی یەکجار قایم و مەحکەمە..)[١٣٦] .**

گۆڤاری هەڵاڵە، لـە هەرسـێ ژمارەکـەی خۆیـدا، لـە لاپـەڕەی دووەمـدا، خشـتەیەکی ڕۆژەکـانی مانگـە کوردییەکانی بڵاوکردۆتەوە.

مەسەلەیەکی دیکە لە گۆڤارەکەدا، لە ژمارەکانی خۆیدا هەر جارەی پێشبڕکێیەکی ئەنجامداوە بـۆ شـاعیرو نووسەرانی کوردت بۆ ئەوەی هانیان بدا لەو بابەتەی دەست نیشان کراوە خۆیان ئامادە بکـەن بـۆ پێشـبڕکێیەکەو دانانی خەڵات بەوەی ژمارەکانی گۆڤارەکەی بەخۆڕایی پێدەدرێت و سوپاسی دەکرێ. بە تایبەتی کەسانی بـراوەی یەکەم و دووەم.

لە ژمارەی یەکەمدا هاتووە:

**مسابەقە**

**(بۆ مانگی خاکەلێو وەسفی بەهاری کوردستان دادەنێین شاعیرو نووسەرانی خۆشەویست بزانین چ گالەیەك دەکەن، ئێمەش بە قورعە وو دەورە هەڵاڵە پێشکەشی دوانیان دەکەین)[١٣٧] .**

بۆ مانگی دواتریش هەر هەمان بابەت دیاری کرابوو بۆ پێشبڕکێیەکە چونکە وەکو گۆڤارەکە دەڵێ جـوابی کەممان بە دەست گەیشتووە، پاشان بۆ مانگی بانەمەڕ وەسفی (شەو)یان دیاری کردووە.

گۆڤارەکە دوا لاپەڕەی ژمارە (٣)ی خۆی تەرخان کردووە بۆ وشەی (یـەکتربڕ) و وەکـو (پشـوویەك)، کـە لـە زۆر گۆڤاری ئێستا یان سەردەم دا بەرچاو دەکـەوێ، بـە تایبـەتی پڕکردنـەوەی بۆشـاییەکانی خانـەی خشـتەکە بـەو زانیارییانە بووە، کە لە ڕووی زانیاری گەیاندن بە خوێنەرەوە بە کەڵکن و پەیوەندییان بـە سـەربوخۆیی و شـیعری شاعیران و ئازادی میللەتی کوردەوە هەیە.

لە گۆڤاری (هەڵاڵە)دا، کەم (هەواڵ) بڵاوکراوەتەوە، بە تەنیا هەاڵی (جێـژنی نەصـبی تـابلۆی مەدرەسـەی بۆکان) نەبێ، بەڵام داڕشتنی هەواڵەکە پێم وایە زۆر هونەری و سەرکەوتووانەو بە تـەواوی وەڵامـی ئامرازەکـانی پرس (کێ، کەی، چۆن، لەکوێ، بۆ) دەداتەوەو بە سەرەتاو کۆتاییەکی قەناعەت بەخش ڕازاوەتەوە.

**(جێژنی نصبی تابلۆی مەردرەسەی بۆکان**

**بە پێی بانگهێشتی ئیدارەی فەرهەنگ لـە جـەنابی ژەنـەڕاڵ مصـطفی بـارزانی و فەرمانـدەکانی هێـزو ئیدارەکانی بۆکان و ئەولیای منداڵان و ڕۆژی سێ شەمو ١٣٥٢/٢/١٧ جێژنی شیرینی خواردنی نصبی تـابلۆی**

[١٣٦]: گ هەڵاڵە، ژ٣، ل٣-٤.

[١٣٧]: گ هەڵاڵە، ژ١، ل٢٩.

**مەدرەسەی کوڕانی پێشەوای کورستان لەمەدرەسەی نێوبراو گیرا. مەجلیسی جێـژن بـە خوێندنـەوەی سـروودی** میللی کوردستان دەست پێکرا:

**١- ئاغای حەسەنی مودەڕیسی سەرۆکی فەرهەنگ گوزارشی فەرهەگیدا.**

**٢- بەیاناتی ئاغای مەحمەد مەحموود لە لایەن جەنالی ژەنەڕاڵ مصطفی بارزانی لە خصوص وە پێش کەوتنی فەرهەنگ.**

**٣- بەیاناتی ئاغای ئەوەر عبدالله لە خصوص فەرهەنگەوە.**

**٤- شیعری ئاغای حەقیقی بە هۆی نصبی تابلۆ.**

**٥- سروودی خەوی غەفڵەت لە لایەن شاگردانەوە.**

**لە سەعاتی پێنجی نیوەڕۆ تابلۆی مەدرەسە لە لایەن سەرکردانی هێز بە ئیحتراماتی لازمەو هۆرا لەسەر دەرگای مەدرەسە نصب کرا، جێژن لە سەعاتی پێنج و چارەکێك پـاش نیـوەڕۆ بـە دوعـای بـژی حـەزرەتی پێشـەوای موعەززەمی کوردستان خاتمەی هات[١٣٨].**

بودجەی گۆڤارەکە بەشێکی وەکو حیزبی دێمۆکرات و کۆماری دێمۆکراتی کوردستان بـۆی دابـین کـردوون و بەشێکی دیکەشی بە ئابوونەی خوێندەواران و دیاری و یارمەتی سەرۆك عەشیرەت و ئاغاکانی ناوچەکە بووە، بـە ناویشانی (سوپاس)، ناوی ئەو کەسانەو بڕی ئەو پارەیەی پێشکەشـیان کـردووە، نووسـیوە، داوا لـەو کەسـانەش دەکات کە ئابوونەیان نەداوەبان دوایا خستووەبە زووترین کات فریایان خەن.

ئەم خشتەیە هەندێ زانیاری دەردەخا:

| ژ | کـــــاتی دەرچوونی | شیعر | وتار | مسابقە | ڕێپۆرتاژ | وەرگێڕان | چاپخانە | وێنە | ل | سەنووسەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦ | ڕەشـــەمەی ١٣٢٤ | | ٨ | ١ | ٢ | ٣ | بۆکان | ٢ | ٣٠ | حەســەنی قزڵجی |
| ٢ | خاکەلێوەی ١٣٢٥ | ٨ | ٩ | ١ | - | ٢ | بۆکان | ٣ | ٣٣ | -    - |
| ٣ | بانەمـــەڕی ١٣٢٥ | ٥ | ٥ | ١ | ١ | ٣ | بۆکان | ١ | ٣٠ | -    - |

١٣٨: گ هەڵاڵە، ژ٣، ل ٢٩.

### ٦-گۆڤاری هاواری نیشتمان:

توێژی لاوان و جەوانان، بەر لە دروست بوونی کۆمەڵەی (ژێ. کاف)و پاشان کۆماری دێمۆکراتی کوردستان، سازمانی جەوانانی کوردستان توانیبووی لاوو گەنجە ڕۆشنبیرەکانی سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی لە موکریانێ‌و بە تایبەتی لە مەهاباد لە خۆی کۆبکاتەوە.

پاش دامەزراندنی کۆمار، گرنگییەکی تایبەتی بە لاوان دەدراو بە تایبەتی قازی محەمەدی پێشەوا بۆ خۆی سەرپەرشتی کارەکانیانی دەکرد، بەشی زۆری ئەو لاوانەی بە بیری سۆسیالیستی و لەژێر کاریگەری پێوەندی بە یەکیەتی سۆڤیەت و حیزبی تودەوە دەوڵەمەند بوون. د. عیزەدین دەڵێ:

**(چ لە ئازربایجانی خواروو و چ لە کوردستان ڕێکخراوی لاوان یا جەوانان بە پێرەوی وڵاتی سۆڤیەت دانرا کە ڕێکخراوی (کۆمسۆمۆڵ)ی هەبوو. واتە: لاونی کۆمۆنیست.. بۆ ئەندامیی حیزب خەڵك لێرەوە وەردەگیران)*.**

گۆڤاری (هاواری نیشتمان)، بڵاوکەرەوەی بیری یەکیەتی جەوانی دێمۆکرات بوو و یەك ژمارەی لێ دەرچووە. هەروەکو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکەی کۆمار ناوی دەستەی نووسەران و کارمەندانی هونەری لەسەر بەرگ و ناوەوەدا ئاماژەی بۆ نەکراوە، بە تەنیا ناوی بەڕێوەبەری بەرپرس (مدیر مسؤل)، **ص. انجیری-آذر** نووسراوە.

ئەم گۆڤارە ئەگەرچی تاقە ژمارەیەکی لێ دەرچووە، بەڵام ناوەڕۆکی ئەم ژمارەیە کلێشەی هونەری تا ڕادەیەکی زۆر لەوانی تر پێکەوتووترە. سەرنووسەرەکەی سەدیق ئەنجیری ئازەر یەکێك بوو لە تێکۆشەرانی سەردەمی کۆمارو پاشتریش وەکو مامۆستای قوتابخانە، دوور خراوەتەوە بۆ تاران و لەوێ پەرەی بە خوێندن داوەو بووەتە فەرمانبەر پاشان گیراوەو وازی لە کاری میریی هێناوە، یەکێ لە کتێبە وەرگێڕدراوەکانی بریتییە لە (مردەهای بی کفن و دفن).

**نیمایۆشیج** شاعیری نوێخوازی ئەدەبی فارسی ستایشی کردووەو گوتویەتی تاقە کەسێك، کە بە هۆی شیعرەکانمەوە هەستی بە تەواوی دەردو ڕەنجی من کردبێ لاوێکی کوردە ، ئەویش سەدیقی ئەنجیری ئازەرە. پاش ڕووخانی کۆمار ماوەیەك خۆی لە دوروبەری تارانێ حەشاردا ، دواتر ماوەیەکی زۆر لەگەڵ حیزبی (تودە)ی ئێرانیدا کاری کرد[١٣٩].

تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی یان ڕۆژنامەوانیی دەربارەی ئەو گۆڤارە نەنووسراوەتەوەو تەنیا لە میانی ڕیزکردن و ئاماژە پێ کردنێك بۆ قۆناغی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا ناوی

---

[١٣٩]: لە بارەی خەبات و ژیانی سیاسی ئەو پیاوە، بڕوانە:

هێدی، نیماو لاوێکی کورد، ڕۆژنامەی پەیام، ژ٢١، لەندەن، ٢٠٠٠/٢/٢١، ل٢٦.

هاتووە، ئەمە بێجگە لەوەی هەندێ نووسەر هەردوو گۆڤاری (هاواری کورد) و (هاواری نیشتمان)یان لێ تێکەڵ بووەو بە یەك شتیان داناون، ئەمەش هەمووی، بێگومان دیارە هۆیەکەی ئەوەیە، کە ئەو گۆڤارانەیان نەدیوە[١٤٠].

**عەلائەدین سەجادی** نووسوێتی:

**(هاوار نیشتمان تاقە ژمارەیەکی بە گۆڤارەو ئەوانی تری بە وێنە ڕۆژنامە لە لایەن لاوانی کوردستانەوە لە سابلاخ لە ١٩٤٥-١٩٤٦ چەن ژمارەیەکی لێ دەرچووە.**[١٤١]

لەسەرو سۆراغی ئەم گۆڤارەداو لە هیچ سەرچاوەییێکدا ئەوەمان وەبەر چاو نەکەوتووە، کە بە شێوەی ڕۆژنامە دەرچووبێ و بەهەمان ناو بە تایبەتی لە سەردەمی کۆماردا. ئەگەر وایش بێت پێویست بوو نووسەر هەندێ زانیاری لە بارەی ئەو "ڕۆژنامەیە" بنووسیبایە.

لەسەر بەگی ئەم گۆڤارەدا نووسراوە، با سەودا بیخوێنێتەوە بۆ بێ سەوادان. لە ناوەڕاستی بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکەدا بە تیپی چاپی بۆڵد (**هاواری**)بە گەوەریی نووسراوەو بە بچووکی لە پاڵیدا وشەی (**نیشتمان**) نووسراوە. لەژێر ناونیشانەکەیدا لەنێو چوارچێوەییێکدا وتەیەکی لینین نووسراوە (وەختایەکی ئێمە پیرۆز دەبین کە ملیۆنەها کۆمەڵی زەحمەت کێش بە موبارەزە بخوازین..) لەنینی گەورەی پێش ئینقلاب.

لەلای خوارەوەی بەرگدا لە نێوان دوو هێڵیی ئاسۆیی سەرتاسەریدا نووسراوە، ژمارە ١ ساڵی هەوەڵ ١ خاکەلێوە ١٣٢٥، ٢١ مارس ١٩٤٦.

لەژێر هێڵەکاندا نووسراوە: لەژێر چاوەدێری هەیئەتی تەحریریە دەدەچێ.

لە ڕووی ناوەوەی بەرگی پێشەوەدا بە ناونیشانی (**لەم ژمارەیەدا**) پێرستی بابەت بڵاوکراوەکان نووسراوەتەوە بێ ئەوەی ئاماژە بۆ بابەتە بڵاوکراوەکان بکات. لەژێر پێرستەکەدا بە ناونیشانی (**ئابوونەمان**) نووسراوە:

**ساڵیانە ١٠٠ ڕیاڵ**

**٦ مانگانە ٦٠ ڕیاڵ**

**تاك شمارە لە هەموو جێگەیەك ١٠ ڕیاڵ**

لەسەروتاری تاقە ژمارەکەیدا، کە ڕێکەوتی سەری ساڵی کوردی (١)ی خاکە لێوەی ١٣٢٥ بەرامبەر بە (٢١)ی مارسی ١٩٤٦بوو، بە ناونیشانی (ساڵی تازە)، **م. عشقی** نووسیویەتی:

---

[١٤٠]: بۆنموونە، بڕوانە:

ئەحمەدی قازی، بزوتنەوەی ژوورنالیستی لە کوردستانی ئێراندا، گ ڕامان، ژ٢٣، ١٩٩٨، ل١١٣.

ڕۆژنامەی کوردستان، ح د ك أ، ژ ٢٥٧، ل١٩.

د. کەمال مەزهەر، تێگەیشتنی ڕاستی، ل٢٣٩.

جەمال خەزنەدار ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل٥٣.

[١٤١]: علاء الدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، ل٦١٦.

**(ژەنگی غەمان لەسەر دڵان لاچوو و کوردی هەژار لە زوڵمی ڕۆژگار نەجاتی بـوو. چـەڵەمەی زیندەگی لە مل هاتە دەرو باغی سـەعادەتی لـە زسـتاندا هاتـە بـەر. سـەفەحاتی تـەئریخی چارەڕەشی تەواو بوو، تەئریخی خۆشی و سەعاەت هاتە گوڕو دونیامان پڕکرد لە شور. ناڵەی بێ حقوقی و هەناسەی ساردی و کەسادی مە بە پێشەوایانی ئازادی دونیا گەیشت، تۆزی سەرکزیان لێ تەکانـدین، خـەوی غەفڵـەتیان لـێ ڕەوانـدین، بـەئازادی حەقیقـەتیان گەیانـدین. ئـەوڕۆ سەرتاسەری کوردستانی عێراق و تورکیاو ئێران بە ئاشکرا و پەنهان خەریکی جێژنەو شادی یا بەهرە وەرگرتن لە نیعمەتی ئازادین. بریقە بریقی ئێران دەنگی ڕەعد ئاسای سواران کە لە ڕۆژی جێژنی ئازادی کوردستان دەهاتە بەرگوێ و چاوان گوێی فەلەکی کـەڕو چـاوی سـاسمانی کـوێر دەکرد. سەد شوکر دەستی نەگبەتی بێ پیت وبەرەکەتی ئیستعمارمان لەسەر لاچوو چـەنگاڵی خوێ مچی دیکتاتۆریان لە گەرووی هاتەدەر.**

**..لەو بەهارە با سەفایەدا کە داری زەحمەت و مەرارەتی مەگۆلی کردووەو ڕایەی گیان بەخشی خۆی بە کوردستانات دا بڵاودەکاتەوە ئێمە جەوانان سابڵاخ گۆڵێکی تـازە پێشکەشـی گـەلی خۆمان دەکەین.. ئێمە دەمانـەوێ ئارەقـەی زەحمـەت و ناڕەحـەتی ڕێـی نیشـتمانپەروەری و ئازادیخواهی بەگوڵاوی ئەو تاقە گوڵە لە ڕووی خۆمان بشۆینەوە.. )**[١٤٢].

مەسەلەی ئەدەبیات و وتارو ڕێپۆرتاژ و هونەرەکانی تر، بە تەنیا گرنگیـان پـێ نـەدراوە، لـە پـاڵ ئـەوەدا مەسەلەی (وەرگێڕان) بایەخی خۆی دراوەتێ و بە هۆی ئەوەی زۆربەی ڕۆژنامەو نووسەرانی ئەو ڕۆژگارە بە زمانی فارسی خوێندبوویان و ئاگاداری ڕۆژنامەوانیی فارسی بوون لـە ئێرانـدا، بۆیـە وەرگێـڕان لـە زمـانی فارسـییەوە دیاردەیە کە لە گۆڤارەکەدا بەرچاوەو ئاسان هاتۆتە بەرچاوان. بە تایبەتی وەرگێڕان لە بڵاوکراوەو پەخشـنامەکانی حیزبی (تودە)ی ئێران. تەنانەت بابەتە وەرگێڕاوەکانیش لە خزمەت پەیامی گۆڤارەکەدا بووە. وەرگێڕان لە زمانی بێگانەوە بۆ ئەو ڕۆژگارە پێویستییەکی زۆر بەجێ بووەو خۆ مەلاس دان و خۆخواردنـەوە لـە بۆتـەی ئـەدەبیات و ڕۆشنبیریی نەتەوەیی بە تەنیا خۆکوشتنی بەهرەی ڕۆشنبیریی هەموو میللەتێکە. لەو بابەت وەرگێڕاوانە، **(من لە مەدرەسە هیچ فێر نەبووم)** لە فەیلەسووفی کۆمۆنیستی ئینگلیسییەوە. **(لەنینی دانشجو)** بەقەڵـەمی پرۆفیسـۆر ولین. **(فرمانفەرمایی بەریتانیای گەورە لە هیندوستان)** دانانی کارل مارکس.

## تەکنیکی ڕۆژنامەوانیی لە گۆڤارەکەدا:

لـە ڕووی تیپـەکانی چـاپ و کلێشـەو قـەواری گۆڤارەکـە، هـەروەکو گۆڤارەکـانی دی ئـەو سـەردەمە، جیاوازییەکی نییە، چونکە هەموو ئـەو گۆڤارانـەو ڕۆژنامانـەی (کوردسـتان)یش هـەر لـەو چـاپخانەیەی شـاری

[١٤٢]: گ هاواری نیشتمان، ژ١، ١٩٤٦، ل ١-٣.

(مەهاباد)ی پایتەختی کۆماری دیمۆکراتی کوردستاندا بە ناوی (چاپخانەی کوردستان)ەوە چاپکراون. کلێشەی (٢٢×١٤،٥) سانتیمیترە.

لە ڕووی سوود بینین لە بۆشای یان ماوەی کۆتایی وتارەکان بەهرەمەند بوونەو بۆشایی پەرەی سپیان نەهێشتۆتەوە. بە وتەی یان (**قسەی پیاوە ژیرەکان**) پڕ کراوەتەوە، لەوانە ڤۆلتێرو ئەبراهام لینکۆڵن.. بە تایبەتی هەڵبژاردنی ئەو وتانەیش لە خزمەت ناوەڕۆکی یان هێڵی سەرەکی گۆڤارەکەدا بووە، کە ڕێبازی دیموکراسی و لایەنگری بەرەی ئازادیخوازی بووە.

لێکۆڵینەوەی سیاسی رۆژنامەوانیی لە گۆڤارەکەدا شوێنی دیاری هەیە، لە میانەی لێکۆڵینەوەکانیشدا، هێڵی فیکری نووسەرەکەی کە صدیق ئەنجیری ئازەرە بە دەردەکەوێت لایەنگیری بۆ یەکیەتی سۆڤیەت و دوورکەوتنەوە لە بەریتانیا و ئەڵمانیای نازی. لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا بە ناونیشانی (**لە ڕۆژهەڵاتی میانە چە خەبەرە؟! بەریتانیاو ڕۆژهەڵاتی میانە**)، نووسیوویەتی:

**(چەند مانگ لەوەو پێش یەکێك لە ئیقتیسادیونی گەورەی ئەمریکا، کە سالآنی سالّ لە حالّ وبالّی سیاسی و ئیقتیسادی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست موتالەعەی کردبوو گوتبووی: سێیەمین شەڕی گەورەی بەینەلمیلەلی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەرچاوە دەگرێت..!)**[١٤٣].

پاشان نووسەر دەکەوێتە شی کردنەوەی ئەم وتەیە و زیرەکانە ئاماژە بۆ هۆیەکەی، کە نەوتە دەکات و بە درێژی باسی ململانێی بەریتانیاو فەرەنسا دەکات لەمەڕ نەوتی ئێران و تورکیاو عێراق و سیاسەتی بەریتانیا سیاسەتێکی ئیستعمارگەرانە ناودەبات و سیاسەتی ئەسڵی بە (**دووبەرەکانی هاوێشتن و پاشایەتی کردن**) دادەنێ.

مەسەلەی بزووتنەوەی (کوردایەتی)یش پەوەیست دەکا بەو سیاسەتەوەو دەنووسێ:

**(لەلایەکی دی کوردانی تورکیە کە بۆ وەرگرتنی دیموکراسی و سەربەخۆیی هەستابوونە حەوا هەروەکی تەئریخی ئیستعماری نیشانی داوە دەوڵەتی بەریتانیا بە زاهیر لە ئەمنیەتی تورکیا تەرەفداری دەکرد بەڵام چون غەیرەز بە پێویستی نەوت مەسئەلەییێکی کە بە نەوت مەربوگ بێ، لەگەڵ هەمکاری استپمار کردنی وان مەنگورێکی دی نەبوو و خەیاڵی لە زنجیر دەرێنانی کوردانی نەبوو. لەبەرئەوە نەهزەتی ئیستیقلالی کوردان قوربانی سیاسەتی ئیستعمار بوو: وە ئەتاتورك بە کوشتن و دەربەدەری نژادی ڕەشیدی کورد لە تورکیە غالب بوو، و عەهنامەی سەرووەری بە دامرکاندنی ڕەگی ئیستعماری! وە ژێر پێ خست)**[١٤٤].

---

[١٤٣]: گ هاواری نیشتمان، ل٤.

[١٤٤]: گ هاواری نیشتمان، ل ٦-٧.

هەروەها گۆڤارەکە لە لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی رۆژنامەوانیدا، بە بۆنەی چوونی ژەنەراڵ **نووری سەعید** بۆ تورکیەو شی کردنەوەی هەواڵێکی (**رادیۆی لەندەن**)، کە گوتوویەتی ( لە بەینی سەرۆك وەزیری ئێران و زەمامدارانی مۆسکۆ باسی کوردانیش دەگۆڕێدایە)، بە قەڵەمی هەمان نووسەر (صدیق ئەنجیری ئازەر، کە بەڕێوەبەری بەرپرسی گۆڤارەکە بووە، بە ناونیشانی (**خوا رووی ئیستعماریون ڕەش کا!**) باسی سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە دەرهەق بە کوردان دەکاو هەموویشی دەباتەوە سەر بێ هۆشی و یەك نەگرتنی کوردان سیاسەتی چەواشەکاری ئیستعمار دەڵێ:

**(خوا ڕووی ئیستعماریون ڕەش کا، کە چاوو گوێی بەشێکی زۆری لە میللەتی دونیایەو برایان مەی گرتووەو نایەڵی و پێی خۆش نی یە. کە میللەتی زیندوو و سەربەخۆیی دنیا، زووخاوی دەردی دڵی وان ببینی و ناڵەی پڕ لە نەفرینی (ئسیتعماری) وانیان بە گوێ بگا)**[١٤٥].

ناونیشانی وتارەکان (**تایتڵ**)، شێوەی تایتڵی (**تەفسیری و خەبەری**) یان وەرگرتووە، چونکە شارەزایانی بواری رۆژنامەوانیی دوو شێوەی سەرەکی (تایتڵ)یان دەست نیشان کردووە:

**١- تایتڵی تەفسیری.**

**٢- تایتڵی خەبەری.**

تایتڵەکانی گۆڤاری (هاواری نیشتمان) زیاتر سەربە شێوەی (تەفسیری)ن. درێژو لە چەند وشەیەك یان ڕستەیەك پێکهاتووە. ئەم جۆرە تایتڵەش زیرەکی رۆژنامەوانیی پێوە دیار نی یەو خوێنەر ناخاتە بیرکردنەوەو بەدوادا چوون، ڕەنگە لە تایتڵەکەوە یەکسەر ناوەڕۆکی وتارەکەی یان هەواڵەکەی بۆ ڕوون و ئاشکرا بێت، هەروەکو:

-ئەهمیەتی موعەللیم لە دونیای ئەورۆدا.

- جا ئەو میللەتە چۆن دەفەوتێ؟!.

- من لە مەدرەسە هیچ فێر نەبووم.

- خوا ڕووی ئیستعماریون ڕەش کا!

- فەرد کە بە وەزیفەی خۆی عەمەلی کرد جامیعە پێشڕەفت دەکا.

- لە ڕۆژهەڵاتی میانە چە خەبەرە؟! (بەریتانیاو ڕۆژهەڵاتی میانە).

- نەمردین و بەهار هات.

بە پێچەوانەی ئەوەشەوە لە هەڵبژاردنی تایتڵی خەبەریدا بێبەری نەبوون، کە هەڵوەستەو کورت بڕی و وردبوونەوەو خۆ خەریك کردنی خوێنەری تیا بەدی دەکرێ، هەروەکو:

- چرای سوور؟

- چەرچیل و ئینتیخابات.

- ساڵی تازە.

---

[١٤٥]: هـ. س، ل ١٣.

- دوومانگا.

- قاوەت و دۆشاو.

- لەنینی دانشجو.

گۆڤاری (**هاواری نیشتمان**) هەوڵیداوە، تایتڵی بابەتەکان لەگەڵ قەوارەو لاپەڕەکاندا بگونجێنێ، بەڵام چونکە وەکو ئەمڕۆ نەبووە، بە شێوەی تیپچینی بووە، مانیشێتی هەموو بابەتەکان بە یەك قەوارە نووسراون. لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە هونەری تایتڵەکان دەکرێ لە ڕووی ئیبراز کردن (خستنەڕوو)ی وشەیەك لەناوە ڕستەیەکدا یان دوو ستووندا و هەڵبژاردنی فۆڕمێکی ئەندازەیی کە جوانی پێ ببەخشێ. لە تایتڵی گۆڤارەکەدا وشەی (هاواری) بەگەورەیی نووسراوەو (نیشتمان) بە بچووکی، کە ئەمە هەروا لە خۆڕایی و بە ڕێکەوت نەبووە، بەڵکو جەختیان لەسەر وشەی (هاوار) کردۆتەوە دەنگ هەڵبڕین بۆ هی (نیشتمان)ێکی بە قەوارە بچووکی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان. یان سەیری شێوەی ئەندازەیی ئەم تایتڵە بکەن:

(- مصاحبە)

لەگەڵ: جەنابی مەلا مصطفی

بارزانی

ئەم شێوەیە بە هێڵی ڕەش وا خۆی دەنوێنێ:

یان ئەم شێوەیە:

فەرد کە بە وەزیفەی خۆی عەمەلی

کرد جامیعە پێشڕەفت دەکا

ئەمە بێجگە لەو تایتڵانەی کە بەشێوەی هێڵێی ئاسۆیی و بەیەك دێر نووسراون، کە شێوەی ئاسایی و باوی ڕۆژنامەوانییە.

هونەرێکی دیکەی ڕۆژنامەوانیی لە گۆڤارەکەدا (**چاوپێکەوتن**)ە. لەو تاقە ژمارەیەدا سەرنووسەری گۆڤارەکە چاوپێکەوتنێکی کورتی لەگەڵ **ژەنەڕاڵ مستەفا بارزانی** دا کردووە.

**هونـەری چـاوپێکەوتن** جـۆری زۆرەو کەرەسـتەو شـێوەی جیاوازیشـی هەیـە. ئـەم چـاوپێکەوتنە کورتـە ڕاستەوخۆیەو بە شێوەیەکی زارەکی ڕووبەڕوو کراوە، بە پێچەوانەی چاوپێکەوتنی نووسراو، کە پێشتر پرسیارەکانی بۆ ئامادە کراوەو بە مەبەستێکی تایبەتی ئاڕاستەکراو یان ئازاد بێت.

سەرنووسەر، لە پێشدا بەر لەوەی پرسیارو وەڵامەکان بڵاوبکاتەوە پێشەکییەکی درێژی لە بـارەی تەمـەن و کەسیەتی بارزانی و ڕابردووی بنەماڵەی ئەوان لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمداو شۆڕشەکانی و دوورخرانەوە وی نووسیووەو لە وەسفی مەلا مستەفادا نووسیویەتی:

**(مەلا مستەفا لە تەمەنی ٤٠ سـاڵیدایە، دووری لـە خـاکی بـارزان هێنـدە لەوێـدا تەئسـیری نەکردووە. شایەد عیللەتی وەی بە سەربەخۆیی دیتنی مەبێکە بە شەرافەتمەندان دەژین و ئەویان بە دڵێکی پاك دە باوەشی خۆین گرتوو و ملەو موبارەزەی چەند ساڵەی ئەوی بەر عیلە ئیستعمار ئیفتخار بۆ میللەتی کورد دەزانین.**

**بە عەقیدەی خۆم مەلا مستەفا پیاوێکی ڕەشیدو گورج و مودەبیرزانی و ئەوانەی لەگەڵ وی گرف بوون ئەویان وا تەشخیس داوە.**

**وا پرسیارو وەڵامەکن دەنووسمەوە:**

**(س- خواهیشت دەکەم سەبەبی ناخۆشی و دڵ لێ بوونی خۆتان لە حکومەتی عێراق چ بووە؟**

**ج-سەبەبی ناخۆشی و دڵ لێ بوونمان لە حکومەتی عێراق داواکردنی ئازادی کوردستان بووە:**

**س-ئەگەر حکومەتی عێراق بە تەقازای مەشروعی ئەنگۆ تەوەجوهی نەکر، بە عەقیدەی ئەنگۆ سەبەبی وی چ بووە"**

**ج- سەبەبی تەقازای مەشروعی ئێمە کە تەوەجوهی نەکرد لە حکومەتی عێراق بە عەقیدەی من ئەساسی بەرهەڵستی سیاسەتی ئیستعمار بوو، بەڵام من بەردەوام بۆ گەیشتنە بە ئازای و تگبیقی پەیمانی ئاتلانتیکەو ئەم عەسرە عەسری ئیستمعار نی یە!**

**س- ئایا ئەنگۆ بە چ شەرایتێك حازرن تەرکی غوربەت بکەن و تەقازای ئـەنگۆ لـە حکومـەتی عێراق چیە؟**

**ج- بەبێ قەیدو شەرت ئاماندی من ئازادکردنی کوردستانی عێراق و سەربەخۆییەو لـە دواییـدا ئاادکردنی ئەو کوردانەی کە لەژێر دەستی بێگانەدان و دامەزراندنی دەوڵتێکی ئیتیحادی کوردە.**

**لە پاش تەواوبوونی موصاحەبەی خۆم لە کاتێك دا کە یەك دونیا لەعنەت بـۆ ئیسـتعمار نـارد خودا حافیزیم کرد)**[١٤٦]**.**

[١٤٦]: گ هاواری نیشتمان، ل ١٩-٢٣.

(**ئاگاداری**)، کە یەکێکە لە ڕوکنەکانی ڕۆژنامەوانیی و پێویستی بە زمانێکی سەرنج ڕاکێش و وروژێنەری خوێنەر هەیە بۆ ئەوەی سەرنجی بۆ لای ڕۆژنامە یان گۆڤارەکە ڕابکێشێ. گۆڤارەکە ئاگاداری (بازرگانی) تێدانی یەو بەو مانایە بەڵکو بۆ مانەوەو بەردەوامی گۆڤارەکەو هاندانی گەنج و لاوان، گۆڤارەکە هی خۆیانە نووسیویە:

**ئاگاداری**

**(ئەی لاوان و گەنجانی کورد ئەو مجەلەیە ئینگۆیە بە پوولی ئەنگۆ بلاو دەکرێتەوە، بیری ئەنگۆ بلاودەکاتەوە کارێکی وا مەکن کە وە پاش کەوێ).**

هەروەها لە دوا لاپەڕەی خۆیدا، گۆشەی (بۆ پێکەنین)ی کردۆتەوەو نوکتەی سیاسی ئامانجداری بە شێوەیەکی گاڵتەئامێزی ڕەخنەیی بلاوکردۆتەوە.

بابەتی پەروەردەیی و شیعرو ئەدەبیات لە فەسڵی چوارەمدا باسیان لێوە دەکەین و دەیانخەینە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە. بێگومان ئەگەر ژمارەی دیکەی لێ دەرچووبایە هەنگاوی باشتری هەڵدێنا هەروەکو لەسەر بەرگی دواوەی گۆڤارەکەدا خۆیان هەستیان بە کەم و کورتی خۆیان کردووە، بۆیە دەڵێن:

**(هەموو کارێك لە هەوەڵدا عەیبی دەبێ، هەوەڵین ژمارەی هاواری نیشتمان وەکی دەمانەویست وا نەبوو، بەلام لە ژمارەکانی دواییدا تۆلەی دەکەینەوە)**

بە داخەوە، تەمەن کورتی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان، ڕێگەی یئەوەی نەداو ئەو هیوایەیان نەهاتەدی.
ئەم خشتەیە هەندێ زانیاری لە بارەی گۆڤاری (هاواری نیشتمان)ەوە پیشان دەدات:

| ژ | ڕێکەوتی دەرچوون | وێنە | شیعر | وتار | سەرنووسەر | ل | چاپخانە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢١ی مارتی ١٩٤٦ | ١ | ٣ | ١٠ | ص. انجیری آذر | ٤٠ | چاپخانەی کوردستان- مەهاباد |

## ٧-گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد:

لەمێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، ئەم گۆڤارە، یەکەمین گۆڤاری کوردییە بۆ منداڵان تەرخان کراوە. دەکرێ لێرەوە دەرك بە ستراتیژی ڕاگەیاندنی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان و سیاسەتی دووربینانەی ئەوان بکەین.
دنیای ڕۆژنامەنووسی منداڵان، دنیایەکی ڕەنگین وپڕ ل ئومێدەو خاوەنی کۆمەڵێ یاساو بنەماو دەستووری خۆیەتی، کەدەبێ لەگەڵ ئامانج و ئەو پەیمانە پەروەردەییەی هەڵیگرتووە بگونجێ. بێگومان ئەزموونی ڕۆژنامەنووسی منداڵان بەزمانی فارسی لە ئێران و بەزمانی عەرەبی لە عێراقدا ڕۆڵی خۆیان لەوەئاگاهێنانتەوەو هەنگاو هەڵگرتن بۆ بیرکردنەوە لە ڕۆژنامەوانیی منداڵانی کورد، بۆیە بە خێرایی ئاماژەیەك بۆ ڕۆژنامەوانیی بە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی ئەو ڕۆژگارە دەکەین.

لە عێراقدا.، لەسەرتای سەدەی بیستەمەوە، بە تایبەتی لە (٩)ی تشرینی یەکەمی(١٩٢٢)ەوە لە لایەن (**سعید فهیم**) لە بەغدا یەکەمین گۆڤاری منداڵان بڵاوکراوەتەوە. لەو مێژووەوە بە واوە ئاوڕ لە ڕۆژنامەوانیی منداڵان دراوەتەوەو ئەو ئەزموونە جێبەجێ کراوە. ئەو گۆڤارە بە ناونیشانی (**التلميذ العراقي**) بوو. بە پێی ئەو مێژووە بێت دەبێ نزیکەی نیو سەدە دوای دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی عەرەبی لە عێراقدا (١٨٦٩)، ئینجا بیر لە دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری منداڵان بڵاوکراوەتەوە. ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە، هەر لەو ساڵانەدا لە ئاخرو ئۆخری دووەمین جەنگی جیهانیدا، لە عێراق بە زمانی عەرەبی گۆڤاری جیهانی منداڵان (**دنيا الاطفال**) لە لایەن (زکی الحسنی) کە بە (عمو زکی) ناسراو بوو، وەکو نامیلکەیەکی پەروەردەیی مانگانە بە ڕەزامەندی وەزارەتی مەعاریف اپکراوەو بڵاوکراوەتەوە. لەسەر بەرگی ژمارەی یەکەمیدا وێنەی مەلیك فەیسەڵی دووەم چاپکراوەو بەچوار دەوریدا تیپی منداڵانی (عمو زکی)وەستاون، کەبەبۆنەی جەژنی لە دایك بوونیەوە سەردانیان کردووە[١٤٧].

لە ئێرانیشدا، مێژووی دەست پێکردنی ڕۆژنامەوانیی منداڵان ساڵی (١٩١٩) بوو، کە بۆ یەکجار بەزمانی فارسی گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان دەرچووە بە ناوی (**گۆڤاری ئەدەب**) کە خوێندکارانی دواناوەندیی تەورێز بەڕێوەیان بردووە، بەڕێوەبەری خاوەنی ئیمتیازەکەی (عبدالله زادەء فریور) بووەو پاشان لە لایەن (اسماعیل امیر خیزی) و (یحیی آرین پور)ەوە بەڕێوەبراوەو (١٢) ژمارەی لێ چاپکراوە[١٤٨].

شارەزایانی بواری ڕۆژنامەوانیی، گرنگییەکی تایبەتییان بۆ ئەم بوارە تەرخان کردووە، چونکە لە بنچینەدا ئەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە ئاڕاستەکراون و ڕەوشێکی پەروەردەییان هەیەو ئەو بەرهەمانە دەبێ بەپێی ئاستی تەمەن

---

[١٤٧]: بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
هادي نعمان الهيتي، صحافة الاطفال في العراق، ص٣٣-٤٩.

[١٤٨]: یحیی آرین پور، آز صبا تا نیما، ج٢، ص٢٢٩.
سید فرید قاسمی، راهنمای مطبوعات ایران عصر قاجار، ص ٩٥.
هەروەها (بنفشه حجازی) پێی وایە ساڵانی بەر لە (١٩٤١ز) دەست پێدەکات، بڕوانە:
بنفشه حجازی ادبیات کودکان و نوجوانان ویژگیها و جنبەها، چ٢، ص٢٢٢.

و چێژی منداڵان بن و لەگەڵ دنیای ڕەنگاو ڕەنگ و دەروونی منداڵانـدا بگـونجێن و کـارێکی ڕۆشـنبیریی گـەورە دەکەن سەر ڕۆشـنبیرکردنی منـداڵان و دروسـتکردنی بینـای کەسـایەتییان لـە پاشـەڕۆژدا چـونکە لـە ڕێگـەی ڕۆژنامەوانیی تایبەت بە خۆیانەوە بـیرو بۆچـوون و داب نـەریتی میللـەتان و گـەورەپیاوان و زانایـان فێـردەبن و دەناسن. هەروەها ڕۆژنامەوانیی منداڵان زمانی منداڵ بە وشەو زاراوە دەوڵەمەند دەکات و زمان پاراوی دەکـات، کە ئەمەش شێوازێکی کۆمەڵایەتییە زمانیان بەهێز دەکات.

بێگومان هەر ئەو سۆنگەو ڕوانگەیەش بووە، کە هانی ڕۆشنبیران و کاربەدستانی سـەردەمس کۆمـاری داوە بیر لەوە بکەنەوە، گۆڤارێك بۆ منداڵان با سادەو بێ ئیمکانیاتیش بێـت بڵاوبکەنـەوە. ئـەو گۆڤـارە هـەرگیز لـە ئاستی خواستی ئەواندا نەبوو لە هەموو ڕوویەکەوە، چ لەئاستی نـاوەڕۆکی بابەتـەکان و چ لـە ئاسـتی خواسـتی ئەواندا نەبوو لە هەموو ڕوویەکەوە، چ کەپێویستی بە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ و چـاپەمەنی پێشـکەوتوو و جۆرەهـا یاری و نەخشەو زەخرەفە هەبوو، چونکە نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت ڕۆژنامەوانیی منداڵان بە پلەی یەکـەم پشـت بە هەستی بینین دەبەستێ و ئەوەی بە چاو دەیبینێ زۆر کاریگەری زیـاترە لـەوەی دەیخوێنێتـەوە، بەتایبـەتی لـە قۆناغی زووی پێش چوونە خوێندنگا.

ئەم گۆڤارە زۆر کەمی لەبارە نووسراوەو ئەوانەی کە نووسراویشن پڕ لە زانیاری هەڵەن ویان ئاماژەیـان بـۆ تاقە ژمارەیەکی کردووەو ئەوانی دیکەیان پشت گوێ خستووە. یان هەر ئاماژەیەکە، کە لـەو سـاڵەدا دەرچـووەو هیچی تر، بۆیە بە پێویستی دەزانین لە ئاست ناوەڕۆك وڕووخساری ئەو گۆڤارەدا هەڵوەسـتەیەك بکـەین. جـەمال خەزنەدار لەمیانی ناساندنی گۆڤارەکەدا دەڵێ: ( ژمارە یەکی لە ساڵی ١٩٤٥ دا دەرچووە).[١٤٩]

گۆڤاری (**گڕوگاڵی منداڵانی کورد**)، سـێ ژمـارەی لـێ دەرچـووەو سەرپەرشـتیاری چـاپخانەی کوردسـتان لەمەهباد، مەلا قادری مودەڕیسی، بەو پێیە کە بەڕێوەبەری چاپخانە بووە، هەر خۆی سەرپەرشـتی گۆڤارەکـەی کردووە بەرهەمی زۆری خۆی لەوێ بڵاوکردۆتەو. هەر جارەی ژمارەیەکی گۆڤارەکـەی پێشـکەش بـە کەسـێ یـان شەهیدێ کردووە. ژمارەی یەکەمی پێشکەش بە ڕۆڵەی قازی پێشەوا (عەلی)کراوە بەو ئومێدەی کە ببێتـە تاقـە گوڵی هیوای کوردستان لە پاشەڕۆژداو ژمارەی دووەمی پێشکەش بە گیـانی پـاکی شـەهیدانی ڕێگـای ڕزگـاری کوردستان کراوەو نووسراوە:

**(بۆ ئەو لاشە بە قیەتانەی کە لە ڕۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی١٩٣٠دا لە خـوێنی سـوری پـاکی خۆیاندا بە دەست ئیستعمارەوە تلانەوە.**

**بۆ ئەو منداڵانەی کە ئەو ڕۆژە گڕوگاڵی ئازادیان دەکرد ئەوڕۆ جەوانی کوردن و میللەتی کوردی بە بیرەوەری خوێناوی باوك و باپیریانەوە بە ڕەوشەن فکری، نیشتمان پەروەری خۆیانەوە دەگەنـە مەیدانی ئازادی.**

---

[١٤٩]: جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، ل٤٧.

**بۆ گیانی پاکی شەهیدانی لە دارو دراوی تورکیای دیکتاتۆر کە ئێستا ڕۆحی میللیان لە ئاسمانی ئازادی کوردستاندا لە ملەدایە ئەم گڕوگاڵە پێشکەشە)**[150].

لەگەڵ ئەم پێشکەش کردنەداو لە سەروەری ئوەداو لە هەمان لاپەڕەدا لە چوارچێوەیەکی لەم دیـوو لـەو دیـوا بـە زەخرەفەو نەخشی ئەنازەییدا وێنەی دوو کیژۆڵەی پۆشتەی بە جـل و بـەرگی کـوردەواری و بـەکڵاوو سـنجاقەوەو دانیشتوو لە پاڵ یەکدا بڵاوکراوەتەوە.

## تەکنیکی ڕۆژنامەوانیی لە گۆڤارەکەدا:

کلێشەی بەرگی گۆڤارەکە، لە هەردوو ژمارەی یەك و دوودا جیاوازییەکی ئـەوتۆی نـی یـەو تـەنیا ژمـارەی گۆڤارەکەو ڕێکەوتی دەرچوونی گۆڕاوە.

لە سەرەوەی بەرگی پێشەوەی گۆڤارەکەدا، لە دەستە ڕاست دا (بەنێوی خودای بەرزی بێ هاوتا) و لە دەسـتە چەپدا (بژی کوردو کوردستانی مـەزن نووسـراوە. ئـەم دروشـمـەیش یەکسـەر دروشمـی سـەر گۆڤـاری نیشـتمان)و بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی (ژێ. کاف)مان بر دەخاتەوە، بێگومان (**مەلاقادری مودەڕیسـی**)ش، کـە یـەکێك لـە ئەندامە دامەزرێنەرەکانی کۆمەڵەی (ژێ. کاف) بووە، خۆشەویستی کۆمەڵەو بیری یـان ئامـانجی کۆمەڵـەی لـە مێشك دا نەسڕاوەتەوە ئینجا ناوی گۆڤارەکە (گڕوگاڵی منداڵانی کورد) نووسراوە. بە تـەنیا وشـەی (کـورد) بـە بچـووکتر نووسـراوەو ئـەوەی دی بـە گـەورەیی نووسـراوە، لـەژێر ئـەوە (بـیری کارگـەرانی چـاپخانەی کوردستان)نووسراوە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا لە جیاتی ئاشکرا کردنی ناوی دەستەی نووسەران بووە، بە تایبـەتی ئەو ڕۆژگارە ڕەنگە زۆربەی خەڵکی ناوچەکە زانیبێتیان کارگەرەکان کێ بوونەو ژمارەیان کەم بووە. ئەمجا ژمـارەو ساڵی (١ )و لە خـوارترو لـە سـەرووی هێڵێکـی ڕەشـی سەرتاسـەری ئاسـۆییدا ڕۆژی دەرچـوون و بڵاوکردنـەوەی گۆڤارەکە نووسراوە، کە ژمارە(١) لە (١)ی بانەمەڕی ١٣٢٥ و ژمارەی (٢) لە (١)ی جۆزەردان و ژمارە (٣) لە (١)ی پووشپەڕی هەمان ساڵدا. ئەمەش ڕێکوپێکیەکی باشە بۆ وادەی دەرچوونی گۆڤارەکە لە کاتی دیـاریکراوی خۆیدا. دواجارو لە خوارەوەی هێڵەکەدا ناوی چاپخانەو شـوێنی دەرچـوون کـە(مهاباد- چـاپخانەی کوردسـتان)ە نووسـراوە. لەسـەر بـەرگی دواوەی گۆڤارەکـە، لـە ژمـارەی (١)دا، دڵشـادی ڕەسـووڵی بـە ناونیشـانی (بـۆ موعەللیمەکان، مەرام لە فێرکردن و تەربیەت دان چیە؟) نووسیویەتی:

**(لە لای ئێمە مەرامی ئەسڵی لەفێرکردن و تەربیەت دان ئەوەیە کە منـداڵی ئـەوڕۆمان وا فێـر بکەین کە مێشکیان پڕ بێ لە زانستی بێ سـوودو هـەروەکو تـووتی بـەبێ مـەرامی حـەقیقی دەرسێکیان پێ بڵێن. مەنڤوری ئەسڵیمان ئـەوەی کـە شـاگرد دەرسـەکەی لەبـەربکاو هـەروەك گرامافۆنیك وەك ئاوێ بیخوێنێتەوە. ئەوە منڤوری زیـاتری موعەللیمـەکانی ئەوڕۆیـە جـا لـە**

[150]: گ گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ژ٢، ل١٣.

**حەقیقەت دا بیری لیٚ ناکینەوە ئایا شاگر ئەسڵی حەقیقی و مەرامی دەرسەکەی تیٚگەیشتووە یان نا؟**

**ئیٚستا نە تەنیا هەر لە کن موعەللیم بەڵکو لە پیٚش چاوی تەواوی دانیشتووانی وڵاتی ئیٚمە شاگردی چاك ئەو شاگردەیە کە دەرسی خۆی چاك لەبەر بکاو لەکن گەورە ئەدەب دابنیشیٚ و بیٚدەنگ بیٚ، کە لە حەقیقەت دا ئەو عەقیدە بەکوللی سەهوە چونکە بۆ ئەوەی شاگرد لە ژیانی خۆیدا بە غەیری ئەوانە زۆر ئەسبابی دی هەیە کە دەبیٚ شاگردان فیٚری بکریٚ کە بە ئەدەب بوون و دەرسی لەبەر کردن لە چاو وی هیچ نین و چە تەئسیریٚکیان نییە.**

**ئەگەر تەماشای ئەو کەسانە بکەی کە لە ژیانی خۆیاندا سەربەرز بوون دەبینی: کە تەنیا بە هیٚزی ئیرادەو عەزم و پایەداری و جەسارەت لە ژیان دا بە پایەی بڵیندی گەیشتوون و هەر کەسیٚکی لەو سیفاتانە بیٚبەش بیٚ هەرچەندە بە ئەدەب و دەرس لەبەرکەر بیٚ لەمەیدانی کارزانی ژیان سەرناکەویٚ.**

**هەرچەندە زانست لە ژیانی ئینساندا زۆر موهیممە بەڵام نرخی وە ئەهمیەتی زەمانیٚکی وە دیار دەکەویٚ کە خاوەنی زانست عەزم و ئیرادەی بە هیٚز بیٚ و لەسەر کاران دا ئیقدام و پایەداری هەبیٚ)[151].**

کلێشەکە لە ژمارە (٣)دا گۆڕانی بەسەردا هاتووەو وێنەی سەلاحەددینی ئەیوبی لە ڕووی پێشەوەی گۆڤارەکەدا بڵاوکراوەتەوەو لە پاڵیدا نووسراوە:

**هەر بژی ئەی فەخری قەومی کوردو سوڵتانی عەرەب**

**تۆ نەمردووی ئەی صلاح الدین ئەیووبی نەسەبت**

لە سەڕووی بەرگی دواوەی گۆڤارەکەدا، لە ژمارەکانی (٣،٢)دا نرخ و ئەدرەسی خۆی نووسیووە، کە بەم شێوەیە:

دانەی ٣ قران. ئابوونەمان ساڵیانە ٣٦ ڕیاڵ. مودیری ئیدارە: قادری مودەڕیسی.

قەوارەی گۆڤارەکە (٢١×١٢)سانتیمترە. ژمارەی لاپەڕەکانی وا پێ دەچێ بە پێی بابەتی ئامادەکراو بووبێ، چونکە هەر جارەی جۆرێکە ژمارە (١)، (١٥) لاپەڕەو ژمارەی دووەم (١٤) لاپەڕەیە و ژمارەی سێیەم(١٤) لاپەڕەیە.

لە هەر ژمارەیەکدا پێشبڕکێیەك بۆ منداڵان نووسراوەو لە ژمارەی داهاتوودا وەڵامەکەی نووسراوە. بەڵام ئەوی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئەو پرسیارو مەتەڵانەی کراون بە هیچ شێوەیەك لە ئاستی بیرکردنەوەو زانیاری منداڵان دا نی یە. ئەوە خۆ کێشەی سەرەکی گۆڤارەکەش بە پلە یەکەم، بە ڕای ئێمە لەوەدایە، کە نازانێ

---

[151]: گ گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ژ١، لەسەر بەرگی دواوەی گۆڤارەکە لە ڕووی ناوەوەدا.

بابەتەکانی بۆ چ قۆناغێکی تەمەنی منداڵانە، چونکە گومانی تیا نییە هەر قۆناغەی تەمەنێك پێویستی بە بابەتی دیاریکراوی خۆی هەیە، کە لەگەڵ ئاستی تەمەنەکەدا بگونجێ.

پێشبڕکێیەکیان ڕەنگە بۆ خەڵکی بە تەمەنیش قورس بن، خەڵاتەکەیشی جێگەی سەرسوڕمانە، لە ژمارە(٣)دا، کە دیارە گۆڤارەکە (٣) ژمارەیان لێ دەرچووە، کەچی بەڵێنی ئەوە بە منداڵان دەدا، ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە (٥) منالّ بە قورعە هەریەکی (٥) ژمارەی گۆڤارەکەی بە دیاری دەدرێتێ. چۆن ؟

ئەگەر گۆڤاری ئاسایی، کە ئەویش تا ئەو جێگەیەی ئیمکان دەبێ نابێ هەڵەی چاپی تێ بکەوێ و پێویستە هەڵە چنەکان وردبین بن، ئەوا گۆڤاری منداڵان زۆر زەحمەتە. چونکە منداڵ چی بخوێنێتەوە ئەوە ئەزبەر دەکاو فێری دەبێ. کەچی گۆڤارەکە لە هەڵەی چاپی بە دەر نی یە، وەکو:

| هەڵە | ڕاستی یەکەی | ژمارە | لاپەڕە | دێر |
|---|---|---|---|---|
| تەتیب دان | تەربیت دان | ١ | بەرگی دواوە | ١ |
| مەزرەعی | مەزرەعە | ٣ | ١ | ٤ |
| قەربان | قوربان | ٣ | ٢ | ١٣ |
| دەبی | دەبێ | ٣ | ٣ | ١ |

بە بۆچوونی ئێمە،، لە لایەکی دیکەوە ئەوانەی گۆڤارەکەیان بەڕێوە بردووە، شارەزایانی دنیای منداڵان و خوێندکاران نەبوونە، ئەوەتا خۆیان نووسیویانە:

**(ئامۆژگارانی خۆشەویست**

**ئەو مجەلەیە تەنیا بۆ ڕووناك کردنی بیری خوێندەواران و منداڵانی کوردە. وە چوون لە ڕێگای تەعلیم و تەربیەت دا ئێوە لە ئێمەشارەزاترن،، تکایە نەزەریەی خۆتانمان بۆ بنووسن تا هەر چۆنێکی باش بێ و هەر جۆرێکی دەگەڵ بیری خوێندەواران موساعیدتر بێ،، بەو جۆرە ژمارەکانی دوایی وەدەر بخەین.**

هەر لە هەمان بانگەوازدا داوا لە منداڵانیش دەکات بەشداری بکەن و بەرهەمی خۆیان ڕەوانە بکەن و دەڵێ:

**(منداڵانی خۆشەویست ئەو گۆوارە هی ئێوەیە دەتوانن لە موندەرەجات دا شیرکەت بکەن)**[١٥٢] .

لایەنێکی سەرکەوتووی گۆڤارەکە لەوەدایە، کەفرە بابەتی جیاوازی تێدایە لە هەقایەت و شیعرو جوگرافیاو بیرکاری و ڕێزمانی کوردی و ڕەوشت و پەروەردە..

[١٥٢]: گ گڕوگالی منداڵانی کورد، ژ١، ل٢.

ئەم خشتەیە هەندێ زانیاری لەبارەی گۆڤارەکەوە ڕوون دەکاتەوە:

| ژ | کاتی دەرچوونی | شیع | چیرۆك | وتار | مسابقە | وێنە | لاپەڕە | چاپخانە | سەرنووسەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بانەمەڕی ١٣٢٥ (١٩٤٦) | ٣ | ٣ | ٥ | ١ | – | ١٥ | چاپخانەی کوردستان | قادری مودەریسی |
| ٢ | جۆزەردانی ١٣٢٥ | ٢ | ٣ | ٤ | ١ | ١ | ١٤ | – | – – |
| ٣ | پوشپەڕی ١٣٢٥ | ٢ | ٣ | ٧ | ١ | ١ | ١٤ | – | – – |

# فەسڵی سێیەم

**باسی یەکەم:** رۆژنامەوانیی کوردی بە زمانی فارسی لە دەرەوەی کۆماردا

**باسی دووەم:** هاوکاری نووسەرانی باشووری کوردستان لەگەڵ رۆژنامەوانیی کۆماردا

# باسی یەکەم

## ڕۆژنامەوانیی کوردی بە زمانی فارسی لە دەرەوەی کۆماردا

هاوکات لەگەڵ ڕووداوەکانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستاندا، ڕۆژنامەنووس و ڕووناکبیرانی کورد لە تارانی پایتەخت و لە شاری سنەو کرماشان و هەندێ شوێنی دیکەدا، بەهۆی باردودۆخی پەشێوی ئێران لە ڕۆژگاری دووەمین جەنگی جیهانیدا و لایەنگیریی ئەڵمانیاو هاتنە سەر کاری حەمە ڕەزا شاو گۆڕانە یەك لە دوا یەکەکانی کابینەی حکومەت، بوارێکی ئەوتۆی بۆ ڕۆژنامەوانیی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خوڵقاندبوو، کە بتوانن نەترسانە بە ڕووی سەرکردە سوپاییەکان و ئەو بارودۆخەی لە ئەندامی داگیر کردنی ئینگلیزو ئەمریکا لە باشوور و یەکیەتی سۆڤیەت لە باکوور و باکووری ڕۆژئاوا خوڵقابوو دەنگ هەڵبڕن.

لە دەرەوەی کۆماری دێمۆکراتی کوردستاندا، ڕووناکبیرانی کورد، بە پەرۆشەوە لە ئەنجام و ئایندەی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان و ئازەربایجان دەڕ،انی و تەنانەت لە پەرلەمانی ئێراندا بە بەردەوامی ئەم مەسەلانە دەخرانە ڕوو.

هەندێ ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە بە ڕەسمی و بەغەیر ڕەسمی لە لایەن دەوڵەت یان داواکاری خەڵکی ڕووناکبیرو سەربەخۆ بڵاو دەکرانەوە، ئەو بڵاوکراوانە، زۆربەیان بە زمانی فارسی و لە پاڵیشدا هەندێ نووسینی کوردییان بڵاوکردۆتەوە، هۆی یەکەمیش ئەوەبوو خوێندن و نووسینی کوردی باوی نەبوو، یان نەدەخوێنراو ئەو مافە ڕۆشنبیرییەیان لە لایەن شاوە لێ زەوت کرابوو، بۆیە ڕۆژنامە بە زمانی فارسی بەنێو هەموو توێژو چینێك دا بڵاودەبووەوەو هەر لەو کاتەدا تاکە ڕێگەیەکی پێوەندی و گەیاندنی مەبەست و داواکارییەکان بووە بە کاربەدەستانی دەوڵەت.دلەو ڕۆژگارەدا، دەوڵەت ڕێگەی بە میرزا غولام عەلی کرماشانی داوە ڕۆژنامەی (نامەی کوردستان) بڵاوبکاتەوە، بەڵام هەر یەك ژمارەی لێ بڵاوکردۆتەوە، دواتریش بۆ بەرەنگاری و دژایەتی ڕۆژنامەوانیی کۆمار، دەوڵەت هەر لە شاری سنە ڕۆژنامەی (زاگرۆس)ی دەرکردووە. چەند ڕۆژنامەو گۆڤاری ناو بەناو لە شاری تاران و کرماشان و سنە دەرچوون، لەوانە (پیك کرد) و (درفش) و (دیدنی ها) و **(آرین)** و **(آریا)** و (انقلاب کاوە) و (ایران جوان) و( تحفە)[١٥٣]، بەڵام زانیارییەکی ئەوتۆمان لەبارەیەوە نییەو ژمارەکانیشیان لەبەردەست دا نەبوون، بۆیە نەمانتوانی هیچیان لە بارەوە بنووسین. لەنێو ئەو ڕۆژماو گۆڤارانەدا بە تەمەن درێژترینیان ڕۆژنامەی (کوهستان)ە و هاوکاتی ڕووداوەکانی کۆماریش بووەو گرنگی یەکی تایبەتی بە ئازارو مەینەتییەکانی خەڵکی ناوچـــــــەکە داوە و تا ڕادەیەکی زۆریش هاوسۆزی کۆمار بووە، سەرنووسەرەکەی **د. ئیسماعیلی ئەردەڵان**، پیاوێکی زیرەك و دۆستی شاعیرو نووسەرو پیاوە ڕووناکبیرەکانی کورد بووە، لەنێو

---

[١٥٣]: بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: احمد شریفی، ببیلوگرافی مطبوعات کردستان، روزنامە آبیدر، ش چلهم، س٢، ١٣٧٧و ژمارەکانی دواتر.

ڕۆژنامەکەدا، بانگەوازی برایەتی و چارەسەری ئاشتیانەی دۆزی کورد کراوەو پیرۆزبایی لە ڕۆژنامەوانیی کۆمار و بەتایبەتی ڕۆژنامەی (کوردستان) کردووەو پەرەگرافیشی لەوێ وەرگرتووەو جارێکی دی بڵاوی کردۆتەوە. شاعیرو نووسەرانی ئەو سەردەمەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووریش هاوکارییان کردووە، (پیرەمێرد) و (هەژار) و (حەسەنی قزڵجی) و (هێمن) و (جەعفەری کەریمی) و (صدیق حەیدەری)، ئەم دووانەی دوایی پاشان لە وەزیرو کاربەدەستانی کۆمار بوون. لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامەکە ئەو ڕاستییانەمان زیاتر بۆ دەردەخات.

## شوێنی (نامەی کوهستان) لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدا:

### أ-ناساندنی ڕۆژنامەکە:

ڕۆژنامەی (نامەی کوهستان)، ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو، واتا هەفتەنامەیەك بوو، کە هەموو ڕۆژانی دوو شەممە بڵاوکراوەتەوە. ناوەکەی (نامەی کوهستان) پێکهاتووە لە (کوە+ستان)، (کوە) بە واتای کێو یان چیا دێت و (ستان) وەکو پاشگرێك لە زمانی ئاوێستایی و پەهلەوی و کوردی و فارسیدا بۆ شوێن بەکار دێ‌و هەموو بەسەر یەکەوە (کێوستان)، یان بە دەستەواژەیەکی دی ناوچەیەکی شاخاوی، کە ئەمەش وەکو ئیدیۆمێك بۆ (کوردستان) بەکارهاتووە، کە ناوچەیەکی شاخاوییەو ڕەنگە لە بارودۆخی سیاسی ئەو ڕۆژگارەی دووەمین جەنگی جیهانیشدا، کە ناچەی مورکریان، بەهاوکار سۆڤیەت و هێزەکانی ئینگلیز هەولی ئازادی دەداو دەولەت لەسەرانی حیزبی دێمۆکرات ناڕازی بوو، زەحمەت بوو داوای ئیمتیازی ڕۆژنامەیەك بە ناوی (کوردستان)ەوە بکرێت. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشەوە بە ماوەیەکی کەم بەر لە ڕۆژنامەی (نامەی کوهستان) ئیمتیازی ڕۆژنامەیەك بە ناوی (نامەی کوردستان) لە شاری سنە درابوو بە سەربازی نەناسراوی ڕۆژنامەوانیی کورد (میرزا غولام عەلی هۆشمەندی کرماشانی) و تاقە ژمارەیەکیشی لێ بڵاوکرایەوە[١٥٤]. کەوابێ (نامەی کوهستان) دووەمین ڕۆژنامەی ڕێگە پێدراوی دەولەت بووە دەربارەی کوردو کاروباری کوردستانی ڕۆژهەڵات. ڕۆژنامەی کوهستان یەکەمین ژمارەی لە (دووشەممە ٢٦ی شوباتی ١٩٤٥ دا دەرچووەو بە پێی گەڕان و بەدوادا چوونی ئێمە تا ژمارەی

---

[١٥٤]: ناصری توانا بە ناونیشانی (چارەنووسی ڕۆژنامەنووسێك)، لە وتارێکی بەنرخدا دەربارەی ئەم ڕۆژنامەیە دواوەو گوایە سەرنووسەرەکەی (محمد جوهری سعید دیوان) بووەو سەروتاریشی بە قەڵەمی شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی نووسرابوو، ئەم ڕۆژنامەیە هاوکات لەگەڵ ناردنی هێزەکانی دەوڵەت بۆ سەرکوت کردنەوەی هێزەکانی سمکۆی شکاك دەرچوو و لەو چاپخانەیەش چاپ دەکران کە میرزا غولام عەلی هۆشمەندی کرماشانی هێنابوویە شاری سنە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

ناصر توانا سرنوشت يك روزنامەنگار، نامەی کوهستان، شمارە(٨)، ٢ شنبە ٢٧ فروردين، تهران، ١٣٢٤، ص٤-٥، ئەم وتارە لە لایەن بەندەوە تەرجەمەی کوردی کراوە، بڕوانە:گ ڕامان، ژ٢٣، ١٩٩٨، ل٢٣١.

هەروەها دەبی ئەوەش بڵێین لە ڕۆژگاری دووەمین جەنگی جیهانیدا، حکومەت ڕێگەی دەرچوونی ڕۆژنامەیەکی لە شاری سنە بەناوی (زاگرۆس)ەوە دابوو، بەڵام دوای گەڕانەوەی سوپا بۆ مەهاباد، ئیمتیازی ڕۆژنامەکەیش ڕەت کرایەوە بڕوانە:

طاهر خلف البكاء /التطورات الداخلية في ايران، ص٢٢١.

(٨٤)ی لێ دەرچووە، کە دەکەوێتە ڕێکەوتی ڕۆژی دووشەممە ٣ی ئاداری ١٩٤٧. واتـا لـە ڕۆژگـاری سەربەسـتی ڕۆژنامەوانییی لە ئێراندا دەرچووە. لەو ڕۆژگارەدا (نامەی کوهسـتان) و ڕۆژنامــەکانی دی بــە شـێوەیەکی گشـتی بەوپەڕی سەربەستییەوە هێرشیان دەکردە سەر ناهەموارەکانی دەوڵـەت و کەسـانی ناسـراو لـە پۆسـتی وەزارەت. طاهر خلف البکاء دەڵێ:

**(ڕۆژنامەوانیی کاریگەرییێکی دیارو بەرچاوی لە ڕێژەکـانی جـەماوەری ئێرانـدا هـەبوو، هەنـدێکیان جەماوەریان دژی سیاسەتی حکومەت هان دەداو هەندێکیشیان ستایشیان دەکرد. ئەو تەنگوچەڵەمە ئابووریەی ئەو ڕۆژگارەی ئێران تێیدا دەژیا، بابەتێکی گرنگ بوو بۆ ڕۆژنامە بۆ ورپاکردنەوەی خەڵك لە ناهەمواریەکانی وەزارەت جیاوازەکان)[١٥٥].**

تەنانەت ئەو سەربەستییەی ڕۆژنامەکان وای لە سەرەك وەزیران (**قوام السلطنة**) کرد کە بڕیاری داخسـتنی گشت ڕۆژنامەکان بدات و تەنها چوار ڕۆژنامە بە سەرپەرشتی حکومـەت بیهێڵێتـەوە[١٥٦]. پاشـان ئـەم هـەنگاوە سەری نەگرت و کابینەی **قوام السلطنة** هەڵوەشایەوە.

لەسەر ڕووپەڕی پێشەوەی ڕۆژنامەکەدا بە تەنیا ناوی خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بـەرپرس، کـە (**دکتـۆر ئیسماعیلی ئەردەڵان**)ە نووسراوەو نـاوی دەسـتەی نووسـەران و کارمەنـدانی ڕۆشـنبیری و هونـەری ڕۆژنامەکـە نووسراوە. لە بارەی ژیان و کەسیەتی (دکتۆر ئیسماعیل) ڕۆژنامەی کوردستان لە ڕێپۆرتاژێکدا نووسیویەتی: (.. جەنابی ئاغای دکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵان پیاوێکی متەوازیع و موئەدەب و بە ویقارە، لە قسـەکردندا مـەتین و ئارامە.. خۆی دەپارێزێ. فازڵ و دانشمەندە، لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدایە، شەش ساڵ و نیـو لـە پـاریس پایتـەختی فەرەنسـە خوێندوویـەتی.. لـە دانیشـگەدەی دامپزیشـکی تارانـدا سـنتی ئەسـنادی هەیـە..)، لـە یـەکێ لـە ئاگادارییەکانی ڕۆژنامەکەدا هاتووە، ناوبراو چەند زمـانێکی زانیـوەو کـورد بـووە نیشـتەجێی تـاران بـووە. لـە هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٤٧)ی پەرلەمانی ئێراندا وەکو نوێنەری شاری سەقز لەگەڵ دوو نوێنەری دی خۆی تەرشـیح کردووە، بەڵام ئەو دەرنەچووەو دەوڵەت خۆی خەڵکی تری دەست نیشـان کـردووە. پیـاوێکی نیشـتمان پـەروەر و کوردێکی دڵسۆز بووەو خۆشەویستییەکی تایبەتی لە دڵی خەڵکی کوردستان دا هەبووەو شـانازی بـە کوردایـەتی خۆیەوە کردووە، دۆستایەتی لەگەڵ حکومەتی کوردستان لە مەهاباد (١٩٤٦)دا هەبووە، تەنانـەت لـە یەکـەمین ژمـارەی ڕۆژنامــەی (**کوردسـتان**)ی کۆمـاری دێمـۆکراتی کوردسـتاندا، سوپاسـی دکتـۆر ئیسـماعیل و دەوری ڕۆژنامەی (**نامەی کوهستان**)یان کردووەو پاشان ژمارەکانی (١-٤)یان بۆ ڕەوانە کردووە، ئـەویش لـە بەرامبـەر ئەوەدا سوپاسنامەی بۆ سەرانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان و کارمەندانی ڕۆژنامــەی (کوردسـتان) نووسـیوەو

[١٥٥]: طاهر خلف البکاء ، التطورات الداخلية في ايران،ص١٢٥.

[١٥٦]: سەرچاوەی پێشوو، هەندێ زانیاری لەو ڕووەوەو هێناوەتـەوە، کـە چـۆن پاشـانیش لـێ پرسـراوانی حکومـەت بـە دەست ڕۆژنامەکانەوە هەراسان بوون داوای سانسۆریان کردووە،بڕوانە:ل١٢٦-١٢٨.
احمد عبدالکریم، الصحافة الایرانية، ص١٢.

هەندێ هەواڵ و نووسنی ناو ڕۆژنامەکەی بە فارسی بڵاوکردۆتەوە. لە بەرامبەر هاتنە کایەی کۆماری دیمـۆکراتی کوردستان و دیداری پێشەوا قازی محەمەد لەگەڵ حکومەتی ئێـران لـە تـاران و خواسـتی کـورد بـۆ سـەربەخۆیی بەرگری زۆری کردووەو چەند جارێك بە شێوەزارێکی ڕەخنەئامێزەوە ڕەخنەی لە حکومەت و سوپا گرتووە لەکاتی هێرشیان بۆ سەر کوردستاندا، تەنانەت بوێرانـە بەرپەرچـی ڕۆژنامـەکانی ئـەو سـەردەمەی وەکـو (**اطلاعـات**) و (**یادگار**)و (**کیوان**) و (**ستارەغرب**) و چەند ڕۆژنامەو گۆڤـاری دیکـەی لەسـەر مەسـەلەی مـەهاباد و زمـان و ئەدەبی کوردی و سەربەخۆیی کورد داوەتەوە[١٥٧].

سەرچاوەی ماددی ڕۆژنامەکە وا دەردەکەوێت، بەشێکی زۆری لە ڕێگەی ئابوونـەی سـالآنەی خوێنەرانـەوە بووە، چونکە وەکو لە زۆربەی ژمارەکانی سـالّی دووەمـدا دیـارە داوا لـە بەشـداران دەکـا ئابوونـەی سـالآنەیان دوانەخەن و ڕۆژنامەکە لەکار نەکەوێت، تەنانەت گەفی ئەوەش لەوانە دەکات کە ئابوونەیان نەداوە ڕۆژنامەیان بـۆ ڕەوانە کراوە بەوەی، کە ناویـان لـە ڕۆژنامەکـەدا بـلاّو دەکاتـەوە، ئەمـەش بەشـدارانی کوردسـتانی باشـووریش دەگرێتەوە، بۆیە دەڵێ:

**(باوەڕ پێکراوەکانی ئێمە لە عێراقدا تاکو ئێستا پارەی ڕۆژنامـەیان بۆمـان نـەناردووە، بـەدەل ئیشتراکی عیددەکیش لە موشتەرەکینی ئێمە نەگەیشتووە. ڕۆژنامە وەختێ دەتوانی بەئینتیشاری خۆی ئیدامە بدا کە پارەی ببێ.**

**هیوامان وایە کە خوێندەوارە خۆشەویستەکان باعیسی تەعتیلی ڕۆژنامەی کوهستان نەبن و بـە زودی موتالەبەتێکمان کە هەیە بۆمان بنێرن)**[١٥٨].

وەکـو پێداویسـتییەکی ڕۆژنامـەوانیی، ڕۆژنامەکـە لەسـەرجەم ژمارەکـان دا ئەدرەسـی تـەواوی خـۆی نووسیووەو ئابوونەی سالآنە، کە (٢٠٠ڕیاڵ) بووەو تاك ژمارەی بە (٤ڕیاڵ) بووە نووسـیووەو هـەروەها نووسـراوە (ئەو وتارانەی دەگاتە ڕۆژنامەکە نادرێنەوە بە خاوەنەکانیان وە کارگێڕی ڕۆژنامە لە ڕیزبەندی نـاو ڕۆژنامەکـە و سڕینەوەو چاك کردنەوەیاندا ئازادە).

سەرجەم ژمارەکانی بەردەستی ئێمە وا دەردەخەن، لە ژمارەکانی (١-٤٨) لـە چـاپخانەی (کشـاورزی) و ژمارەکانی (٤٩-٦٣) لە چاپخانەی (شرکت مطبوعـات) و ژمارەکـانی ( ٦٤-٨٤ ) لـە چـاپخانەی (مظـاهری) چاپکراوە.

---

[١٥٧]: هەندێ زانیاری لەنامەی جەلیل گادانی بۆ لێکۆڵەرەوەی ئەم باسە هاتووە، کە ئەوانیش پێوەندیان بە چالاکی ڕۆژنامـەوانیی و سیاسەتی دکتۆر ئیسماعیلی ئەردەڵانەوە هەیە، حەزم کرد نامەکە وەکو خۆی لە پاشـکۆی لێکۆڵینەوەکەمـدا بنووسمـەوە لـە ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٨٥دا هاتووە: نامەی کوهستان پاش ساڵەها بێهۆشی و بێ دەنگی لە دەمێکدا، کە تاران کانوونی ارتجـاع بوو، نێوی کوردی زیندوو کردەوە.

[١٥٨]: نامەی کوهستان ژ(٧٦-٧٩)، ١٩٤٧.

ژمارەکانی ساڵی یەکەم لە (١-٤٨)ەو ساڵی دووەم لە (٤٩-٨٣)یەو ساڵی سێیەم لە (٨٤-؟)ە. بە واتا هەر ساڵ و لەیەکەوە دەستی پێ نەکردۆتەوە، بەڵکو ژمارەکە بەردەوام بووە.

**ب- نامەی کوهستان و هونەرەکانی ڕۆژنامەوانیی:**

ڕۆژنامەی (نامەی کوهستان) لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانییەوە، بە لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی ڕۆژنامەوانیی ساڵانی چلەکان و لە ئێران وەکو یەکێ لە وڵاتەکانی جیهانی سێیەم و تازە پێگەیشتوو، پێشکەوتوو بووە. (هەواڵ) یان هونەری هەواڵ کەکۆڵەکەی سەرەکی ڕۆژنامەوانییە، دەتوانی بڵێین ڕۆژنامەی (نامەی کوهستان) ڕۆژنامەی هەواڵ بووە. مەبەست لە هەواڵ (گەیاندنی زانیارییەکی نوێیە دەربارەی ڕووداوەکانی سەردەم بە شێوەیەکی کەزۆرترین خەڵك بوروژێنێ‌و دەرچوون بێ لە شتی ئاسایی)[١٥٩]. ئەوە بێجگە لەوەی لە سیفاتەکانی هەواڵ بێ‌بەری نەبێ، هەروەکو (ڕاستگۆیی، وردی، ئێستا، شیاوی بڵاوکردنەوە، لەبەرچاوگرتنی شوێن، ورووژان، سەیروسەمەرە..)[١٦٠].

ئەو هەواڵانەی لەوێدا بڵاوکراونەتەوە تازە بوون بۆ ئەو ڕۆژگارەو پێوەندی بەو هەواڵنێرانەی ڕۆژنامەکەوە بووە، کە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستانەوە ڕەوانەیان کردوون، ئەم هەواڵانە لە ڕۆژنامەکانی دیکەی ئەو کاتەی (تاران)ی پایتەخت دا بەرچاو ناکەون و ڕاستەوخۆ لە شوێنی ڕووداوەکانەوە گەیشتوون و زۆربەشیان دەربارەی کەم و کورتی و کاری ناهەموارو دژی بەرتیل و سەرە ڕۆییەکانی کاربەدەستانی فەرمانگەو دەرەجەدارەکانی سوپا بوونە لە ناوچە کوردەوارییەکەدا، لەگەڵ ئەوەدا هەواڵەکان جۆراوجۆر بوونەو باری سیاسی و ئاووری و ڕۆشنبیری گرتۆتەوە[١٦١].

لە ژمارەکانی سێ ساڵەی ڕۆژنامەکەدا چەند ڕێپۆرتاژێك بەرچاو دەکەوێ، کە پێوەندییان بە باری ئابووری و سیاسییەوە هەیە، بە تایبەتی لە ڕووی پێداویستی کشتوکاڵ لە کوردستاندا و ناهەمواری باری ئاسایش و چەند بابەتێکی ترەوە. لە ڕووی هونەریشیەوە ڕێپۆرتاژەکان لەگەڵ ئەو پێناسەیەدا یەك دەگرنەوە، کە دەڵێ:

---

[١٥٩]: فاروق ابو زید، فن الخبر الصحفی، ص ٢٧.

[١٦٠]: د. محمود فهمی، الفن الصحفی فی العالم، ص ٦١-٦٩.

[١٦١]: هەواڵەکان بە زۆری سیاسی و ئابووری بوون، جار جارە هەواڵی ڕۆشنبیریشی بڵاوکردۆتەوە، وەکو دەرچوونی کتێبێکی تازە یان ڕۆژنامەو گۆڤارێکی تازەو نواندنی شانۆگەرییەك، لە ژمارە(٣٦)دا باسی دەرچوونی کتێبی (ئەلفبای نوێ) دەکات و لە ژمارە(٣٨) باسی دەرچوونی ڕۆژنامەی (دەنگی گێتی تازە) دەکات و لە ژمارە (٦٩)دا باسی نواندنی شانۆگەری (طبیب اجباری بەزۆر کراو بە دکتۆر) کە نووسینی (مۆلێر)ە، لە شاری سەقز دەکات، کە داهاتی شانۆگەریەکە بۆ قوتابیە هەژارەکان بووە، لە دەبیرساتی شاهپور لە نۆڤەمبەری ١٩٤٦دا.

**(ڕیپۆرتاژ هونەری گەڕانە بە دوای واقیـع دا و ڕیپۆرتـاژی ڕۆژنامــەوانیی وەڵامــی یــەکێك لــە ئامرازەکانی پرس "کێ، بۆ، کەی، لەکوێ، لەبەرچی" دەداتەوە)[١٦٢].**

چاوپێکەوتن بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێت، هونەری چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانیی بە پێـی بـیروڕای زۆربـەی تۆژەرەوەکانی ڕۆژنامـەوانیی کارێکی زەحمەتە و دوو هۆکـاری گـرنگ لـە سـەرکەوتنیدا دەور دەبیـنن، ئـەوانیش **(لەبەرچاو گرتنی کێشەی ویژدانی و وروژاندنی ئەو کەسەی گفتوگۆکەی لەگەڵـدا سـاز دەکرێـت، لەگـەڵ خـۆ گونجاندن لەگەڵ هەوڵوێستەکەدا)[١٦٣].**

هەروەها نەبوونی ڕێکۆردەر و کەرەستەی پیشەسازی پێشکەوتوویش کۆسـپ بـوون لەبـەر دەم سـازدانی چاوپێکەوتنی سەرکەوتوودا.

یەکێ لە کەم و کووڕییەکانی ڕۆژنامەکە نەبوونی وێنەو دیمەنی سروشتی و نەخشـەی جوگرافییـە. تـا ئـەو ڕۆژگارە (وێنە)، کە زۆر جار لە هونـەری ڕۆژنامەوانیـدا هۆکـارێکی گەورەیـە بـۆ تێگەیشـتن و ڕوون کردنـەوەی مەبەست، بە شێوەیەکی ئەوتۆ پێش نەکەوتووەو لە ڕێگەی هەڵکۆڵینی سەر دارو کەرەستەی دیکەوە سوودی لـێ دەبینرا، چونکە ڕۆژنامەی (نامەی هفتگـی کوهسـتان)یش بـە توانایـەکی مـاددی سـادەو کـەم دەرامەتـەو لـە چاپخانەیەکی تاران چاپ دەکرا، بۆیـە نـەیتوانیوە لـە بڵاوکردنـەوەی (وێنــە) بـە هـەموو جۆرەکانییـەوە کـەڵك وەردەگرێت[١٦٤].

ڕۆژنامەکە بە (٨) لاپەڕە چاپکراوە، بە قەوارەی (٣،٥×٢٤،٥)سم، لاپەڕەکانی ساڵی یەکەمی ڕۆژنامەکـە بە شێوەیەکی گشتی بەسەر سێ ستووندا دابەشکراوە. دووستوون، هەریەکە (٥)سم و ئەوەی سـێیەمیان (٨،٥)ە. هەندێ جاریش ئەو دەستوورەیان پێشێلکردووەو بە چورا ستوونی (٥)سم و هەندێ جاریش بە دوو ستوونی(٩) سم و ستونێکی (٣،٥ )سم نەخشەسازی کـراوە. هــەوڵی ئـەوە دراوە بابەتـە گـەرماو گـەرم و گرنگـەکان بخەنـە نێـو چوارچێوە یان بە هێڵی بۆڵد (گەورە) بەرچاوی خوێنەر بخرێن. بەشـێوەیەکی گشـتی پشـتیان بـە هێڵـی چـاپخانە بەستووەو زۆر بە دەگمەن سوودیان لە خۆشنووسی وەرگرتووە. ڕۆژنامەکـە لەسـەر کاغـەزێکی زەردی ئەسـتووری (٨٠گم)ی چاپکراوە.

لاپەڕەکان بەم شێوەیە دابەش کراون، لاپەڕەی یەکەم لە سەرەوەداو لە ناوەڕاستی لاپەڕەکەدا، بۆ سـەروتارو وتارو سیاسی گەرماو گەرمی تایبەت بە کوردستان. لاپەڕەی دووەم، لە سەرەوەداو لە ناوەڕاستی لاپەڕەکـەدا بـۆ هەواڵەکانی ناوخۆو لەژێر ناوی (هەواڵەکانی ناوخۆدا) کاروباری کارگێڕی و سیاسی و ئابووری و کـۆڕو کـۆنگرەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ساڵی دووەمـدا نـاوی دووەم بـووە بـە (دنیـاو ئێـران لـە

---

[١٦٢]: د. محمود فهمي، الفن الصحفی فی العالم، ص ١١٧-١١٩.

[١٦٣]: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٣.

[١٦٤]: عبدالجبار محمود علي، التصوير الصحفي، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشـر، بغـداد، ١٩٨٠. سـعيد دسـتوری، در كـار مطبوعات عكس و نوشته اعتبار يكسان دارند، مجلة ادبستان، ش (٧)، س١، ١٣٦٩،ص١٦-٢٠.

هەفتەی پێشوودا) بە بچووکیش لە سەرەوەدا نووسراوە(تەفسیری سیاسی هەفتە)، لاپەڕەی سێیەم و چوارەم بۆ ڕاپۆرتی هەواڵنێرەکان و وتاری هەمەجۆرو گلەیی و گازەندەی هاووڵاتیان و وەڵامی دەزگاو فەرمانگەو وەزارەت و سوپا بۆ کاروباری هاووڵاتیان بووە، لاپەڕەی پێنجەم بۆ بڵاوکردنەوەی کتێبی (کوردو کوردستان) شێخ محەمەدی مەردۆخی کوردستانی و شیعرێکی کوردی یەکێ لە شاعیران، یان هەندێ پەندی پێشینانی کوردی لەگەڵ تەرجەمەیان بۆ سەر زمانی فارسی، لاپەڕەی شەش و حەوت بۆ ئاگاداری بازرگانی و پاشماوەی بابەتی لاپەڕەکانی پێشوو و دوا لاپەڕەش (لاپەڕەی هەشت) بۆ بابەتی هەمەجۆرو کورت کورت، جا چ کۆمەڵایەتی یان سیاسی بێت. لەگەڵ ئەدرەسی ڕۆژنامەکەو ئابوونە ساڵانەدا. لە لاپەڕەی یەکەمدا بە خەتی فارسی ناوی ڕۆژنامەکە (نامەی کوهستان) نووسراوە و لەم دیوو لەو دیویشدا چوار گۆشە کراوە، لە چوارگۆشەی دەستە ڕاست نووسراوە، خاوەنی ئیمتیاز و مودیری مەسئول دکتۆر (ئیسماعیل ئەردەڵان) و لە چوارگۆشەی دەستە چەپ دا نوورسراوە. بە هیچ حیزب- دەستە یان کۆمەڵەیەکەوە پێوەندی نییە. پاشان لەژێر ناوی (نامەی هەفتەگی کوهستان)دا لە نێوان دوو هێڵی هاوتەریبدا ژمارەو ساڵ و ڕۆژو نرخی ڕۆژنامەە نووسراوە. ئینجا مانشێتی سەرەکی بە گەورەیی نووسراوە.

**پ- نامەی کوهستان لە دڵی خوێنەر و ڕۆشنبیراندا:**

ڕۆژنامەی (نامەی کوهستان) جەماوەرێکی زۆری لە ناوەوەی ئێران و لەنێو ڕۆشنبیرانی کوردستانی باشووردا هەبووە، لە بارەی خۆشەویستی ڕۆژنامەکەو سەرنووسەرەکەیەوە لە کوردستانی ئێران (**هەژار**) دەڵێ:

**کوردە کوهستان پەناو ئەنواتە** **لە تەنگەزاران دا باب و براتە**
**کوهستان یانی کوا هەستان لە خەو** **بۆ بێ هەستە لە ڕووبەڕووی کەو**
**هاواری تۆیە لە پایتەختەکەت** **بۆت تەخت دەکا ڕێگا سەختەکەت**
**کوهستان بۆ کورد هومێدی و قەڵا** **خوا بتپارێزێ لە دەردو بەڵا**[165].

یان (**حەسەنی قزڵجی**) لە بارەی ئەوەوە، کە ڕۆژنامەکە لە بڵاوکردنەوەدا ژمارەیەکی دواکەوتووەو چۆتە پۆستەخانە ئەو ڕۆژە نەگەیشتووە، دەڵێ:

**(ئەمڕۆ کە پۆستە هات و دوای ئەوەی کە هەموو چاوەڕێی نامەی کوهستان بووین و نەهاتبوو بە گوتەی کوردی (چاوی ڕەشمان کاڵ بووەوە)**

تا لە کۆتاییدا دەڵێ:

---

[165]: نامەی کوهستان، ژ(٢١)، س١، ١٩٤٥، ل٥. لە ڕاستیدا ئەم شیعرەی (هەژار) لە ڕووی ناوەڕۆکەوە قسە هەڵدەگرێ، تاران بە پایتەختی کوردان بزانێ و لە ڕووی ڕووخساریشەوە لاوازە، بەڵام ڕەنگە بەوەی، کە سەرەتای دەست پێکردنی بێ، چاوپۆشی لێ بکرێ.

**ڕەوشـــەن کـــە چـــاوی منتظرانـــت بـــە گـــیردی ڕێـــت**
**تۆ دەمی بـۆ نـووری دیـدەی مـن دی بـە پێتـەوە)** [١٦٦]

لـە باشـووری کوردستانیشـدا (پیرەمێـرد)ی شـاعیرو ڕۆژنامـەنووس ستایشـی ڕۆژنامـەی (نامـەهفتگی کوهستان) دەکاو دەڵێ:

**(خودا بەرخورداریکا دکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵانی، کوهستانی سەربڵندده ڕەدیفی ئەلبوورزێکە، ان شاءالله ژینی "ژین"ی ئەبێ کە ٢١ ساڵەو خۆیشی پیری "پیرەمێرد"ی ئاخر خێری دەبێ)**[١٦٧].

**(حاجی باقی بەنگینە)** ی شاعیری میللی بەهۆی ڕۆژنامەی (ژین)ەوە دروود بۆ کوهستان ڕەوانە دەکاو دەڵێ:

**بنووســـــە تـــــازەی مـــــــن بـــــۆ کوهســـــتان**
**چـــــــیرۆکی تـــــازەی خـــــانی ئـــــەردەڵان**
**گیـــــانی شـــــیرینم شـــــیرین کوهســـــتان**
**لاپـــــەڕەی مـــــەردیت کەوتۆتـــــە مەیـــــدان**
**دەس نێـــــژی خاســـــی دانـــــای دەبـــــیران**
**ڕوونـــــاکی چـــــاوی کـــــوردانی ئێـــــران**
**خـــــۆش نشـــــینەکەی پایتـــــەختی تـــــاران**
**دڵســـــۆزە زانـــــا بـــــۆ گشـــــت کوردســـــتان**[١٦٨]

هەروەها هەندێ لە ڕووناکبیرەکانی دیکـەی ئـەو سـەردەمەی کوردسـتانی باشـوور بەرهـەمی خۆیـان یـان شاعیرانی کوردستانیان بۆ ڕۆژنامەکە ڕەوانە کردووە. لەوانـە (زێـوەر)ی شـاعیر شـیعری خـۆی ڕەوانـە کـردووەو بڵاوکراوەتەوە، کە سەرەتایەکەی بەم بەیتە دەست پێ دەکات:

**تکـــــانی ئـــــابڕووی چـــــەمەن بـــــە ڕووی ئابـــــدارەوە**
**شـــکانی نرخـــی نەســـتەرەن، بـــە زولفـــی مشـــکبارەوە**[١٦٩]

**زەکی ئەحمەد هەناری** لە کۆیەوە چەند جارێك شیعری شاعیرانی بۆ ڕەوانە کردوون[١٧٠].

---

[١٦٦]: نامەی کوهستان، ژ(٢٠) س١، ١٩٤٥ ، ل ٧.

[١٦٧]: پیرەمێرد، سەدایێکی ئاشنا، ڕۆژنامەی ژین، ژمارە (٨٥٥)، س٢، پێنج شەممە١٩٤٦/١/١٦.

[١٦٨]: نامەی کوهستان، ژ(٧٥)، س٢، ١٩٤٦، ل٥.

[١٦٩]: نامەی کوهستان، ژ(٧٨)، س٢ ،١٩٤٦، ل٥.

[١٧٠]: نامەی کوهستان، ژ(٥٠، ٧٠ ) ١٩٤٦.

**کاردۆخی** شاعیر لە هەڵبجەوە شیعری خۆی بۆ ڕەوانە کردوون[١٧١].

**محەمەد عەلی کوردی** لە کفرییەوە وتارێکی بە فارسی بە ناونیشانی(مدارس کردستان عراق) لەوێ بڵاوکردۆتەوە[١٧٢].

## ٢-کوهستان و ئەدەبیاتی کوردی

### أ- شیعری کوردی:

ڕۆژنامەی لە پێناو بووژاندنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و ناساندنی زەوقی شیعری کوردی و شاعیرانی و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئەو سەردەمە لە هەست و دەروونی شاعیراندا درێغی نەکردووە. هەر لە دووەمین ژمارەی خۆیدا تا دوا ژمارە، هەر جارەی تیکستێکی شیعری کوردی بە ڕێنووسی کوردی و وەکو خۆی چاپ و بڵاوکردۆتەوە. لە هەڵبژاردنی شیعرەکاندا وا دەردەکەوێ بە پێی زەوقی ئەو سەردەمە زیاتر لایان بە لای شیعری کلاسیکی کودریدا کردۆتەوە، لەپاڵ ئەوەشدا شاعیرانی ئەو سەردەمەشیان پشت گوێ نەخستووە. لە هەڵبژاردنی شیعرەکاندا پشتیان بە زەوق و چێژی ئەو کەسانە بەستووە، کە شیعرەکانیان بۆ ڕەوانە کردوون و هەڵبژاردنەکان لە ڕۆژنامەکەوە نەبوو. چونکە لەژێر هەر یەکێ: لە شیعرە بڵاوکراوەکاندا ناوی ئەو کەسەو شوێنەکەی، کە شیعرەکەی ناردووە نووسراوە.

بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیمان و بەراوردکردنی ئەو تێکستانە لەگەڵ دیوانی شاعیرەکاندا دەمانگەیەنێتە ئەوەی، کە هەندێ جیاوازی لە نێوان ئەو تێکستانەو ئەوەی لە دیوانەکانیانا بڵاوکراوەتەوە هەیە. دەتوانرێ ئەو تێکستانە بکرێن بە بنچینە بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕووی مێژووییەوە پێش دیوانەکانیان چاپ و بڵاوکراونەتەوە. بۆ نموونە لە تێکستی بڵاوکراوەی شیعری (زوڵفت بە قەت دا..)ی **نالی** لە ڕۆژنامەی کوهستاندا وا هاتووە لە دیوانەکەیدا وا نووسراوە، ئەمە دەتوانرێ سەرنجی تازەی لێ بدرێتەوە.

لە ڕۆژنامەکەدا:

**زوڵفت بە قەدت دا کە پەرێشان و بڵاوە**

**ئیمرۆ لەمنی بە شیفتە ئاڵۆزو بەداوە**

**مانی نیەتی قووەتی تەصویری برۆی تۆ**

**ئەو قەوسە بە دەستی موتەنەفیس نەکشاوە**

**هەر جێگەو جۆگەیەکی کەوا سوور و سوێر بێ**

**جێ جۆششی گریانی منەو خوێنە ڕژاوە**

---

[١٧١]: نامەی کوهستان، ژ(٣٥)، ١٩٤٥،ل٣.

[١٧٢]: محمد علی کوردی، مدارس کردستان عراق، نامەی کوهستان، ژ(٧٩)، ١٩٤٦، ل٦.

**بۆچی نەگریم سەد کەڕەتم دڵ دەشکێنی**

**بۆ مەی نەڕژێ شوشە لە سەد لاوە شکاوە**

**سۆزی دڵمە باعیسی تاوی کوڵی گریان**

**مەعلوومە کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە**

**هەرچەند کە ڕووتم بە خوا مایلی ڕووتم**

**بێ بەرگییە عیللەت کە هەتیو مەیلی هەتاوە**

**نالی وەکو زوڵفت کە موتیعی بەری پێتە**

**تێکی مەشکێنە بە جافا مەینێرە لاوە**[١٧٣]

جیاوازییەکان لە هەردوو دیوانەکەی (نالی) لە لایەن دکتۆر مارف خەزنەدار[١٧٤] وە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عبدالکریم[١٧٥] دا بەم شێوەیە:

| د. مارف خەزنەدار | مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس |
|---|---|
| مەی بۆ نەڕژێ | بۆ مەی نەڕژێ |
| شووشە | شیشە |
| هەرجۆگەو جۆباری | هەر جۆگە وە جێگێکی |
| گریانی منە، | گریانی منەو |
| تێکی مەشکێنە | تێکی مەشکێنە، |

ئەمە بێجگە لەوەی لە هەردوو دیوانەکەدا بەیتەکان پاش و پێش خراون، هەر وەکو سەرنج دەدەن، چەند بەیتێکیش لە دیوانەکاندا هاتووەو لە تێکستی بڵاوکراوەی ناو ڕۆژنامەکەدا نییە، هەروەکو بەیتی:

**عومرێکی درێژە بە خەیاڵی سەری زوڵفت**

**سەوداو پەرێشانم سەودایەکی خاوە**

١٧٣: نامەی کوهستان، ژ(٢)، ١٩٤٥، ل٥.

١٧٤: د. مارف مەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل١٠٤.

١٧٥: مەلا عەبدولکەریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، دیوانی نالی، ل٥٣٢.

د. عیزەدین دەڵێ:

**(باش بیرمە باوکم (سەفوەت) و بێخود بە شیعرە کلاسیکیەکانی ناو کۆهستانەوە خەریك دەبوون. بە تایبەتی بۆ (نالی) ئەو چەشنە بەراوودەیان دەکرد لەگەڵ ئەوەدا کە خۆیان لەبەریانبوو)*.**

ژمارەیەکی زۆر شیعری شاعیرانی نەناسراو لەناو ئەدەبی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە، کە هەندێکیان بەهرەو شارەزایی زۆریان پێوە دیارەو لێکۆڵینەوە بە خۆیانەوە هەڵدەگرن و زۆربەشیان هی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بەتایبەتی بارودۆخی دوای دووەمین جەنگی جیهانی و دامەزراندنی کۆاری دێمۆکراتی کوردستان لە مەهابادو پەشێوی و نائارامی و جەوری حەمە ڕەزا شا لە دوای ڕووخانی کۆماردا. بۆ نموونە **(غەرقی سەقزی)** دەڵێ:

**کوردینە بەسە بێهونەری حەیفە وەهابن**
**مەهتوك و پەرێشان و خەفەتبارو گەدابن**
**دواکەوتنی ئێوە سەبەبی جەهل و نیفاقە**
**کەم نۆکەری بێگانەو بێقەدرو بەهابن**[١٧٦]

بێجگە لە شیعری نیشتمانی و سیاسی، زۆر نموونەی غەزەل بڵاوکراونەتەوە، کە هەندێکیان شاعیرانی ناسراوی ئەدەبی کوردین وەکو (نالی، سالم، کوردی، مەحوی، مەستوورە، ئەدەب. حەمدی، شێخ ڕەزا، ئەحمەد موختار جاف، تاهیر بەگی جاف، شوکری فەزلی، مەولەوی، بێسارانی، هەژار، هێمن، بێکەس، کاردۆخی، زێوەر، کەیفی، ناری، موخلیس، حاجی قادر، وەفایی، فانی، قانع، بەنگینە..) و هەندێکیشیان ئەوسا کەمتر ناسراو بوون، لەوانە(شپرزەی سەقزی، زاری، حەریف، شێواوی، گاهیری هاشمی، سالار سەعید، شێخ جمیل ضیاء الدینی، شێخ محمدی حسامی(عاشق)، حامد، مەنهووبی، جەوهەری).شێخ محمدی حسامی (عاشق) پێنج خشەکیەکی لەسەر غەزەلێکی (ناری) داناوە سەرەتاکەی وا دەست پێدەکات:

**دوو ماری پەرچەمی من دیم لە هەردوو لاوە پەخشینە**
**دوو چاوی نەرگسی مەستی بە بێ سورمە کەوا شینە**
**تەماشاکەن وتم ئەم بەزم و بادە بەخشینە**
**لەبەر تیژی موژدەی بێ مروەتی ئەو شۆخە نەخشینە**
**لە هەرجێ دەنگی یا تەلقینە یا سینە یا شینە**[١٧٧]

---

[١٧٦]: نامەی کوهستان، ژ(٢٠)،س١،١٩٤٥، ل٥. هەروەها نموونەی شیعری نەتەوەیی زۆرتریش بڵاوکراونەتەوە ، بڕوانە: ژ (٣٥)، س ١، ١٩٤٥.

[١٧٧]: نامەی کوهستان، ژ(٥٦)، س٢، ١٩٤٦، ل٣.

هەروەها (**جەوهەری**) دەڵێت:

**سـەیلی ئەشـکم وا کـە دەبیـینی دەمـا دەم جاریـە**
**لـەت لـەتی جەرگـە بـە چـاوما دێ کـەوا گوڵناریـە**
**عاقڵم ئـەمما لەبـەر عەشـقی وەتـەن مـەجنون سـیفەت**
**ڕۆژە دەنـــاڵم شـــەو پـــەژارو کاروبـــارم زاریـــە**

تا لەکۆتاییدا دەڵێت:

**جەوهـــــەری بیســــتوومە دیکتـــــاتۆری گـــــۆڕی گـــــوم بـــــووە**
**گـــــەر درۆ بـــــێ چـــــارەمان ئـــــەم جـــــارە هـــــەر ناچـــــاریە**[178]

**ب-ڕەخنەی ئەدەبی:**

ڕۆژنامەی (نامەی کوهستان)، گشتگیری بووەو هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کوردی لەو سەردەمە ناسکەی دووەمین جەنگی جیهانیدا گرتۆتەوە. لێکۆڵینەوەلە بنـەماو مێـژووی ئەدەبی کوردیش جێگەیەکی دیاریان لەسەر ڕووپەڕەکانی گرتۆتەوە هەر وەکو لە یەکەمین ژمارەی هەفتەنامەکەدا هاتووە، کە گرنگی بە زەوق و سەلیقەی ئەدەبی کوردی دەدات.

لە ژمارەی (١٧)ی ڕۆژنامەکەدا بە شێوەی (**ئەنجومەنی ئەدیبان**)ی ئەمین فیضی بگ باسی ژیانی سـالم و خێزان و کەس و کارو لە دایك بوون و مردنی دەکات و نموونەیـەکی شـیعری هێناوەتـەوە. لـەژێر شیعرەکەیشـدا نووسراوە کە ئەم زانیارییانە کاك **مصـطفی** نـژادی لـە مـەهابادەوە بـۆ ڕەوانـە کـردووین. ئـەم زانیارییانـە بـۆ نووسینەوەو لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی بەکەڵکن. لە وتارەکەدا هاتووە:

**(ناوی سالم عبدالرحمن بەگـە، کـوڕی محەمـەد بـەگی قـەرە جەهەننـەم، کـوڕی ئەحمـەد بـەگی ساحێبقڕانەو ئامۆزای(کوردی)یە، ئەڵێن لە پێشا لەقەبی ڕەنجـووری بـووە، یـەکێ ئـەڵێ بیمـار بووە،..) پاشان دەڵێ: (وەکو خزمەکانی گوتوویانە سالم لە ساڵی ٣٢١ی کۆچی لە دایك بووەو لە ساڵی ١٢٨٦ی کۆچیش وەفاتی کردووە. نووسەر فامیلیـای سـاحێبقڕانی کوردسـتانی ئێرانـە. فامیلیای سالم لەگەڵ سالمدا ئەغلەب چوون بۆ ئێران بۆ سـەردانی خزمـەکانیان بـەڵام لـە پـاش ڕووخانی حکومتی بابان لەگەڵ فایلیاکەیا ئەچنە ئێران و لە تاران زۆر دەمێننەوە وە سالم کچـی سلێمان ئاغای ئەلیاس ئاغا بوو و پورێکی ئەبێ نـاوی ئامینـە خـان ئـەبێ زۆر شـاعیرەیەکی مەشهورو پڕ زەوق ئەبێ..هتد).**

[178]: نامەی کوهستان، ژ(١٥)، ١٩٤٥، ل٥.

**تیکا کەی گەر بە چاو فیتنە ئەنگیز**
**دەکەن زاهید لە دوعا تەرکی پەرهیز**
**ئەگەر شابم دەبەخشم وەختی خەندەت**
**بەهیندو خاڵی تۆ شیرازو تەورێز**[179]

هەوڵێکی ڕەخنەیی بەناونیشانی (**ئەدەبیاتی کوردی، وەصف و تەشبیە لـە هەڵبەسـتدا**) بڵاوکراوتـەوەو لـە کۆتایی وتارەکەشدا نووسراوە (بەشوێنی ئەمەدا دیسان ئەنووسین) (سنە: ناصر آزا، آزاد پور).

ئەم هەوڵە دەستپێشخەرییە، کە لە ڕووی مێژووییەوە دەکەوێتە پێش کتێبی (**مێژووی ئـەدەبی کـوردی**)، (عەلائەدین سەجادی) یەوە، نووسەر لە ڕێگەی پێشاندانی وێنەی شیعری شاعیرانی کۆنی کوردییەوە لە پوختی و ڕازاوەیی شیعری زمانی کوردی دەدوێ و ڕادەی سەرکەوتوویی شاعیرانی کورد لە بەکارهێنانی خەیاڵی شـیعری و زمانی شیعری دەست نیشان دەکات. لەو نووسینەدا، نووسەرەکەی هەوڵی داوە کەرستەکانی لێکچـوو و لەوچـوو بدۆزێتەوەو ئەندامەکانی لەشی یار لێکچواندنی شیعری شاعیرانی کورد دیاری بکات بۆ نموونـە لـە وەسـفی قـژی یاردا، دەڵێ:

ئێستا سەرنج بدەن توێژێکی قسە خۆش و خاوەن دڵی کورد لە قژەوە چۆن تاریف ئەکا:

| | |
|---|---|
| **زوڵفی لوول نەبوو زوڵفی لوول نەبوو** | **گادرێژ، گاگرنج، گا مەفتول نەبوو!** |
| **وە لەپ بماڵی جـــــەلا بدەی پی** | **لاوە ئەو زوڵفە مـــــن بێزارم لی!** |

بەهەمان شێوە بۆ وەسفی برۆو چەناگەو چاوو برژانگ و دەم و کوڵم نموونەی شیعری شاعیران دێنێتەوە[180].

لە ژمارە (٤٤)دا بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی لە نووســنی نووســەری فەڕەنسـی **لوســی پـۆل مارگرێت و کامەران عالی بەدرخان** دەربارەی مێژووی ئەدەبی کوردی و وەرگێڕانی (جێمز) بـە زمـانی فارسـی نووسراوەو پاشان لە ژمارەکانی تردا ڕەگینی کوردستان و زمانی کوردی و قارەمانیەتی و هەندێ لایەنی مێژوویی کوردەوە نووسیوویانە[181].

لەو لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە:

**(شیعری کلاسیکی کوردی لە سەدەی دەیەمەوە دەست پێدەکـات و گەشـە دەکـات، ئەگەرچـی هەندێ کۆسپ لەو ڕێگەیەشدا هەبوون، بە تایبـەتی لـە ڕووی دەمـارگیری سیاسـی و داخرانـی**

---

[179]: نامەی کوهستان، ژ(١٧)، ٢٨ خردادماه ١٣٢٤، ل٥.

[180]: نامەی کوهستان، ژ(١٨)، ٤تیرماه، ل (٤-٥).

[181]: ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (بررسی در شعر و ادبیات کردی)یە، بە واتای (لێکۆڵینەوە لە شیعرو ئەدەبیاتی کوردی)و لە ژ(٤٤-٤٨)، ٥١،٥٣،٥٥دا بڵاوکراوەتەوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرجەمەی سەر زمانی عەرەبی کراوە، بڕوانە لوسی پول مارگریت و ك. أ. ب، دراسە فی الشعر الکردی، تعریب رفیق حلمی، بغداد، ١٩٣٩

**دەرگای هەندێ خوێندنگای میللی لە هەندێ ناوچەدا، کەچی ئەو بزاڤـە قارەمـانی و حەماسـە سەرایییەی عەلی تەرمۆکی حەماسەسەرا لە سـەدەی دەیەمـدا دەسـتی دایـێ، ئـەمڕۆیش هـەر بەردەوامە.**

**لە ڕاستیدا، ئەم شاعیرە بە تواناو ئەدیب و زاناو نووسەرە بەرزە بـە چـەندین شـێوەی جـوداواز شیعری هۆنیوەتەوەو بە دەستەوا ژەیەکی ڕاستتر ڕووخساری ڕاستەقینەی ئـەدەبیاتی کـوردی نووسیوەو دەستووری زمانی کوردی داناوە**[١٨٢]

باس لە (**مەم و زین**)ی خانی دەکات، دوای ئەوە دەڵێت: (ئیسماعیل [١٨٣] لە سـەدەکانی (١٧و١٦) بـووە جێنشینی ئەو، بە ئەڤینی بێسنووری خۆی بۆ سروشت و ئامادەیی بـۆ تێگەیشـتن لـە هێمـاو وردەکارییـەکانی و ئاهەنگی جۆش و خرۆش و جوانی خۆی لە بەرهەمە نەمرەی (قەسـیدەی گـوڵان)دا وەدیـارە خسـتووە، کـە لـە شیعری لیریکی کوردیدا داهێنانەو گەیشتۆتە چڵەپۆپە.

دوای مردنی مورادخان[١٨٤] لە سەدەی هەژدەیەمدا دەوری شیعری کلاسیکی کوردی کۆتایی پێ دێت. پاشان لە سەدەی نۆزدەیەمدا. (حاجی قادرو شێخ ڕەزاو مەولەوی) وەرگرتووەو بە کـورتی لـە بـارەی ژیانیانیـەوە نووسیوویەو شیعرە بەرزەکەی (حاجی قادر)یان لە وەسفی بەهاردا تەرجەمە کردووەو پێیان وایە، کە حـاجی قـادر دیوانێکی شیعری بەناوی (میللەتی من)ەوە هەبووەو لای **میر عبدالرزاق بەگی بەدرخان** بووەو کـە نـاوبراو لـە موسڵ بە دەستی عوسمانییەکانەو کوژراوە، ئەو دیوانەیان سووتاندووەو پاشان بەشێکی کەم لە شیعرەکانی لەم لاو لەولا کۆکراوەتەوە.

لە ڕاستیدا ئەم زانیاریانە، تا ئێستا ساغ نەبوونەتەوەو ڕادەی ڕاست و دروستیان نەسەلمێندراوە.

### ب-کوهستان و هونەری وتار:

مەبەست لە (وتار) لێرەدا وتاری ڕۆژنامەوانییە ،کـە پارچـە نووسـینێکە، لـە ڕووی زۆرییـەوە، زۆر درێـژ نەبێت و بە دەوری مـەبەستێکی سەرەکید بسووڕێتەوەو نووسەر ڕازی خۆی تێدا دەردەبڕێ و لە یەکێ لە بوارەکـانی ژیانی ڕۆژانە دەدوێ و لە ڕۆژنامەیەکدا بڵاودەکرێتەوە.

---

[١٨٢]: نامەی کوهستان، ژ(٤٥)، ١٥ بهمن ١٣٢٤،، ل٧.

[١٨٣]: هەروەکو لەپەڕاوێزی وەرگێڕەکەدا هاتووە:

(ئیسماعیل یەکێ لە شاگردانی ئەحمەدی خانی یە لـە قوتابخانـەی نـاوبراودا خوێندوویـەتی و دوای مردنـی ئەحمـەدی خـانی لـە قوتابخانەی ناوبرادا بۆتە جێنشینی وی و ماوەی ٢٠ ساڵان بە زمانی کوردی دەرسی وتۆتەوە).

[١٨٤]: لە پەڕاوێزی وتار، کە داهاتووە(موراد خان خەڵکی شاری بایەزیدە لە تورکیاو لـە نێـوان سـاڵانی ١١٥٠-١١٩٠ کۆچـیدا ژیاوەو زیاتر شیعرەکانی غەزەل و شیرنن).

(وتاری رۆژنامەوانیی کاردانەوەیــەکی ڕاســتەوخۆی ئــەو ڕووداوو گفتوگۆیانەیــە کــە نووســەر ڕووبــەڕوویان دەبێتەوە، یادگارییەکانی دەنووسێتەوەو سەرنجە هەڕەمەکییەکانی دەخاتە ڕوو بێ ئــەوەی پشــت بــە سەرچــاوەی زانستی ببەستێ، زۆربەی کات نووسەر لە خستنە ڕووی باری سەرنجیدا پشــت بــەو زانیــاری و بــیرورا کۆبــووەوەی مێشکی خۆی دەبەستێت، بڕوانین سەرباری ئەوەی کە پێویستییەکی ڕۆژانەی کۆمەڵگای نوێیە)[185].

پێناسەی وتار بە چەندین شێوەی جیــاواز کــراوە. بــەڵام بــە شــێوەیەکی گشــتی زۆربــەیان لەســەر ئــەوەن لێکۆڵینەوەیەکی بەرایییە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێك لە ڕووی ناوەڕۆکەوە وتار، بەسەر وتاری سیاسی و کۆمەڵایــەتی و ئایینی و ئەدەبی (هونەری) و وەسفی دابەش دەبێت.

ئەو وتارانەی لە هەفتەنامەی (کوهستان)دا بڵاوکراونەتەوە، هەموو جۆرەکانی گرتۆتەوەو بە پلــەی یەکــەم وتاری سیاسی و مێژوویی و ئەدەبین.

ئەگەرچی (نامەی کوهستان) ڕۆژنامەیەکی هەفتانە بوو، بەڵام بڵاوکردنــەوەی وتــارو هەواڵــەکانی گــەرماو گەرم بوو و تازە بوون و ئەو وتارو هەواڵانە لە ڕۆژنامــەکانی دیکــەی ئێرانــدا بڵانەکراونەتــەوە، چــونکە هــەواڵی شارەکانی دیکەی ئێرانی بڵاونەکردۆتەوە، تــەنیا لــە چوارچــێوەی (ســنەو مــەهابادو بانــەو بۆکــانو مــەریوان و هەورامانو لوڕستان و گەیلان غەرب و کرماشان و قەسری شیرین) و شارو شارۆچکەکانی دی کوردســتان نەچــۆتە دەرەوە، واتا هــەمو لاپــەڕەکانی بــۆ ژیــانی ناوچــەکانی کــوردەواری تــەرخان کــردووە. تۆمــارێکی زینــدووە بــۆ نووسینەوەی مێژوویی لە ڕۆژگاری دووەمین جەنگی جیهانی لە کوردســتانی ڕۆژهەڵاتــدا. لــە تایبــەتی ڕۆژگــاری زێڕینی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان لە مــەهاباداو بــۆ ڕۆژگــاری بــەر لــە دامەرزانــدنی (کۆمــاری دێمــۆکراتی کوردســتان١٩٤٦) و ســەردەمی کۆمــارو ڕووخــانی کۆمــاردا دۆکیــۆمێنتێکی بەکەڵکــەو بــە وردی بــە دوای چالاکییەکانی ئەو سەردەمەدا چووە لە هەمو ڕوویەکی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە.

لەڕووی سیاسیەوە، هەر لەیەکەمین ژمارەوە(٢شنبە ٧ اسفند١٣٢٣ - دووشەمە٧ی ئاداری ١٩٤٤) تا دوا ژمارەی (٨٤ کە لەبەر دەست دایەو لە دوشنبە ١٢ اسفندماه ١٣٢٥ — ٣ی مارسی ١٩٤٧) زۆر ناونیشــانی گرنگ سەربارەت بەو ڕۆژگارە بەرچاو دەکەون، وەکو:

- مەسەلەی مەهاباد- ژ١
- سەربەخۆیی کورد- ژ١٢
- گاڵتە بە میری مەهاباد مەکەن- ژ١٥
- مەهاباد جیانابێتەوە- ژ٢٩
- قازی محەمەد ڕابەری فیرقەی دێمۆکراتی لە تاران- ژ٦٢
- هێرشی هێزەکانی دەوڵەت بۆ سەر کوردان مەهاباد- ژ٥٤

---

[185]: الدكتور زكي الصراف، المقالة الصحفية في الأدب الفارسي المعاصر، ص ١٨٧.

- چارەنووسی بارزانییەکان- ژ٧٦
- پەیماننامەی نێوان ئازەربایجان و کوردستانی باکوور- ژ٥٤

ئەمە بێجگە لەوەی چەندین وتاری سیاسی گرنگ دەربارەی سیاسەتی دەربارەی ئێران و ناوچەکە بەرچاو دەکەون، زۆریش ڕۆژنامەی (نامەی کوهستان) بەرپەرچی نەیارانی کوردی داوەتەوەو لە بارەی سیاسەتی عێراق دەرهەق بە کوردو هەڵبژاردنی ئەو سەردەمەی ئێران و پێویستی لەبەرچاو گرتنی دەوڵەتی مەرکەزی ئێران بۆ کوردستان بۆتە باس و سەروتاری ڕۆژنامەکە.کاتێ حکومەتی تاران هێرشێکی بە یارمەتی فرۆکە و تان کبۆ سەر لەشکری کۆماری دێموکراتی کوردستان برد، ڕۆژنامەی کوهستان هاواری لێ هەڵساوەو بە مانشێتێکی گەورە لە ژمارە(٥٤)ی خۆیدا نووسیوویەتی: (جنگ در کردستان- شەڕ لە کوردستان) بە شێوەیەکی دیپلۆماسیانە هەواڵی شکانی هێزەکانی دەوڵەتی ڕاگەیاندوەو دەڵێ لەو هێرشەدا دەوڵەت زیانێکی زۆری لێکەوتووەو ژمارەیەکی زۆر لە چەك و تەقەمەنی و چەند لاسلکی کەوتۆتە بن دەستی کوردان. پاشان بۆ ئەوەی خۆی بەرپرسیار نەکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەگەرچی سەرچاوەی هەواڵەکە جێگەی باوەڕە بەڵام ئومێدەوارین ڕاست نەبێت و دەوڵەت بە ڕەسمی ئەم هەواڵە بە درۆ بخاتەوە. پاشان لە هەمان سەروتاری خۆیندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە چەندین جار و لە ژمارەکانی پێشوودا داوامان لە دەوڵەت کردت بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەری مەسەلەی کوردستان بکات و تەنانەت داوامان لە سەرەك وەزیران کرد بە لایەنی کەمەوە با کابینەکەت دوو وەزیری کوردی تێدا بێ بۆ پرس و ڕا و تەگبیر[١٨٦].

لە پێناو بووژاندنەوەی هەست و هوشیاری نەتەوەیی و ناسینی ڕابوو، ڕۆژنامەکە ژمارەیەکی زۆر وتاری مێژوویی لە بارەی ڕیشەو نەژادی کووردو شۆڕش و میرنشینە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، بەو ئومێدەی کە هەر نەتەوەیەك تا خۆی نەناسێت ناتوانێت هەنگاو بۆ پێشەوە بنێت. لە یەکەمین ژمارەوە بە ئەڵقە کتێبی (کوردو کوردستان)ی ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد مەردۆخی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە[١٨٧]. هەروەها بە (٢٤) ئەڵقە کتێبی (شۆڕشی ئاگری داغ یان وەقائعی ئارارات)ی کتێبی (**القضية الكردية**)ی بلەچ شێرکۆوە تەرجەمە کردووەو بڵاوکردۆتەوە[١٨٨]. کتێبی (نهێنییەکانی بارزان) یان (اسرار بارزان)ی بە (١٢) ئەڵقە بڵاوکردۆتەوەو پاشان وەکو نامیلکەیەکی سەبەخۆ لە لایەن ڕۆژنامەکەوە چاپ و بڵاکراوەتەوە[١٨٩].

کتێبی (**مێژووی ڕیشەی نژادی کورد**)ی ئیحسان نوری پاشا بە چەند ئەڵقەیەك بڵاوکراوەتەوە[١٩٠].

---

[١٨٦]: بڕوانە: ژ٥٤ ،١٦ی اردیبهشت ١٣٢٥ (١٩٤٦/٥/٦). هەروەها ژ(٩)، (١٤)، (٢٠)، (٤٤)، (٤٩)، (٥٠)، (٥١)، (٥٢)، (٥٣)، (٦٦).

[١٨٧]: بڕوانە: ژ ١-٨٤.

[١٨٨]: بڕوانە: ژ١٥-٣٨.

[١٨٩]: بڕوانە: ژ٦٧-٧٩.

[١٩٠]: بڕوانە: ژ٦٠-٨٤ پاشان وەکو کتێب لە تاران چاپکراوە، بڕوانە احسان نوری، تأريخ ريشه نژادی کرد، چاپخانه سپهر، تهران، ١٣٣٣.

هەروەها بە دوو ئەڵقە کتێبی (کوردستان کورد اختلاللری)ی عەبدولعەزیز یامولکی کورت کراوەتەوەو خراوەتە ڕوو[191].

(**ئیراهیمی نادری**) هەندێ لە ناودارەکانی کتێبی (مشاهیر الکرد و کردستان)ی **ئەمین زەکی بەگی** وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، هەمان وەرگێڕ لە گۆشەی (ناودارانی کورد)دا لە گۆڤاری گەلاوێژەوە ژیاننامەی چەند کەسێکی تەرجەمەی فارسی کردووە، لەوانە (ئەمین زەکی بەگ)[192].

چەند وتارێکیش لە بارەی بارودۆخی کورد لە عێراقدا بڵاوکراوەتەوە، کە هەندێکیان بە قەڵەمی کەسانی ناسراو نووسراون. لەوانە وتارێکی (**ئیحسان نوری پاشا**) یە بە ناونیشانی (پاداشی کوردی عێراق) و بابەتێك بە ناونیشانی (مەسەلەی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا). کە لە ڕۆژنامەی (لۆژور)ی فەرەنسییەوە وەرگیراوە دکتۆر وثوقي تەرجەمەی کردووە[193].

وتاری کۆمەڵایەتی وەکو جۆرەکانی دی وتار بەرچاو دەکەوێت. ڕۆژنامەکە هەوڵی داوە بەشداری لە چاکردنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستاندا بکات و بچێتە نێو کێشەکانیان و داواکانیان بگەێنێتە بەردەم لێپرسراوان، بەتایبەتی ئەو وتارو ڕاپۆرتانەی لە لایەن هەواڵنێرانی ڕۆژنامەکەوە لە شوێنە جیاوازەکانی کوردستانەوە پێی گەیشتوون.

دەربارەی گرنگی خوێندن و خوێندەواری و یارمەتی دانی خەڵکی هەژارو چاك کردنی سیاسەتی دەوڵەت بۆ جوتیاران و کشتوکاڵ و چاکرنی ڕێگەوبان و ئازادی ڕۆژنامەوانیی، ئەم مەسەلانە لە وتارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

لەژێر سەردێری (چەند یادگارێکی تاڵ)دا لە بارەی کۆچی دوایی مەحمود خانی کانی سانان لە چەند کیلۆمەترێك لە دووری تاران لە یەکێ لە نەخۆشخانەکانی سیلداراندا لە بەرەبەیانی پێنجشەممەی ١٣٢٤/١٢/٢٧ی هەتاوی دا وەکو قارەمانێکی ناچەی مەریوان کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی ناوچەکە غەم و پەژرارەی خۆی دەردەبڕێت و بەئاشکرا ڕەخنە لە سیاسەتی دەوڵەت دەگرێت و هێرش دەکاتە سەر مشەخۆرو پیاوانی سەربازی کە لە ماوەی ڕابردودا نەیاندەهێشت کەسانی وا بە ئازادی لە ناوچەکەی خۆیاندا ژیان بەسەر ببەن و هەوڵ دەدەن شیرازەی کۆمەڵایەتی تێك بدەن[194].

خاتوو (**روقیەی قادری**) لەگوندی سەروکانی لاهیجانی مامش وتارێکی دەربارەی (ئەرکی نەتەوەیی دایکان) نووسیووەو داوا لە دایکانی کورد دەکات بەهەر جۆرێك بێت هەوڵی ئەوە بدەن منداڵەکانیان فێری زمانی نەتەوەیی خۆیان بکەن.لە پەرەگرافێکدا دەڵێ:

---

[191]: نامەی کوهستان، ژ(٥٢-٥٥)، ئاوریل و مایسی١٩٤٦.

[192]: نامەی کوهستان، ژ(٥٧)،٦ی خرداد ١٣٢٥ (٢٧ی مایسی ١٩٤٦).

[193]: نامەی کوهستان، ژ(٥٦)،٣٠ اردیبهشت ١٣٢٥، ٢٠ی مایسی ١٩٤٦.

[194]: نامەی کوهستان، ژ(٦٦)، ٢١ی ئۆکتۆبەری ١٩٤٦.

**(بنچینەی نەتەوایەتی زمانە، دایکان دەبێ بۆ جێگیر کردنی ئەم کۆڵەکە زانسی یە تێبکۆشن. بەر لەوەی فێری زمانی تریان بکەن دەبێ‌خۆیان بناسن و بە بەهاترین یادگارییەکانی باووباپیران بە ڕۆڵەکانیان بناسێنن)[١٩٥].**

لە دوا لاپەڕەی ژمارە(١٨)دا، عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار)، لە (بۆکان)ەوە لە وتارێکدا کە لە شێوەی نامەدا بۆ سەر ڕۆژنامەی(نامەی کوهستان)ی ڕەوانە کردووە ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە قەدەغەکردنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەردەبڕێ و هیوای ئەوە دەخوازێ زیاتر گرنگی بە زمانی کوردی بدەن، قورئان و ئایینی ئیسلام جەخت لەسەر گرنگی زمان دەکاتەوەو بەهریەکی خواییەو ئاماژە بۆ سورەتی(٣٠) لە ئایەتی (٢١) دەکات، کە دەڵێ: (ومن آیاتە خلق السموات و الارض و اختلاف السنتکم والوانکم ان في ذلك لآيات للعالمين) لە پەرەگرافی کۆتاییدا دەڵێت:

**(ڕێگرتن لە بەهرەکانی خواوەندو ململانێ لەگەڵ سروشت لە هیچ زەمان و لە هیچ شوێنێك و بۆ هیچ کەس مەیسەر نەبووەو نی یە، بێت ئەو بیروباوەڕە تاریك و ڕزیوانە بخاتە ڕوو و پەڵەیەکی ناشیرن بخاتە سەر قورئانی پیرۆز و یاسای بنچینەیی، هۆی قەدەغە کردنی زمانی کوردی نەدانی ئیمتیازی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی و کۆسپ خستنە بەردەم خوێندن بە زمانی شیرینی کوردی چییە؟! ئەگەر دەوڵەت ئامادەی لێ وردبوونەوەو لێکۆڵینەوە بێت. ئێمە بە ئاسانی دەتوانین بیسەلمێنین، کە هەر هەنگاوێك بۆ زمانی کوردی بهاوێژێ نەوەکو هەر زیانی نییە بەڵکو دەبێتە هۆی هاندان و ئومێدی گشت کوردان)[١٩٦].**

لە بارەی ڕێنووس و زمانی کوردییش چەند وتارێك بڵاوکراوەتەوە، کە هەموویان بە زمانی فارسین. **(حەسەنی قزڵجی)** لە بۆکانەوە لە بارەی وتارێکی پێشووی ڕۆژنامەی (نامەی کوهستان) بە ناونیشانی (کورتە مێژوویەکی نووسین لە زمانی کوردی) نووسیووەو تیایدا ئەوەی روون کردۆتەوە، کە هۆی پێشنەکەوتن و جێگیر نەبوونی زمانی کوردی لەوەدانی یە هەروەکو لە وتارەکەدا هاتووە، کە زۆری شێوازەکان بێ لە زمانی کوردیدا، بەڵکو تەنیا گوشارو بەبێنك گرتنی بێ سنووری ستەمکاران بووە، وتارەکەی وا کۆتایی پێ دێنێ:

**(ئەگەر کۆتایی ئەویش ڕەش و سپی بێت و جیهانی مرۆڤایەتی سەرکەوتووبێ لەوەی دادی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی ڕاستەقینە بەرقەرار بکات و نەتەوەی کوردیش لەبواری فەرهەنگ و چاپەمەنیدا ئازادی ببێت ئەوجا قەدرو قیمەتی ئەم زمانە ئاشکرا دەبێت و دەردەکەوێ، کە**

---

[١٩٥]: نامەی کوهستان، ژ(٤٣)، ١ی بهمن ١٣٢٤.

[١٩٦]: نامەی کوهستان، ژ(٢١)، ٢٥ی تیرماه ١٣٢٤، ئەم وتارە لە لایەن بەندەوە کراوە بەکوردی، بڕوانە: گ نووسەری نوێ، ژ١٩٩٨،٤،ل ٥٨-٦٠.

**هۆی پێش نەکەوتنی زمانی کوردی بە تەنیا بەرتەسك کردنەوەو گوشارە بۆتە هۆی کەموکووڕی و پێ نەگەیشتوویی)**[197].

لە ژمارە (٤٥)دا، وتارێك بە ناونیشانی (**سیاسەتی زمان**) نووسراوەو تیایدا بەرپەرچی (عباس اقبال) دەداتەوە کە ەل گۆڤاری (یادگار)دا بلاوی کردۆتەوەو زمانی کوردی بە یەکێ لە دیالیکتەکانی ئێران لەقەڵەم داوەو پێی وایە خاوەنی ئەدەبێکی ڕاستەقینە نین و هیچ کاتێ زمانی کوردی دەوڵەتێکی بە توانا نەبووەو ئەمڕۆش لە دەرەوەی سنووری ئێراندا دەوڵەتێکی بە توانا نی یە یەکێ لەو دیالێکتانە زمانی ڕەسمی بێت (مەبەست تەبەری و گێلەکی و لوڕی و کوردی- هیمداد)، بۆیە دەوڵەت ناتوانێت سیاسەتێکی تایبەتی بەرامبەریان هەبێت)[198].

ڕوژنامەکە وەڵامێکی درێژی داوەتەوەو بە چەندین بەڵگەی بە هێزەوە زمان و ئەدەبیاتی کوردی بۆ ڕوون کردۆتەوەو پەژارەیی خۆشی پێشان داوە بەرامبەر بەوەی ڕۆشنبیرێك نکۆڵی شتی ئاسایی بکات ،دەڵێ:

**(بە پێچەوانەوە ئێمە لەو باوەڕەداین کە دەوڵەت دەبێ سیاسەتێکی ئەوتۆی هەبێ، کە بەچاوێکی کراوە لێکۆڵینەوەیەکی تەواوی هەموو لایەنەکان بکات کاروباری ڕۆژانەو ڕووداوەکانی پێشو لەبەرچاو بگرێت)**[199].

لە کاتێکدا، کە باری تەندروستی لە سەرانسەری ئێران لەو ڕۆژگارەدا ناهەموار بووەو ژمارەی نەخۆشخانەو پزیشك ئێجگار دەگمەن بووە[200]، بێگومان ڕۆژنامەکە لە بلاوکردنەوەی وتاری زانستی و لە سەرووی هەمووشییانەوە وتاری تەندروستی لە پێناو ساغ و سەلامەتی هاولاتیان و بە تایبەتی لایەنی پەروەردەیی و ڕێنمایی بۆ مندالانی ساوا درێغی نەکردووە[201].

## ت-ئەدەبی فۆلکۆری کوردی:

---

[197]: نامەی کوهستان، ژ(١٨)، ٤ی تیرماه ١٣٢٤.کوهستان، ژ(٢١)، ٢٥ی تیرماه ١٣٢٤، ئەم وتارە لە لایەن بەندەوە کراوە بەکوردی، بڕوانە: گ نووسەری نوێ، ژ ٤ ، ١٩٩٨،ل ٥٨-٦٠.

[198]: نامەی کوهستان، (ژ٤٥)،١٥ بهمن ١٣٢٤.

[199]: سەرچاوەی پێشوو، ل١. هەروەها دەربارەی زمانی کوردی زۆر بابەتی تر بلاوکراوەتەوە، لەوانە:

ناصر آزاد پور، زبان کردی، ش٦١.

جیمز، يك بحث علمی در اطراف زبان و ادبیات کردی، ش٦٢، ١٠ تیر ١٣٢٥(١ی ژوئیە ١٩٤٦).

[200]: لە بارەی باری تەندروستی ئەو ڕۆژگارە کریس کۆچێرا دەڵێ:

(لە ٢٧ی فیورییەی ١٩٤٣دا هەزار جۆرە نەخۆشی تیفۆس لە شاردا دەبیندراو نەخۆشخانەکان مەبەست بەوەی کە دکتۆرەکان و پەرستارەکان تووشی نەخۆشی نەبن داخرابوون)، بڕوانە:

د. قاسملو، کوردستان و کورد، ل ٣٦-٣٧.

[201]: بۆ وێنە بڕوانە: ژ(٢)، (٦)، (٨)، (١١)،.. هتد.

سەرنووسەری ڕۆژنامەکە چەند جارێك ئەوەی دووپات کردۆتەوە، کە ئـەم ڕۆژنامەیـە گرنگـی بـە کاروبـاری ناوچەکانی کوردەواری دەدات و دەنگێکی دلێرانەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنـانی کودرو ئەوانـەی دەیانـەوەێ ڕاستی بشێوێنن و خەریکی دووبەرەکی و لەبەین بردنی گەلی کوردن و سەرگەرمی شێوانی کلتووری کوردین، بـۆ ئەو مەبەستە هەندێ جار لە نێوان چوارگۆشەیەکی بچووکا نووسراوە: (**کوردان بناسن و ئێوەش بە خەڵکی تری بناسێنن**). بۆ زیاتر ناسینی ڕابردووی کوردو فەلسەفەی کوردو بۆچوون و ئەزموونی چەند ساڵەی بیری کوردی کـە خۆی لەنێو پەندی پێشینان و داستان و بەیت و هەقایـەتی کـوردی و بەشـەکانی دیکـەی فۆلکلـۆری نەتەوەییـدا دەدۆزێتەوە، پیشان دراوە.

ڕۆژنامەکە لە ژمارە (٢٢)دا داوا لە خوێنەران دەکات، کە چاکی مەردایەتی لێ هەڵماڵن و بـەیت و بـالۆرەو پەندی پێشینان و کەلەپوری کوردی بنووسنەوەو بۆ ڕۆژنامەی ڕەوانە بکەن، دەڵێت:

**(چەندین داستانی شیرینمان بە زمانی کوردی هەن، کە پێیان دەگوترێت (بەیت)، کـە زۆربـەیان دەتوانرێت بە شاکاری پەخشانی کوردی لە قەڵەم بدرێن، لە ڕووی ناساندنی توانای مانی کوردی و فراوانی زاراوەکانیدا پێویستە ئەو بەیتانە بخرێنە بەردەم گشت خەڵکی، بۆیە داوا لەو کەسانەی، کە پەیوەندارن بەو مەسەلەیەوەو ئەوانەی ئەو داستانانەیان ئەزبەرە یان دەستنووسی بە خەت یان چاپکراویان لەبەر دەست دایە، داوایان لێ دەکەین بێ بەریمان نەکەن.. هتد)**[٢٠٢].

لەژێر ناونیشانی (**پێشینان گوتویانە**)دا ژمارەیەك پەندی پێشـینانی کـوردی، بـە شـێوە زارە جیاوازەکـانی (ئەردەڵانی، قرچـانی، کـەلهوڕی، مـەهابادی) بڵاوکراوەتـەوە. لـەژێر پەندەکانیشـدا نـاوی ئـەو کەسـانەی ،کـە پەنـدەکانیان نـاردووە لەگـەڵ شـوێنەکەی بڵاوکراوەتـەوە. هـەر لـەو گۆشـەیەدا لـەژێر هـەر یـەکێك لـە پەنـدە کوردییەکاندا تەرجەمەی فارسیشی دەگەڵدا بڵاوکراوەتەوە.

لە ژمارە (٣٦)دا هاتووە:

١-گا لە گاگل بڕیا، یا گورگ دەیخوات یا دز ئەیوات.

گاو کە از گاوگل جدا شد، یا گرگ میدرد یا دزد میبرد.

٢-پرسیان لە روی لە کوێوە تێت؟ وتی لە حەمام، وتیان دیارە وە دو کتا.

از روباە پرسیدند از کحا میائی گفت از حمام. گفتند از دمت پیداست.

٣-برا لە پشت برا بێ، مەگەر باکی لە خوا بێ.

برا در اتکاء بر برادر داشتە باشد مگراز خدا بترسد[٢٠٣].

هەروەها بە شێوازی (قوچانی) چەند پەندێك بڵاوکراوەتەوە، لەوانە:

١- چی وە چیا ناکەفی، ئادەم و ئادەم دەکفی.

---

[٢٠٢]: نامەی کوهستان، ژ(٢٢)، ١ ی مردادماە ١٣٢٤.

[٢٠٣]: نامەی کوهستان، ژ(٣٦)، ٥ اذر ١٣٢٤.

کوه بکوه نمیر سد ادم بادم میرسد.

٢-خەدی چی دەوێنی بەرفی ئەبارێتێ.

خدا کوه را میبیند برف بر ان می بارد[٢٠٤].

هەر ئەم پەندانە لە شێوەی کرمانجی خوارووردا بەم شێوەیە دەوترێت:

١- کێو بە کێو ناگا، ئادەمی بە ئادەمی ئەگات.

٢-خوا تا کێو نەبینێ بەفری تێناکا[٢٠٥].

هەندێ جاریش شاعیرەکان بە تایبەتی (**شپرزەی سەقزی**) پەندی پێشینانی بە هۆنراوە نووسیووەتەوەو بڵاوی کردۆتەوە، هەروەکو:

پێشینان ئەڵێن کە ڕەش هەر ڕەشە

کەسێ نووستوو بێ لە حەق بێ بەشە.

ئەڵێن دۆمێکیان کرد بە یوزباشی

لە پێشدا سەری دایکی خۆی تاشی[٢٠٦].

محمدی **قاضی**(قازی محمد) بە ناویشانی (**گەنجینەی گرانبەهای ئەدەبیاتی کورد**)ەوە وتارێکی درێژی بە سێ ئەڵقە بە زمانی فارسی بڵاوکردۆتەوە[٢٠٧]. لە پێشەکیدا گلەیی لە سیاسەتی ڕژێمەکانی ئێران دەکات، کە هەمیشە کۆسپ و ڕێگر بوونە لە بەردەم بڵاوبوونەوەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردیدا.

نووسەر ئەدەبی کوردی بەسەر دوو شێوەدا دابەش دەکات:

**أ-ئەدەبیاتی نووسراو بە خامەی نووسەرانی کورد.**

**ب-ئەدەبیاتی میللی و فۆلکلۆری.**

ناوەڕۆکی وتارەکەی زیاتر بە دەوری گرنگی کۆکردنەوەی بەیتە کوردییەکاندا دەسووڕێتەوە، بە تایبەتی هەندێ یادگاری مامی و یارمەتیدانی (ئۆسکارمان)ی ڕۆژهەڵاتناس لە ناوچەی موکریانێ بۆ کۆکردنەوەو تۆمار کردنی بەیتە کوردییەکان دەگێڕێتەوەو ئاماژەیشی بۆ دەوری عبدالرحمن بەکری موکریانی کردووە، کە یارمەتی داوە.

ڕۆژێکیان لەژێر سێبەری دار بی دا، ئۆسکارمان لەگەڵ مامیدا کە بە داستانی (**لاس و خەزاڵ**)دت دەچوونەوە، ئەوەند کاری تێکردبوو وەکو یەکێ لە حەژمەت جۆش و خرۆشی دەروونیدا وەکو شێت هەڵسایەوە و دەستی بە سەماکردنێ کردو گوتی:

---

[٢٠٤]: نامەی کوهستان، ژ(٤٨)،١٦ اسفند ١٣٢٤.

[٢٠٥]: شێخ محمدی خاڵ، پەندی پێشینان، ژ٢، ل١٨٩ ،٣٥٦.

[٢٠٦]: نامەی کوهستان،ژ(٤٥)، ١٥بهمن ١٣٢٤، ل٨.

[٢٠٧]: نامەی کوهستان، ژ (٦٣-٦٦)، ١٣٢٥(٨ی ژوئیە١٩٤٦).

**(ئێوە کورد قەدری ئەو بەیتە گرانبەهایە نازانن، خوا ئاگای لیّ یە نە (شکسپیر) و نە (دانتی) و نە (گۆتە) و نە (شیلەر) و نە (هۆگۆ) و نە (لامارتین) و نە (پووشکین) هیچ یەکێکیان بەو جوانی و ناسکیە شیعری نەگوتووە)**[٢٠٨].

بەیتی (لاس و خەزاڵ) یەکێکە لەو بەیتە فۆلکلۆرییانەی، کە **ئۆسکارمان** لە موکریانیّ، کۆی کردۆتەوەو لە لایەن (محمدی قاضی) یەوە لە ڕۆژنامەی کوهستاندا بڵاوکراوەتەوە تەرجەمەی زمانی فارسیشی کردووە، بەیتەکە درێژە، بەڵام لێرەدا بۆ چۆنیەتی شێوازی گێڕانەوەی بەیتەکە نموونەیەك وەردەگرین:

**(ئەحمەد ئاغای باڵەکی چی کوڕی نەبوو، مەحموود ئاغا برای وی بوو، ئەوەش چی نەبوو.**

**هەردووك ژنیان عامیلەدار بوو.**

**خودا لاسی دایە ئەحمەد ئاغای، خانزادیشی دایە مەحموود ئاغای، لە یەکیان مارەکردن لاس و خانزاد. دایکی نێوی شە بوو)**[٢٠٩].

لە کۆتاییدا دەتوانین گرنگیی و پایەی ئەم ڕۆژنامە هەفتانەیە (نامەی کوهستان) وادەست نیشان بکەین:

نامەی کوهستان، تۆمارێکی زیندوو و دەوڵەمەندی ڕۆژگاری خۆیەتی لە ستەم و سیاسەتی چەواشەکاری دەوڵەت بەرامبەر بە کوردو لە هەواڵەکانی هاواری خەڵکی زەحمەتکێش و هەواڵەکانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان لە مەهاباد (١٩٤٦)دا.

نامەی کوهستان، دەورێکی باڵای بووە لە وشیار کردنەوەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگرنگیدان بە سامان و کەلەپووری نەتەوەیی و ئەدەبیاتی کوردی و مێژووی باو و باپیراندا.

لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانییەوە تا ڕادەیەکی زۆر لە چاو ڕۆژگاری خۆی پێشکەوتوو بووەو هەواڵنێرو ڕیپۆرتاژو سەروتارو چاوپێکەوتن و نەخشەسازی و زمانی ڕۆژنامەوانیی وکاروباری هاوڵاتیان و ئاگاداری و لایەنەکانی دی پێڕەو کردووە.

جەماوەرێکی زۆری لە ناوەوەو دەرەوەی ئێراندا هەبووە، بە تایبەتی ژمارەیەك لە ڕۆشنبیرانی باشووری کوردستانیش هاوکارییان کردووەو بەرهەمی خۆیان لەویّ بڵاوکردۆتەوە.

---

[٢٠٨]: نامەی کوهستان، ژ(٦٤)، ١٥تیر ١٣٢٥، ١٥ ژوئیە ١٩٤٦ل٣.

[٢٠٩]: نامەی کوهستان،٢٢ی تیر ، ژ(٦٦)،٢٨ی ئۆکتۆبەر ١٩٤٦،ل٣.

## باسی دووەم

## هاوکاری نووسەرانی باشووری کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەوانیی کۆماردا

ئەگەر بمانەوێ لە پێوندی ڕووناکبیرانی نێوان هەردوو پارچەی کوردستان لە باشوور و ڕۆژهەڵات بکۆڵینەوە، زۆر بەزەحمەت دەتوانرێ سەرەتاکانی ئەو پەیوەندیە دەست نیشان بکرێت. مێژووی هەزاران ساڵی کورد و فارس و تێکەڵاوی کەلتووریان و پێوەندی و هاوتەشی فەرهەنگی و ئایینی و سنووریان پێکەوە لە مەزەندەدا نییە. سەرەتا بازرگانی و تێکەڵاوی هەردوولا (باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و گەڕان بە دوای خوێندن و خوێندەواری ئایینی لە حوجرەو مزگەوتەکان و بڵاوکردنەوەی تەریقەت، دەکرێ بە هەنگاوی یەکەم و ڕەگ و ڕیشەیەك دابنرێ. خۆ خوێندنی ئەدەبیاتی فارسی و شاکاری شاعیرە گەورەکانی فارس لە حوجرە و مزگەوتەکاندا کاری ڕاستەوخۆی لە بەهرەو توانای شاعیرانی کۆنی کوردی کردووەو بە لاسایی کردنەوەی فۆرم و ناوەڕۆکی ئەوان بەهرەی شاعیرانی خۆمان شیعری کلاسیکی کوردی لە دایك بووە.

شیعری ئایینی کوردی بە شێوەی گۆران و (خانی) و (جزیری) و (نالی) و (سالم) و.. هتد نموونەی ڕاستی ئەم ڕایەن.

دەتوانین مێژووی پێوەندی ڕۆشنبیری لە سەردەمی نوێداو بە تایبەتی دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژێ. کاف)، بەتایبەتی لە نەخشی بنەڕەتی حیزبی (هیوا) لە کوردستانی باشوورو هەوڵدان بۆ یارمەتی دانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی لە دامەزراندنی کۆڕو کۆمەڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی خۆیاندا لە پێناو بەرزکردنەوەی هەست و هۆشی نەتەوەیی و خەباتی هاوبەش بۆ یەکتر نزیك کردنەوەی کوردان لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە.

حیزبی (هیوا) لە باشووری کوردستان، کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ڕووناکبیرو هوردە بۆرژواو ئەفسەرو بازرگان و کاسبکاری لە چواردەور کۆببۆوە، لەسەرەتای چلەکاندا (نەخشی بنەڕەتی هیوا لە پێش هەموو شتێك یارمەتی دان بە هەڵاتنی مەلا مستەفا لە شاری سولەیمانی لە ساڵی(١٩٤٣)بوو، بە دوای وی دا نەخشەی گرنگ ئەوەبوو کە پێك هاتنی (کۆمەڵەی ژ. ك) لە شاری مهابادی ئێران دا نەخش بگرێ)[٢١٠].

لە سەرتای چلەکاندا حیزبی هیوا (میر حاج ئەحمەد)، کە پێشتر ئەفسەرێکی عێراقی بوو، وەکو نوێنەری خۆی ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد بۆ ئەوەی لقی حیزبی (هیوا) لەوێ دامەزرێنێ یان بتوانێ پێوەندی و هاوکاری و ۆستایەتی لە نێوان حیزبی (هیوا)و سیاسی و ڕۆشنبیرانی ئەو ڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی بتوانن بە یارمەتی حزبی (**هیوا**) ئەوانیش لە دەوری ڕێکخراوێکی سیاس دا کۆببنەوەو لە کاتی پێویست دا کۆمەکی یەکدی بکەن.

---

[٢١٠]: کریس کۆچێرا، مێژووی کورد لە سەدەی ١٩-٢٠، ل٢٢١.

لە بارەی سەرەتای ئەو دامەزراندنەوە یان پێوەندییەوە، (**هەژار**) ڕای خۆی دەردەبڕێ:

**(لە پاش قەومانی شەهریوەرو هاتنی ڕوس بۆ مەڵبەندی موکریان، ئەفسەرێك لە لایەن کۆمەڵی هیوای کوردستانی بەردەستی عێراقەوە هاتۆتەوە سابلاغ و دەیەوێ کەسێك پەیدا کا گوێ لە ئامۆژگاری بگرێ. چەند ڕۆژێك لەم و لەو پرسیار دەکا، پێی دەڵێن زەبیحی دەم لەو مەسەلانە وەردەدا، زەبیحی حوسێنی پێ دەناسێنێ و چەند کەسێکیش سازدەدەن کە گوێ لەو ئەفسەرە کە ناوی میرحاجە بگرن یازدە کەس لە باغی سیسەی سابلاغ دەگەڵ میرحاج کۆدەبنەوە. لەسەر ئامۆژگاری ئەو، حیزری (ژ. ك) دادەمەزرێنن، سوێندنامەکەی دەنووسنەوە، پرۆگرامی حیزبی هیوا بە تۆزێك دەسکارییەوە دەکەنە پرۆگرامی ژ.ك)**[٢١١].

بێ گومان لە پێش ئەوەشەوە، خوێندەواری کوردی ئێران لە ڕێگەی ئەو قاچاچچیانەی لە سنوورەکاندا کاریان کردووە، نووسراوی کوردیان پێگەیشتووە، بەتایبەتی گۆڤاری (**گەلاوێژ**) لەو ڕۆژانەدا بە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بڵاوبۆتەوەو نووسەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە پەرۆشەوە خوێندوویانەتەوەو بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییان تێدا بڵاوکردۆتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی هەروەکو (**کەریمی حیسامی**)، دەڵێ:

**(لەنێو قاچاچچیەکانی سابلاغ میرزا حوسێن فروهر (حوسەینی زێڕینگەران) و مام ئەحمەد ئیلاهی بۆ هێنانی نووسراوی کوردی و بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی دەوری باڵایان هەبوو، هەر ئەم دەورە بوو کە لە کاتی کۆمەڵەی (ژ. ك)دا میرزا حوسێنی زێڕینگەران لە ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆمەڵدا دەورێکی سەرەکی هەبوو. لە ناچەی سندوس (قاچاچچی یەکانی) گوندی دەربەندی بە پشتیوانی شێخ جەلالی تاهیری کە نیشتمانپەروەرێکی ئازاو خەباتگێڕی دژی زوڵم و زۆری و سەرەڕۆیی ژاندرم و مەعموورەکانی حکومەتی بوو، کتێب و نووسراوی کوردی یان دەهێنا)**[٢١٢].

ئەم دوو کەسایەتییە، (**حسێن فروهر**) و (**ئەحمەدی ئیلاهی**) پاشتر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی (**ژێ. کاف**) و دامەزراندنی کۆماری دێمۆکراتی کوردستاندا دەوری دیاریان بووە. بێجگە لەوان چەندان قاچاخچی دیکەی باشووری کوردستان لە سەردەمی کۆماردا هەواڵ و دەنگ و باس و چاپەمەنی و نامەی کوردانی عێراقی ئەوێیان دەگەیاندەوە باشووریکوردستان و بە پێچەوانەشەوە. **عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەراج** نیشتمانپەوەرێکی ئەو سەردەمەی باشووری کوردستان، کە بەشداری کۆماری دێمۆکراتی کوردستانی کردووە، وا پێدەچێ:

**(ئەوانە لەو ڕۆژانەدا دەوری پۆستەچی یان ئەبینی بۆ کەسانی وەکو ئێمە، چونکە لە ڕێگەی ئەوانەوە نامەمان بۆ ئەهات و نامەمان بۆ کەس و کارمان ئەنارد، جگە لەوە لە گەڕانەوەیاندا بۆ کوردستانی عێراق هەواڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی ئێرانیان ئەدا بە گوێی خەڵکداو جار جارە گۆڤارو ڕۆژنامەو پەرتوکی کە تازە دەرچوو بوو لەگەڵ خۆیاندا بردەوە، ئەکەوتنە بەردەستی**

---

[٢١١]: هەژار، چێشتی مجێور، ل٦٠.

[٢١٢]: کەریمی حسامی، پێداچوونەوە، ل ١٤٢.

**لاوانی کوردی عێراق، منیش بەو قاچاخچییانەدا نامەم بۆ کەس و کارم ناردو کتێب و پەرتوك و گۆڤاری کوردی ئەو کاتەی عێراق کەلای برادەران دەست ئەکەوت خۆشم کاتی خۆی گـەلێك لـە چاپەمەنیانەم لە ماڵەوە لە سلێمانی بەجێهێشتبوو، داوای ئەو چاپەمەنیانەم کردبوو، کاریـان ڕاست بێ، لە گەڕانەوەدا، لەگەڵ خۆیان هێنایـان کـەلێنێکی گـەورەیان پڕکردبـووەوەو، بـەلای کوردەکانی ئێرانەوە جێگاو ڕێزی تایبەتیان هەبوو)[٢١٣].**

حیزبـی هیـوا، دوای پێوەنـدی کـردن لـە ڕێگـەی (میرحـاج)ەوە بڕیـاری دامەزرانـدنی کۆمەڵـەی (ژێ. کـاف) هاوکارییەکە ڕۆژ بە ڕۆژ پتەوتر دەبوو.

لەم ڕووەوە ئیگلتۆن نووسیویەتی:

**(بۆ وتووێژ لە بابەت ئاواتە موسترەکەکان وە هەروەها لێکۆڵینەوە لەسەر پرۆگرامەکانی داهاتووی کوردان، لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی هیوا لە مانگی مارسـی ١٩٤٤ کۆمەڵـە موحەممـەد ئـەمینی شـەرەفی نـاردە کـەرکوکێ، نوێنـەرەکانی وێ بـریتی بـوون لـە: ئـەمین ڕەوانـدزی- عیـززەت عەبدولعەزیز،موستەفا خۆشناو، شێخ قادری سولەیمانی، سەید عەبدولعەزیز گەیلانی وە ڕەفیـق حیلمی. لە دوای چەندن مانگان لە هەواڵەکانی هاوینی ساڵی ١٩٤٤ لقـی حیزبـی سـولەیمانی، ئیسماعیل حەققی شاوەیس و عوسمان دانش بۆ وەڵام دانەوەی موقابیل وەپێداگرتن لەسەر پەیمان کە بۆ جاری دووهەم نارده مەهابادێ. لە ماوەی ساڵ و نیوێکی دوایی، هەمزە عەبدوڵڵا وە وردی لە عێراقێ، قەدری بەگ نەوەی جەمیل پاشای دیاربەکر لە سووریا ڕا وە قازی مەلا وەهاب لە تورکەڕا بۆ دیتنی ڕێبەرانی کوردت وە هەروەها بۆ باسـکردن لەسـەر مەسـەلەی سـنوورەکانی خودموختاری هاتنە مەهابادێ) [٢١٤].**

لقی باشووری کوردستانی کۆمەڵەی (ژێ. کاف)، بەسەر پەرشتی (ئیراهـیم ئەحمـەد) بـەڕێوە دەچـوو، لـە بـارەی چۆنیەتی دامەزراندن و ئەندامە چالاکەکانی ئەو لقە،ئیبراهیم ئەحمەد دەگێڕێتەوە:

**(لە ڕۆژی دانراوا ١٥ کەسێ لەماڵی مامۆسـتا ئیسـماعیل (مەبەسـت لـە ئیسـماعیل حـەقی شاوەیسە-هیمداد) کۆبووینەوە، بە داخەوە هەر ناوی ئەمانەیم لە بیر ماوە.،: (١) کـاك سـدیق شاوەیس برای مامۆستا، (٢) شاعیری نیشتمانپەروەر ناودار کاکا فایەق بێکـەس، (٣) خـاتوو بەهێ مارف، (٤) حەمە عەلی مەدهۆش بەرگدروو و شاعیری ناسراو، (٥) کاك عـەزیز مـیرزا ساڵح بەڕێوەبەری قوتابخانەی هەڵەبجە. لە کۆبوونەوەکەدا پاش وتووێژێکی ڕێکوپێك بە گشـتی**

---

[٢١٣]: عولە، ساڵێك بوو کورد ئازاد نەژیا، ل١٩-٢٠.

[٢١٤]: ئیگلتۆن، کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤، ب١، ل ١٠١، و. ف، ل٧٢.

ئیبراهیم ئەحمەد باوەڕی بەم پەیمانی (سێسـنوورە) نییـە، بڕوانـە عـەلی کـەریمی، ژیـان و بەسـەرهاتی عەبـدولڕەحمان زەبیحـی (مامۆستا عولەما) ل ٢٧٥-٢٧٦.

**دەنگ بڕیاردرا کە بە پێی داخوازی سەرکردایەتی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کـورد) لقـی (ژ. ك) لـە کوردستانی باشووردا دابمەزرێنن..)[٢١٥].**

لەپاش ڕووخانی کۆماری دیمۆکراتی کوردسـتان لقـەکانیش هەڵوەشـایەوە و چـوونە نێـو ڕیزەکـانی پـارتی دێمۆکراتی کورد(عێراق)، کە پاشان بوو لە پارتی دێمۆکراتی کوردستان.

هەر لەو ڕۆژانەیشدا (قازی محەمەد) وەك کەسایەتیەکی ڕۆشنبیرو خوێنـدەوارو ناسـراوی کـورد، ئاگـای لـە نووسراو و بڵاوکراوەکانی ئەو ڕۆژانەی باشووری کوردستان هەبووەو لە ڕێگەی قاچاخچی یەکانەوە پێوەندی دەگەڵ حیزبی (هیوا)دا هەبووەو نووسراوەکانی ئەو کاتەیان لـە بـۆ ڕەوانـەکردووەو لـە بـارەی ئایینـدەی کوردسـتانیش بیروڕایان گۆڕیوەتەوە.

کوڕی ڕەش (عەلی قازی)، کوڕە تاقانەکەی پێشەوا لەم بارەیەوە دەڵێ:

**(لە پێشدا مەرحومی بابم لەگەڵ حزبی هیوا پێوەندی هەبووە. بە بیرم دێ ماڵێ مە ئەشکەوتێکی تێدا بوو هەموو ڕۆژنامەو گۆڤاری حزبی هیوای تێدا دانرابوون، مەرحومی بابم بەردەوام لـەڕێی چەند بازرگانێکی عێراقی کە هامشۆی ئێرانیان دەکرد پێوەندی بە هیواوە هـەبوو، بـە داخـەوە نێوەکەم لەبیر نەماوە کە حاجی یەکی کۆیی بوو زۆر جار دەهاتە مەهاباد ئـەو رابگـی وی بـوو لەگەڵ حزبی هیوا)[٢١٦].**

دوای ئەوەی کۆمەڵەی (ژێ. کاف) بە تەواوی جێگەی خۆی گـرت و دۆسـت و لایـەنگری زۆر بـوو و تـوانی چاپخانەیەکی بچکۆلانە بۆ بڵاوکراوەی خۆی پێك بێنێ، دوای ئەوەی هەوڵی زۆریدا تا تـوانی گۆڤـاری نیشـتمان) چاپ و بڵاوبکاتەوە، پێوەندییە ڕۆشنبیرییەکەی بە تایبەتی لە بواری نووسین و خوێندەواریدا زێـتر بـوو. بـە هـۆی بارودۆخی سیاسی باشووری کوردستان،کە لە زووەوە پێوەندی دەگەڵ ڕۆژنامەو گۆواری کودریدا هەبوو و لـە ڕووی خوێندنی قوتابخانەشەوە لە زووەوەو بە تایبەتی لە سەرەتای ئەم سەدەیە و پاشتر لەگەڵ دروسـت بـوونی دەوڵـەتی عێراقدا لە قوتابخانەکانی کوردستاندا بە زمانی کـوردی دەخـوێنرا، ئەمـە وایکـرد کـە ڕۆشـنبیرانی ڕۆژهـەڵاتی

---

[٢١٥]: سـدیق سـالح، مامۆسـتای نـەمر ئیـبراهیم ئەحمـەد بـە خامـەی خـۆی، ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، ژ٢١٢٧، س٩،٢٣/٤/٢٠٠٠،ل ٩.

حوسێن مەحەمەد عەزیز، پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەد دا، ل ١٠.

هەروەها ئیبراهیم ئەحمەد لە بارەی ناوی لقەکەیش دەڵێ: (لقی کوردستانی عێراق بوو، نەك سلەیمانی، چونکە ئێمە تەنزیمان لـە زاخۆ، لە شەقلاوە، لە دهۆك، لە هەولێر، لە جێی وا دوو سێ تەنزیمان بوایە تەنزیمان دروست ئەکرد). بڕوانە:

عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)، ل ٢٦٣.

[٢١٦]: عبدالرحمن مصطفی، کوڕی ڕەش چەند لاپەڕەیەکی کۆماری کوردستان هەڵدەداتەوە، ڕۆژنامەی کوردسـتانی نـوێ، ژ٣٩٠، س٢، ١٩٩٣/٥/١٧، ل ٣،٦.

کوردستان سوود لە ئەزموونی ئەو مامۆستاو بڵاوکراوە کوردییانەی باشووری کوردستان وەربگرن. دەربـارەی ئـەو هاوکارییە (**هێمن**) وەهای ڕوون کردۆتەوە:

**(ئێمە یانی ئەو پۆلە لاوەی لە زەمانی پەهلەوی یەوە یەکترمان گرتبوو و دۆستانە پێکەوە کارمان دەکرد. مەیدانمان بۆ ئاوەڵا بۆوە و چالاکی خۆمان پەرە پێدا. دەمـان نـاردە عێـراق ڕۆژنامــەو گۆواری کوردیان بۆ دەهێناین و دەمانخوێندەوە. من شیعری خۆم و شیعری شاعیرەکانی ترم بـە خەت بۆ لاوەکان دەنووسییەوە و بڵاوم دەکردنەوە. دڵشادی ڕەسووڵی لە عێراقەوە هاتبۆوە. ئـەو ئیملای کوردی لە هی ئێمە باشتر بـوو و خەتیشـی خۆشـتر بـوو. زۆریشـی شـیعری بێکـەس و پیرەمێردو ئەحمەد موختار جاف و حەمدی لەبەر بـوون و بەخـەت بـڵاوی دەکردنـەوە. گـۆواری گەلاوێژ ڕۆڵێکی باشی دیاری کردو لاوەکانمان فێری کوردی خوێندنەوە بوون)**[217].

(هەندێ لە ئەندامە چالاکەکانی کۆمەڵە، ئەوانەی دەستی نووسینیان هـەبوو، بەرهەمـەکانی خۆیـان لـە گۆڤـارە کوردییەکانی چلەکاندا بڵاودەکردەوەو بە تایبەتیش لە گۆڤاری (گەلاوێژ)دا.

وتارەکانی (**ئیبراهیمی نادری،دڵشادی ڕەسووڵی، تۆفیقی ئـەمینیان، طـاهـری هـاشمی،**.. هتـد)[218].بەرچـاو دەکەوێت. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەو ڕۆژانە گۆڤـاری نـاوبراو لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتاندا بەهـەرمێن بـووە، تەنانەت گۆڤاری نیشتمان نووسیویەتی:

**ئــەر نــەبێ چــراکەی "نیشــتمان"ی خۆشەویســت**
**دەیدەکــەم لــێڵاوە دەردو داخــی کــەس نادینمــە**
**تیشــکی ڕۆژی"نیشتمان"شمشــێری عالــەم گیرمــە**
**شەعشــەو ورشەی"گەلاوێژ"چــاوی گــێتی بینمــە**[219]

---

[217]: هێمن، تاریك و ڕوون، ل١٩.

[218]: سەیری ئەم وتارانە بکە:

أ.ف. نادری، پێکەنین و گریان، گ گەلاوێژ، ژ(١٢،١١)، ١٩٤٢، ل٥٩-٦٢.

تۆفیق ئەمینیان، خەوێکی خۆش، گ گەلاوێژ، ژ٣، ١٩٤٤، ل٤٩-٥٠.

محمد صدیق مجتهدی، ڕێی نەجات و گەورەیی، گ گەلاوێژ، ژ٨، ١٩٤٤، ل١٧-١٩.

ابراهیم نادری، ئەی خەو، گ گەلاوێژ، ژ٨، ١٩٤٤،ل٥٦-٥٩.

یدالله رضائی، سەی یاقو مایەشتی، گ گەلاوێژ، ژ٦، ١٩٤٤، ل ٢١-٢٥.

طاهر هاشمی، بە یادی نیشتمان (شیعر)، گ گەلاوێژ، ژ٧، ١٩٤٤،ل ٣١-٣٢.

[219]: گ نیشتمان، ژ(٩،٨،٧)، ل١.

بەتایبەتی لە باشووری کوردستانیشدا گۆڤاری (گەلاوێژ) لە لایەن ئەندامانی حیزبی (هیوا)وە سەرچاوەیەکی باشی خۆ ڕۆشنبیر کردن و تێگەیشتن بووە.

هەندێ لە نووسەرو ڕۆژنامەنووی و شاعیرانی باشووری کوردستان دوای هەواڵی دامەزراندنی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێ کەوتن بۆ ئەوەی دەوری نیشتمانی خۆیان لەوێ ببینن، بە تایبەتیش لە سەرەتای دامەزاندنیدا کۆمار زۆر پێویستی بە مامۆستای قوتابخانەو ڕۆشنبیران هەبوو تا دام و دەزگاکانی فێرکردن و ڕاگەیاندنی کۆمار بەڕێوە ببەن.. ئەو نووسەرو ڕووناکبیرانە دەتوانین بەسەر دوو دەستەدا دابەشیان بکەین:

١-ئەوانەی چوون بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەوریان بینیوە.

٢-ئەوانەی لە باشووری کوردستانەوە بەرهەمیان بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە نووسیووە.

سەبارەت بە دەستەی یەکەم. سەعید ناکام و وردیو قانیع و عوسمان دانش و عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەڕاج و کەریم زەندو یحیی چروستانی و ئەنوەر دڵسۆز و مەغدید سۆران..هتد [٢٢٠].

(**سەعید ناکام**) ئەگەرچی خۆی بەئەسڵ کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو مەهابادی یە،بەڵام پاشان پەڕیوەتەوە باشووری کوردستان. لەر لە دروست بوونی کۆمەڵەی (ژێ. کاف) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوکاتە بە فەقێیەتی یەوە خەریك بووە. (**هێمن**) دەڵێ:

**(ئەلفوبێم لە خزمەت مامۆستا سەعید ناکام خوێند. کە ئەو دەم مێرد منداڵ بوو.. مامۆستا ناکام نەك هەر سامی لە خوێندن شکاندم. بەڵکە تێیگەیاندم خوێندن خۆش و شیرینە. پێش ئەوەی ئەلفوبێم پێ بناسێنێ. بزنۆکەو مەڕۆکەی حوسێن حوزنی ئەوەندە بۆ خوێندمەوە هەمووم لەبەر بوو. کتێبی ئەنجوومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزی مان هەبوو. شیعرە گاڵتەکانی شێخ ڕەزای فێر دەکردم. لەبیرم قەسیدە درێژەکەی عاریف سابیم کەوا دەس پێ دەکا: (ئاوارەیی خاکی وەتەن و سەریرو سەفا) لەسەر ڕا بۆ خوارێ لەبەر بوو. وەك تووتی دەمخوێندەوەو لە مانای نەدەگەیشتم)** [٢٢١].

دوای ساڵانێك لە تەمەنی خۆی (ناکام) کە لە کاری چاپەمەنی و بە تایبەتی کارکردتن لە چاپخانەکەی حوزنی و پیرەمێردو هاوکاری پیرەمێرد، لە دوای دامەزراندنی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان، بە پەلە خۆی گەیاندەوە مەهابادێ و بە هۆی ناسراوی و ناوبانگی و شارەزایی لە کاری ڕۆژنامەوانیی و چاپخانەدا جێگەی شیاوی خۆی لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستاندا وەرگرت.

(ناکام) خۆی دەگێڕێتەوە:

---

[٢٢٠]: عولە، ناوی (٥٢) کەسی دەست نیشان کردووە، لە کوردستانی باشوور، کە بەشداری کۆماری کوردستانیان کردووە: بڕوانە: عولە، سەربازێکی ون لە تاکە کۆمارەکەی کوردا، یادداشتی عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەراج، ل٢٠-٢١.

[٢٢١]: هێمن، تاریك و ڕوون، ل٥-٦.

**(ئەوەی ڕاستی بێ لەو وەختەی کە کۆماری کوردستان دامەزراو ڕۆژنامەی (کوردستان) بڵاوبووەوە، ئەهات بۆ عێراقیش، کە ئەهات خەڵك بە نەوعێکی عەجایەب ئەیان قۆستنەوەو ئیان خوێندەوە، پێیان زۆر خۆش بوو. ئەوە کیانێك دامەزراوە بۆ کورد لە مەهاباد. ئەوانەی ڕۆژنامەکەیان ئەبرد بە ڕێگاوەو ئەیان نووسی لەو پلەو مستەوایەدا نەبوون کە خەڵك چاوەڕوانی ئەکرد. لەبەر ئەوە بە هەموو لایەك وایان بە باش زانی کە بچم خۆم بگەیەنمە مەهاباد و بتوام هاوکاری لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیە بکەم)**[٢٢٢].

هەروەها بەردەوام دەبێ:

**(..ئەو وەختەی من چووم بۆ مەهاباد و لە (کوردستان)دا دەستم بە ئیش کرد، تەنها فریای ئەوە ئەکەوتم لەوێ ئیش بکەم، بۆ؟ چونکو جگە لەوەی نووسەر بووم، ئیداری چاپخانەکەشم بەدەستەوە بوو،کرێکارەکانیش هەموو تازە هاتبوون و فێر ئەبوو، لەگەڵ ئەوانیش ئیشم ئەکرد)**[٢٢٣].

ئینجا لە بارەی ژمارەو سەرنووسەری ئەو سەردەمەی ڕۆژنامەکە لە پێش خۆیدا، ئەڵێ:

**(پاشان هەر لەو ڕۆژنامەیەدا هەندێ شیعرو نووسینی خۆی بڵاوکردۆتەوە. دەمەوێ لێرەدا، هەڵوەستەیەك لە بارەی ئەو پەرەگرافانەی چاوپێکەتنەکەی (ناکام)ەوە بکەین، ئەویش ئەوەیە، ڕێی تێ ناچێ ئەو پیاوە، سەید محەمەدی حەمیدی ئەوەندە کۆڵەوار بووبێ،کە لە سەرەتاوە تا ژمارە نەوەدی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی لە ئەستۆ گرتبێت و نووسینی خۆشی تێدا بڵاکردبێتەوە، بە تایبەتی کە پێشتر لە کوردستانی باشوور بووەو ئاشنای ئەدەبیات بووەو فێری نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی و بە فارسی نووسین و وەرگێڕانی زۆری بڵاوکردۆتەوە. ئەمە بێجگە لەوەی، غەیری ئەم چاوپێکەوتنەی (ناکام) لە ڕۆژنامەکەو سەرچاوەی باوەڕپێکراوی تر ناوی بەڕێوەبەریەتی وسەرنووسەری ئەومان نەدیوە، تەنانەت (محمد شاپەسەندی)یش لە چاوپێکەوتنێکی خۆیدا، دەڵێ بەڕێوەبەری هونەری ڕۆژنامەی کوردستان من بووم**[٢٢٤].

**محمد تۆفیق وردی** (١٩٢٣-١٩٧٥ز) لە نووسەرە دیارەکانی سەردەمی کۆمارەو پێشتریش لە نێو حیزبی (هیوا)دا ئەندامێکی چالاك بووە. چەندین وتارو شیعرو چیرۆکی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە،کە لە بیبلۆگرافیای ڕۆژنامەوانیی ئەو سەردەمە لە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بەرچاو دەکەوێ.

(وردی)، وەکو مامۆستایەکی پەروەردەیی لە قوتابخانەکاندا دەرسی وتۆتەوە، چونکە لە ساڵی (١٩٤٤)دا لەگەڵ برادەرەکانی **نەریمان** و **کەریم زەند** خانەی مامۆستایانیان لە بەغدا تەواو کردبوو، هەروەها بەرهەمیشی بۆ بڵاوکراوەکان ڕەوانە کردووە. شایانی باسە سەرەتای کاری نووسنی (وردی) لەو نووسینانەوە دەست پێدەکات،

[٢٢٢]: قادر وریا، کوردستان، ل٩٤.

[٢٢٣]: هـ. س، ل٩٤.

[٢٢٤]: هـ. س، ل٩٧.

که له ڕۆژنامەی (**الاهالي**)دا بەزمانی عەرەبی دەربارەی کاری چەوت و بەرتیل وەرگرتنی فەرمانبەرانی حکومی لە قەلادزێ بلاوکردۆتەوە[٢٢٥]. دەرسەکانی (وردی) لە گۆڤاری (گڕوگاڵی منداڵانی کورد)دا سەرکەوتووانەو سەرنج ڕاکێشەرە، هەر جارەی دەرسێکی لە بارەی جوگرافیای کوردستان نووسیووە. شێوازی نووسینەکەیشی هەروەکو دەرس وتنەوەی ناو پۆل (کلاس) نووسیوو. مامۆستا پرسیار دەکاو شاگرد (خوێندکار) وەرام دەداتەوە:

**مامۆستا: کێ دەتوانێچۆمەکانی بەناوبانگی کوردستانی ئێرانمان بۆ بەیان بکا!!**

**شاگرد (دارا): من دەتوانم ،(١) سیروان: کە لە کوردستانی ئێران بەرەو کوردستانی عێراق دەڕواو دەڕژێتە چۆمی (دەجلە)..**[٢٢٦].

( **وردی**) بێجگە لە بەشداری کردن لە نووسنی دەرس و ئەدەبی منداڵان لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی ەو ڕۆژانەیشدا بەشداری کردووە، جا چ بە نووسین بێو چ بە وەرگێڕان بێ، چالاکیەکەی وایکردبوو ڕێزی تایبەتی لای دەستەی نووسەران و ڕووناکبیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێت، لە ژمارە (٢٥)ی ڕۆژنامەی (کوردستان)دا هاتووە:

(ئەم شیعرانە برای خۆشەویست وردی لە بابەت جێژنی نەورۆزەوە گوتویەتی:

**ئەڵێن نەورۆز هات دەشتی کوردەوار**
**زستانی دەرکرد هات بەرەو بەهار**
**مزگێنی لە لاو تەم لاچوو لەناو**
**یەکەم نەورۆزە کورد بۆتە دەوڵەت**
**دڕانی بەرگی دیالی و زیللەت**
**هەڵیکرد ئالای سەوزو سپی و سوور**
**ئەلەرێ شادە بەرزە دوور بە دوور)** [٢٢٧]

لەناو نووسەرانی باشووری کوردستان، کە بە زۆرترین نووسین بەشداری لە ڕۆژنامەوانیی کۆماردا کردبێ (**وردی**) یە. بە تایبەتی دوای ئەوەی (لەگەڵ هەندێ لە کاربەدەستانی فەرهەنگ (مەعاریف)ی وەکو دلشادی ڕەسوولی تێك چوو)[٢٢٨]، بە تەواوی وازی لەکاری مامۆستایەتی هێناوەو خەریکی نووسینی بابەتی ڕۆژنامەوانیی

[٢٢٥]: ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی، ژ٢٤، ١٩٩٢/٥/٢٤، ل٧.

[٢٢٦]: گ گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ژ٣، ل٦.

[٢٢٧]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٢٥، ١٩٤٦/٣/١٧.

[٢٢٨]: کەریم شارەزا، محەمەد تۆفیق وردی مرۆڤ و فۆلکلۆرناسی کورد، گ بەیان، ژ١٤٨، تەمووزی١٩٨٨، ل٨٠. هەروەها بۆ ژیانی وردی و زۆر لایەنی بەرهەمەکانی، لە هەمان ژمارەدا تۆمارێك لە یادی (وردی) نەمردا بلاوکراوەتەوە، کەزۆر ئەدیب و نووسەر بەشدارییان تێدا کردووە، لەوانە:

بووە. پاشتریش، کە گەڕایەوە عێراق بە هەمان تاقەت و توانا ژمارەیەکی زۆر نامیلکەی بچووکی لەبابەت فۆلکلۆرو ئەدەبیات نووسی و وەرگێڕا.

**قانیع**(١٨٨٨-١٩٦٥ز) شاعیری میللی، ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژگاری کۆماردا، بەکاری مامۆستایەتی یەوە خەریك بووەو پێش ئەوەی بڕواتە ئەوێ وەکو شاعێرێکی میللی ناسراو بووەو ئەدیب و نوسەرو کاربەدەستانی ئەوێ ناسیویانە.

**هێمن** دەڵێ:

**(پاش دووی ڕێبەندان و پێك هاتنی کۆماری کوردستان کوردەکانی پارچەکانی تری کوردستان ڕوویان لە مەهاباد کردو من و هەژار لەگەڵ هەموو پیاوە بەناوبانگەکان پێوەندی دۆستایەتیمان دامەزراند. مامۆستا قانیعیشم ناسی و لە ئەزموونی ئەدەبی ئەویش کەڵکم وەرگرت)**[٢٢٩] .

(**قانیع**) لە زۆربەی شیعرە نیشتمانی و کۆمەڵایەتیەکانی بە زمانێکی سادە و شێوازێکی ساکار گوزارشتی لە هەست و نەستی خۆی کردووەو ئەمەش وایکردووە کەلە ڕیزی شاعیرە میللی یەکان ناو ببرێت، بەڵام نەوەکو میللی بەو مانایەی کە شیعرەکانی لە ئاستی هونەری شیعریدا کزو لاواز بێ، نەخێر، بەو واتایەی لە ڕووی بەکارهێنانی زمانەوە لە کەش و هەوایەکی جەماوەری و لەنێو چینی جووتیارو پاڵەو زۆرینەی خەڵکدا بڵاوبۆتەوەو بە ئاسانی لێی تێدەگەن و دەماو دەم بەناو خەڵکیدا بڵاودەبێتەوەو ناوبانگ پەیدا دەکەن.

**د.عیزەدین** دەڵێ:

**(بەناوبانگترین شاعیری میللی هاوچەرخ (قانیع)ە، کە شیعرەکانی لەنێو جەماوەری جووتیاری کوردستانی عێراق و ئێراندا بڵاوبۆتەوە. (قانیع) لە زۆربەی شیعرەکانیدا مەسەلەی نەتەوەیی بەرجەستە کردووە، لەم ڕووەوە شیعرەکانی لە ڕووی ڕووخسارو بەهێزیدا لەئاستی شیعری کلاسیکیدایە. بە شێوازە میللی یەکەی خۆی کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەی جەماوەرو بە تایبەتی ژیانی جووتیارو پاڵەی کوردی دەربڕیوە لە وێنەکێشانی مۆنۆلۆژی ناخی جووتیاردا داهێنانی کردووە)**[٢٣٠].

بەر لە دامەزرانی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان، لە کاتی کۆمەڵەی (ژێ. کاف)دا چەند شیعرێکی نیشتمانی لەگۆڤاری (نیشتمان)دا بڵاوکردۆتەوە. لەوانە یەکێکیان بەناونیشانی (پاییزی نیشتمان)ەو تیایدا هاتووە:

---

محمود زامدارو عمر ابراهیم عزیزو مصطفی نەریمان و عبدالرزاق بیمارو کەریم شارەزاو حمە بۆرو کەریم زەند و د. شوکریە ڕەسوڵ و طارق جامبازو مەدحەت بێخەو و ئەحمەد تاقانە.

[٢٢٩]: هێمن، تاریك و ڕوون، ل٢٤.

[٢٣٠]: د. عزالدین مصطفی رسول، الواقعیة في الادب الکردي، ص ٥٤.

**ئەی وەتەن پاییز بەخێربێت چونکو ئیمڕۆ باوەمە**
**گەرم و ساردی فەسڵەکەت عەینەن دڵەی شێواوەمە**
**باڕەشت ئاهی دەروون و هەوری هەروەك چاوەمە**
**نم نمی باڕەش ئەبارێ وەك تکەی زوخاوەمە**
**شاخ و داخی تۆ نموونەی جەرگی هەڵقرچاوەمە**
**گێژەڵووکەی سەر ملانت وەك هەناسەی پڕ گرین**
**تەم لەسەر کوێستانەکانت دووکەڵی قەلبی حەزین**
**وشکە پووشی دەشتەکانت بەندی جەرگی ئاگرین**
**ساردی ئەشکەوت و موغارەت وەك دەروونی پڕ برین**
**بەرگە ڕێزانی درەختت عومرەکەی فەوتاوەمە**[231]

ئەو ڕۆژە کە بیستوویەتی کۆمارێکی سەربەخۆی کوردی دامەزراوە خاوەن ئاڵای تایبەتی خۆی، ئاواتی هاتۆتەدی و ڕووی لەوێ کردووە، لەگوندی (کەڵبەڕەزاخان) مامۆستا بووە،**هەژار** لەمیانەی قسە خۆشەکانی (قانیع)دا دەگێڕێتەوە، کە خۆی هەموو جارێ دەیگووت من لە (سەگی پێشەوا) مامۆستام[232].

عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەڕاج ناسراو بە (عولە)، دوای ئەوەی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا گەیشتونەتە کۆمار، لە خوێندنگای (گەلاێژ)دا دوو مانگێك خەریکی مامۆستایەتی و دەرس وتنەوەی زمانی کوردی بووە.
کۆماری دێمۆکراتی کوردستان بە بۆنەی دەرس خوێندن بە زمانی کوردی کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی لە خوێندنگای ناوبراو ڕێکخستووەو چەند شاعیرێك بەشدارییان تێدا کردووە، لە بارەی ئەو کۆڕە ئەدەبییەو ڕۆڵی خۆی لە یادداشتی خۆیدا نووسیوویەتی:

**(ڕۆژێکیان حکومەتی کوردستان بڕیاریدا سیمینارێك لە فێرگەی گەلاوێژ سازبدات. ئەوکاتە ئێمە لەوێ بووین، پێش ئەو بڕیارە بە دە ڕۆژێك ئەوەمان بیست کە مامۆستای شاعیر قانیع هاتووەو بەڵام پێش ئەوەی خۆی بگات پارچە شیعرێکی ناردووە، ئەو سیمینارە لە لایەن من و کاك عومەری هاوڕێم بەڕێوەبرا، بۆیە بە هەڵمان زانی شیعرەکەی مامۆستا قانیع بخوێنینەوە، ئێستەش یەك دوو دێڕی ئەو شیعرەم لە یاد ماوە ،کە دەڵێ:**

---

[231]: گ نیشتمان، ژ(٣،٤)، ل١٥. پاشان کە لە دیوانەکەیدا چاپکراوە هەندێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بڕوانە: دیوانی قانیع شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، برهان قانع کۆی کردۆتەوەو چاپی کردووە، ل ١٨١.
[232]: هەژار،چێشتی مجێور، ل١١٠-١١١

**سـەد شـوکر وا مـن نـەمردم تـا کـە دیـم ئـاڵایی کـورد**
**هـەر بـژی ئـاڵایی کـوردو پێشـەوای زانـایی کـورد**

**لەو سیمینارەدا بەڕێزان سەرۆك کۆمار و قازی موحەمەد، سەر لەشکری کۆمار مستەفا بارزانی و زۆربەی وەزیران و کاربەدەستانی دەوڵەت ئامادەبوون)[٢٣٣].**

هەروەها لە بارەی ڕێزلێنان و قەدر زانینی ئەو کۆڕە شیعرییەوە نووسەر بەردەوام دەبێ:

**(.. کەچووم بۆ بارەگای حزب، لەوێ وتیان پێشەوا خەڵاتی کردووی بەرانبەر ئەو شیعرەی خوێندووتەتەوە، ئیتر "٦٠"تومەن پوڵیان دامێ و بۆ بەیانی ڕۆژی ئایندەی لەگەڵ هەمان کابرای کە بانگی کردم بۆ بارەگا چوونە بازاڕ دەستێ ڕانکو چۆغەو جوتێ پێڵاویان بۆ کڕیم)[٢٣٤].**

لەبارەی ڕۆژانی مامۆستایەتی خۆی لە خوێندنگای (گەلاوێژ)یشدا دەڵێ:

**(لە پاش دوو ڕۆژ لە وەزارەتی فەهەنگەوە (پەروەردە) بانگکراین. لەوێ داوایان لێکردین لە فێرگەی گەلاوێژ وانەی زمانی کوردی بە قوتابان بێینەوە، چونکی مامۆستا شارەزای لە ئەلف و بێی کوردی کەم بوون بۆ ماوەی دوو مانگ بە باشی وانەی زمانی کوردیمان گوتەوە)[٢٣٥].**

پاشان بوو بە ئەفسەر و لەڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان تا ڕوخانی کۆمار خزمەتی کردووە.

**(کە بەڕێوەبەری ئەو قوتابخانە "گەلاوێژ"ە عوسمان دانش بوو. دانش لە هەڵکردنی ئالای موقەددەسدا تاقە کوردی عێراقی بوو وتاری خوێندەوە. جارێك لە (زەبیحی)م پرسی بۆچی لەناو هەمووواندا عوسمان دانش هەڵبژێررا،**

**وتی: چونکو ئەو پێوەندی کۆنی لەگەڵ ئێمەدا هەبوو، نوێنەری (ژ.ك) بوو لە سلێمانی).**

هەندێکیش لەوان بە تەنیا جارێك یان دوو جار بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە.

شەهید **محەمەد قودسی** (م. محمود) لە وتارێکیدا لە بارەی (خوێندن)ەوە وا دادەڕژێ:

**(.. نەزانین هاوڕێیەکی گیانی بە گیانی هەموو کەسێکی بەکارهێنەری گەل و سەرگەردانیکەریەتی، هەروەها دوژمنێکی خوێنەخۆریی ئازادکردنی گەلە. با ئەمە بە گەزێك بۆ پێوانی دوژمنایەتی بڵاوبوونەوەی خوێندن دابنێین دەبینین ئەوانەی کە بەبێ ژمارە هەوڵی بڵاوکردنەوەی خوێندن دەدەن ئەو کەسانەن کە لە ئازادی گەل وە وریا بوونەوەی بەرامبەر بە حقوقی خۆی ناترسن، وە ئەوانەی کە**

---

[٢٣٣]: عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەڕاج، سەربازێکی ون..، ل٨-٩.

[٢٣٤]: عولە، ساڵێك بوو کورد ئازاد نەژیا، ل٢٤.

[٢٣٥]: عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەڕاج،سەبازێکی ون..، ل٧.

**خوێندن بڵاوناکەنەوە تنۆك تنۆك نەبێ ئەو کەسانەن کەلەبەر ئارەزووی خۆیان و زوڵم کردنیان لەسەر گەل ئازادی دوا دەخەن..)**[236].

**یحیی چروستانی**، لە وتارێکدا بە ناونیشانی(بەرەو ئازادی) لە (سەرا)وە نووسویەتی:

**(ئەی دڵ، شێواوی پەنجەی زۆرداران، ئەی سینەی تەماوی بە دەست خەموە دەوری بەدکاران، زۆر دیل وەژێر دەستی، ئای چەند زام زادەی تیری نەهاتیت بە جۆرێك تاساوی چاپووکی چەرخی چەپ گەردی کە هیوای بووژانەوەت نی یە.. ئەی چاوی پڕ فرمێسك تۆزێك بڕوانە، ئەی بیری پەرت و بڵاو وریا بەرەوە. ئەی جەستەی کوتراو بەدەست قەمچی خوێنخواران گەردنی کەچی نـامرادت هەڵبڕە تەماشای چوار دەوری خۆت کە، دیمەنی دەرو دەشتت ببینە وا خەریکە بەرگی ڕەش پۆشی شەوی چارە تاریك لەسری لاچێ)**[237].

**ئەنوەر دڵسۆز**، کەکوڕە کوردێکی هەولێرییەو ئەندامێکی چالاکی حزبی هیوا بووە[238]. پاشان خوێندنی بـاڵای لـە یاسای نێودەوڵەتیدا تەواو کرد، لە وتارێکی سیاسیدا لە بارەی شی کردنەوەی بارودۆخی جیهـان و (پەیدانـەبوونی جەنگی جیهانی سێیەمدا) لە گۆڤاری (کوردستان)دا وا دەست پێدەکات:

**(مەعلومە ئەساسی جەنگ لە ڕێك نەکەوتنی ئیمپریالیزمە، دەوڵەتە ئیپریالیستەکان بۆ قازانج کردنێکی زۆر لە دوای پەیداکردنی بازاڕی زۆرتر ئەگەڕێن و هەر دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی گەورە ئارەزووی پەیداکردنی زۆرترین بەش ئەکا لـەبازاڕی باسـکراو ئـەم بازاڕانـە پەیـدا نابـێ ئـیللا موستەعمەرات نەبێ..)**[239].

**مەغدید سۆران** کە وەکو نووسەرو کارمەندی چاپخانەی کوردستان کـاری کـردووەو لـە هـەولێرەوە ڕووەو کۆمـار چووەو بە پێی توانای خۆی تا رووخانی کۆمار ماوەتەوەو خزمەتی کردووە، لە وتارێکدا بـە ناونیشـانی(جووتیاری کوردچۆن ئەژی و چی ئەوێ؟) نووسیوویە:

**(حکومەت دائەمەزرێ بۆ ڕەهبەری و ڕزگارکردنی میللەت نەك بۆ تێرکردنی چەند کەسـانێك و لەناوردنی ئەو گبقهی کە گیانی میللەتی لێ پەیا ئەبێ، ڕاستە حکومـەتێکی کـە ئالـەت بـێ بەدەست چەند کەسانێکەوە یا بجولێ،ەوە بە پەنجەی بە کرێ گیراوەکان ئەوە حکومەتی میللەت نی**

---

[236]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٢٦، ١٩٤٦/٣/١٨.

[237]: گ کوردستان، ژ(٦،٧)، ١٩٤٦، ل ٤٤-٤٦.

[238]: بۆ زانیاری لەم ڕووەوە، بڕوانە:

طارق جامباز، وشیاری نەتەوایەتی گەنجانی هەولێر لەکۆتایی سییەکان و ناوەڕاستی چلەکان لـەنێو حزبـی هیـوادا، ژ١، ١٩٩٨، ل٥٧-٥٦.

[239]: گ کوردستان، ژ١، ١٩٤٥، ل ٩-١١.

**یە بەڵکو ڕۆژ بە ڕۆژ میللەت بەرەو نەمان ئەبا بەڵام حکومەتی میللی کوردستان حکومەتێکە لە بۆ گەل بەکاردێ..)**[240]

دەستەی دووەم، ئەو شاعیر و نووسەرانە دەگرێتەوە، کە بەرهەمی خۆیان بۆ بڵاوکراوەکانی سەردەمی کۆمار ڕەوانە کردووەو هاوسۆزی و هاوخەمی خۆیان دەربڕیوە.

**(فانی)**، مەمەنداغای کوڕی ڕەسووڵ ئاغا (١٩١٠-١٩٧٣ز)، شیعرێکی درێژی بۆ گۆڤاری (نیشتمان) ڕەوانە کردووە، ناوبراو خۆیشی لە (کۆمەڵە)دا ئەندام بووە. لەسەرەوەی شیعرەکەدا نووساروە ئەم هەڵبەستە جوانەی ژێرەوە دیاری (فانی)یە، کە لە ژمارە (٢٠٠) پێوەندیمان دەگەڵی هەیە. شیعرەکەش بە ناونیشانی (دەڵێم بیلێم و ناوێرم):

| | |
|---|---|
| **قسێکم دێتە سەر زاری** | **دەڵێم بیلێم و ناوێرم** |
| **دز و جەردە ڕیاکاران** | **نەزان و گێژو بێ عارن** |
| **لەگەڵ یەکتر ئەڵێی مارن** | **دەڵێم بیلێم و ناوێرم** |
| **ئەوەی ئێستاکە زۆردارە** | **خەریکی جەورو ئازارە** |
| **ئەوی بێ زۆرە غەمبارە** | **دەڵێم بیلێم و ناوێرم** |
| **ڕەعیەت گەرچی جیرانن** | **خەریکی زوربە لێك دانن** |
| **بەبێ عەقڵی پەرێشانن** | **دەڵێم بیلێم و ناوێرم**[241] |

ناوەڕۆکی ئەم شیعرە و سەرجەم شیعرەکانی دیکەی شاعیر دەچنە خانەی شیعری شاعیرە میللیەکانەوەو بە زمانێکی سادەو بێ زۆر لەخۆ کردن و بە دوور کەوتنەوە لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و بەکارهێنانی کێشەکانی عەروزی عەرەبی و بەرکارهێنانی وێنەی شیعری سادەو بەرجەستە لە خاسیەتەکانی شیعری ئەم شاعیرەن و زیاتر بەهرەیەکی شیعری خۆڕسکی تیا بووە. لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا گوزارشت لە یەکگرتنی کوردان و بەهەستێکی نەتەوەیی یەوە بە گژ ئیستعمارو ناپاك و ئاغاو دەرەبەگەکاندا دەچێتەوە ،کە تۆوی دووبەرەکی و ئاژاوە دەنێتەوەو کۆسپ و ڕێگرن لە بەردەم هومێدی کوردان. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەندێ لە شیعرەکانی شاعیردا هەست بەوە دەکرێ کە شارەزایی لە عەرووزی عەرەبی و هونەرکانی ڕەوانبێژیدا هەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی، هەروەك لە دیوانەکەیدا دەردەکەوێت، نموونەی شیعری کلاسیکی هەیەو لەسەر ڕێی شوێنی ئەوان ڕۆیشتووە.

شاعیر، چەند چوارینەیەکی لە هەستێکی پاك و بێ گەردی نیشتمانپەوەری و وڵات پارێزی یەوە لە ئاست نەزانی و نەخوێندەواری میللەتی کورد داناوەو هەر خۆیشی ئەنجامی ئەو دەردانەیان بۆ ڕوون دەکاتەوە، کەبوونەتە سواڵکەرو حەماڵ و دزو جەردە:

---

[240]: گ کوردستان، ژ(٦،٧)، ١٩٤٦، ل٩-١١.

[241]: دیوانی فانی، ل١٦٢،١٦١.

**میللەتی کوردی ستەمدیدە هەموو دڵ ڕیشن**
**هەرچی باری خەفەت و زوڵمە ئەوان ئەی کێشن**
**چونکە بێ شەمعی زەکا ون بووە ڕێی زیندەگیان**
**سۆفی و سائیل و حەماڵ دزو دەروێشن**[٢٤٢]

ئەم شیعرەی(فانی)، (**دەڵێم بیلێم و ناوێرم**)، بووە هەوێنی شیعرێکی جوانی (هێمن) و لە ژمارە (٥)ی گۆڤاری (نیشتمان)دا بڵاوکرایەوە، بە پێچەوانەی ئەو نەترسی پیشان دەدات لە خستنەڕووی دەردو ناهوەموراییەکانی گەلی کوردا:

**هەرچییەکی بێتە سەر زارم**
**ئەمن دەیڵێم و بێ باکم**
**ئەگەر چی بێکەس و زارم**
**ئەمن دەیڵێم و بێ باکم**
**ئەوی ئاغایە بێ بێکارە**
**جەبوون و قەڵس و لاسارە**
**دزی و ڕێگرتنی کارە**
**ئەمن دەیڵێم و بێباکم**[٢٤٣]

**گیوی موکریانی** (١٩٠٣-١٩٧٧/٧/٢٧) لە هەولێرەوە بە شیعر بەشداری گۆڤاری (نیشتمان)ی کردووە. عەبدولڕەحمان گیوی موکریانی لە بنچینەدا خۆی لە خێزانێکی نیشتمانپەروەرو کوردپەروەری موکریانی یەو خۆی حوزنی موکریانی (١٨٩٣-١٩٤٧/٩/٢٠) برای هەر لەزووەوە لە حەلەب و پاشان لە باشووری کوردستان، لە ڕەواندوزو دوایی لە شاری هەولێر بەکاری چاپەمەنی و چاپخانەو ڕۆژنامەوانییەوە خەریك بوون و خزمەتێکی زۆری ڕۆشنبیریی کوردیان کردووە[٢٤٤]. لە شیعرەکەیدا هاتووە:

**نادەم بە فەلەك زەمزەمەو شوری وڵاتم**
**قوربانی دەکەم ماڵ و سەروکاری حەیاتم**

---

[٢٤٢]: گ هاواری کورد، ژ١، ژ١٠.

[٢٤٣]: هێمن، ئەمن دەڵێم و بێ باکم، گ نیشتمان، ژ٥، ٢١-٢٢.

[٢٤٤]: لە بارەی ژیانی حوزنی و گیوی موکرانی یەوە بڕوانە:

ڕمزیە صابر، حوزنی نووسەرو ڕۆژنامەنووس، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٣.

**شێخ نیم کە بە تەزویرو ڕیاکاری و ئەفسوون**
**وەك ئاش بە دانی ئەم و ئەو لا بێ نشانم**
**یا کۆلکە مەلایی بێ عەباو مێزەری پڕ فێڵ**
**دەرۆزەیی ئیحسان کەم و سەر فیترەو زەکاتم**[٢٤٥]

**مەلا حەسەن** (قازی هەڵەبجە)، تەخمیسێکی جوانی لەسەر شیعرێکی ئەحمەد موختار جاف داڕشتووەو بە هەستێکی نەتەوەیی بە هێزەوە دەردو خەمی خۆی هەڵدەڕێژێ:

**دڵ لە میحنەت کەیلە سا بە ڕووی خەندانەوە**
**بمدەرێ جامێك بە یادی تەلعەتی جانانەوە**
**چونکو وا ئێستا لە سازی سینەیی بریانەوە**
**دێتە گوێم دەنگی بە سۆزو شیوەن و گریانەوە**
**ناڵەیی دڵمە لە حەسرەت حاڵی کوردستانەوە**
**چۆن نەناڵی دڵ بە حاڵی میللەتی مەحرووم کورد**
**چۆن نەگریێ چاو بە خوێن بۆ تالعی مەشئومی کورد**
**سینە چۆن لەت لەت نەکەم بۆ عنصری مەحکوومی کورد**
**لانەوازەو بێکەس و مەزڵوومن ئەمرۆ قەومی کورد**
**گا لە دەستی تورکەکان و گا لە دەست ئێرانەوە**[٢٤٦]

ئەمە بێجگە لەوەی هەندێ نووسەرو شاعیر بە هۆی بارودۆخی سیاسی ئەو ڕۆژانەوە لە ناردنی بەرهەمەکانیاندا ناوی خۆیان نەنووسیووە یان بە دوو پیت ئاماژەیان داوە، کە نازانین کێن[٢٤٧]. هەروەها هەندێ پارچە نووسینی کورت کورت نێردراوە، بەناوەکانیانەوە دیارە، کە کوردی باشووری کوردستانن، هەروەکو: (ئەحمەد پێنجوینی[٢٤٨]، عەبدولڕەحمان موفتی[٢٤٩]، ..هتد).

[٢٤٥]: گ نیشتمان، ژ٢، ل١٧.
[٢٤٦]: گ نیشتمان، ژ٥، ل١٧.
[٢٤٧]: بۆنموونە بڕوانە:
گ هەڵاڵە، ژ٢، ل ٣١-٣٢.
گ هەڵاڵە، ژ٣، ل ٨-١٠.
ڕۆژنامەی کوردستان، ژ١٣، ١٩٤٦/٢/١١.
[٢٤٨]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٣٢، ١٩٤٦/٤/٦.
[٢٤٩]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٢٥، ١٩٤٦/٣/١٧.

# فەسڵی چوارەم

## ڕۆژنامەوانیی سەردەمی کۆمارو ئەدەبیاتی کوردی

١-هونەری شیعر

٢-هونەری وتـار

٣-ئەدەبی منداڵان

**١-هونەری شیعر:**

شیعر هەمیشە لە دڵ و دەروونی کورددا زەمزەمەی داوەو جێگەیەکی بەرزی بۆ خۆی گرتووە. ڕەنگـە ئەمـە هەر خەسڵەتێکی دیارو بەرجەستەی میللەتی کورد نەبێ و زۆربەی میللەتانی ڕۆژهەڵات کـە مێژوویـەکی کـۆن و دێرینیان هەیەو پێکهاتەی کۆمەڵایەتی یان لەسەر بیچینەی عەقڵی خێڵەکی دامەزراوەو شیعر باڵادەست بـووەو ئاڕاستەی سۆزو ئەندێشەی ئینسانی کورد کراوەو کەمتر خۆی لـە مەسـەلە قـووڵ و ژیرییـەکان دابـێ، ئەمـەش بێگومان ڕەنگدانەوەی بیرو ئاستی تێگەیشتنی قۆناغ و بنیادە کۆمەڵایەتیەکەی بێت.

شیعر هەمیشە لەسەر زاران بووەو کۆڕو کۆچك و دیوەخانی کوردەواری ڕازاندۆتـەوە. لێـرەد دەرفـەتی ئـەوە نییەو کاری ئەو باسەی ئێمەش نی یە بگەڕێینەوە بۆ سەرتاکانی سەرهەڵدانی شیعری کوردی، بۆیە ئێمە لێـرەوە دەست پێدەکەین، کە قۆناغی یەکەمی شیعری کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بـە لاسـایی کردنـەوەی خاسـیەت و مۆرکی شیعری قوتابخانەی بابان لە لایـەن چـەند شـاعیرێکی موکریانـەوە دەسـت پێـدەکات، کـە ئـەوان بوونـە سەردەستەو دەستپێکی ئەو قۆناغە، ئەوانیش (**وەفایی و ئەدیب و ئەدەب و حەریق و سالار و سـەعیدو**.. هتـد) بوون، کە هەم بە لاسایی و گواستنەوەی قوتابخانەکەی (نالی و سالم و کوردی) بۆ موکریان و هەم بە ڕۆشـنبیریی و خوێندنەوەی شیعرو ئەدەبی فارسی سەردەم توانییان درێژە بەو قوتابخانەیـە بـدەن و زۆر نموونـەی شـیعری بـەرزی کلاسیکی بنووسن، بەڵام نەبوونە قوتابخانەیەکی سەربەخۆی ئەدەبی جیاواز لە قوتابخانەی بابان، کە هەندێ کـەس پێیان وایە ئەوانە (**قوتابخانەی موکریان**)[٢٥٠]ن.

بەڵێ ڕاستە، لە ڕووی زمانی شیعرییەوە، شێوەزاری موکری دیارەو ئەم شێوازە ڕەوان و کوردییـەکی پـەتی یەو بە هۆی تێکەڵاو نەبوونی لەگەڵ وشەو داڕشتن و دەستەواژەی عەرەبی و نزیکی لـە زمـانی فارسـییەوە بـەڵام ناکرێ ئەوە بکرێتە خاڵێکی جەوهەری بۆ دروست بوونی قوتابخانەیەکی شیعریی.

لە ڕووی هونەری شیعرییەوە، ئەو شاعیرانە هەر هونەرەکانی شیعری عەرەبی و ڕۆژهـەڵاتییان بـەکارهێناوە، لە(غەزەل و قەسیدە و چوارین و پێنج خشتەکی و تێهەڵکێش و موستەزاد..هتد)، لـە ڕووی کێشـی شیعریشـەوە هەر بەحرەکانی عەرووزی عەرەبین، خۆ لەڕووی قافیەو وێنەی شیعری و هەموو خەسڵەتەکانی شـیعری کلاسـیکی کوردیدا هەمان شتن.

قۆناغی دووەمی شیعری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئـەو قۆناغەیـە، کـە ئێمـە مەبەسـتمانەو ئـەو سەردەمە مێژووییە دەگرێتەوە، کە چەندین شاعیری گرتۆتەوە، لەوانە: (ابوالحسن سیف القضـات، سـەید کـامیلی

---

[٢٥٠]: جوان بۆکانی، کە (ئەنوەر سوڵتانی)یە، لە لێکۆڵینەوەیکدا کە بە چەند ئەڵقەیەك لە ڕۆژنامەی (پەیام) لە شاری لەنـدەن دا بڵاوی کردۆتەوە، لە (قوتابخانەی موکریان) دواوەو بە نوێخوازی داناون و ئەو خەسڵەتانەی دیاری کردووە، کە لە قوتابخانەی (بابان) جیایان دەکاتەوەز بڕوانە: ڕۆژنامەی پەیام، ژ٥، لەندن، ١٩٩٨. هەروەها لە ژمـارەی(٦)یشـدا لـە نـەورۆزی ١٩٩٨ دیسـان بـە ناونیشانی (پێشڕەوانی شیعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، لەو بێ هیوایی و نائومێدییە دواوە کە لە دوای ڕووخـانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان بەرۆکی هەندێ شاعیری ناسراوی وەکو (هێمن) و (حەقیقی) گرتەوەو باڵای (شا)یاندا هەڵگوتووە.

ئیمامی، حەقیقی، خاڵەمین، هەژار، هێمن، خالدی حسامی (شێواو)و، هتد). لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین لە عاست ناساندن و بەرهەمی شیعری ئەو شاعیرانەدا بوەستین.

## سەیفی قازی (ابوالحسن سیف القضات ١٨٧٤-١٩٤٤ز):

سەیفی قازی، یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە سەر بە بنەماڵەی قازییەکانی مەهابادێ یە، لە تەمەندا پێش هەژارو هێمن و ئەوانی تر کەوتبوو، دەکرێ بە قۆناغی گواستنەوەی شاعیرانی کلاسیکی ناوچەکە (وەفایی و حەریق و ئەدەب)و دەستەی دووەم لەوانەی پێشتر ناومان بردن و لە سەردەمی کۆماردا دەرکەوتن و شیعرەکانیان بڵاودەبووەوە، بژمێرین.

لە پێش دامەزراندنی کۆمەڵەی (ژێ. کاف)ەوە، سەیفی قازی شیعرەکانی خۆی بە نهێنی بڵاودەکردەوە، (هێمن) دەڵێ:

**(چەندین شاعیریش هەبوون شیعری خۆیان بە نهێنی بڵاودەکردەوە، بە تایبەتی شیعرەکانی سەیفی قازی و.. ئاگریان دەکردەوە)[٢٥١].**

ئەم شاعیرە ناوبانگێکی زۆری لە موکریاندا هەبووە، دوای بڵاوبوونەوەی رۆژنامەوانیی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان. رۆژنامەی (کوردستان) و گۆڤاری (هەڵاڵە) لە بارەی ژیان و پایەی ئەم شاعیرە نووسوویانەو وێنەو هەندێ لە شیعرە نیشتمانی و سیاسییەکانی ئەویان بڵاوکردۆتەوە.

لە گۆڤاری (هەڵاڵە)دا نووسراوە:

**(رووناکی دڵ و وردی مەعناو جوانی ئەلفاز دەگەڵ تیژی زەین و زیرەکی و هەستی نەوع پەرستی و بەرزی گیان و جوانی ئەخلاقی ئەم شاعیرە بەرزە لە نێو زانایان و گەورە گەورانی زەمانی خۆی دا بێوێنە بوو.سەبەك و شێوەی سەیف زۆر مامۆستایانە و دەگەڵ ئەدەبیاتی زۆر بەرز بەرامبەری دەکا. لە شیعری کوردی و فارسیدا مامۆستا بوو و ئەشعاری وی دڵڕفێن و ئاودارو رەوانن، بە تایبەتی شیعرە میللییەکانی کە مایەی شارەزایی و وەخەبەر هاتنی کوردە)[٢٥٢].**

ناوەرۆکی شیعرەکانی ئەم شاعیرە، بێجگە لەوەی بە شێوەیێکی گشتیی شیعری سیاسی و نیشتمانین، هەندێ غەزەلی نازکیشی نووسیووە. لە رووی هونەری شیعرییەوە پێرەوی کێشی عەرووزی کردووەو بە زۆری بەحری (رمل)ی بەکارهێناوە. لە رووی زمانی شیعرییەوە، زۆر لەو وشەو زاراوانەی، کە لە زۆربەی شیعری شاعیرانی وەکو (نالی و سالم و کوردی)دا دەردەکەون و لەزۆربەی شیعری شاعیرانی رۆژهەڵاتیدا دەردەکەون،

---

[٢٥١]: هێمن، تاریك و روون، ل١٥. لە دیوانەکەیدا هاتووە کە لە ساڵی ١٢٥٥ هەتاوی واتا لە ١٨٧٦دا لەدایك بووە، پاشان لە خزمەتی مەلا شەفیع لە گوندێکی نزیك بۆکان و مەلا حەسەنی قزڵجی بۆکانی و مەلا سالمی سەدراباتی و مەلای سلەمان کەندی تا پلەی مەلایەتی خوێندووەو لە خانەقای شێخی بورهانی بە خاك سپێردراوە، بڕوانە، دیوانی سیف القضات، ل١٤.

[٢٥٢]: گ هەڵاڵە، ژ٢، ل١٠.

بەکارهاتوون، هەروەکو: (ڕۆژی ڕووخ، طفلی دڵ، شەکری لێو، زوڵفت وەلادە، زوڵفی میروەحت، سانی دڵ.. هتد)، بەڵام لە شیعرە میللییەکانیدا زۆرتر وشەی کوردی پەتی بەکارهێناوە، لە شیعرێکی سیاسیدا دەڵێ:

**کوردینـــە تاکـــەی لـــە کێـــوان میســـالی دێـــو**
**بێینـــو بچـــین و بۆمـــە نـــەبێ قـــەت خـــودان و خێـــو**
**خەڵکی هەموو لـە بـاغ و لـە شـاران کـەیف خـۆش**
**ئێمـە بـلاو و بـێ سـەرە مـاوین لـە دەشـت و کێـو**
**بـۆ عاسمـان دەروون و لـە بـەحرا دەکـەن سـەفەر**
**هـەر عـەردە نیشـتگاهی مـە سـەنعاتە وەردو شـێو**

**تا دەگاتە:**

**کوان کوردی کوردەکان کە لە ترسیان دەلەرزی ارض**
**کێ بوو لە شـامێ شـابوو لـە میسـری ببـووە خـدێو**
**گـــوردانی کـــوردان بـــە خـــودا ڕۆژی غیرەتـــە**
**دەسـت دەینـە خەنجـەران و پیاوانـە بێینـە نێـو**[٢٥٣]

**هەروەها لە غەزەلێکیدا دەڵێ:**

**دایـــم دڵـــم بـــە ناڵـــەو زاری و فغـــان دەڵـــێ**
**خۆش بەو شـەوەی کـە ڕۆژی ڕۆخـی دڵبـەرم هـەڵێ**
**زوڵفـــت وەلادە ڕووت بنوێنـــە بـــە دەفعەیـــە**
**شـــەو ڕابـــورێ ســـتارە نـــەمێنێ قەمـــەر هـــەڵێ**
**گفلـــی دڵـــم گـــرِوی شـــەکری لێـــوی گرتـــووە**
**بـــەو دوو هـــەنارە ژێـــری کـــەوە بیخـــە باغـــەڵێ**
**بەو زوڵفی میروەحت مەکـە مـەنعم لـە شـەهدی لێـو**
**گیرێکـــە دڵ چـــعیف وە دەترســـێ لـــە داوەڵـــێ**
**ئـەو قیافـەت بـە سـانی دڵـی مـدعی (حسـن)**
**تەنگە درەنگـە مـەیلی بـە جەنگـە هـەڵێ مـەڵێ**[٢٥٤]

[٢٥٣]: گ هەلاڵە، ژ٢، ل١١.

[254]:گ هەلاڵە، ژ٢، ل١٣.

## حەقیقی(۱۹۰۲-۱۹۹۷ز)

(حەقیقی) تەخەلوسی شیعریی (عەبباسی عەلی پاشای برایم پاشای کوڕی شێخ ئاغای کوڕی بەیرەم ئاغای باپیرە گەورەی عێلی دێبوکری یە). خەڵکی بۆکانەو لە گوندی مەرجان ئاوا لە دایك بووەو خوێندنی ئایینی لە خزمەت باوکیدا خوێندووە، ماوەیەك لە سلێمانیدا ماوەتەوەو جارێکی دی لەگەڵ خێزانەکەیدا چۆتەوە موکریانێ. لە بنەماڵەیەکی کۆن و بەرێزی ناوچەکەیەو ڕێزی زۆری لێ گیراوەو دواجار، لە فەرمانگەی دارایی دامەزراوەو تا ساڵی ١٩٦٣ لەسەر کارەکەیدا ماوەتەوە پاشان خانەنشین بووە، دۆستی هەمیشەیی هەردوو شاعیری ئاوزەی خۆی (خاڵەمین و سەید کامیلی ئیمامی) بووە لە شیعرو لەخوێندندا. شیعرەکانی لەم دواییەدا لە دیوانێکدا بە ناوی (دیوانی حەقیقی) یەوە لە ورمێ بڵاوکرایەوە.[٢٥٥]

شاعیر لە هەرەتی لاویدا، بە هاندانی مامی و شیعرەکانی (نالی و وەفایی و ئەدیب و ئەدەب و مەولانا جلال الدین ڕۆمی) و شیعری کلاسیکی فارسی هەستی شیعری بزواوەو دەستی بە شیعر نووسین کردووە. لە قۆناغی یەکەمیدا، بە لاسایی شیعری کلاسیکی بە زمان و لێکچواندن و وێنەی شیعری زۆر دووبارە بووەی شاعیرانی پێش خۆی هەنگاوی یەکەمی هەڵێناوە:

**سەحەر لە تەرفی بۆستان لە سەحنی لالەزارەوە**
**نەسیمی جانفراوەزی بە موژدەیی بەهارەوە**

یان:

**خەراجی چاوی مەخووری لە نووری دیدە دەستێنێ**
**لە ئەسراری تەبابەت عارف و عامی هەموو ماتن**[٢٥٦]

لەم لاسایی کردنەوی قۆناغی یەکەمیدا نەیتوانیوە هیچ لەو قوتابخانەی (بابان) تێپەڕێنێ و شتێکی نوێ بێنێتە کایەوە، کە وەکو خەسڵەتێکی تایبەت بە خۆیەوە پێی بناسرێتەوە.

لە قۆناغی دووەمدا، بەکاریگەری نەوەکو هەر بۆ سەر (حەقیقی) بەڵکو شاعیرانی دوای ئەویش، ابوالحسن سیف القضات ناسراو بە سەیفی قازی، بە تایبەتی دوای هەوەڵ جەنگی جیهانی، شیعرەکانی لە ڕووی مەبەستی شیعرییەوە بۆ مەسەلەی نەتەوەیی و قووڵبوونەوە لە ژیانی نەهامەتی و نەداریی خەڵك تەرخان کردبوو، ڕێڕەوی شیعری کوردی لە موکریانێ گۆڕی. ئەم ماوەیە لە کوردستانی باشوور، ئەحمەد موختار جاف و مەلا حەمدوون

---

[٢٥٥]:لەبارەی ژیانی شاعیرەوە بڕوانە:

عباس حەقیقی، دیوانی حەقیقی، ژ٢، ١٣٦٧، ل٧ـ ٢٣.

مامۆستا حەقیقی ژیانی من، گ سروە، ژ٣، س١، پایزی ١٩٨٥، ل٤٠ـ ٤٤.

[٢٥٦]: ڕەسوڵ سۆفی سوڵتانی، سەرنجێك لە ڕەوتی شیعری حەقیقی و چەن وتە، گ سروە، ژ١٣٦، س١٣، خەزەڵوەری ١٩٩٧، ل٤٠.

گوڕوتینێکی تازەیان دایەوە بەر شیعری سیاسی و نەتەوەیی و هەندێ جار تەنزو گاڵتەئامێزیشی دەگرتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی وریاکردنەوەی خەڵك بە هاندانیان بۆ خوێندەواری، لە مەسەلەکانی شیعر بوون، بەکورتی، گرنگی ناوەڕۆك بەر لە ڕووخسار و هونەری شیعری، کە پێشتر خۆی پێوە خەریك کردبوو. هاتە مەیدانەوە.

(**حەقیقی**) دیسان بۆ بە پیرەوەچوونی ئەو قۆناغەو پاشتر لە سالأنی دووەمین جەنگی جیهانیدا و ئەزموونی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان، ڕەوتی شیعری ئەو لە ڕووی زمان و وشەی کوردیی پەتییەوە گۆڕانی بەسەردا هات و شیعر لەم قۆناغەدا پەیامێکی سیاسی و کۆمەلأیەتی و پەروەردەیی لە ئەستۆدا بوو. بۆ ئازای و پێداهەڵگۆتن بە سروشتی پاك و بێگەردی کوردەواری ولایەنگیری مرۆڤ دۆستی و بەرەی دێمۆکراسی خوازی گەلی شیعری گوتوون.، بە زمانێکی سادەو ڕەوان و خستنەڕووی ئەو بابەتانەی ،کە ئاماژەمان بۆ کردن:

**هاتەدەر ڕۆژ لە بورجی مینا ڕەنگ**     **لاچوو تاریکی تێپەڕی شەوەزەنگ**

**گوڵی شادی لە باغی ئازادی**     **هاتەدەر زۆر بە نازو عیشوەو ڕەنگ**

**بلبلی نشتمانی کوردستان**     **دەچریکێنێ بۆی بە سەد ئاهەنگ**

تادەگاتە:

**لاوەکان و لە ڕێی وەتەن داری**     **بە فیداکەن مەیێننە سەر خۆ نەنگ**

**حافظی نیشتمان و ئالأبن**     **مەپرینگێنەو لە تۆی و تفەنگ**[٢٥٧]

ئەمە لە ڕۆژی هەڵکردنی ئالأی کۆماری دێمۆکراتی کوردستاندا لە بۆکان، بەلأم وەکو سەرنج دەدەین لە وەسفی بەهاری کوردستاندا تا ڕادەیەك لەژێر کاریگەری وەسفی بەهارەکەی **حاجی قادری کۆیی** (١٨١٥-١٨٩٧ز)دایە، بە هەمان شێوەو بە وشەو زاراوەو دەستەواژەی کوردی پەتی وەسفی گیاو گوڵ و دیمەنی ڕەنگاو ڕەنگی مانگی نەورۆز دەکات، کە ئەمە لە ڕەوتی شیعریی شاعیردا بەرەو پێشچوونێکە:

**تۆقی سەر ئاوی کانی لەبەر گرمەگرمی ڕەعد**
**شین بوو زەوی بە نم نمی هەوری گەواڵ گەواڵ**
**غەمڵی چیاو چەمەن بە سپی و سەوزو زەردو سوور**
**دارو دەوەن بووە بە هەزار ڕەنگی جەنەتی ئیرەم**
**ڕازاوە تاقی ئەتڵەس و کیمخاو حەریرو واڵ**
**کوێستان لە بۆی هەلاڵەو بەیبوون عەبیری خاو**
**ڕەنگاوە باخچەکانی وەکو بووکی چاردە ساڵ**
**ئەشکەوت و کێوو کەژ بە خڕی قاسپە قاسپی کەو**

[٢٥٧]: حەقیقی، شیعر، گ هەلاڵە، ژ١،، س١، ڕەشەمەی ١٣٢٤، ل٢٤. ئەم شیعرەی شاعیر لە دیوانەکەیدا بلاونەکراوەتەوە، وێدەچێ دەستیان نەکەوتبێ.

## گــوێ کــەڕ دەبــێ لــە قــاڕەیی قــازو قــورینگ و داڵ[258]

تەنانەت دەستەواژەکانی (گرمەگرمی ڕەعـد، هـەوری گـەواڵ گـەواڵ، خـەملێنی چـیاو دارو دەوەن، تـاقی ئەتڵەس و کیمخواو حەریر، هەڵاڵەو بەیبوون و عەبیری خاوو قاسپە قاسپی کـەو و قـاڕەیی قـازو قـورینگ). بـە تەواوی لەژێر کاریگەری قەسیدەی (وتم بە بەختی خەواڵوو)ی (حاجی قادری کۆیی)دایە، کە تیایدا هاتووە:

**چـــیا لـــە تەوقـــە ســـەری دارژاوە تـــا کەمـــەری**
**چـــو زوڵفـــی ســـونبولی دەرهـــەم، چـــو پەرچـــەی بـــە ڕەزا**
**بـــە جۆشـــی ئـــاگری گوڵنـــاری کـــانی هـــەڵ دەقوڵـــێ**
**میپـــالی دیـــدەیی وامیـــق لـــە حەســـرەتی عـــەرزا**
**قـــەڵاتی زیـــوی ڕوخـــاوە هـــەرەس بـــە تـــۆپی نەســـیم**
**ســـوپاهی لالـــەو گـــوڵ چـــادری لـــە جـــێ هەڵـــدا**
**لـــە گوڵـــە شـــینی کـــە قـــازو مـــراوی دێـــن و دەچـــن**
**شـــنەی نەســـیمە ســـەدای ئـــاوی ســـافی ســـەر قەڵبـــەز**
**بـــە ورشـــە ورشـــی گیـــا شـــەنگەیی بـــووە شـــەیدا[259]**

### سەید کامیلی ئیمامی ((١٩٠٣-١٩٨٩ ز):

لە ساڵی (١٢٨٢)ی هەتاوی بەرامبەر بە (١٩٠٣ز)دا لە گوندی زەمبیل لە بنەماڵەی سەیدانی زەمبیل لـە دایك بووە. بابی خوالێخۆشبوو سەید عەبدولحەکیم کوڕی سـەید عەبدولکـەریمی زەمبیلـە، کـە هـەردووکیان لـە ڕێبەران و بەڕێوەبەرانی تەریقەتی نەقشی و قادری بوون.

شاعیر لای باوکی و مامی فێری خوێندواری بووەو دەرسی دینی خوێندووەو سێ ساڵان لەکن مامی (حـاجی بابا شێخ) لە ئاوایی جەمیاندا خوێندوویەتی. پاشان لەگەڵ (**عەباسی حـەقیقی**) شـاعیر لـە ئـاوایی باخچـە لـە خزمەت مەلا سەید کەریمی مودەڕیسی لە خوێندن هەڵچوونەوە.

---

[258]: حەقیقی تازە بووە ساڵ، گ هەڵاڵە، ژ٢، س١ن خاکەلێوەی ١٣٢٥، ل٣٠.

لە دیوانی (حەقیقی)یشدا بڵاوکراوەتەوە نەختێ بە جیاوازییەوە، بڕوانە: دیوانی حەقیقی، ل٥١.

[259]: سەردار حمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٣٢ـ ٣٣.

لەوکاتەوە دەستی بە شیعر گوتن کردووەو هەتا مردن لێی دانەبڕا. لە سەرەتادا شیعری سیاسی و نیشتمانی کردۆتە پێشەنگی شیعرەکانی و دژی ڕژێمی شاو بۆ کوردایەتی شیعری گوتووە. لە ساڵی (١٩٤٦)دا گیراوەو بۆ ماوەی دوو ساڵان زیندانی بووەو پاشان ئازاد بووەو بە کشتوکاڵەوە خەریك بووە هەتا کۆچی دوایی کردووە[٢٦٠].

لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کۆماری کوردستان لە شاری بۆکانێ ئەم شیعرەی شاعیر لە لایەن (هەژار)ەوە خوێندرایەوە، کە بەو بۆنەیەوە نووسیویەتی:

| | |
|---|---|
| **بە هەموو کوردی وڵات بێ پیرۆز** | **خاصە بۆ وانە لەگەڵ مەن دڵسۆز** |
| **بۆ ئـەوانەی کە بە پێشـواز هاتن** | **فرقەی پیادەو چەند سواری قۆز** |
| **هەر بژین میللەتی کوردی بە ئەبەد** | **هەر بە شان هەڵگرن ئاڵای پیرۆز** |
| **دوژمنی کوردی هەڵات بۆی دەرچوو** | **ڕێویەو کاکی ئەوا گرت لە گاوز[٢٦١]** |

بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (هەڵاڵە) لە بۆکان، شاعیر دڵخۆشی و پیرۆزبایی خۆی بە شیعر ڕەوانە کردووەو لەوێدا هاتووە:

**مـەحبووبی نەوبـەهاری مـن ئـەورۆ هەڵاڵەیـە**
**عقـدەی دڵـم بـە پشـکوتنی وی حەواڵەیـە**
**یـاڕەب گرێـی دڵـم بکـەوە گـوڵ بپشـکوێ**
**لـەم مـانگی نێوەڕاسـتی بـەهار لـەم محاڵەیـە[٢٦٢]**

لە ئاست ڕوانین و هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی (سەید کامیل)دا، دەبێ ئەوە بڵێین شیعرەکانی زۆر سادەن و ئاستی هونەرییان نزمە، بە تایبەتی شیعرە سیاسییەکانی کە بۆ بۆنەی تایبەتی وتراون، بە زمان و وێنەی هونەری زۆر لاوازن دەربڕاون و بە زۆر لە خۆکردنێکەوە نووسراون، کەچی بە پێچەوانەوە لە (غەزەل و قەسیدە)دا وێنەی هونەری جوان و زمانێکی شیعری تۆکمەی هەیە، بە بۆچوونی ئێمە هۆیەکەشی ئەوەیە، کەشاعیر لە حوجرەو مزگەوتدا پێگەیشتووەو خوێندوویەتی و بە ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسی ئاشنا بووە، بۆیە لە وێنەو زمانی شیعری کلاسیکیدا سوودمەدو بەهرەی وەرگرتووە. لە قەسیدەیەکدا بە ناونیشانی (**دەچم و نەچی**)دا دەڵێ:

**مـن دەڵێم: شـاری دڵـم باغ و گـوڵستانە، کـەچی**
**عـەقڵ ئەڵێ: نـا قەسـەبەی شۆڕشـی مەسـتـانە نەچی**
**مـن دەڵێم: نـوختەیی ئـەو ڕەوەزنـی ئیـمانە دەچم**

---

[٢٦٠]: لەبارەی بایۆگرافیای (سەید کامیلی ئیمامی)یەوە بڕوانە:گ سروە، ژ٥، بەهاری ١٩٨٦، ل٣٤ـ ٣٧.

[٢٦١]: گ هەڵاڵە، ژ١، ل٢٣.

[٢٦٢]: گ هەڵاڵە، ژ١، ل٤.

**ئــەو دەڵێ: ســــەربەســــەری تێــــك چووە، وێرانە نــــەچی**
**مـــن دەڵێم: جێــگەیی هەر شێـــــت و جنـــوونانە دەچـــم**
**ئــەو دەڵێ: نــا، زەدەیـــی پەنـجـەیی پەریــانە نەچـــــــی**
**مـــن دەڵێم: مـــەرکـــەزی ئەســـراری حـــەریفانـــە دەچم**
**ئــەو دەڵێ: جــــێ تەمـــاعی چاوی حـــەسوودانـــە نەچــــی**
**مـن دەڵێم: وەختـی خەتــەر مـــەئمەن و قـــەڵغانـــە دەچم**
**لــەو هــــەموو چـــوون و نەچوونـــە سەری سـووڕماوە (کامیل)**
**مـن دەڵێم: جــوانە بچـــم ئـەو دەڵێ وا جــوانە نەچــــی**[٢٦٣]

ئەم قەسیدەیە ئەو هەڵدەگرێ، لەسەر ڕێبازی دەروون شیکاری فرۆید شی بکرێتەوەو من بە ئارەزوو (رغبات) بچوێندرێ و ئەو بە (منی باڵا) و ئەو کێشەو ململانێییەی نێوان ئەو دوو تــەوەرە بــێ کۆتاییــە لــە قەســیدەکەدا دیارە.

[٢٦٣]: سەید کامیلی ئیمامی، ژیانی من، گ هەڵاڵە، ژ٥، بەهاری ١٩٨٦، ل٣٥.
ئەم قەسیدەیە تەرجەمەی سەر زمانی عەرەبیش کراوە، بڕوانە:
**دیوان الشعر الكردي، ترجمة وتقديم د. عزالدين مصطفى رسول، ص٩٨ـ ٩٩.**

## خاڵەمین (١٩٠٥-١٩٩٢ز):

ناوی حاجی سەید محەمەد ئەمین بەرزنجییەو و باوکی (حاجی شێخ مستەفا کوکە) لە شێخ و خواناسە ناسراوەکانی ناوچەکە بوو. شاعیر زانستی دینی لە خزمەت زانای بەناوبانگ ئەحمەد تورجانی زادە (١٨٩٨-١٩٨٠ز) دەست پێ کردووە. لە گەنجێتییەوە دەستی بە شیعر نووسین کردووەو زیاتر پێڕەوی نالی و حاجی قادری کۆیی کردووە[٢٦٤].

بە بۆنەی دامەزراندنی حزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە لە مهاباد چەند کۆڕێك بە ئامادەبوونی سەرانی عەشیرەت و خەڵکی کاسبکار لە مەهابادێ گیران، لەم کۆڕانەدا چەندین وتارو شیعر خوێندرانەوە و ئامادەبووان بە دڵخۆشی و چەپڵەڕێزان پێشوازییان لەو کۆڕانە دەکرد. لەو کۆڕانەدا، شاعیرانی وەکو هەژارو هێمن و مەلامارفی کۆکەیی ثانی شیعریان خوێندۆتەوە، هەروا (**خاڵەمین**) لە ڕۆژی ١٣٢٤/٨/٢٤دا ئەم شیعرەی خوێندەوە:

**ڕەبـــی پـــیرۆز بـــێ لێتـــان حـــزب لـــە نـــوێ**
**چنـــا تـــووی یتـــەکێ و بـــەو زوانـــە دەڕوێ**
**هـــەنار شـــین و ســـاوای بـــاغی ســـاواو**
**بگـــا ســـوورسوور شـــیرین بێـــت وبگـــوێ**
**بـــە گـــوێیدا ســـریواندنم فریشـــتە**
**گوڵـــی هیـــوای کوردســـتان دەپشـــکوێ..**
**بـــە مـــن پێویســـتە گـــەر داش و برایـــەك**
**لـــە ئازەربایجـــانی و کـــوردی بـــدوێ**

تاوەکو لە کۆتاییدا دەڵێ:

**ڕەبـــی هـــەر کـــەس لـــە کـــوردان مـــاڵی تێکـــدا**
**شـــەویلکەی ڕەق چـــاوی زەق بـــێ نـــەجوێ**[٢٦٥]

بە سەرنجدان لەو شیعرەی خاڵەمین، دەردەکەوێ کەخوێندەوارێکی وای نییەو دەردی دڵ و کەف و کوڵ و سۆزی پیرێکە کە هەستی نەتەوەیی پاڵپێوەنەرێتی و بە زمانێکی زۆر سادە بازاڕیی خەڵك و وشەو دەستەواژەکانیش هی باخەوان و جوتیارێکی کوردە. ئەم جۆرە شیعرە دەرئەنجامی ڕۆشنبیریی کۆمەڵی کوردەواری ئەو ڕۆژەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بۆ ورە بەرزکردنەوەو ڕۆحی مقاوەمەتی ئەو ڕۆژە سوودمەند بووەو وروژانێکی تایبەتی لە دڵی سەرەك عەشیرەت و هۆزەکاندا خولقاندووە بۆ ئەوەی بە خۆدا بچنەوە.

---

[٢٦٤]: بۆ ژیانی شاعیر بڕوانە:
سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، ص٢٤١ـ ٢٤٣.

[٢٦٥]: حزبی دێمۆکراتی کورستان، گ هەڵاڵە، ژ١، س١، ب١٥.

بەبۆنەی دەرچوون و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی (**کوردستان**)ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کە هەموو خوێندەوارێکی کورد بە ڕووداوێکی ڕۆشنبیریی کوردستانی دادەنا، لە هەموو لایێکەوە دڵخۆشی و پێ پیرۆزەی خۆیان بە نووسین و شیعر ڕەوانە دەکرد. خاڵەمین لە (قزقەڵا) ڕا نامەیێکی بۆ ڕۆژنامەکە ناردووەو پیرۆزبایی خۆی ڕاگەیاندووە، پاشان بە شیعر دڵخۆشی خۆی دەردەبڕێ و توانجی لە (هێمن)ی شاعیر گرتووە بۆ کاکۆڵ و قژی. لە نامەیەکیدا هاتووە:

(ڕۆژنامەی مەزنی کوردستان چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو نامە بەرزو ماقوڵەو لێ پیرۆز بێ و هومێدم وایە، بە شەبەقی زانین ناسنی وی تەواوی نەتەوەی کورد نەخوازە لاوان و گەنجانی موکریان لە شەوی تاریکی نەزانین و گێژی سەرەگێژەی نەخوێندەواری ڕاهی بێن..

**ڕۆژنامەیەکی کوردی کە ناردت بە دیتنی**
**ڕوون تروسکەکان و لە شایانی بۆم خەنی**
**ڕۆژنامەیەکی چۆنە ئەگەر باوەڕ دەکەی**
**هەر دێڕی لاپەڕەیێکە کە چاکی بپشکنی**
**ڕاستە ستوونی عەینی شەقامی وەفائیە**
**بۆنت گوڵی گوڵاوە دەڵێی زوڵفی زێڕینی..**
**یارەبی سەد شوکر کە نەمردم بە چاوی خۆم**
**دیتم زمانی کوردی بە نووسین و خوێندنی..)** [٢٦٦]

[٢٦٦]: لە (قزقەڵا) ڕا خاڵەمین، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٩، ١٩٤٦/٢/٢، ل٢.

## هـــەژار (١٩٢٠-١٩٩١ز)

هەژار (عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی)، بێجگە لـەوەی لێکۆڵـەر و وەرگێـڕو فەرهـەنگنووس و زمـانزان بـوو شاعیرێکی میللی کوردە، کـە شـیعرەکانی بەشـێوەیەکی سـادەو ڕەوان و بەکوردییـەکی پـەتی و بـە هەسـتێکی نەتەوەییەوە نووسیووەو ناوبانگی نەوەکو هەر بە تەنیا لە موکریان بە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بڵاوبۆتـەوە. خوێندنی دینی خوێندووەو پاشان هەر زوو لە گەنجیەتیدا پێوەندی بە کۆمەڵـە (ژێ. کـاف)ەوە کـردووەو شـیعرە میللییەکانی، کە سروشتێکی نەتەوەیی و شۆڕشـگێڕی هەیـە، هـەر زوو بـەناو خەڵکیـدا بڵاوبۆتـەوە، هـەر لـەو کاتەشەوە ناوی (هەژار)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

پاش دامەزراندنی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان، لەگەڵ (**هێمن**)ی شاعیری بـرادەری خۆشەویسـتی پێشـەوا قازی محەمەد بوون و لە زۆربەی ئاهەنگ و بۆنە میللی و نیشتمانیەکانا شیعریان خوێندۆتەوە.، ژمارەیـەکی زۆر شیعرو وتارو نووسنیان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کۆماردا نووسیووەو (هەژار) ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕادیـۆی کـوردی لە ئازەربایجانیش بە ئەستۆ گرتووە، هەر لـەو سـەردەمەدا کۆمەڵـە شـیعرێکی لـە لایـەن (جەعفـەر خەنـدان)ی ئەفسەری ئازەری یەوە تەرجەمەی ئازەربایجانی کراوەو لە ڕۆژنامەی (وگن یولندا) و (شفق) و (شـاعرلر مجلس) و نەشـریەکانی (**سـەوەت مدنیـەت ایـوی**) بـاکۆو گۆڤـاری (**آذربایجـان**) چـاپکراوە[٢٦٧] هـەروەها (**ئاڵـەکۆك**) و (**سیلسـیلەی مەشـایەخی نەقشـبەندی**) و (**عـەقڵ و بـەخت**) و (**گفتوگـۆی دووبـاز**) و هەنـدێ بەرهـەمی دی بڵاوکردۆتەوە[٢٦٨].

سروشتی شیعری (**هەژار**)، لە ڕووی ڕووخسـارەوە زۆر سـادەیەو لەسـەر کێشـی بڕگـەی خۆماڵییـەو لەسـەر شێوازی شیعری ستوونی و جووت قافیەیە، بە زمانێکی سـادەو گشـتیی خـەڵك نووسـراوەتەوە. ئـەو سـەردەمە، سەردەمی گەنجی و تازە ڕۆژگاژۆکردنی شیعری بووەو کوردانە بووەو دەبـێ بـوترێ لەسـەر دەسـتی ئـەو کۆمەڵـە شاعیرەی ئەو ڕۆژگارە (هەژارو هێمن و سەید کامیل ئیمامی و حـەقیقی و عطـری و خاڵـەمین) شـیعری سیاسـی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گەشەی کردو بڵاوبووەوەو بـووە هانـدەرێك بـۆ وروژانـدنی هەسـتی نەتـەوەیی و پەرەسەندنی گیانی کوردایەتی.

ناوەڕۆکی شیعری (هەژار) تۆمارێکی زیندووە بۆ ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە، هەر لە فڕێدانی هەوەڵ بەیاننامـەو ئاگاداری فڕۆکەکانی ئۆردووی سووری سـۆڤێتی بەسـەر ناوچـەی موکریانـێ تـا دوا ڕۆژانـی ڕووخـانی کۆمـاری دێمۆکراتی کوردستان. لە بارەی ئەو ئاگادارییانەی فڕۆکەکانەوە ئەو شیعرەی (هەژار) زۆر باو بووە:

---

[٢٦٧]: بڕوانە: گ هەڵاڵە، ژ٣، ل٣٢.

[٢٦٨]: لەبارەی ژیانی (هەژار))ەوە، ئێمە تەنیا بەوەندە ڕاوەستاین، کە لە چوارچێوەی ئەو ماوە مێژووییەی، کە باسەکەی ئێمە دەیگرێتەوە خۆی بەڵام دوای ڕووخانی کۆمارو ژیانی ئاوارەیی هەژار لە عێراق و سووریا دەتوانی سوود لەو بایۆگرافیایەی خۆی، کە بە قەڵەمی خۆی نووسیویەتیەوە وەربگرێ: هەژار چێشتی مجێور، پاریس، ١٩٩٢.

بـــه بڵاوبوونــــی دوو پــــــەڕ ئاگــــــاهی
بــــوو بـــــڵاو ئەرتەشـــــتی شەهنشــــاهی[٢٦٩]

شاعیر لە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لـە مـەهاباد و ئاهـەنگی سـەربەخۆیی و بۆنـەکانی دیکـەدا لەگـەڵ چەندین شاعیری دی شیعریان خوێندۆتەوە، لە شیعرێکدا هانی لاوەکـان بـۆ خوێنـدن دەدات و ئـەوەیان بـۆ ڕوون دەکاتەوە، کە سەرچاوەی ئەو هەموو دواکەوتن و مەینەتە خوێندنە، کە کورد لێی بێبەشە:

**ئێمـــــە نــــەزان و ئــــەوان خوێنـدەوار**
**ئێمـــــە نۆکـــــەرین و ئـــەوا ئاغـــاو سەردار**
**ئـــەو بـــە علمـــی خـــۆی وا بـــە حەواوە**
**ئێمـــــــە لـــــە جـــەهلا ســـەرمان سووڕماوە**
**بـــــەکـوردی خوێنـــــدن دەرمـــــانی دەردە**
**هـــەر نـەزان نامـــــەرد هـــــەر زانـــا مـەردە[٢٧٠]**

شایانی باسە، سروودی میللی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان لە دانانی (هەژار)ی شاعیرە، ئەو سـروودە لـە زۆر بۆنەو ئاهەنگدا لە لایەن تیپی مۆسیقای سەربازی کوردستان لە پاڵ (**ئەی ڕەقیب**)ی (**دڵـدار**)ی شـاعیر، کـە وەکو مارشی نەتەوەیی لە هەموو کوردستان دادەنرێت، پێشکەشکراوە، ئەو سرووده لە ناوەڕۆکدا قووڵەو باس بـە کانگای نەوت و کانزاکان و بەرهە سرووشتییەکانی کوردستان دەکات و هەموو خاکی کوردستان بـە مـاڵی کـورد دادەنێ و نەخشەی کوردستانی گەورە بە بیرێکی ئایینده‌یی بۆ خەباتی نەتەوەیی دەڕوانێ. بە وشـەو دەسـتەواژەی ئاسان ئەو ناوەڕۆکە دەردەبڕێ و بە تایبەتی ئەو ڕۆژە بـەرز ڕاگـرتنی خـەباتی پێشـەوا قـازی محمـەدە، سـەرەتای سروودەکەی وەها دەست پێدەکات:

**نـــــــیشتمان ڕەنـــــــــــگینه — بــــــــەهەشتی ســــــەرزەمینه***
**(خـــــــاکم وەکو ئـــــــاڵاکەم — ڕەنگ ســــوورو سپی و شینه)٢**
**ڕەنگی وەکــــــو ســـووری گوڵاڵان — بــــۆنی سوێسنـــــەو هـەڵاڵان***
**(کــــــەویە بەفری نـــــــواڵان — ســــــەرچاوەی ئاوی ژیــــنە)٢**
**لـــــــــە سایەی پێشـــــەوادا — زۆر بـــــە ئـــازاو بە مــــەردی**
**دەی پـــــــارێزن ئەو خـــــاکە — (بێـــچووه شێرانی کـــوردی)٢**
**هـــــــاڕەی ئـاوی هەڵـــــدێرا — فێنك و شـــــینەکەی زەنوێران***
**(ئـــــــاونگی ســـــەرشـەی — گــــەنم بـــــــاوبوێـــران)٢**

---

[٢٦٩]: هێمن، تاریك و ڕوون، ل٨.

[٢٧٠]: هەژار، خوێندن، ڕۆژنامەی کوردستان، ژ٥، ٢٠/١/١٩٤٦ن ل٢.

سەپای ئاوە / گەنم کۆڵەکەی داوە*
(هەناویان بۆی نەماوە / تورك و عارەب و ئێران)٢
لە سایەی پێشەواد / زۆر بە ئازاو بە مەردی
دەی پارێزن ئەو خاکە / (بێچووەشێرانی کوردی)
نەفتم ئاوی ژیانە / لە سیرەت و کرماشانە*
(بابەگورگوڕ دەزانێ / لەموسڵیشدا هەمانە)٢
کانگام هەیە لە زاخۆ / هەروەك نەوتەکە تۆ
(بۆ دوژمنان بۆتە سۆ / هەر خۆش بێ ئەو زەمانە)٢
لەسایەی پیشەوادا / زۆر بە ئازاو بە مەردی
دەی پارێزن ئەو خاکە / (بێچوەشێرانی کوردی)٢..[271]

(**هەژار**) پەروەردەی خێزانێکی دەست کورت و پێدەرەتانە، ڕاستگۆیانە گوزارشتی لەو هەموو نەهامەتی و ئازارەی خێانێکی هەژار کردووەو وێنەیێکی کاریکاتۆریانەی گاڵتە ئامێزی ڕەخنەگرانەی لە شیعرەکانیدا نەخشە کێشاوەو بە زمانێکی سادە دەردەبڕێ. (**لێفەشڕە**)یەکی بێ بایەخ دەکاتە مەسەلەیەکی فیکری و سیاسی بە پەردەییێکی تاریکی ونەزانینی میللەتی لە قەڵەم دەدات، کە هەمیشە لە ژێریدا خەوتووەو ڕووی داپۆشیووەو بە هۆی ئەو تاریکی و پیسییەوە کێچ تێی ئاڵاوە:

من و نینۆکم لەشکرمان گردە / لەگەڵ کێچانمان هەر زەردو خوردە
هەموو شەو تا ڕۆژ پارێزی / دێن شەمەك نین دوژمنی خوێنن
تا بەری بەیان شەڕو هەڵلایە / هەر کێچ بۆ من دەس بە تێڵلایە
شەوانە کاری سەد هەزار نیە / کە ڕۆژ ڕووناك بوو یەکێ دیار نیە
ڕۆژ تا دەریانکەم تەئمین بێ ژینم / هەرچی دەگەڕێم یەکێ نابینم
لێفە شڕێکمان هەیە پوواوە / بەسەر ئادەم و حەواش دا دراوە
بەری لۆکەیە وپشتی ریتاڵە / هێند کۆنە عاسمان پێی دەڵێ خاڵە

لێفە شڕە، سیمبۆڵی خاك و زێڕی کوردە (کێچ)یش. کە سێمبۆڵی ئیمپریالیزم و داگیر کەرە، هیچی دەرهەق ناکرێ و شاعیر بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز داداو سکاڵای خۆی دەخاتە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ئەوانیش لە ئاست هاواری بێنەوا گوێی خۆیان کەڕ کردووە بۆیە دەڵێ:

---

[271]: ڕۆژنامەی کوردستان، ژ١٤، ١٩٤٦/٢/١٣.

**من لێفەشڕەی خۆمـــــــــە دەیناســـم**
**بە شـــەو بردوویە خـــــەو حەواسم**

**بە ڕۆژ نەتوانم فرێی دەمـــــــــــە دەر**
**ئەی منی هەژار کام خۆڵ کەمە سەر**

**بازیچەی دەستی سیاســـــــــەت منم**
**دۆستم دڵ بە غەم شـــابوون دوژمنم**

**ئەی شواری میلەل ئەگەر ڕاست دەکەن**
**لــە زوڵم و زۆری باز خواست ئەکەن**

**شەرعی من دەگەڵ لێفەشـــــڕ بکەن**
**ئەو بسووتێنن با کێچ قڕ بکەن**[٢٧٢]

هەروەکو دەردەکەوێت شیعرەکانی شاعیر ئاسان دێنە بەرچاو، بەڵام خۆی لە ڕاستیدا ناوەڕۆکێکی قووڵیان هەیـەو دەچنە خانەی (سهل الممتنع)ەوە.

[٢٧٢]: گ هەلاڵە، ژ٣، ١٩٤٦، ل٢٧ـ ٢٨.

## هێمن (١٩٢١-١٩٨٦ز):

ناوی (سەید موحەمەد ئەمینی شێخەلئیسلامی موکری) و تەخەلوسی شیعری (هێمن)و، کەم کەس هەیە، کە شارەزایی لە ئەدەبی کوردیدا هەبێ و ناوی ئەم شاعیرەی نەبیستبێ، بێگومان ئەوەش لە ڕێگەی شیعرە سیاسی و نیشتمانییەکانییەوەیە. خوێندنی ئایینی خوێندووە، پاشان لە (مەدرەسەی دەوڵەتی)دا دەرچووە. (هێمن) لە ژیانیدا، خۆی بە قەرزارباری (مەلا ئەحمەدی فەوزی دەزانێ، کە ئەو ڕێگەی خوێندنەوەی ئەدەبیات و زمانی کوردی و کوردایەتی پێ ناساندووە:

**(دەبێ ئەوە بڵێم من دەسکردی فەوزیم، ئەو هەڵی وەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەرلەنوێ دروستی کردمەوە. ئەو دەرکی زانین و فێربوونی بۆ کردمەوە. ئەو ڕێگای ژیانی پێ نیشان دام. بێ گومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزی و لەکن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و پێی دا ڕۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە..**

**ئەو حاجی قادری کۆیی، نالی، کوردی، سالم، مەولەوی، حەریق، مەحوی، ئەدەب و وەفایی پێ ناساندم و شیعرەکانی ئەوانی بۆ شی کردمەوە. ئەو فێری ڕۆژنامە خوێندنەوەو ڕۆمان خوێندنەوەی کردم)**[٢٧٣].

ئەوە سەرەتای دەست پێکردن و هەنگاو هەڵێنانی شاعیر بوو، پاشان ڕەفاقەتی هەژارو حەسەنی قزلجی و خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستانی باشوور (**هێمن**)ی شاعیری دروست کردووە:

**(یەکەم شیعری من لە ژمارە دووی نیشتمان دا بەناوی م.ش هێمن بڵاوکرایەوەو ئیتر بوومە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆوارە لە هەموو ژمارەکانی دا شیعر وتارم بڵاوکردەوە)**[٢٧٤].

هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێکی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان نی یە، شیعرو وتاری (هێمن)ی تێدا نەبێ. شیعرە سەبەتاییەکانی (هێمن) لەسەر ڕێو شوێنی شیعری کلاسیکی کوردیدایە، لەسەر کێشی عەرووز هۆنراوەتەوەو لەژێر تەئسیری شاعیرانی کلاسیکی فارس و کوردیدایە، چ لە ڕووی وێنەی شیعری و کێشی عەرووز داناوە، ئەگەرچی زمانەکەش کوردییەکی سادەو پەتی بووبێ. ڕەنگە هەر ئەو سادەیی و بڵاوبوونەوەیەی بەنێو

---

[٢٧٣]: هێمن، تاریك و ڕوون، ل١٠. لە بارەی مەلا ئەحمەدی حاجی عەلی هەڵەبجەییەوە علاو الدین سجادی هەر ئەوەندەی نووسیووە، کە لە سابلاغ دانیشتووەو لە دەوروبەری ساڵی ١٩٢٣دا مردووە. بڕوانە:

علاء الدين سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ١ ١٩٥٢، ل٥٤٩.

د. عیزەدین دەڵێ: (مەلا ئەحمەدی فەقێ عەلی یە. لە گەڕەکی چوار باغی سلێمانی دا ژیاوە. دۆستی مەلاکانی ئەو سەردەمەی سولەیمانی بووە. بیرێکی کوردایەتی باشی هەبووە کە حکومەتی شێخ مەحموود ڕووخا نائومێد بوو و هەر بە مەبەستی کوردایەتی چووە موکریان. دۆستی بنەماڵەی تورجانی زادەو قازی یەکان بووە. تەنانەت پێشەواش لای ئەو خوێندوویەتی)*.

[٢٧٤]: علاء الدين سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ١، ل٢١.

خەڵكیدا وای لە (كەمال مەعروف) كردبێت، كە لـە تێـزی دكتۆراكـەی خۆیـدا (هـێمن) بخاتـە خانـەی شـاعیرە میللییەكانەوە[٢٧٥].

**د.عبدالرحمن قاسملو** لەو پێشەكیەی بەناوی (شاعیری گەل) بۆ (**تاریك و ڕوون**)ەكەی شاعیری نووسـیووە لە وەسفی زمانی شیعری (هێمن)دا، جوانی گوتووە:

**(زمانی هێمن سادەو پەتی و ڕەوانە، هەم ئەدیب و نووسەری كورد پێی خۆشەو هەم نەخوێندەواری كورد لێی حاڵی دەبێ..**
**"بەهاری كوردستان" فەرهەنگێكی بچووكی زمانی كوردی یە. بە تایبەتی بۆ ئەوانەی هەر لـە شار ژیاون و لە زۆر باری ژیانی لادێ ئاگادارنین، تابلۆیەكی ڕاستەقینە بە زمانێكی دەوڵەمەندو بێ هاوتا دەخاتە پێش چاو)[٢٧٦].**

ئەو شیعرەی (**هێمن**)، كە ئاماژەی بۆ كراوە، سەرەتاكەی وا دەست پێدەكات:

**شـــەماڵ هـــات بـــە گـــاڵە گـــاڵ**
**هـــــەور بـــــوون گـــــەواڵ گـــــەواڵ**
**پشـــــكووت گـــوڵی گـەش و ئـــاڵ**
**بلبـــــل كەوتـــــە ناڵـــەنـــاڵ[٢٧٧]**

لە ڕاستیدا ئەم كێشە، كێشی گـۆرانی فۆلكلـۆری كوردییـەو بەشـێكی زۆری گـۆرانی فۆلكلـۆری كـوردی ناوچەی موكریان و دەشتی هەولێریش لەسەر ئەم كێشە (٧) بڕگەیە[٢٧٨].

لە پاڵ شیعرە بەرزە سیاسیەكانیدا شاعیر زۆر شیعری جوانیشی بۆ ئافرەت و سروشـت دانـاوە، كـە تێیـدا دەوری ئافرەت لە ژیانی ڕۆژانەی كۆمەڵی كوردەواری بەدەر دەخات.

پاش دامەزراندنی كۆماری دێمـۆكراتی كوردسـتان، (هـێمن) لـە هەیئـەتی ڕەئیسـەی میللـی و هەیئـەتی فەرهەنگی و كاروباری دیكـەی حكومـەت و پێشـەوا زۆر نزیـك بـووە، ئەمـە خۆشەویسـتییەكی بـێ سـنووری

[٢٧٥]: كمال معروف، الحركة التجديدية في الشعر الكردي الحديث ١٩١٤ـ ١٩٦٥، ص٦٠ـ ٦٣.

[٢٧٦]: هێمن، تاریك و ڕوون، ل م.

[٢٧٧]: هـ. س، ل١٠٤.

[٢٧٨]: بۆ نموونەی ئەم گۆرانی و هۆنراوە فۆلكلۆریانە بڕوانە:

هیمدادی حوسێن، چەپكی هۆنراوەی فۆلكلۆری دەشتی هەولێر، بەغدا، ١٩٨٦ ل١١ـ ٤٠، د. محمد مكری، گۆرانی یا ترانـەهای كردی، ص١٢٦ـ ١٣١.

ئەحمەدی شەریفی، بەركۆڵێك لە خەرمانی گۆرانی كوردی، گ سروە ژ٦، س٢، هاوینی ١٣٦٥ (١٩٨٦)، ل٦٢ـ ٦٤.

بەرامبەری بە پێشەواو کۆمار لە دڵدا چەسپاندووەو زۆر شیعری بۆ خۆشەویستی پێشەوا و ئالآی کوردستان و دیموکراسی هەڵداوە.

تەنانەت دوای لە سێدارەدانی پێشەوا نووسیوویەتی:

**(من پێشەوام لە دڵەوە خۆش دەویست. بە ڕابەرێکی دڵسۆزو ژیرم دەزانی، بە کوردێکی پاك و چاکم دەناسی و بە موسلیحێکی یەکجار گەورەو مەزنم دەزانی. دەمزانی نەتەوەکەی خۆی چەند خۆش دەوێ و چەندی پێ خۆشە خزمەتی بکا. چەند بە ئاواتەوە بوو کورد بگاتە ڕیزی نەتەوە بەختەوەرەکان)**[279].

لە شیعرە سیاسییە زۆر بڵاوەکانی ئەو شیعرەیە، کە نموونەیەکی بەرزی گیانی خۆڕاگرییە:

**گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن**
**قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن**
**من لە لۆمەو تانەو زنجیرو دار باکم نیە**
**لەت لەتم کەن بم کوژن هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن**
**گەر لە برسان و لەبەر بێ جلکی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم**
**نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن**[280]

ئەم شیعرە لە ڕووی هونەری شیعرییەوە لەسەر کێشی عەرووزی عەرەب و لەسەر بەحری (رمل)ەو بە سەروای یەکگرتووی کلاسیکی، کە سەروای بەیتییەکەم دەبێتە سەروای سەرجەم قەسیدەکە، داڕێژراوە. ئەم شیعرە لە ڕۆژانی خەبات و بەرەنگاریدا هەمیشە ورەی خەڵکی بەرزدەکردەوە. لە شیعرەکانی (ڕۆژی خۆشی) و (هەتاوی ئیقباڵ)دا [281] خۆشەویستی خۆی بۆ پێشەوا دەردەبڕێ.

شاعیر باوەڕی بە خەباتی هاوبەشی نێوان میلەتانە بۆ دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین، لەو ڕۆژانەدا پەیماننامەی هاوبەش و هاوکاری نێوان کوردو ئازەر دەنگی دابۆوە ئەو شاعرانەی لەسەر ئەو برایەتی و چارەنووسە هاوبەشە شیعریان وتووە، (هێمن) لەنێو ئەو شاعیرانەدا بووە، کە ئەو ڕۆژە باوی دروشم و پیاهەڵدانی دێمۆکراسی

---

[279]: هێمن، تاریك و ڕوون، ل٢٩.

[280]: هێمن، قەت نابەزم، گ هاواری کورد، ١٩٤٥ن ل١٨.

ئەم شیعرە پاشتر، کە شاعیر لەدیوانی (تاریك ڕوون)دا بلاوی کردۆتەوەو هەندێ دەستکاری کردووەو وشەکانی گۆڕیوەو لەگەڵ کێشی عەرووزی بە تەواوی ڕێکی خستووە. بەیتی سێیەمی بردۆتە چوارەم و وشەکانی (بێ جلکی) کردووە بە (بێ بەرگی). (عاشقی) کردووە بە (ئاشق). لە بەیتی سێیەمدا لە جیاتی (لە لۆمەو تانەو زنجیر) کردوویە بە (من لە زنجیرو تەناف و دارو بەند). بڕوانە: هێمن، تاریك و ڕوون، ل٤٩.

[281]: هێمن، تاریك و ڕوون، ل٨١.

و بەرەی سۆسیالیستی بووە، کە تازە لە دووەمین جەنگی جیهانی دا سەرکەوتنی بەسەر ئەڵمانیای نازی بە دەست هێنابوو. لەبارەی دامەزراندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و بەرز ڕاگتنی (دێمۆکراسیەت) وتوویە:

**مزگێنیم دەیە دەگـــەی بە ئاوات     کوردە لە ســـایەی حزبی دێمۆکرات**

**حزبی دێمۆکرات تۆ دەدا نەجات     پیادەی ئەو شاهی دوژمن دەکا مات**

**بژی دێمۆکرات بژی دێمۆکرات**[٢٨٢]

لە بارەی برایەتی کوردو ئازەرییشەوە دەڵێ:

**تێپـــەڕی ئـــەییامی دیلـــی ئێســـتە هـــەنگامی ژیانـــە**

**خـــۆی مـــەلاس دا مامـــــــــــەڕێوی شـــێری ژیانـــە**

**هەر چی پێت دەکـرێ بکـە ئـە دوژمـنی خـوێڕی و بزانـە**

**بـــاوی لاوی کـــورد و تـــافی گـــەنجی ئازەربایجانـــە**

**خۆی لە خوێناودا دەبینێ هـەر کەسـێك دوژمـن بەوانـە**[٢٨٣]

هێمن، وەکو گەنجێك لەو سەردەمەدا عەشق و خۆشەویستی ئافرەت لە دەروونیدا هەڵقوڵاوەو دیمەنێکی جوانی کیژی کورد دەکێشێ: بەتایبەتی کیـژی لادێ، کـەل لەبـەر چـاوی شـاعیر نموونـەی دەسـتکردی جـوانی خودایـەو بەراوردی دەکا لەگەڵ کیژی شاری و پاکی و بێگەردی کیژی لادێ لەشیعرەکەیدا دەنوێنی:

**کیـــــژی لادێیـــــی نـــــەشمیلی جـــــوان چـــــاك**

**بـــــێ فرۆفێڵـــــی هێـــــدی داوێـــــن پـــــاك**

**ئـــــەتۆ هـــــەر زگمـــــاك وەهـــــا جـــــوانی**

**تـــــەوالێت چـــــییە؟ نـــــاوی نـــــازانی..**

**لاجانگـــــت وەکـــــوو گزنگـــــی تـــــاوێ**

**هـــەر بـــۆ خـــۆی جوانـــە تیـــف تیفـــەی نـــاوێ**

**کوڵمەکـــــەی وەکـــــوو گوڵاڵـــــەی گەشـــــە**

**بـــــێ ســـــوورمەش چـــــاوە مەســـــتەکە ڕەشـــــە**[٢٨٤]

---

[٢٨٢]: هێمن، بژی دێمۆکرات، گ کوردستان، ژ٢، ل٧ـ ٨.

[٢٨٣]: هێمن، تاریك و ڕوون، ل٩٣.

[٢٨٤]: هێمن تاریك و ڕوون، ل٦٣ـ ٦٤.

لەبارەی ئافرەت لە هۆنراوەکانی (هێمن)دا، بڕوانە:

کوردستانی موکریانی، ئافرەت لە هۆنراوەکانی مامۆستا (هێمن)دا، گە بەیان، ژ ٢٦، ١٩٧٥، ل٢٨.

## هیـــّدی (١٩٢٧ز):

(هێدی) نازناوی شیعریی (خالد ئاغای حسامی)یە، کەپێشتر هەنـدێ لـە شـیعرەکانی خـۆی بـە تەخەلوسـی (**شێواو**) لە رۆژنامەکانی سەردەمی کۆماردا بڵاوکردۆتەوە.شـاعیر دۆسـتی (هـێمن) و (هـەژار) بووە.شـیعرەکانی لەدیوانێکدا بە ناونیشانی (**کاروانی خەیاڵ**) بڵاوکردۆتەوە.

خەڵکی گوندی (شێخالی)یە هەر لە گوندەش خوێندنی دەست پێکردووە. لەگەنجیەتیـدا تێکـەڵ بـە کاروبـاری سیاسی بووەو توشی ژیانی ئاوارەیی بووە. خزمەیەتییان دەگەڵ خێزانـی (قـازی محەمـەد)دا هـەبووەو لـە رێگـەی ئەوەوە پەیوەندی بەکۆمەڵەی (ژێ. کاف)ە کردووە. دوایی لەسەردەمی کۆماریشدا لە چەندین بۆنەو ئاهەنگـدا بـە شیعری سیاسی و نیشتمانی بەشداری کردووە[٢٨٥]. لە ئاهەنگێکدا لەسەر پشنیاری پێشەوا بە شـیعر وەڵامـی ئـەو برا کوردەی (سنە)ی داوەتەوە، کە ئەوان لەو سەربەخۆیی و ئازادییەی رۆژگاری کۆمار بێ بەشن. ئەو شیعرە هـەر وەکو خۆی دەڵێ پەسەندیی پێشەواو جەماوەرەکە بوو:

| | |
|---|---|
| **برای جـــــنوبی پەیامەکی تۆ** | **گەیشـــــت و لە دڵم هەستا بۆسۆ** |
| **کاتێ کە دیتم زۆر بێ قەراری** | **لەدەس دوژمنتە گریان و زاری** |
| **بە ئاگری مەیلت کوڵی دڵەکەم** | **سیس بۆوە دیسان گەڵای گوڵەکەم** |
| **چونکە من خۆشم ئەزانم دیلی** | **ژێر دەستی و، کزی و، ماتی و، زەلیلی** |
| **ئاڵای سەربەستی لە هەموو لایە** | **هەر کوێ بڵیند و بەرزو چـــــیایە** |
| **هەڵ دەکەم دەگرم جێژنی ئازادی** | **با دوژمـــــــن بمرێ بەبێ مرادی** |
| **سەر شێواویەکەت ببێتە جێژەن** | **دوژمن تاڵاوی مـــەرگ بجێژن**[٢٨٦] |

ڕەوتی شیعریی و قۆناغەکانی هەر وەکو شاعیرانی پێش خۆی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە، لـە سەرەتاشـدا بە کێشی عەرووزی بە داڕشتنێکی زمانیی پڕ لە زاراوەی عەرەبی و فارسی و بـە پێـڕەوی کردنـی خاسـیەتەکانی ڕەوانبێژی لە شیعردا تێپەڕیووە. لەم شیعرەدا، کە لەسەر بەحری (رمل)ە، گوتویە:

**مەزرەعەی قەلبی مە ویشـکە ئـەی وەتـەن کـوا ئـاوی تـۆ؟**
**بـــێ زەوادن ڕۆڵـــەکانت، کوانــێ شـــەکری خـــاوی تـــۆ؟**
**زەردە ڕەنگـــی خونچـــەکانت ســـێبەری زوڵـــم و جـــەفا**

---

[٢٨٥]: لەبارەی ژیانی شاعیرەوە بڕوانە:

خالد حسامی (هێدی)، کاروان خەیاڵ، چ٢، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٠ـ ١٤٥.

سید محمد صمدی، نگاهی بە تاریخ مهاباد، ص٢٥٤ـ ٢٥٦.

[٢٨٦]: هێدی، کاروانی خەیاڵ، چ٢، ل٣٠١ـ ٣٠٣.

## لاده بـەو هاوینـە کـوانێ تیشـك و تـینی ئـاوی تـۆ؟[287]

شاعیر هەروەکو خۆی دەڵێ ئەمە نموونـەی یەکـەم شـیعریەتی کـە لـە تەمـەنی شـازدە سـاڵیدا لـە سـاڵی (١٩٤٣ز)دا نووسیوێتی.

دوای ئەوە، یان لە هەمان کاتدا بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی سەردەمی خۆی (هەژار، هـێمن، ئیمـامی، حەقیقی..) هاتۆتە سەر شیعری ستوونی و جووت قافیە. لێرەدا، زمانی شیعریشی گۆڕاوەو زیاتر بەرەو سـادەیی و کوردییەکی پاك و بێگەرد و زیاتر زاڵبوونی شێوەزاری موکریانی پێـوە دیـارە، بـەڵام لـە ڕووی ناوەڕۆکـەوە ئـەو ڕێبازە کوردایەتیەی، کە لە (ژێ. کاف)ەوە پێی پەروەردە کرابوو بەری نەدا:

**ئـەی بـەختی نووسـتوو هەسـە ڕۆژێ بـەهاری کـوردە**
**چـەتری گـوڵی لەسـەرنا چـیاو هـەردە**
**بلبـل لەسـەر چـڵۆکان گـەڵای گـوڵی دەدەمـدا**
**لـە شـادی وی کـە دەرچـوو لـە نێـو چـەپۆڵی غەمـدا**
**قـاوی دەکـرد و دەیگـوت ئـەی دایکـی نیشـتمانم**
**زسـتانی غـەم خـەلاس بـوو شـین بـۆوە باغەکـەنم**
**ئـەو جـار دەمـی سـەفایە گـەرانی نێـو گوڵانـە**
**ئەوڕۆکـە ڕۆژی شـادی و ڕوون بوونـەوە دڵانـە..**[288]

شاعیر ڕۆژگاری کۆماری تەخەلوسی شیعریی (**شێواو**)ی بۆ خۆی هەڵبژاردبوو، چاشـان تەخەلوسـی (**هێـدی**) هەڵبژاردووەو تا ئەمرۆیش لە ژیاندا ماوەو لە شیعر نووسینیش بەردەوامە.

---

[287]: هـ. س، چ٢، ل٣٠٠.
[288]: شێواو، بۆ جێژەنی سەیدان، گ کوردستان، ژ٤، س١، مایسی ١٩٤٦، ل١٨.

## ٢ـ هونەری وتار

ئەگەرچی هونەری وتار فراوانترین بەشی پەخشانە لە ڕووی مێژووییشـەوە لـە زۆربـەی بەشـەکانی دی وەکـو (چیرۆك و ڕۆمان و..) کۆنترە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، بە تایبەتی لە ئەدەبی کوردیـدا، کـەمتر لای لێکراوەتـەوەو تیشکی لێکۆڵینەوەی زانستی خراوەتە سەر.

لە مێژووی ئەدەبیاتی ئەوروپادا فەزڵی گەشەکردن و بـەرەو پێشـەوەبردن و دانـانی ڕێ شـوێنی مەرجـەکانی وتاری سەرکەتوو بـۆ (**مـۆنتین** ١٥٧١ز)ی ئـەدیبی ناسـراوی فەڕەنسـی و قاشـتر (**فرانسـیس بیکـۆن** ١٥٦١ ـ ١٦٢٦ز)ی ئینگلیزییە[٢٨٩].

دوایی لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا بە هۆی پێشکەوتنی ئامێری چـاپ و بڵاوبوونـەوەی ڕۆژنامـەوانیی بۆتـە هونەری یەکەم و کۆڵکەی پشتی ڕۆژنامەوانیی بۆتە هونەری یەکەم و کۆڵەکەی پشتی ڕۆژنامەوانیی.

لە ئەدەبیاتی کوردییشدا، دوای بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی کـوردی بـە ناونیشـانی (کوردسـتان) لـە (٢٢ی نیسانی ١٨٩٨)دا لە لایەن خێزانی بەدرخانیەکانەوە، هونەری وتار، لە هەوەڵ ژمارەدا، جێگەی خـۆی کردۆتـەوە، دیارە دەبێ ئەوەش لەبەر چاوان بگیرێ، کە وتاری ڕۆژنامەوانیی هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەیەو تا ڕادەیەك چ لـە ڕووی مێژووەوەو چ لە ناوەڕۆك و ئەرکدا لەگەڵ وتارێکی ئاساییدا جیاوازە.

ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان بەبێ جیاوازی، هەر هـەموویان ژمارەیـەکی زۆر وتاریـان لـە ڕووی مەبەسـت و ناوەڕۆکەوە، هەروەکو وتـاری ئـایینی و سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئـەدەبی هونـەری و مێـژووی و زمانـەوانی و فەلسفەو.. تێدا بڵاوکراوەتەوە زۆربەیان بە قەڵەمی ئەدیب و شاعیران و نووسەرانی سەردەمی خۆیـان نووسـراون و لە زۆربەی ڕۆژنامەکان گۆڤارەکانیشدا قەڵەمی تاکە نووسـەرێك لـە چـەندین و بۆنـەو مەبەسـتی جیـاوازی ئـەو ڕۆژگارە تاقیکراوەتەوە، هەر خۆی زۆربەی نووسین و وتارەکان و کاروباری ڕۆژنامەسیی و چاپیشی بەڕێوەبردووە.

ئەم دیاردەیەش وەنەبێ هەر بە تەنیا لە ئەدەبی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا هەبێ و بەر دیدە بکەوێ.

سەرەتای سەدەی بیستەم، کە بەشێوەیەکی فراوان هەنگاوی ڕۆژنامەوانیی کوردیی گەورە هاوێژراو تـا نیـوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، زیاتر لە دەیان ڕۆژنامـە گۆڤـاری کـوردی بڵاوکرایـەوە، بەشـێوەیەکی گشـتی شـاعیرو ئەدیبی کورد بـەڕێوەی بـردووە، بۆیـە سـەیر نیـە زمـانی ڕۆژنامـەوانیی کـوردیی، زمـانێکی ئـەدەبی و وشـەو دەستەواژەی خەیاڵاوی و شیعر ئامێز بێ. هۆیەکەشی بە پلـەی یەکـەم نـەبوونی کـادیری ڕۆژنامـەوانیی پسـپۆڕو کەمی ژمارەی خوێندەوارو ڕوناکبیری کوردە، کە تا نیوەی یەکەمی سەدەی بیسـتەم ژمـارەی خوێنـدەواری کـورد لەچاو کۆی ژمارەی دانیشتوان ناگاتە ٥٪، ژمارەی خوێندنگاکان لە شاری هەولێر تـا سـاڵی (١٩٥٤) بـە تـەنیا

---

[٢٨٩]: بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

د. عبد اللطيف حمزة، المدخل في فن التحرير الصحفي، ص٢٢٣.

د. منير بكر، اساليب المقالة وتطورها في الادب العراقي الحديث والصحافة العراقية، ص١ـ ٢.

عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل١٩ـ ٢٠.

(٦٨) خوێندگای سەرەتایی و (٤) خوێندنگای ئامادەیی لێ بووە. لە شاری سلێمانی (٦٧) خوێندنگای سەرەتایی و (٤) خوێندنگای ئامادەیی هەبووە. ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە ژمارەی دانیشتوانی هەولێر (٧٧٦، ٢٣٩) کەس و (٩,٤١٠) کەس خوێندەواری هەبووەو ژمارەی دانیشتوانی سلێمانی (٤٠٠، ٢٢٦) کەس و (١٠,٣٠٤) کەس خوێندەواری هەبووە[٢٩٠].

ناساندنی وتار:

پێناسەکردنی وتار کارێکی قورسە. بە چەند جۆرو شێوەی جیاواز پێناسە کراوە، کە هەندێکیان بە شێوەیەکی وردتر وتاری ئەدەبی (هونەری) و زانستیان لێکدی جیاکردۆتەوە.

هەوڵ دەدەین لە نێوهەموویاندا سێ پێناسە وەربگرین لە سێ زمانی جیاوازدا.

لە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیدا (**Encyclopedia Britannica**) وا هاتووە:

**(هونەرێکی ئەدەبییە بە شێوەیەکی سادەو کورت لە سنورێکی دیاریکراودا نووسەر لێی دەکۆڵێتەوەو بیروڕای خۆی تێدا دەخاتە ڕوو)[٢٩١].**

**د. ناصر الحانی** وەهای دەناسێنێ:

**(شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەدەبی پەخشان، ئامانجی گەیاندنی هەواڵێکە یان ڕوونکردنەوەیێکی زانستییە)[٢٩٢].**

**د. عەلی سوڵتانی گرد فرامرزی** وای بۆ دەچێ، کە وتار:

**(ناوی نووسینێکە کە دەرئەنجامی خوێندنەوەی تاقی کردنەوە یا تیۆری کەسێتی نووسەرە لە بابەتێکداو دەبێ گرییەك لە کێشەکانی کۆمەڵ بکاتەوە یان لەبەرەو پێشەوە بردنی زانستیدا کاریگەری بێ)[٢٩٣]**

لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەو پێناسانەدا دەتوانین بڵێین:

**وتار، هونەرێکی ئەدەبییە، نووسەر بە شێوەیەکی کورت و ورد و سەرنج ڕاکێش خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. بابەتێکی ژیانی ڕۆژانە دەوروژێنێ و بیروڕای خۆی تێدا دەخاتەڕوو.**

ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە گرنگە، لەگەڵ سروشتی لێکۆڵینەوەی ئێمەدا دەگونجێ و جێگەی سەرنجە (وتاری ڕۆژنامەوانیی)یە. دیارە، کە دەڵێین (وتاری ڕۆژنامەوانیی)، وەکو زاراوەییێك دەبێ جیاوازی لەگەڵ (وتاری ئەدەبی)دا هەبێ.

---

[٢٩٠]: بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئاماری خوێندەوار ژمارەی خوێندنگاکانی کەرکوك و مووسڵ.. بڕوانە:

د. شاکر خصباك الکرد والمسألة الكوردية، ص٦٤.

[٢٩١]: The New Encyclopedia Britannica vol.4، p.597.

[٢٩٢]: د. ناصر الحاني، المصطلح في الادب الغربي، ص١٥٢.

[٢٩٣]: دکتر علی سلطاني گردفرامرزی، ادبیات فارسی، ط٢٤، ص١٦١.

**وتاری ڕۆژنامەوانیی:**

وتاری ڕۆژنامەوانیی، ئەو وتارانەن کە لە دوو تـوێی ڕۆژنامــە و گۆڤارانـدا بڵاودەبنـەوە نووسـەر تێیـدا بـە شـێوەیەکی بابەتیانــە کێشــە و گرفتــاری خــەڵکی ڕوون دەکاتــەوە، بــە پێچــەوانەوەی وتــاری ئــەدەبی زادەی خۆخواردنەوەو ڕامان و هەست و وروژاندنێکی لەمێژینەیە و لە سـاتێکی دیـاریکراودا لـە دایـك دەبـێ، نووسـەر (خودی) خۆی تێدا دەنوێنێ و جوانکاری لە ڕێگەی وشە و دەستەواژەی خەیاڵی و وروژانـدنی خوێنـەر بەهەسـت و نەستێکی ناسك دەخاتە ڕوو.

لەڕووی زمانەوە، وتاری ڕۆژنامەنوسیی بە زمانێکی سادەی زۆرینەی خەلچك دەردەبڕی، کە هەموو خـەڵکی بە هەموو چین و توێژو ئاستی ڕۆشنبیریی و جیاوازەوە لێی تێبگەن. خۆی لە بەکارهێنانی زۆر زاراوەی پسـپۆڕی و دەستەواژەی ئەدەبی بە دوور دەگرێ، کە تەمومـژ دروسـت بکـات. لـە ڕووی مێژوویيـەوە وتـاری ڕۆژنامــەوانیی تازەترەو پێوەندی بە مێژووی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەوە هەیە. بەڵام وتاری ئەدەبی مێژووکەی کۆنترە[٢٩٤].

ئەگەر چی سەد لە سەد ناتوانرێ پێوەرێکی جێگیرو نەگۆڕ بـۆ خەسـڵەتەکانی وتـاری هونـەریی سـەرکەوتوو دابنرێ بەڵام دەکرێ لە ئەنجامی خوێندنەوەدا ئەو خاڵانە لەبەرچاوان بگیرێن:

١-پێوەندی نێوان بەشەکانی وتارەکە تۆکمەو توندو تۆڵ بێ‌و سەرەداوی بابەتەکەی لێ گوم نەبێ.

٢-هەڵبژاردنی بابەتێك، کەخەڵکی بوروژێنێ و زۆر دووبارەو سواو نەبێ.

٣-خەست و چڕبێ و خۆی لە درێژدادڕی بپارێزێ بێزاری لە خوێندنەوە بۆ خوێنەر دروست نەکات.

٤-لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بگونجێ و هەنووکەیی بێ.

٥-ئەزموونەکان لە بیرەوەری و یادداشت و یادگاری دەوڵەمەندی نووسەرەوە وەرگیرابن.

٦-باشترین شت ئەوەیە وتار نووس وتارەکەی نەکاتە پەندو ئامۆژگـاری و وەعـزدان، بـەڵکو بـە نـەرم و نیـانی و دۆستانە وەك بۆ برادەرێکی بدوێ، وابێ.

بەم پێیە ئەوانەی لە هونەری وتار دەکۆڵنەوە، زۆر خاڵیان بۆ خەسڵەت و تایبەتمەندی وتار دەست نیشان کردووە.

**بابەتەکانی وتار:**

لەڕاستیدا هیچ بابەتێکی دیاریکراو بۆ هونەری وتار نەکراوە، کە نابێ لێـوەی دەربچـێت. بـە پێچـەوانەوە، یەکێك لەو خاڵانەی وتاری لەگەڵ هونەرە ئەدەبیەکانی دی پێ جیادەکرێتەوە، ئەوەیـە، کـە زۆر فراوانـەو هـەموو (ژیان) کەرەستەیەکی بە پیزە لە بەردەم وتارنووسدا. ئـەو هـەموو کێشـەو گرفتاریـە جەنجاڵانـەی لـە بوارەکـانی

---

[٢٩٤]: لەبارەی خەسڵەتەکانی وتاری ڕۆژنامەوانییەوە بڕوانە:

د. عبد اللطیف حمزة، المدخل في فن التحریر الصحفي، ص٢٨٣ـ ٢٩٠.

د. زكي الصراف، المقالة الصحفیة في الادب الفارسي المعاصر، ص١٨٧ـ ١٨٨.

سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و گۆڕانکاریە خێرایەکانی بەسەر ژیانی مرۆڤدا دیچن هەست هۆشی ئەدیب و نووسەران دەجولێنن و بەرواژانێکی پڕ لە سۆزەوە دەریدەبڕن.

لە ڕووی مەبەست و ناوەڕۆکەوە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێ دوو جۆر لە وتار جیابکرێتەوە:

**١-وتاری خودی.**

**٢-وتاری بابەتی.**

ئەوەی یەکەم، پارچە بەخشانێکی ئەدەبییە، کە پڕ لە هەست و سۆزو ئەندێشەیەو ئیقاعێکی تێدایە، یان لە شێوەی وێنەکێشانی دیمەنێکی سروشتی دایەو توانەوەیە لە جوانی ستاتیکای سروشتدا، یان پارچە پەخشانێکی چیرۆك یان هەقایەت ئامێزە، کە بە شێوەی گفتوگۆی دوو کەس لە نێوان دڵدارو دڵبەر دایە، هەموو ئەمانە لە ناخی وتار نووسدا بە شێوەیەکی ئەوتۆ، کە زمانەکەی لە شیعرەوە نزیکە دەردەبڕێ.

لە بەرامبەر ئەوەشدا، ئەوەی دووەمیان وتاری بابەتی، بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ئابووری.. دەگرێتەوە.

ڕۆژنامەوانیی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان، هەموو ئەو وتارانەی تێدا بەرچاو دەکەوێ بە شێوەیەکی گشتی ڕێبازی ئەدەبی ڕۆژنامەوانیی و وتار بە تایبەتی ڕووگەییێکی سیاسی هەبووە. لێرەوە هەوڵ دەدەین لە ئاست قەڵەمی بەبڕشتی هەندێ لە وتارنووسەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی بوەستین و شێوازی وتارەکانیان شی بکەینەوە.

## عەبدولڕحمانی زەبیحی (ع. بێژەن):

لە فەسڵی یەکەمدا، باسی ڕۆڵی ئەو نووسەرەمان لە کۆمەڵەی (ژێ. کاف) و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی گۆڤاری (نیشتمان) و بڵاوکراوەکانی تردا کرد.

(**ع. بێژەن**) لە نووسەرە هەرە دیارەکانی ئەو سەردەمەیەو بە زمانێکی کوردیی ڕەوان و بە شێوازێکی سیاسی بابەتەکانی نووسیوە.

نووسەر لە ساڵی (١٩٢٠ز) لە شاری مەهاباد لە دایك بووەو لە خێزانێکی مام ناوەندیدا پەروەردە بووە. خوێندنی سەرەتایی لە مەهاباد و پاشان تاقیکردنەوەی سێی ناوەندی لە (١٩٣٧ز) لە ورمێدا تەواو کردووە پاش ئەمە هێندێك لە گوڵستانی سەعدی و دەرسی جەبری لای مەلا قادری مودەڕیسی خوێندووە. بارودۆخی سیاسی ئەو ڕۆژگارەو بلابوونەوەی بیری نیشتمانپەروەری ئەوی خشتە ئەو مەیدانەوەو لە ساڵی ١٩٤٢دا یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (ژێ. کاف) و سکرتێری کۆمەڵە. پاشتر بەشداری لە کارەکانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستاندا کردووە دوای ڕووخانی کۆماریش ئاوارەو پەڕیوەی عێراق و پاشان سوریا بوو، دواجار، کە گەڕایەوە عێراق لە سەرتای ساڵانی هەشتای سەدە بیستەمدا لە لایەن دەزگای جاسوویی عێراقەوە بێ سەرو شوێن کرا[٢٩٥].

---

[٢٩٥]: بۆ ژیانی (زەبیحی) بڕوانە:

عەلی کەریمی، ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما)، سوید، ١٩٩٩.

لە سەرەتای دەست پێکردنی بە نووسینن لە وتارێکدا، لە گۆڤاری (**نیشتمان**)دا نووسیوتی:

**(تاریکە شەوی شەوانی دوای (١٧ و ١٨)ەی مانگ لەبەر پەنجەرەی ژوورەکەما چاوی پێ بڕی بوومە ئاسمان، ئاسمانێکی شین و ڕەش و چاوەڕوانی دەرکەوتنی مانگم ئەکرد چاوەشارکێی ئەستێرەکان وەك مانیتیزۆرێکی چالاك لە هۆشی بردم تاریکی و دیمەنی شیرینی ئاسمانیش خستبویانمە حاڵەتێکی بیرو هۆشەوە وام ئەزانی ئەوا من باڵدارێکی بچوکم، لە ئاسمانی کوردستانا ئەسووڕێمەوە لەسەر گۆمی (وان) ڕا بەسەر چیاکانی زاگرۆسدا فڕیمە سەر گۆمی (ورمێ) لە وێڕا بەسەر خاکی موکریان و ئەردەڵانا چوومەوە کرماشان و لوڕستان و.. بەڵام لە هەموو شوێنێکی وڵاتەکەمانا هێندەم مەردەمی بێگانە دیت سەرم سووڕمابوو وتم بەڵکو ئەمانە میوانن تێفکریم لە خانە خوێش زیاترن ئینجا دوڕدۆنگ بووم بە خۆم گوت ڕێگام هەڵە کردووەو لە ئاسمانی کوردستان وەدەرکەوتووم سەرم هەڵبڕی چیاکانی تۆڕۆس، ئەڵوەند، حەمرین یەك یەك وەبەرچاوم هاتن ئەیانگوت نا، ڕێگات هەڵە نەکردووە ئەم ئاسمانانەی تۆ تیا ئەسووڕێیتەوە ئاسمانی کوردستانە، ئەم چیاو کێو و دەشت و شیوانەی لەبەر چاوتن هەموو کوردستانە بەلام ئەم بێگانانەی تۆ ئەیان بینی لەبەر دووبەرەکی و خۆخۆری ئێوە لە هەموو ئەو شتانەی خوا بەخشیویە بە کوردستان کەڵك ئەسێنن ئەگەر پێت ناخۆشە بڕۆ بە نەتەوەکەی خۆت بڵێ سەرکەوتن لە ڕێك کەوتنیانە ڕێك کەوون تا سەر کەوون)[٢٩٦].**

## شێوازەکەی:

**زەبیحی** شێوازی وتارنووسینی، شێوازێکی هونەرییەو هەوڵ دەدات بە شێوەییێکی سادە و بەوشە و دەستەواژەیەکی ئەدەبی کوردی پەتی و ڕوون مەبەست دەربڕی.

ئەم شێوازە پشت بە وشەی خەیاڵی و ئەندێشە ئامێز دەبستێ لە ڕووی قەوارەوە زۆر درێژ نییەو لەسەرەتادا جۆرە لێکچواندنێك یان مەبەستێکی دیاریکراو دەکاتە بەردەباز بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە هەیەتی و لە کۆتاییدا بۆ پاڵپشت لە مەبەستەکەی وتەیەکی گەورەپیاوان یان ئایەت و فەرموودەیەکی پێغەمبەر دێنێتەوە کە جۆرە قەناعەتێك بە خوێنەرەکەی ببەخشێ. لەم شێوازەدا بە پلەی یەکەم هەوڵ دەدات خۆی لە ووشەی بێگانەو زاراوەی بیانی بپارێزێ. لەڕێرەوی گشتی وتارەکانیدا ناوەڕۆك بە پلەی یەکەم دێت و ڕووخسار بەپلەی دووەم دێت. ناوەڕۆکەکەش گوزارشت لەبیری نیشتمانپەروەریی قۆناغەکە دەکات، کە کورد هەموو مافێکی نەتەوەیی و سیاسی و ڕۆشنبیریی لێ قەدەغە کرابوو. بیری سەربەستی و یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستان لە دەروونیدا زەمزەمە دەکات.

---

سید محمد صمدی، نگاهی به تاریخ مهاباد، ص٢٧٨ـ ٢٧٩.

[٢٩٦]: ع. بیژەن، ڕێك کەون تا سەر کەون، گ نیشتمان، ژ١، ١٩٤٣، ل٥ـ ٦.

لە چەندین وتاردا، سروشتی کۆمەڵی کوردەواری ئەو ڕۆژە لەبەرچاو گیراوە، کە مەزهەب (ئایین) سیمای بەڕێوەبردنی بووە بۆیە، چ (زەبیحی) و چ وتار نووسەکانی دی هەوڵیان نەداوە دی هەوڵیان نەداوە داب و نەریت و بەهای باوی کۆمەڵایەتی ئەو ڕۆژە ببەزێنن و سەرەڕۆیی بکەن، یان شێوازێکی توندو هەڕەشە ئامێز ڕووبەڕووی چینی دەرەبەگی ئەو ڕۆژە ببنەوە، کە پێکهاتەی کۆمەڵەکە پێکهاتەیەکی عەشایری بوو.

## دڵشادی ڕەسووڵی (م.نادری):

دڵشادی ڕەسووڵی ناوی حیزبی (**م. نادری**) بووەو ژمارەی ئەندامییێتی لە کۆمەڵەی (ژێ.کاف)دا (٧٦) بووە. ناوی (محەمەد عەبدولغەفوور)ەو گوایە دەڵێن لە کوردستانی باشور ماوەتەوە لە کۆیە خوێندوویەتی هەر لە عێراق (دار المعلمين)ی تەواو کردووە. پاشان لە سەردەمی کۆماردا لە کاربەدەستانی فەرهەنگ بووە[297].

د. عیزەدین دەڵێ:

**(خۆی خەڵکی مەهابادە، بەڵام لە کۆیە گەورە بووە، لە گەلاوێژدا نووسینی زۆرە کاتی کۆمار چۆوە مەهابادو پاشان هاتەوە عێراق و لە دێهاتی پشدەر دەژیا، ماوەیەك کە من دیم لە ساڵی ١٩٥٤دا کاتب یا میرزای سەلیم ئاغای گرمکان بوو. پاشان لە شۆڕشی ئەیلوولدا دەستی لەگەڵ ڕژێمی بەغدا تێکەڵکردو بە دەستی شۆڕش لە ساڵی ١٩٦٥دا کوژرا*).**

**(هێمن)**ی شاعیر لە یادداشتەکانی خۆیدا، لە بارەی ئاستی ڕۆشنبیریی دڵشادی ڕەسووڵی یەوە، کە هاوتەمەنی خۆی بووەو لە گەنجێتیدا پێکەوە ئاشنا بوونە، دەڵێ:

**(دڵشادی ڕەسووڵی لە عێراقەوە هاتبۆوە. ئەو ئیملای کوردی لە هی ئێمە باشتر بوو و خەتیشی خۆشتر بوو و زۆریش شیعری بێکەس و پیرەمێردو ئەحمەد موختار جاف و حەمدی لەبەر بوون و بەخت بڵاوی دەکردنەوە)**[298].

شایانی باسە: ئەم نووسەرە لە گۆڤاری (**گەلاوێژ ١٩٣٩ ـ ١٩٤٩**ز)دا ژمارەیەك پارچە پەخشانی ئەدەبی و وتاری بڵاوکردۆتەوە. لە هەفتەنامەی (**کوهستان**)یشدا چەندین بابەتی ئەدەبی و مێژوویی تەرجەمەی فارسی کردووە، ئەم چالاکییە ئەدەبیانەی هەمووی هی ڕۆژانی خەباتی نهێنی کۆمەڵەی (ژێ.کاف)ە.

لە وتارێکدا وەها دەست پێدەکات:

**(بەهار بوو: هەروا لە یادم ماوە بەردو دارو گوڵستان و چەمەن زار ڕووی خۆیان پاکتر شوشتبوو"، جلی خواکردی جیهانیان لەبەر بوو، دونیا سەراسەر شۆڕش بوو و زەمزەمەی بەهار بوو.**

---

[297]: بڕوانە: گ بەیان، ژ١٤٨، ١٩٨٨، ل٨٠.

[298]: هێمن، تاریك و ڕوون، ل٩٠.

**هەروا لە یادم ماوە: لە چەمەن زاری ژیاندا تەماشای دەستی پەروەردگارو زەبری زەمانەکەم دەکرد: منداڵ بووم نەم دەزانی ئەو دونیایە تا ئـەو ڕادەیـەی ناپایـەدارە، لـە دڵـی خـۆم دا دەمگوت: ئەگەر زەمانی منداڵی و نەفامێك تێپەڕی: دەوری جەوانی و مەیدانی زینـدەگانی وەك تەماشاگاهێکی بەهار لەژێر پێی خۆما دەنێم دڵشادو بێپەروا لەسەر تـەختی ئـارەزوو دادەنیشتم)[٢٩٩].**

لە وتارێکی دیکەیدا بە شێوازێکی ئەدەبی پارچە پەخشانێکی هونەری بەرز دادەهێنێ:

**.. بەیانی بوو شنەی شەماڵ لە سەرەخۆ لك و پۆپی دارەکانی بە هەشتی دەلەرزاندەوە، کە عیزرائیل لە بارەگاهی گەورەی خوداوەندی هاتە خوارو ڕووی لە بەهەشت کردوگوتی: وەرە ئەی ئافەریدە ئەی ئادەمی، وەرە تا پێکەوە بچینە دونیا بەهەشتێکی دی،ئاسوودەو دڵنیابەلـەوێش بەشـی تـۆ هـەر خۆشبەختییە..)[٣٠٠].**

لە وتارێکی دیکەشدا وا جوان بەراوردێك لە نێوان خۆیو دڵبەرەکەیدا دەکات،کە بە پێچەوانەی ئارەزووی یێکـدی هەڵدەکەن،نووسوویێتی:

**(ئەمن بەم ئارەزووە،ئەویش بەم خەیاڵاتە: ئەمن لەم دەردی سەرییە،ئەویش بەو دڵنیيايە،ئەمن بەبێ خەوی ئەویش لە نێو جێگای بێ هۆشیا،ئەمن گریان و ئەو خەندان،شەوی تاریکمان بە روناکی بەیان گەیاند،ئەمن لەبەر بێخەویو بیر لە دڵدار هێزم لە بەدەن نەمابوو بۆ لای نووستن دەچووم،ئەویش تازە چاوی نێە نیگای خاواڵووی دەکردەوەو شادباشی لە رۆژی تازە دەکرد..)[٣٠١].**

## شێوازەکەی:

نووسەر بە زمانێکی ئەدەبی و بە شێوازێکی هونەری وتارە خودییەکانی نووسیوە و وەکو پارچە پەخشانێکی هونەریی بەرز وتارەکانی داڕشـتووە.ئەم جـۆرە وتـارە هـەروەکو لـە پـۆلینکردنی جۆروکـانی وتـاردا ئاماژەمـان پێکرد،دەربڕی هەڵچوون و ورووژانی ناخی نووسەرەو بە شێوازێکی ستاتیکی مامەڵە لەگەڵ سروشت دەکات و بـە ناخی مرۆڤی دەچوێنێ و کاریگەری پاییز و بەهارو وەرزەکانی دی هێمنی شەو و پـەیڤی خۆشەویسـتی و عەشـقی نێوان دڵدارو دڵبەر دەکاتە هەوێنی وتارەکانی.

سروشـت کەرەسـتەیێکی وشـك و بـرینگ نییـە،گفتوگۆ لەگـەڵ رۆحـی مرۆڤـدا دەکـات و بـە هەسـتێکی رۆمانسییانەوە پەی بە نهێنییەکانی گەردوون دەبات،سروشت و گریان بۆ گەڵای دار و راکـردن لـە واقیـع و یـاخی

---

[٢٩٩]: دڵشادی ڕەسوولی، سەرگوزەشتی من، گ نیشتمان، ژ٣، ل٢٧.

[٣٠٠]:م. نادری، خۆشبەختی؟!، گ نیشتمان، ژ(٧، ٨، ٩)، ل٢٧.

د. عیزەین دەڵێ: (ئیبراهیمی نادر)یش هەیە کە ئەفسەری سوپای ئێران بووە. کرماشانی بوو. لـە کـاتی کۆمـاردا چـالاکانە لـە مەهاباد بووە، پاشان چووە سوریاو سعودیەو لە پەنجاکاندا لای قامیشلی لە فڕۆکە کەوتە خوارەوە. وتاری لە گەلاوێژدا هەیە)*.

[٣٠١]: دڵشادی ڕەسوولی، من و ئەو، گ کوردستان، ژ٤، ل١٣.

بوون لە یاساکانی کۆمەڵ و خۆشەویستییەکی بێ سنوور بەرامبەر بە ژیان لە سیما و خەسڵەتەکانی ئەم شێوازە هونەرییەی (دڵشادی رەسوولی)یە.

گەڕانەوە بۆ زمانی میللی و نەتەوەیی و هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەی کوردی پەتی و دانانی رەهەندێکی دی بۆ وشە لە وتارەکانی نووسەردا دەردەکەوێ و لە زمانی شیعر و پەخشانەشیعردا نزیك دەبێتەوە و ئیقاعێکی ناوەوەی لە رێگەی سەروای وشەکانەوە دروست کردووە.

## حەسەنی قزڵجی(ح.قزڵجی):

حەسەنی قزڵجی لە وتارنووس و چیرۆکنووسە دیارەکانی رۆژهەلاتی کوردستانە و ماوەیەکی زۆر چ لە سەردەمی کۆمار و چ لە پاش رووخانی کۆمار و ئاوارە بوون و پەرتەوازەیی بۆ باشووری کوردستان و هەندەران لە بواری کاری رۆژنامەوانیی نووسراو و بیستراو(رادیۆ)دا کاری کردووە.ئەمە سەرباری ئەوەی لە چیرۆکنووسینیشدا چیرۆکەکانی گوزارشت لە ژیانی لادێی کوردەواری دەکەن بە هەموو کێشەو گرفتە وردو درشتەکانییەوە،لە ململانێی چینایەتی و رووبەرووبوونەوەی داب و نەریتە دواکەوتووەکانییەوە[٣٠٢].

حەسەنی قزڵجی تا رادەیەکی زۆر لە نێو نووسەرانی کوردی باشووری کوردستاندا بە هۆی کۆمەڵە چیرۆکی (**پێکەنینی گەدا**)وە ناسراوە دۆستی نزیکی (**هەژار**)بووەو سەردەمی منداڵی و گەنجیەتیان پێکەوە رابواردووە.دواجار لە ئێران، لە زیندانەکان دا، لە ساڵی (١٩٨٥ز)دا شەهید کراوە[٣٠٣].

لە وتارێکدا بەم شێوەیە نووسیوویێتی:

**(دیسان مانگی نیشتمان پەروەری لە کولاوکەی بیرو فکرەوە تیشکیدا هۆبەی سەرم و کەتانی دڵمی بە شەوقی خۆی لەت و پەت کرد بۆ چی؟**

**چونکە مانگ و رۆژ لە شەو لەسەر وولاتی منیش هەروەك هەندەران هەڵدێن و ئاوا دەبن کەچی نە تینی تاو لە لەرزدا گەرمان دادێنێ و نە شەبەقی مانگ لە یاودا فێنکمان دەکاتەوە بڵێم چی؟ بە راستی نازانم رێ و شوێنی خۆڕسکاو (طبیعت) بۆچ دەرهەق بە ئێمە گۆڕاوە..)[٣٠٤].**

---

[٣٠٢]: د.عیزەدین دەڵێ: لە بنەماڵەی تۆرجانی زادە (قزلجی)یە ،پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان هاتە عێراق و لە زۆر شوێن دەژیا یا خۆی دەژیاند.ساڵی ١٩٦١ لە عێراق دەرکراو گەڵێك لە ساڵانی ژیانی لە بولگاریا(صۆفیا)بردەسەر،چالاکترین نووسەر و بێژەری کوردیی رادیۆی (پەیکی ئێران)بوو،لەپاڵ نووسینی سیاسیدا نووسینی ئەدەبیشی بۆ ئەو رادیۆیە دەنووسی.تەنانەت لە سەرەتای کۆدەتای شوباتی ١٩٦٣دا بە عەرەبیش دەینووسی و دەیخوێندەوە، پاش شۆڕشی ئێران گەڕایەوە تاران و سەرنووسەری بەشی کوردی رۆژنامەی (مردم)بوو.لە سەرکردەی حزبی (تودە)دا بوو.

[٣٠٣]: لەبارەی ژیانی (حەسەنی قزڵجی)یەوە بڕوانە:

ئاسۆ لالە،پێشەنگانی رۆژنامەنووسیی کوردی لە کوردستانی ئێران، رۆژنامەی کوردستانی ئێران، ژ ٢٥٧، ١٩٩٨،ل ١٠.

[٣٠٤]: ح.قزڵجی،دیسان و دیسان،گ هەلاڵە،ژ١،ل١٦.

له گۆڤاری (**هەلاڵە**)دا، کە خۆی سەرنووسەری بووە، لە وتارێکدا بە نێوی (**سەفەری دەریا**)، کە بەشێوەی چیرۆك دایڕشتووە، سەرسامی مرۆڤ بەرامبەر بەو گەردوون و سروشتە دەردەبڕی ن کە مرۆڤ تێیدا دەژین ململانێی نێوان چارەنووس و دەریای پڕ لە شەپۆلی شێت:

**(بڕوانە چە دەریایەکی پان و بەرینە، هەتا چاو هەتەر دەکا وشکایی نییە، شەپۆڵ وەك ئەژدیها یەکتر هەڵدەبڕن، ناگاتە یەکدی لە تاوا دەهاڕێنن و دەشرخێنن.**

**بێوچان لەهەر چوار لاوە هەڵیکردۆتە با. تا هەموویان هێدی دەبنەوەن یا توند دەبن و تا یەکتری دەکەن لەنگەر یان پێدەدەن و برسی توونی و پەرش بڵاو لە نێرینەی ئاوێدا ڕامان دەگرن. وەختێکی لە لایەکەوە بایەکی توندتر دەبێ وە چ ڕۆژگارێکی ڕەش!!! باسی سەرە نەك ماڵ. بازاڕی مەرگە نەك ژیانی تاڵ. کەشتییەوان: ئەگەر هەر دەبێ بمری؟ بە مەردی بمرە.**

**کەشتییەوان لەخۆشیا قاقا پێکەنی و تەکانی لە کەشتیدا نوری ئیمان شارەزایی کردو ڕەحمی خودا یاریدەی دا . کەشتییەکەی لە گێژاوو گێژەڵووکە دەرخست و خێرا گەیاندیانە مەنزڵ، دەرکی کەشتی کردەوە لە دابەزیندا بە تێلای چاو خێسەیەکی لە دەرا کردو گوتی: خودا. خودا؟)**[٣٠٥] .

**شێوازەکەی:**

شێوازی وتار نووسین، شێوازێکی ئەدەبی (هونەری) یە و بە زمانێکی کوردی و پەتی ڕەوان و بە وشەو دەستەواژەی ئەدەبی و وشەی هەڵبژاردە لە ژیانی لادێی کوردەواری و بە شێوەی وتاری خودی نووسیوویێتی. قەڵەمی حەسەنی قزڵجی دەوڵەمەندەو خۆی لە خۆیدا فەرهەنگۆکەیێکی زمانی کوردی شێوەی موکریانییە. چونکە دواتریش زۆر چیرۆکی کوردی سەرکەوتووی نووسیووە، هەر لەسەرەتاوە وتارەکانی شێوەی چیرۆك گێڕانەوەی وەرگرتووەو تەنانەت هەندێ جار سوود لەتەکنیکی چیرۆك نووسین لە دیالۆگ و مەنەلۆگ وەردەگرێ و ئەنجام کراوە دەبێ. لەڕووی شێوەی ئەدەبییەوە لە شێوازی (دڵشاد ڕەسووڵی)یەوە نزیکە، بەڵام جیاوازییەکانیان بە پلەی یەکەم لەوەدایە، هەموو وتارو بابەتە ئەدەبییەکانی عەشق و خۆشەویستی دڵدارانەیەو گوزارشت لە هەڵچوون و وروژانی گەنجانە دەکات، کەچی قزڵجی بابەتەکانی بە دەوری مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەییدا دەسووڕێنەوەو زیاتر هەست و هۆشی نەتەوەیی بەرجەستە دەکات.

## وتاری خانمان:

بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژنامەوانیی کۆماری دیموکراتی کوردستان، ناوی چەند خانمێکی ئەدیب و نووسەر بەرچاو دەکەوێ، کە بەرهەمەکانی خۆیان بۆ خوێندەواری و دەربڕینی کێشەی خانمان و پاڵپشتی کردنی کۆمار و پێشەوا قازی محەمەد، تەرخان کردووە. هەڵبژاردنی بەرهەمی یایان و بە تایتڵی وتاری خانمان لەوەدا نییە، کە ئەدەبێکی سەربەخۆی خانمان هەبێ و لە ئەدەبی پیاوان بە چیا بێت و مەسەلەکە بە تەنیا ئیبراز کردنی

[٣٠٥] ح.قزڵجی،سەفەری دەریا،گ هەلاڵە،ژ٢،ل٣.

ناوی ئەو خانمانەیە، کە لەو ڕۆژانەدا، لە نێو کۆمەڵێکی کوردەواری دواکەوتووی ساڵانی چلەکاندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەرکەوتوون.

لەو خانمانەی ئەو ڕۆژگارە بەرهەمیان بڵاوکردۆتەوە، (**شا سوڵتان خانم فەتتاحی قازی، وەیلەمەی سەیادییان، خەدیجە، ڕوقیە قادری و مەزەری بلەزادە.. هتد).**

بە شێوەیەکی گشتی، کەمتر خەریکی هونەری شیعر بوونەو زیاتر قەڵەمی خۆیان بۆ وتارنووسین تەرخان کردووە.

**شا سوڵتان خانم فەتتاحی قازی**، لە وتارێکیدا لە مەڕ نرخی ئازادی و بە ناونیشانی (**گزەبای ئازادی**) نووسیوویێتی:

**(لە پاش ساڵەها زیللەت و نەگبەتی، لە پاش قەرنەها ئەسارەت و نۆکەری بێگانە، لە پاش ڕژانی خوێنی هەزاران سەیدو شێخ و عولەماو سەرداران و لاوی کورد لە پاش بە دیل چوونی هەزاران ژن و کیژی کورد.**

**لە پاش ئەوەی هەزاران منداڵی کورد بە سەرەنێزەی دوژمن زگی هەڵدڕاو لە خوێنی خۆی گەوزی و دێهات و ماڵ و حاڵی وان سووتاو دەربەدەر بوون و..)**[٣٠٦].

هەروەها خاتوو (**مەزەری بلەزادە**) بە بۆنەی جێژنی سەربەخۆیی لەلایەن یای پێشەوای کوردستان لەبەردەم یایانی کوردستانداگوتی:

**موبارەك بادی ئەو جێژنە گەورە بە خزمەت یای پێشەوای کوردستان عەرز دەکەم.**

**خوشکانی خۆشەویست، وێ دەچێ کە ئەنگۆ هەمووتان یان گەلێکتان پێتان وابێ کە کورد ساحێبی سەڵتەنەت نەبووە هەمیشە ژێر دەست و نۆکەری بێگانە بوونن هەر کەس پێی وابێ کامیلەن بە غەڵەت چووە و نەزانی تووشی ئەو عەقیدە فاسیدەی کردووە، بزانن نەتەوەی کورد وەکو هەموو نەتەوە گەورەکانی دنیا ساحێبی تاج و تەخت و حکومەتی تەمەددون بوون..)**[٣٠٧].

بەسەرنجدان لە ڕووخسارو ناوەڕۆکی وتاری یایان، دەردەکەوێ، کە ناوەڕۆکەکانیان پەیامێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە و بابەتەکانیان شانازی کردنن بە ئەزموونی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان هاندانی ژنی کوردە بۆ خوێندن و خوێندەواری و شانازی کردنە بە ڕابردووی پڕ لە سەروەری میللەتی کورد. لە ڕووی زمانەوە، بە شێوازێکی ئەدەبی و هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەی کوردی پەتی و ڕەوان و دوور لە وشەی داتاشراوەو بەکارهێنانی شێوەزاری موکریانییەو بە ڕستەی کورت و واتادار مەبەست بە ئاسانی بە دەستەوە دەدەن.

وتاری وەرگێڕاو:

---

[٣٠٦]: شا سوڵتان خانم فەتتاحی قازی،گزەبای ئازادی،ڕۆژنامەی کوردوستان، ژ٨، ١٩٤٦/١/٢٨، ل٢.

[٣٠٧]: جێژنی سەربەخۆیی لەلایەن یای پێشەوای کوردستان، ڕۆژنامەی کوردوستان، ژ٣٢، ١٩٤٦/٤/٦، ل١.

وەرگێڕان وەکو هونەرێکی ئەدەبی مێژوویەکی دێرینی هەیەو تەنانەت هەندێ کەس دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی بابلییەکان، پاشتر لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکاندا زیاتر گەشەی کردو توانی ببێتە خاڵی بە یەکگەیشتن و ململانێی ڕۆشنبیری و کەلتووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا.

ئەگەر ڕۆژنامەوانیی بە پلەی یەکەم ئەرکی گەیاندنی هەواڵ بێت، ئەوا بێگومان بەبێ وتاریش ناتوانرێ ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێ و بڵاوبێتەوە، هیچ ڕۆژنامەیەکیش ناتوانێ دەست بەرداری هونەری وەرگێڕان بێ، چ لە وەرگێڕانی هەواڵ و چ لە وەرگێڕانی وتاردان ئەو وتارانەش بە پێی پێویستی ژیانی ڕۆژانە هەمەچەشنەن و هەموو بوارەکانی ژیان دەگرنەوە.

ژمارەی وتاری وەرگێڕاو لە ڕۆژنامەوانیی سەردەمی کۆماردا زۆر بووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجەن ئەوەیە، کە وتارە وەرگێڕاوەکان بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاون و جاروباریش لە زمانی عەرەبییەوە، دەنا لە زمانە ڕۆژئاواییەکانەوە شتێ بەرچاو ناکەوێ. ئەمەش کەم و کورتییەکەو بەڵگەی کەمی و تەسکی تێکەڵاوی ڕۆشنبیری کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە دەگەڵ ڕۆژئاوا. ئێمە لە نێو وەرگێڕەکاندا دووانیان وەردەگرین، لەسەر ئەو بنچینەیەی، کە زۆرترین بەرهەمیان وەرگێڕاوە، بەتایبەتی وتاری هەمەچەشنە، یەکی لە کەم و کورتییەکانی لەوەدایە، کە سەرچاوەی سەرەکی باسەکەیان دەست نیشان نەکردووە، کە لە کوێو بەرگ و چاپ و لاپەڕیەکدا وتارەکەیان تەرجەمە کردووە، بە تەنیا ناوی ڕۆژنامەکە یان ناوی کتێبەکە جاروبار ئاماژەی بۆ کراوە.

## سەید محەمەدی حەمیدی(١٩٠٣-١٩٧٩ز):

لەبارەی ژیانی ئەو نووسەرەوە شتێکی ئەوتۆمان دەست نەکەوت، ئەوەندە نەبێ کە دەزانین پیاوێکی زانا بووە، لە زانستە ئاینییەکان و زانیارییەکانی هەروەکو لە نووسین و دەست نیشان کردنی جۆرو تایبەتی وەرگێڕانەکانیدا دەردەکەوێ دەوڵەمەندن، (**هەژار**)یش قوتابی ئەو بووەو لای ئەو خوێندوویێتی.

ئەندامی کۆمەڵەی (ژێ.کاف) بووەو لەوە دەچێ درەنگ، لە ئاخرو ئۆخری (ژێ.کاف)دا دەرکەوتبێ و لە دوا ژمارەی گۆڤاری (**نیشتمان**)دا نووسینی هەیەو پاشتر کە (ژێ.کاف) هەڵوەشاوەتەوە، لە جێگەی (**زەبیحی**) ئەرکی چاپ کردن و بەڕێوەبردنی گۆواری (**هاواری کورد**)ی پێ سپێردراوە. کە (کۆماری دیمۆکراتی کوردستان)یش دامەزرا، بووە بە سەرنووسەرو بەڕێوەبەری هەردوو ڕۆژنامەو گۆڤاری (کوردستان)، وتارەکانی بە شێوەیەکی گشتی لەبارەی ناساندنی پیاوە ناودارەکانی کورد بووەو زیاتر ڕێڕەوێکی مێژوویی وەرگرتووە.

لە نێوانیاندا بێجگە لەو زانایانەی خزمەتی ئاینی ئیسلامیان کردووە، شاعیرو ئەدەبی کوردیشی تێکەوتووە. لەبارەی **بابا تاهیری هەمەدانی و نالی و مەلا محەمەدی کۆیی و مەلا مارفی کوکەیی**.. نووسیوویە یان بەرهەمی وەرگێڕاون، زۆربەی نووسینەکانی بە ناوی (**س.م.ح**) یان (**م. حمیدی**) یان (**گرشاسب**)ەوە بڵاوکردۆتەوە.

له وتارێکدا که له زمانی فارسییەوە وەریگێڕاوەو له ڕۆژنامەی (**ایران ما**)وە وەریگرتووە دەڵێ:

**(بۆمبی ئەتۆمی له زەمانی معاویه (ض) کوڕی ابو سفیان.**

**دڵنیابە کە لەم وتارەدا نامەوێ چیرۆك بگێڕمەوە یا وەدوو ڕۆمان نووسان بکەوم مەبەستێکی خەیاڵی لەبەرچاو دروست بکەم و بەلکوپۆیەوە لە پێش چاوی خوێندەوارانی ڕابوێرم.**

**گفتوگۆی ئێمە لەم وتارەدا تەنیا لە ڕووی مێژووەوەیە، بەڵام لەم مێژووانەیە کە خەڵکی کەمتریان ڕوو تێکردووە لەبەر لەوی زۆر ئاگادار نین بەڵام بۆ خوێندنەوە یا بیستن دەبێ.**

**پاش ئەوەی معاویە کوڕی ابو سفیان پایە ڕێژی سلسلەی بنی امیە دەستەڵاتی خۆی لەسەر هەردی شام (کە ئەوڕۆ بە سوریا نێو دەبرێ) پایەدار کردو شاری دیمەشقی کردە پایتەخت تەسیمی گرت کە ئیمپڕاتۆرێ بە نێوی رۆمیە الصغری (و بە وتەی ئەوروپائیان بیزانیس) لە پێ بخاو پایتەختی ئەم ئیمپڕاتۆریە وەچەنگ خا.**

**گشت دەزانن کە پایتەختی ڕۆمیە الصغری شارێ بە نێوی قوستەنتەنیە بوو، کە ئەوڕۆ بە نێو ئسلامبۆل (بە قەولی تورکان ئستانبول) دەگوترێ و لە بەهاری ٥٤ هجری کە دەگەڵ ٦٧٣ میلادی یەك دەگرێتەوە معاویە تەسیمی گرت کە قوستەنتەنیە بگرێت..)**[٣٠٨] .

هەروەها لە وتارێکدا، کە لە زمانی عەرەبییەوە تەرجەمەی کردووەو لە بەرهەمێکی (جمال الدین الافغانی)یەوە وەریگرتووە، بە ناونیشانی (ترس) وا دەست پێدەکات:

**ترس**

**(قل ان الموت الذي تفرون منه فانه ملاقيكم)**

**بڵی بێشك ئەو مردنەی لە دەستی هەڵدێن تووشو دەبێ.**

**بەچاو دیومانە، وە لە کتێبا خوێندوومانە، وە لە حیکایەتا بیستوومانە، کە هێندێ زەلام کارێکیان کردووە، کە بیری خەڵکی لێ سووڕماوە وەختێ کە ئەشخاسینی کەم عەقڵ تێی نۆڕیون وای لێ حاڵی بوون کە ئەوە کارێکی موعجیزەیە یا لە عەقڵ دوورە وە کەسی دیکە ناتوانێ ئەو کارە یاوەکو ئەو کارە بکا وە بڕێکی دیکە وای تێگەییون کە کردنی ئەو کارە لە بزووتنەوەی ڕێکەوتنە وە هیچ کامیان ڕێی حەقیان نەزانیوە وە ئامرازی کارەکەیان نەدۆزیوەتەوە..)**[٣٠٩] .

سەرچاوەی ڕۆشنبیری وەرگێڕ سەرچاوەییەکی دینییە، هەڵبژاردنی بابەتەکانی هەر لەو بوارەدایە و بەرهەمی گەورە پیاوانی ئیسلامی هەڵبژاردووەو تەرجەمەی کردووە، بەڵام لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (**کوردستان**)دا لە

---

[٣٠٨]: ڕۆمن ،بۆمبی ئەتۆمی لە زەمانی معاویە(ض) کوڕی ابو سفیان، و: سەید محەمەدی حەمیدی،گ کوردستان،ژ٤،ل ٣٠-٣٥.

[٣٠٩]: جمال الدین الافغانی، ترس، و: سەید محەمەدی حەمیدی،گ هاواری کورد،ژ١،ل ٢.

(١٩٤٥ )، كە خۆی سەرنووسەری بووە لە دەسپێکی گۆڤارەکەدا لەبارەی پیاوانی لە بارەوە وەرگرتووەو لە کۆتاییدا بە قەناعەتەوە دەڵێ، کە بە تەواوی جێنشینی لینینە[٣١٠].

ئەم دژواریە لە هەڵوێست و بۆچوونیدا بەدی دەکرێ، بێگومان دیارە ئەو ڕۆژگارە کەم کەس توانیوێتی خۆی لەوە هەڵبوێرێ، لەوەی کەیەکیەتی سۆڤێت پشت و پەنای میللەتانی ژێر دەستەیە.

بەداخەوە، هەروەکو لە پێشترێ ئاماژەم لە بۆ کردووە، بە تەواوی ناتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە، ئایا وەرگێڕ تا چەند لە وەرگێڕەنەکەیدا سەرکەوتووە و چ جۆرە ڕێبازێکی وەرگێڕانی لەبەرگرتووە، چونکە دۆزینەوەی سەرچاوەی سەرەکی بابەتەکان کارێکی قوورسە. دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوەیش بکەم، کە (سەید محەمەدی حەمیدی) بێجگە لەوەی بەرهەمی بۆ سەرزمانی کوردی وەرگێڕاوە، بە پێچەوانەشەوە لە زمانی کوردییەوە بۆ سەر زمانی فارسیش وەرگێڕاوە، هەندێ وتاری مێژوویی وەرگێڕاوە[٣١١].

## محەمەدی شاپەسەندی (م. آذر):

ئەم ڕووناکبیرە، لە ساڵی (١٩٢٠ز)دا لەشاری مەهاباد لە دایکبووە، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندووەو بە هۆی نالەباری بژێوی خێزانەکەی وازی لە خوێندن هێناوەو خەریکی کاری بازرگانی بووە، لە هەرەتی لاویدا خەریکی کاری سیاسی بووەو بتە ئەندام لە کۆمەڵەی (ژێ.کاف) و بەهۆی (زەبیحی)یەوە ڕووی لە کاری چاپەمەنی و نووسین وەرگێڕان کردووە. لەسەرەتادا لە گۆڤاری (نیشتمان) دەستی بەکاری چاپەمەنی و ڕۆژنامەوانیی کردووە، پاشان لە سەردەمی کۆماردا لە پاڵ سەید موحەمەدی حەمیدی و قادری مودەڕیسی دا ئەرکی بەڕێوەبردین چاپخانەی لە ئەستۆدا بووە لە پێش ئەوەشەوە هەروەکو خۆی دەڵێ هەوڵیداوە گۆڤاری (**ئاوات**)ی دەرکردووەو بەنازناوێکی تر جیا لە ناوی خۆی نووسیوویەو تاقە ژمارەیەکی لێ چاپ کردووە.

کە بە داخەوە ئێمە هیچ ئەسەرێکی ئەو گۆڤارەمان دەست نەکەوت. دوای ڕووخانی کۆماریش ،کە لەگەڵ (**غەنی بلوریان**) و (**عەلی مەولەوی**) ئاوارەی عێراق بوون، حەزو خۆشەویستی چاپ و ڕۆژنامەوانیی هەر لە مێشکدا بوون لە شارەکانی بەغداو کەرکوك و لە ڕۆژانی شۆڕشی ئەیلولدا بە بەردەوامی لە چاپخانە کاری کردووە[٣١٢].

---

[٣١٠]: سەید محەمەدی حەمیدی،شەرحی حالی ئەستالین،گ کوردستان،ژ١،ل ٢-٥.

[٣١١]: سەیری ئەم وتارە بکە: کوردان از بدو تاریخ تا سال ١٩٢٠،ترجمە سید محمد حمیدی، ڕۆژنامەی کوردستان،ژ٧،س٢٦،١٩٤٦/١/١،ل٣.

[٣١٢]: بۆ زانیاری لەبارەی ژیان و خەباتی سیاسی و ڕۆشنبیریی (محەمەدی شاپەسەندی)یەوە بڕوانە:
ڕۆژنامەی ئالآی ئازادی،ژ ٢٤،١٩٩٢/٥/٢٤.
ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ،ژ ١٤٨٤، ١٩٩٣/٩/١٠.
ڕۆژنامەی کوردستان،ژ ١٩٩٨،٢٥٧،ل ٨-٩.

بۆ نموونەی وەرگێڕانی ئەو، لە ڕۆژنامەوانیی سەردەمی کۆماردا، وتارێك وەردەگرین، کە بەناونیشانی (**سەمەند سیامەندۆف ڕۆڵەی ڕەشیدی میللەتی کورد**)ەو لە گۆڤاری **(دوست ایران)**ەوە وەرگێڕدراوە.

**(سەمەند سیامەنۆف ڕۆڵەی ئازای میللەتی کورد کە یەکێك لە نومایەندەکانی شواری عالی ئیتیحادی جەماهیری شورەوی سۆشیالیستی ئەرمەنستانە: پێشان ڕەوانەی جەبهەی شەڕ. لە ڕۆژانی هەوەڵی شەڕدا ڕەوشتی بەرزو بڵیندی سەربازە خۆی کە یەکێك لە ئاکاری بێباکی و شەڕکەری سەربازانی ئیتیحادی شورەویە لە مەیدانی شەڕدا نواندی.**

**سەرهەنگ، سیامەندۆف لەپاراستنی مۆسکۆدا شیرکەتی کرد. ئەم قارەمانە ئەیزانی کە دیفاع لە مۆسکۆ: دیفاع لە قەلبی ئیتیحادی جەماهیری شورەویەو خاترجەم بوو کە ئەم پاراستنە ژیانی سەخت و گرانی چادرنشینی و کۆچەری میللەتی کورد: کە لە سایەی دەکار بەستنی سیاسەتی عاقیلانەی لینین و ستالینبە ژیانێکی شارستانی گۆڕدراوەتەوە: دەپارێزێ. بەم جۆرە بۆ پاراستنی ژیانی بەختیار میللەتی کورد مەردانە شەڕی دەکرد..)**[٣١٣].

لە چەندین نموونەی دیکەی وەرگێڕانەکانیدا (شاپەسندی) بە زمانێکی تێکەڵ لە وشەو زاراوەی عەرەبی فارسی و بە زمانێکی کوردی کوردی ئەو ڕۆژگارە، **لە بارەی لینین**[٣١٤] **و مارشاڵ کۆتۆزۆف**[٣١٥] و چەندین ڕەکردەی سەربازی سۆڤییێتی پێشوو وتاری لە زمانی فارسی و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی فارسیی ئێران دا وەرگێڕاوە. داڕشتنی ڕستەکان بە پێی گرامەری زمانی کوردییەو لە هەڵبژاردنی وشەی زمانی کوردی یەکگرتووی ئەدەبیدا پێڕەوی کردووەو بە تەنیا شێوەزاری موکریانی لەبەرچاو نەگرتووە.

## ٣ـ ئەدەبی منداڵان:

ئەدەبی منداڵان، جیهانێکی ڕەنگاوڕەنگ و فراوان و قووڵە. لە زۆر دمێکەوە هونەرمەندو پیتۆڵ و گەورە پیاوانی میللەتان گرنگییەکی تایبەتیان بۆ پەروەردەو بارهێنانی منداڵان تەرخان کردووە. بەو ئومێدەی لە ئاییندەدا کۆمەڵێکی پێشکەتوو وەدی بێت. مەبەست لە (ئەدەبی منداڵان) ئەو ئەدەبەیە، بە شیعرو پەخشانەوە، کە لە لایەن ئەو شاعیرو ئەدیبانەوە کە ئەزموون و تاقیکردنەوەی دەوڵەمەندیان لە بواری بارهێنانی منداڵان دا هەیەو لە نزیکەوە، بە هۆی کاری پەروەردەیی خۆیانەوە توانیویانە بە کونج و کەلەبەرەکانی ناخی منداڵان دا شۆڕ ببنەوەو دەزانن پێویستییە هەستی و نەستییەکان زارۆکان لە کوێدایە، چی بۆ منداڵان دەنووسرێت، لە پێش

---

[٣١٣]: سەمەند سیامەندۆف، و: محەمەدی شاپەسەندی، رۆژنامەی کوردستان،ژ٦،س١،ل١.

[٣١٤]: پرۆفیسۆر ڤێلین،لەنینی دانشجو، و: محمد شاه پسندی، گ هاواری نیشتمان،ژ١،س١،ل٢٣-٢٨.

[٣١٥]: فێڵد مارشاڵ کۆتۆزۆف، و: محمد شاه پسندی، گ کوردوستان،ژ٣،ل ٩-١٣.

هەمووانەوە **ئەحمەدی خانی** (١٦٥٠ـ ١٧٠٧ز)[٣١٦] بە فەرهەنگۆکی (**نەوبەهار**)[٣١٧]. بۆ زارۆکان، دەستپێشخەری کردووەو پاشتر **شێخ مارفی نۆدێ** بە (**ئەحمەدی**)[٣١٨]، بوونە سەر دەستەی نووسەرانی ئەدەبی منداڵان.

دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، هاوکات لەگەڵ تازەکردنەوەی ئەدەبی کوردیداو لەگەڵ سەردەمی بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەوانیی کوردیی لە کوردستانی باشووردا، شاعیرانی کورد (**گۆران و زێوەر و بێکەس و دڵدار**..) چەندین (سروود)ی جوانیان بۆ منداڵانی کورد نووسیووە، کە بە ناوەڕۆکێکی دەوڵەمەند بۆ پەروەردەکردنی منداڵان بە هەست و خۆشی نەتەوەیی و لایەنگری خێرو شەرمەزارکردنی شەڕو عەشقی جوانی سروشت ڕازاوەتەوە، لە ڕووی ڕوخساریشەوە شیعرەکان، بە وشەی هەڵبژاردەی سادەو بڕگەی کورت و ئاوازەداری خێرا، بە شێوەیەك کە منداڵ حەز بە حەسانەوەیەکی دەروونی بکا، لەبەرچاو گیراوە، هەروەها داوا لە باوکان دایکان کراوە، کە منداڵەکانیان پشت گوێ نەخەن و بیانخەنە بەرخوێندن بۆ ئەوەی لە پاشەڕۆژدا ببنە چاوساغی میللەتەکەمان و چیتر لە کاروان پێشکەوتنی میللەتاندا بەجێ نەمێنن فۆلکلۆری لەسەر زاری ئاژەڵان دا لە دووتۆیی نامیلکەی بچوك دا لەلایەن سەید حوسێن حزنی موکریانی و نووسەرانی ترەوە بوونە پێشەنگی ئەو کاروانە[٣١٩].

لە کۆتایی سییەکان و سەرتای پلەکانی سەدەی بیستەمدا گۆڤاری **گەلاوێژ**دا، وەکو لە زۆر بواری دیکەی ئەدەبییدا دەورێکی پێشەنگی بینیوە، لە بڵاوکردنەوەو گرنگیدان بە ئەدەبی منداڵاندا درێغی نەکردووە[٣٢٠].

ئەم، هەوڵانە سەرەتاییێك بوون، یان هەنگاوی یەکەم بوون، بەڵام بە شێوەیەکی ڕاستەقینەو بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، لەسەردەمیکۆماری دێمۆکراتی کرودستان دا، کارگەرانی چاپخانەی کوردستان لە مەهاباد، گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵانیان بە ناونیشانی (**گڕوگاڵی منداڵانی کورد**)ەوە بڵاوکردەوە، هەروەکو لە فەسڵی دووەمدا لە پاڵ ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دیکە لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانییەوە لێمان کۆڵیەوە.

لێرەدا هەوڵ دەدەین لە ئاست هونەرە ئەدەبیەکانی ناو گۆڤارەکەوە هەڵوەستەیەك بکەین و نووسەرە دیارەکانی وەربگرین..

---

[٣١٦]: د.عزالدین مصطفی رسول، احمدی خانی شاعرا و مفکرا فیلسوفا و متصوفا،بغداد،١٩٧٩.

[٣١٧]: ئەحمەدێ خانی، فەرهەنگا نۆبوهار، ڤەژاندنا پەرویز جهانی، ورمێ،١٣٦٧.

[٣١٨]: شێخ مارفی نۆدێ، ئەحمەدی، بغداد،١٩٨٦.

[٣١٩]:حزنی موکریانی، چەند نامیلکەیەکی بۆ منداڵان چاپکردووە، لەوانە:

- بزنۆکە و مەڕۆکە،چ٢،هەولێر،١٩٧٤.
- خۆشی و ترشی،چ٢،هەولێر،١٩٧٤.

[٣٢٠]: محمد دلێر امین محمد، رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا،(نامەی ماستەر)،ل ١٩٠-٢٠٠، لەم بارەیەوە دواوە.

**أ- شیعر بۆ منداڵان:**

شیعر به هۆی کورتی موسیقاو ئاوازەکەیەوە لە دەروونی مرۆڤدا بە گەورەو بچوکیەوە، کاریگەرییەکی تایبەتی هەیەو مرۆڤ دەخاتە جۆش و خرۆشەوە.

منداڵ توانای لەبەرکردنی شیعری زۆرەوە چێژو لەززەت لە ئەزبەرکردنی شیعر وەردەگرێت.

هەندێ لە شاعیرە ناسراوەکانی ئەو ڕۆژگارەی کورد، لە پێناو بەجێگەیاندنی ئەکەکانی ئەو قۆناغەو بەڕێوەبردنی گۆڤاری منداڵان بەشدارییان کردووەو بە شێوەیەکی سادەو ساکار هەست و هۆشی نەتەوەیی و ناساندنس نەتەوە بە منداڵان بە شیعر ناسك گوزارشت کردووە.

لە شیعرێکدا بە ناونیشانی (**بۆ کچان**)دا نووسراوە:

**کچە کورد تۆش وەکو کاکت بخوێنە**
**لە خوێندن چاوەکانت مەمێنە**
**برات موحتاجی یاری دانی**
**گەلك پێویستی فکری جوانی**
**لە کاکی خۆت کەوێ بخوێنە دادە**
**کە حەیوانە هەچێکی بێ سەوادە**[٣٢١]

هەروەها نموونەیەکی شیعری (**زێوەر**)ی شاعیر، کە لە گۆڤاری (**گەلاوێژ**)ەوە وەریانگرتووە، جارێکی دی سەرلەنوێ بڵاوکراتەوە:

| | |
|---|---|
| **کیژۆڵەی کوردستانم** | **بە ڕەزای سەر بەردانم** |
| **کەنیزەی نێو شاخانم** | **لەخواوەیە من جوانم** |
| **ئەی ئەو کەسەی بێ وێنە** | **تۆ وەرە من ببینە** |
| **کاری خوا چەند شیرینە** | **لەخواوەیە من جوانم** |
| **نەڕۆمی نە فەرەنگم** | **بە دەرمان جوان بێ ڕەنگم** |
| **کچێکی شۆخ و شۆنگم** | **لەخواوەیە من جوانم** |
| **نە چینی نە چاپانم** | **نەبەڕەنگ و زەعفەرانم** |
| **وەنەوشەی نێو باغانم** | **لەخواوەیە من جوانم** |

**تا دەگاتە:**

| | |
|---|---|
| **من بازی دارستانم** | **چاو شەهێنی کوێستانم** |

[٣٢١]: بۆ کچان، گ گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ژ١، س١،ل٧.

جێگەی سەرنجە ژمارەی شیعری بڵاوکراوە لەنێو گۆڤارەکەدا کەمەو زیاتر لسەر (وتار)دا گیرسانەتەوە، کە تا ڕادەیەك لەگەڵ زەوق و چێژەنی ئەدەبی منداڵاندا ناگونجێن. ئەوەی (**هەژار**)، کە باسی ئازایەتی کورد دەکات و دوعای هەمیشە مانەوەی پێشەوا دەکات، هەروەکو شیعرێکی ئاسایی نووسراوەو نیوەدێڕی شیعرەکان زۆر درێژن و بۆ لەبەرکردنیش قورسن، ئەوە بێجگە لەوەی وشەکانی شیعرەکەیش وشەی قورس و قەبەن و منداڵ بە ئاسانی لێیان تێناگات:

**هەموو مێژوو گەواهی ئازایی کوردە**
**لەنێو شانامەدا هەر کورد گوردە**[323].

یان (**هێمن**) ، لە شیعرێکی ئاییندا بە ناونیشانی (**خودا**)دا دەڵێ:

**ڕۆژی تەنگانە عەبدی بێچارە**
**هیچ پەناهی نیە بە غەیری خودا**
**(هێمن) تا هەبێ زبانت تۆ**
**هەر بڵێ لا الە الا الله**[324].

## وتار بۆ منداڵان:

وتار گەلێکی زۆر لەبارەی پەروەردەو گرنگی خوێندن و بابەتی زانستی مێژوویی و جوگرافیی بۆ منداڵان نووسراوە. ئەوەی سەرنج ڕاکێشێ زۆر جاران، وتراەکان چ لە ڕووی زمان و چ لە ڕووی بابەت شێوازەوە تا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ئاستی ڕۆشنبیریی منداڵاندا ناگونجێن، مەسەلەکەش زیاتر ئەوەیە، ئەوان نازانن، کە ئایا گۆڤارەکە لەگەڵ عەقڵی چ تەمەنێکی منداڵاندا دەدوێ، بەڵام تا ڕادەیەکی باش لەوە سەرکەوتوون کە بابەتەکان کورت و ئاسانن. دەرسەکانی جوگرافیا و مێژوو و ڕێزمان زانیاری باش بە خوێندکار دەدەن و وڵات و نیشتمان پەروەری پێ دەناسێنن. محمد شاپەسەندی، لە وتارێکدا دەرسی نیشتمان پەروەری خۆشەویستی میللەت و نەتەوە بۆ منداڵان ڕوون دەکاتەوە:

---

[322]: زێوەر، بالۆرەی کچە کوردێك ، گ گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ژ١، س١،ل٩.

[323]:هەژار،قەڵەم،، گ گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ژ١، س١،ل٤.

[324]:هێمن،خودا، گ گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ژ٣، س١،ل٥.

**(ئێمە ڕۆڵەی کوردین. کوردستانی مەزن نیشتمانی ێمەیە، سەرنووشتی ئەم نیشتمانە خۆشەویستە لە دوا ڕۆژدا دەکەوێتە بەر دەستی ئێمە. بۆ دوا ڕۆژ مەسئولیەتی پارێزگاری و ڕاگرتنی سەربەستی و ئازادی کوردستان لە ئەستۆی ئێمەیە. ئازادی ئەمڕۆی کوردستان، کە مایەی خۆشبەختی ئێمەیەو نەتەوەکەمانە، بە خوێنی گەنجان و لاوانی کورد و کۆشش و فیداکارانی پیاوانی ڕەشید هاتۆتە بەرهەم بە ئێمە دەسپێردرێ، کە هەمیشە بەرزو بڵندی ڕابگرین)[٣٢٥].**

**(ص.ب)** لەبارەی نرخی ئازادی وتارێك بە شێواوی هەقایەت بۆ منداڵان دەگرێتەوە، کە بولبولێك لەناو قەفەزدایە نوقڵ و قەندی لە بەردەمەو منداڵان وا دەزانی دڵی خۆشە، کەچی بابی لە بۆی ڕوون دەکاتەوە:

**(نا ڕۆڵەی شیرینم: ئەوە نە دڵخۆشە نە هەڵدەپەڕێ، بەڵکو لە وەڕزیان ڕادەپسکێنێ بۆ ڕزگاری لەو قەفەسەیە بۆ ئەوەی خۆی ئازاد کا!! و ئەو دەنکە هەرزنەی کە لە نێو خۆڵ و خاك دا وەگیری دەکەوێ پێی لەو نوقڵ و قەندە چاکترە لە نێو ئەو قەفەسە خاوێنەدا دەگیری دەکەوێ و دەیخوا)[٣٢٦].**

لەبەشی پزیشکیدا بۆ ئاشنایی منداڵان و باب و دایکی منداڵان بە هەندێ نەخۆشی، چەندین وتاری کورت بڵاوکراونەتەوە. لە یەکێکیاندا وا هاتووە:

**(یەکێك لە نەخۆشییە گیرەوەکانی کە هەمیشە گا زۆر کەم لە وڵاتی ئێمەیەدا هەیە، کەوتوویی (تیفۆئید). بەشی زۆری میکرۆبی کەوتوویی بە هۆی ئاو بڵاودەبێتەوە چۆن جلك و بەرگی نەخۆشی لەناو ئاودا دەشۆن میکرۆبەکە دەچێتە ناو ئاو، ئەوجار لە خواردنەوەی ئەو ئاوە ئینسان تووشی نەخۆشی ئەبێ.**

**جا لەبەر ئەوە ئەبێ لە وەختی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە ئینسان بە چاکی خۆی بپارێزی: لە قاپ و قاچاغی نەخۆش دا شت نەخواو ئاو کە شتی نەخۆش تێدا دەشۆرێ نەیخواتەوەو وە لەسەر دەیخواتەوە وە لەسەر کەس و نەخۆشیش پێویستە کەجلك و بەرگی نەخۆش لەو ئاوانەدا کە دەیخۆنەوە نەشۆن: تا نە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشییە)[٣٢٧].**

هەروەکو سەرنج دەدەین، شێوازی نووسینی وتارەکەی زۆر سادەو ساکارەو لەگەڵ تێگەیشتنی منداڵاندا دەگونجێ و زانیارییەکی باشە بۆ خۆپاراستنی منداڵان لە نەخۆشی و بە تایبەتی لەو نەخۆشیانەی، کە بڵاودەبنەوەو لە یەکێکیەوە بۆ یەکێکی دی دەگوازرێتەوە.

**قادری مودەڕیسی** لە وتارەکانی دیکەیشدا، بە هەمان زمانی سادەی بێ وشەی قورس و تەم مژاوی منداڵان دەدوێنێ. یەکێکە لە نووسەرە سەکەوتووەکانی ئەم بوارە.

زۆربەی نووسینەکانی گۆڤارەکەش هەر خۆی نووسیوویێتی. وتاری کورت و هۆنراوە پێشبڕکێ.. هتد.

---

[٣٢٥]:محمد اذر، ئێمە رۆڵەی کوردین، گ گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ژ٣، س١، ل ٨-٩.

[٣٢٦]:ص.ب.ئازادی کێهەیە، گ گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ژ١، س١، ل ٥-٦.

[٣٢٧]: ق.م ، کەوتوویی، گ گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ژ١، س١، ل ٦-٧.

# ئـــــــەنجـــــام

لە ئەنجامی ئەم لێکۆلینەوەیەدا، ئەم خالأنەی خوارەوە دەست نیشان دەکەین:

١ـ ئەو بارودۆخەی لە جەنگی جیهانی دووەم بەسەر ئێراندا ها، بە هاتنە ناوەوەی سوپای سووری سوڤیەتی لە باکوورو ئینگلیزو ئەمریکا لە باشوورو ڕۆژئاوای ئێران، دەستەلأتی سوپای ئێرانی لاواز کردو ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ دروست بوونی حیزبێکی نیشتمانی کوردی (کۆمەڵەی ژێ. کاف) و پاشتر لەسەر بنچینەی ئەو حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزراو توانی هۆشیاریی خەڵکی بەرەو ژوور ببات و وەکو حیزبی پێشڕەو لە ئاڕەستەکردنی خەڵکی ڕۆژهەلأتی کوردستاندا بۆ یەکگرتن ڕۆڵی سەرەکی ببینێ.

٢ـ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری ئەو ڕۆژە بەرەو جڤات و کاری سەندیکایی، بە پێڕەوی کردنی دێمۆکراسی و باری تازەی دنیا، دەڕۆیشت و کاری خۆیان دەکرد. دامەزرانی (یەکێتی جەوانانی دێمۆکرات) و (یەکێتی ژنانی کوردستان).. بەڵگەی ئەو ڕاستیەن.

٣ـ کۆماری دێمۆکراتی کوردستان لە ماوەی یازدە مانگی تەمەنیدا کۆمەڵێ دەستکەوتی گەورەی لە بوارەکانی بە زمانی کوردی خوێندن و کردنەوەی قوتابخانەو چاپ کردنی کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێبخانەی میللی و دەزگای ڕادیۆ و برەوپێدانی جووڵانەوەی شانۆیی و ڕێکخستنی هێزی سەربازی و چاك کدرنی باری ئابووری خەڵك لە ڕێگەی بازرگانییەکی سنووردار لەگەڵ ئازربایجان و سۆڤیەتەوە بەدەست هێناو ئەوەی بۆ نەیارانی کورد سەلماند ئەگەر سیاسەتی ئیمپریالیزمی جیهانی لێ بگەڕێ کورد دەتوانێ خۆی بەڕیوە بەرێ.

٤ـ کۆمەڵێ هۆکاری ناخۆیی وناوچەیی و نێودەوڵەتی کۆماری دێمۆکراتی کوردستانیان دروست کردو ڕووخاندیان. دەوری یەکێتی سۆڤیەت دیارو بەر چاوە لە یارمەتی ڕۆشنبیریی و پەروەردەیی بە ناردنی چاپخانەو کاغەزو کەرەستەکانی چاپکردن و دەزگای ڕادیۆ سینەماو هاوکاری کۆمار بە ڕێگەی ڕابیتەی فەرهەنگی سۆڤیەتی ـ کوردیەوە، هەروەها وەرگرتنی ژمارەیەك خوێنکاری کورد لە زانکۆی ئەفسەریی باکۆدا.

٥ـ چاپخانەی کوردوستان لە مەهاباد، ڕووداوێکی گرنگی ڕۆژنامەوانیی کۆمارەو سەرکۆمار خۆی سەرپەرشتی کردووەو خەڵکی ڕۆشنبیری ناوچەکەو سەرانی عەشیرەت و وردە مالیك و کاسبکار بە هەموو لایەکەوە دەستگرۆیی چاپخانەکەیان کردووە.

٦ـ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کۆماری دێمۆکراتی کوردستانن لە ڕووی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانیی و کەرەستەی چاپی و تەکنیکی چاپەوە سادەن و ڕەنگدانەوەی ئەو توانا و پسپۆڕییانەی ئەو ڕۆژەن.

٧ـ زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان، لە دەست نیشان کردنی ژمارەو خەسڵەتی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی کۆمار بێئاگان و زانیارییەکانیان پڕ لە هەڵە و کەم و کورتین، لەم لێکۆلێنەوەیەدا بە پێی توانا ڕاست کراونەتەوە.

٨ـ بۆ یەکەمجار لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان بڵاوکراوەتەوەو ژمارەیەکی زۆر لە شاعیر و نووسەرانی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستاندا بەشدارییان لە نووسینەکانیدا کردووە.

٩ـ ڕۆژنامەی (نامەی کوهستان) ئەگەر چی لە لایەن دەوڵەتەوە ڕێگەپێدراو بووە، بەڵام تا ڕاددەیەکی زۆر هاوکاری ڕۆژنامەوانیی کۆماری کردووە ڕەخنەی لە کاربەدستانی دەوڵەتی ئێران گرتووە بەرامبەر بە هێرشی بۆ

سەر مەهابادو ڕەفتاری ناڕەوای ژەنەڕاڵە سەربازییەکان لە کوردستاندا. لـەباری ئەدەبیشـیەوە خزمــەتێکی باشـی کردووەو زۆربەی نووسەرو شاعیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی بـەر لـە دامەزرانـدنی کۆمـار هاوکارییـان کردووەو سەرەتای نووسینیان لەوێوە دەست پێدەکات.

١٠ـ ئەدیب و نووسەرو نیشتمانپەروەرانی باشووری کوردستان، دەوری دیاریان لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆشنبیری و پەروەردەیی کۆماردا نواندووە، جا چ ئەوانەی سەفەریان بۆ ئـەوێ کـردووەو لـەوێ ماونەتـەوە، چ ئەوانـەی لـە باشووری کوردستانەوە بەرهەم و نووسینیان ڕەوانە کردووە. بە تایبەی ئەو هاوکارییە لە ڕۆژانـی پێوەنـدی (حزبـی هیوا) و (کۆمەڵەی ژێ. کاف)ەوە بووە.

١١ـ شیعری سیاسیی و نیشتمانی و بەرەنگاری کوردی لە سەردەمی (کۆمەڵەی ژێ. کاف)دا وپاشتر لە سەردەمی کۆماردا زۆر پێشکەوتن بەڵام بە شێوەیەك لەسەر حیسابی ناوەڕۆك و ڕووخسـار (یـان هونـەری شـیعر فـەرامۆش کرابوو، کە زیاتر بـۆ یـەکگرتن و هانـدانی خـەڵکی بـۆ خوێنـدەواری و برایـەتی میللـەتان و ناسـینی چـەمکی دێمۆکراسی و یەکسانی دادپەروەری بووە.

١٢ـ بەڕێوەبەرانی ڕۆژنامەوانیی ئەو ڕۆژگارە ئەدیب و شاعیران بوون و هەر خۆیان ئەرکی نووسینی وتارە سیاسـی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئەدەبی و ئاینییەکانیان لە ئەستۆ گرتووە. بۆیە سەیر نییە، کە زمـانی ڕۆژنامــەوانیی سەردەمەکە زمانێکی ئەدەبییەو وشەو دەستەواژەی ئەدەبی تۆکمەو پتەوەو بـە زمـانێکی سـادەی ڕۆژنامــەوانیی نووسراوە.

# ســــەرچاوەکان

## ١ـ تێزی ئەکادیمی:

### أ ـ بە زمانی کوردی:

ـ رمزیە صابر محمد

حوزنی موکریانی نووسەرو ڕۆژنامەنووس، (نامەی ماجێستر)، کۆلێجی ئاداب زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٩٣.

ـ محمد دلێر امین محمد

ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، (نامەی ماجستێر)، زنکۆی سەلاحەددین، کۆلێجی ئاداب، ١٩٨٩.

### ب ـ بە زمانی عەرەبی:

ـ طاهر خلف البكاء:

التطورات الداخلية في ايران ١٩٤١ـ ١٩٥١، رسالة دكتوراة، كلية الاداب، جامعة بغداد، ١٩٨٣.

ـ ياسين خالد حسن:

كردستان الشرقية ١٩١٨ـ ١٩٣٥، رسالتا ماجيستر قسم التأريخ، كلية الاداب جامعة صلاح الدين ـ اربيل، ١٩٩٥,

## ٢ـ کتێب:

### أ ـ بە زمانی کوردی:

ـ ئارچی ڕۆزفلت:

کۆماری مهاباد، و: ئەبوبکر خۆشناو، سلێمانی، ١٩٩٨.

ـ ا. م مینتیشاشڤیلی:

کورد، و: د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، سلێمانی، ١٩٩٩.

ـ بەکر عەبدولکریم حەوێزی:

گەشتێك بە کۆماری مەهابادا، بیرەوەریەکانم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ١٩٤٤ــ ١٩٤٧، دەزگای سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

ـ برهان قانع:

دیوانی قانع، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ١٩٧٧.

ـ پەروێز جهانی:

فەرهەنگا نۆبهاری ئەحمەدی خانی، انتشارات صلاح الدين الايوبی، ارومیە،١٣٦٧.

ـ جەلیل گادانی:

٥٠ ساڵ خەبات، کورتە مێژوویەکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ب١، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٦.
ـ جەلیلی جەلیلی:
بووژانەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی کورد کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ـ سەرەتای سەدەی بیستەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
ـ جەمال خەزنەدار:
ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی، بەغدا، ١٩٧٣.
ـ جەمال خەزنەدار:
گۆڤاری ڕۆژی کورد، بەغدا، ١٩٨١.
ـ د. جەمال نەبەز:
گۆڤاری نیشتمان تەمووزی ١٩٤٣ـ مایسی ١٩٤٤ زمانی حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و ئیدیۆلۆژیای هوردە بۆرژوای ڕۆشنبیری ناسیۆنالیست لە کوردستاندا، بنکەی چاپەمەنی ئازاد ـ سوید، ١٩٨٥.
ـ حسین حوزنی موکریانی:
خۆشیی و ترشیی، بزنۆکەو مەڕۆکەن چ٢، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٤٧.
ـ حوسێن محەمەد عەزیز:
پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی کوردی، ورمێ، ١٣٦٩.
ـ سردار حمید میران و کەریم مستەفا شارەزا:
دیوانی حاجی قادری کۆیی، بەغدا، ١٩٨٦.
ـ سەید موحەممەد سەمەدی:
ژێ. کاف چبوو؟ چی دەویست؟ وەچی لێ بەسەرهات؟ چاپەمەنی سەیدیان، مەهاباد، ١٩٨١.
ـ شێخ محمد خاڵ:
پەندی پێشینان، چ٢، سلێمانی، ١٩٧١.
ـ د. صادق شەرەفکەندی:
کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد، وەرگێڕانی تەها عەتیقی، چاپخانەی ئاپێك سوید، ١٩٩٥.
ـ عەبدوڵڵا سۆفی کەریم سەراج:
سەربازێکی ون لە تاکە کۆمارەکەی کوردا، یاداشت، هێلسنکی، ١٩٩٥.
ـ د. عەزیز شەمزینی:
بزووتنەوەی نەتەوایەتی ڕزگاریخوازانەی کوردستان، و: فەرید ئەسەسەرد، دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی ی.ن.ك (١١)، ساڵ؟
ـ عەلی کەریمی:

ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی (مامۆستا عولەما۹، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس، سوێد، ۱۹۹۹.
ـ عەباس حەقیقی:
دیوانی حەقیقی، چ۲، مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی، انتشارات صلاح الدین الایوبی، ارومیه، ۱۳٦۷.
ـ د. عبدالرحمن قاسملۆ:
کوردستان و کورد، و: عبدالله حسن زاده، له بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ژ٤، ۱۹۷۳.
ـ د. عبدالرحمن قاسملۆ:
چل ساڵ خەبات لە پێناو ئازادی، کورتە مێژوویەکی حزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێران، ب۱، چ۲، ۱۹۸۸.
ـ عبدالرحمن مەحموودی:
لۆغەت نامەی ئەحمەدی شێخ مەعرووفی نۆدێ، ناشر ئینتیشاراتی کوردستان،؟.
ـ عبدالرزاق بیمار:
پەخشانی کورد، دار الحریة للطباعة، بغداد، ۱۹۹۸.
ـ عبدالقادر دەباغی:
ڕاپەڕینی کۆمەڵەی ژێ. کاف، وەڵامێك بە نامیلکەی (ژێ ـ کاف چ بوو؟)، چ۲، ۱۳٦۷.
ـ عبدالله رسول پشدەری:
یادداشتەکانم، ب۱، دار الحریة للطباعة، بغداد، ۱۹۹۲.
ـ علاو الدین سەجادی:
مێژووی ئەدەبی کوردی، چ۱، ۱۹٥٦، چ۲، ۱۹۷۱.
ـ علاء الدین سەجادی:
شۆڕشەکانی کورد وە کوردو کۆماری عراق، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ۱۹٥۹.
ـ عولە:
ساڵێك بوو کورد ئازاد نەژیا، سوید، ۱۹۸۸.
غەنی بلوریان:
ئاڵەکۆك، بەسەرهاتەکانی ژیانی سیاسیم، ستۆکهۆلم، ۳، ۱۹۹۷.
ـ قادر وریا:
کوردستان: کوردستان، هەولێر، ۱۹۹۸.
ـ قازی ئەحمەد:
دیوانی سیف القضاة، انتشارات صلاح الدن ایوبی، ارومیه، ۱۳٦۱.

ـ کەریم حیسامی:

کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧١.
ـ کەریم حیسامی:
کۆماری دێمۆکراتی کوردستان یان خودموختاری، چ٢، سوید، ١٩٨٦.
ـ کەریم حیسامی:
لەبیرەوەریەکانم، ب١، سوید، ١٩٨٦.
ـ کەریم حیسامی:
پێداچوونەوە، سوید، ١٩٩٦.
ـ د. کەمال مەزهەر ئەحمەد:
تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەوانیی کوردیدان چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.
ـ کەمال میراودەلی:
دیوانی فانی، ب١ن چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٥.
ـ کریس کۆچێرا:
مێژووی کورد لە سەدە ١٩ـ ٢٠، و: محمد ریانی، چ٢، مەهاباد، ١٩٩٠.
ـ د. مارف خەزنەدار:
دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٧٧.
ـ مەحموود مەلا عیززەت:
کۆماری میللی مەهاباد، لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی سیاسی یە،ب١، ٢، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ، ١٩٨٤.
ـ مەحموود مەلا عیززەت:
دەوڵەتی جمهوری کوردستان، نامەو دۆکۆمێنت، ب٢، ستۆکهۆڵم، ١٩٩٥.
ـ مەرامنامەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، مهاباد، سەرماوەزی ١٣٢٤.
ـ مەلا عبدالکریم مودەڕیس و فاح عبدالکریم:
دیوانی نالی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.
ـ محمد بهاوالدین مەلا صاحب:
پێشەوا قازی محمد و کۆماری مەهاباد، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧١.
ـ میرزا محمد امین مەنگوڕی:
بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤وە هەتا ١٩٥٨ـ ب١، ج٢، سلێمانی ٢٠٠٠.

نەجەفی قولی پسیان.

لەمەهابادی خوێناوییەوە.. هەتا لێوارەکانی ئاراس، و: شەوکەت شێخ یەزدین، کوردستان، ١٩٩٦.
ـ نەژاد عەزیز سورمێ:
ڕۆژنامەگەریی کوردی چەند سەرە قەڵەمێك لە بارەی تەکنیك و هونەرەکانی، هەولێر، ١٩٩٩.
ـ نەوشیروان مستەفا:
حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سۆڤێتی دا، چ٢، هەولێر، ١٩٩٣.
ـ ویلیام ئیگلتۆن جونێر:
کۆماری کورد لە ساڵی ١٩٤٦، و: سید محمد صمدی، ١٩٨٠.
ـ هەژار:
چێشتی مجێور، ئامادەکردن و سەرپەرشتی چاپ خانی شەرەفکەندی، پاریس، ١٩٩٧.
ـ هیمداد حوسێن:
چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٦.
ـ هێدی:
کاروانی خەیاڵ، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر، ١٩٩٧.
ـ هێمن:
تاریك و ڕوون، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٤.

**ب ـ بە زمانی عەرەبی:**

ـ احمد عبدالكريم:
الصحافة الايرانية، السلسلة الاعلامية (٢٨)، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٨٠.
ـ جلال الطالباني كردستان والحركة القومية الكردية، ط٢، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧١.
ـ د. زكي الصراف:
المقالة الصحفية في الادب الفارسي المعاصر، مطبعة الارشاد، بغداد، ١٩٨٧.
ـ د. شاكر خصباك والمسألة الكردية، منشورات الثقافة الجديدة، بغداد، ١٩٥٩.
ـ عبدالجبار محمود علي:
التصوير الصحفي، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر، مطبعة الحكومة، بغداد، ١٩٧٢.
د. عبدالستار طاهر شريف:
الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن، دار المعرفة، بغداد، ١٩٨٩.
ـ د. عبداللطيف حمزة:
المدخل في الفن التحرير الصحفي، ط٤، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٦٨.
ـ د. عزالدين مصطفى رسول:

الواقعية في الادب الكردي، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣.
ـ د. عزالدين مصطفى رسول:
حول الصحافة الكردية، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣.
ـ د. عزالدين مصطفى رسول:
احمدي خاني، شاعرا ومفكرا متصوفا وفيلسوفان مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٩.
ـ د. عزالدين مصطفى رسول:
ديوان الشعر الكردي، دمشق، ١٩٩٨.
ـ د. فاروق ابو زيد، في الخبر الصحفي، ط٢، دار الشروق - جدة، ١٩٨٤.
قدري جميل باشا:
مسألة كردستان، (٦٠ عاما من النضال المسلح للشعب الكردي ضد العبودية تنقيح وتقديم الدكتور عزالدين مصطفى رسول، ط٢، بيروت، ١٩٩٧.
ـ كمال معروف:
الحركة التجديدية في الشعر الكردي الحديث، ستوكهولم، ١٩٩٢.
ـ د. كمال مظهر احمد:
دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر، بغداد، ١٩٨٥.
ـ لوسي بول ماركريت و ك.أ. ب:
دراسة في الشعر الكردي، تعريب رفيق حلمي، مطبعة التفيض الاهلية، بغداد، ١٩٣٩.
ـ لوسيان رامبو:
الكرد والحق، ت: عزيز عبدالاحد نباتي، مطبعة الثقافة والشباب، اربيل، ١٩٩٨.
ـ د. محمود فهمي:
الفن الصحفي في العالم، دار المعارف بمصر، ١٩٦٤.
ـ مسعود البارزاني:
الحركة التحررية الكردية ١٩٤٥ـ ١٩٥٨، ط٢ن اربيل، ١٩٩١.
ـ موريس هارفي و جون بلوج:
لا اصدقاء سو الجبال، التاريخ المأساوي للاكراد، ترجمة راج آل محمد، مراجعة وتقديم هادي العلوي، دمشق، ١٩٩١.
ـ د. ناصر الحاني:
المصطلح في الادب الغربي، منشورات دار المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٦٨.
ـ نخبة من المؤلفين:

الحركة الكردية في العصر الحديث، ت: د. عبدي حاجي، دار الرازي، بيروت، ١٩٩٢.

ـ نوري شاويس

من مذكراتين من منشورات حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، ١٩٨٥.

ـ هادي نعماني الهيتي:

صحافة الاطفال في العراق، نشأتها وتطورها مع تحليل لمحتواها وتقيمها، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٧٩.

**پ ـ به زمانی فارسی:**

ـ ابراهیم افخمی:

تاریخ فرهنگ وادب مکریان (بوکان)، ١٣٧٥.

ـ احسان نوری:

تاریخ ریشه نژاد کرد، چاپخانه سپهر، تهران، ١٣٣٣.

ـ اسماعیل فتاح قاضی:

کرد در دائره المعارف اسلام، ارومیه، ١٣٦٧.

ـ بنفشه حجازی:

ادبیات کودکان و نوجوانان، ویژگیها و جنبه‌ها، چ٢، انتشارات روشنگران ومطالعات زنان، تهران، ١٣٧٧.

ـ جعفر مهدی نیا:

زندگی سیاسی قوام السلطنه، تهران، ١٣٢.

ـ حسن ارفع:

کردها ویك بروسی تاریخی و سیاسین ترجمه: ازمتن انگلیسی، چاپ دانشگده اکسفرد، لندن، ١٩٦٦.

ـ حمید رضا جلائی پور:

قاضی محمد (کردستان در سالهای ١٣٢٠ـ ١٣٢٤، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٩.

ـ درك كينان:

کرد و کردستان، ت: ابراهیم یونسی، مؤسسه انتشارات نگاه، تهرانن ١٣٧٦.

ـ استاد عبد العظیم رضایی:

تاریخ سیاسی واجتماعی ایران، چ١، نشر علم، تهران، ١٣٧٦.

ـ دکتر علی سلطانی گرد فرامرزی:

ادبیات فارسی، چ٢٤ن چاپ سهند، تهران، ١٣٧٨.

ـ فرید قاسمی (سید):

راهنمای مطبوعات ایران عصر قاجار، مرکز مطالعات وتحقیقات رسانه‌ها، تهران، ١٣٧٢.

ـ د. کاظم معتمد نژاد:

روزنامەنگاری، چ٤، مرکز نشر سپهر، تهرانن ١٣٧٢.
ـ کریس کوچیرا:
جنبش ملی کرد، ت: ابراهیم یونسی، مؤسسه انتشارات نگاه، تهران، ١٣٧٧.
ـ مجبتی برزویی:
اوضاع سیاسی کردستان از سال ١٢٥٨ـ ١٣٢٥، انتشارات فکر نو، تهران، ١٣٧٨.
ـ محمد تمدن:
اوضاع ایران در جنگ اول یا تأریخ رضائیة، مؤسسه مطبوعاتي تمدن، رضائیة، تهران، ١٣٥٠.
ـ محمد خان ملك یزدی:
غوغای تخلیه ایران، تهران، ١٣٦٢.
ـ د. محمد مکری:
گۆرانی یا ترانەهای کردی، کتابخانه دانش، تهران، ١٣٢٩.
ـ د. محمود پناهیان (ژنرال):
فرهنگ جغرافیائی ملی ترکان ایران زمین، النجف الاشرف، ١٩٧٣.
ـ مرتضی زربخت:
از کردستان عراق تا آنسوي رود آرس، چ٢، ١٣٧٧.
ـ ولیام ایگلتون جونیر:
جمهوری کردستان ١٩٤٦، ت: سید محمد صمدی، چاپ اول متن اصلی، اکسفورد، ١٩٦٣، انتشارات سیدیان، مهاباد، ١٣٦١.
ـ یحیی آرین پور:
او صبا تا نیما تاریخ ١٥٠ سال ادب فارسی، ج(١، ٢)، چ٦، انتشارات زوار، تهران، ١٣٧٥.

**ت ـ بە زمانی ئینگلیزی:**

**1966.، London، The kurds A Historical and Political Study، Hassan،- Arfa**

**1986.،15th Edition،- The New Encyclopedia Britannica vol. : 4**

## ٣- رِؤذنامةو طؤظار:

### أ ـ بە زمانی كوردی:

### ڕۆژنامەكان:

ـ ئازادی، ژ٩٢، بەغدا، ١٩٦٠/٤/٨.

ـ ئازادی، ژ٩٤، بەغدا، ١٩٦٠/٤/٣.

ـ ئاڵای ئازادی، ژ٩٤، هەولێر، ١٩٩٢/٥/٢٤.

ـ پەیام، ژ٥، لەندەن، نەورۆزی ١٩٩٨.

ـ پەیام، ژ٢١، لەندەن، ٢٠٠٠/٢/٢١.

ـ ژین، ژ٨٥٥، س٢٠، سلێمانی، پێنج شەممە ١٩٤٧/١/١٦.

ـ دەنگی كورد، ژ٤٤، بەغدا، ١٩٦٠/١٠/٢١.

ـ دەنگی كورد، ژ٦٩، بەغدا، ١٩٦٠/١١/٢٣.

ـ كوردستان، ژ١، ٨٥، مەهاباد، ١٩٤٦.

ـ كوردستان، ژ٣، بەغدا، ئاوریلی، ١٩٧١.

ـ كوردستان، ژ١٥، بەغدا، ئاوریلی، ١٩٧٢.

ـ كوردستان، ژ٢٥٧، كوردستانی عێراق، ١٩٩٨.

ـ كوردستان نوێ، ژ٣٩٠، س٢، هەولێر، ١٩٩٣/٥/١٧.

ـ كوردستان نوێ، ژ٢١٢٧، س٩، سلێمانی، یەك شەممە، ٢٠٠٠/٤/٢٣.

ـ كوردستان نوێ، ژ١٧٧٤، س٧، سلێمانی، ١٩٩٨/١٢/٢٠.

### گۆڤارەكان:

ـ بەیان ژ٢٦، بەغدا، ١٩٧٥.

ـ بەیان ژ١٤٨، بەغدا، ١٩٨٨.

ـ ڕابوون، ژ٢، لەندەن، ١٩٩١.

ـ ڕابوون، ژ٣، لەندەن،، ١٩٩٢.

- رۆژنامەنووس، ژ٥، هەولێر،٢٠٠٥.

ـ سەنتەری برایەتی، ژ٥، هەولێر، ١٩٩٨.

ـ سروە، ژ٣، س١، ورمێ، پاییزی ١٩٨٥.

ـ سروە، ژ٥، س٢، ورمێ، بەهاری ١٩٨٦.

ـ سروە، ژ٦، س٢، ورمێ، هاوینی ١٩٨٦.

ـ سروە، ژ١٣٦، س١٣، ورمێ، ١٩٩٧.

ـ كاروان، ژ١١٨، هەولێر، ١٩٩٨.

ـ کاروانی ئەکادیمی، ژ٢، هەولێر، ١٩٩٧.
ـ کوردستان، ژ١، مەهاباد، ٦ی دیسەمبری١٩٤٥.
ـ کوردستان، ژ٢، مەهاباد، ١٥ی دیسەمبری١٩٤٥.
ـ کوردستان، ژ٣، مەهاباد، مارسی ١٩٤٦.
ـ کوردستان، ژ٤، مەهاباد، مایسی ١٩٤٦.
ـ کوردستان، ژ(٦، ٧)، مەهاباد، ١٩٤٦.
ـ گەلاوێژ، ژ(١١، ١٢)، س٣، بەغدا، ١٩٤٢.
ـ گەلاوێژ، ژ٣، س٥، بەغدا، ١٩٤٤.
ـ گەلاوێژ، ژ٦، س٥، بەغدا، ١٩٤٤.
ـ گەلاوێژ، ژ٧، س٥، بەغدا، ١٩٤٤.
ـ گەلاوێژ، ژ٨، س٥، بەغدا، ١٩٤٤.
- گەلاوێژ، ژ ٢،س٧، ١٩٤٦.
ـ گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ژ١، مەهاباد، بانەمەڕی ١٣٢٥، (١٩٤٦).
ـ گڕوگاڵی منداڵانی کورد، ژ٣، مەهاباد، پووشپەڕی ١٣٢٥، (١٩٤٦).
ـ مامۆستای کورد، ژ(٢٤ـ ٢٥)، سوید، زستان و بەهاری ١٩٩٥.
ـ نووسەری نوێ، ژ٤، هەولێر، ١٩٩٩.
ـ نیشتمان، ژ١، مەهاباد، پووشپەڕی ١٣٢٢، (١٩٤٣).
ـ نیشتمان، ژ٢، مەهاباد، خەزەڵوەری ١٣٢٢، (١٩٤٣).
ـ نیشتمان، ژ(٣، ٤)، مەهاباد، سەرماوەزو ڕێبەندانی ١٣٢٢، (١٩٤٣).
ـ نیشتمان، ژ٥، مەهاباد، ڕێبەندانی ١٣٢٣، (١٩٤٤).
ـ نیشتمان، ژ٦، مەهاباد، ڕەشەمەی ١٣٢٣، (١٩٤٤).
ـ نیشتمان، ژ(٧، ٨،٩)، مەهاباد، خاکەلێوەو بانەمەڕو جۆزەردانی ١٣٢٣، (١٩٤٤).
ـ هاڤیبون، ژ٦ن ئەڵمانیا، ١٩٩٩.
ـ هەڵاڵە، ژ١، مەهاباد، ڕەشەمەی ١٣٢٥، (١٩٤٦).
ـ هەڵاڵە، ژ٢، مەهاباد، خاکەلێوەی ١٣٢٥، (١٩٤٦).
ـ هەڵاڵە، ژ٣، مەهاباد، بانەمەڕی ١٣٢٥، (١٩٤٦).
ـ هاوار، ژ٥، ئەڵمانیا، ١٩٩٩.
ـ هاواری کورد، ژ١، مەهاباد، ١٩٤٥.
ـ هاواری نیشتمان، ژ١ن مەهاباد، ٢١ی مارسی ١٩٤٦.

ـ هەولێر، ژ١، س١، هەولێر، زستانی ١٩٩٨.
ـ یاسا پارێز، ژ١، هەولێر، س١، ١٩٩٦.

**ب ـ بە زمانی عەرەبی:**

ـ جريدە التآخي، ع٢٢، تشرين الپانی ١٩٧٣.

**پ ـ بە زمانی فارسی:**

ـ روزنامە آبيدر، ش چهلم، س٢، ١٣٧٧.
ـ روزنامە هفتگی كوهستان، ش١ـ ٨٤.
ـ مجلە ادبستان، ش٧، س١، تيرماه ١٣٦٩.
ـ مجلە كهكشان، ش٤٤ن س٤، آذرماه ,١٣٧

## ٤ـ دةستنووس و نامة و ضاوثێكةوتن:

ـ دەستنووسی سەعید ناکام (چاپ نەکراو).
ـ نامەی جەلیل گادانی، ١٩٩٧.
ـ نامەی سەعید ناکام، ٢٠٠٠/٣/٣.
ـ چاوپێکەوتنی مەحموودی مەلا عیززەت لە سلێمانی ٢٠٠٠,/٥/٣٠

## ٥ـ كتێبخانةو ئةرشيفی تايبةتی:

ـ جەلیل گادانی ئەندامی دەفتەری سیاسی (ح. د. ك. ئـ).
ـ ڕەفیق صالح لە سلێمانی.
ـ عەبدوڵڵا زەنگەنە لە هەولێر.
ـ مەحموود زامدار لە هەولێر.
ـ مستەفای مەلوودی ئەندامی دەفتەری سیاسی (ح. د. ك. ئـ).
ـ مومتاز حەیدەری لە هەولێر.

# پاشـــکۆ

## نامەی بەڕێز جەلیل گادانی لەبارەی سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوهستان:

دکتۆر ئیسماعیل ئەردەڵان کە تەمەنی ٧٥ تا ٨٠ ساڵ دەبێ، لە بنەماڵی ناوداری ئەردەڵانیەکانی شاری سنەیە، کە لە کاتی فەرمانڕەوایی قاجارەکان و بنەماڵەی پەهلەویدا هەم لە کوردستان دا خاوەن دەسەڵات و حکومداربوون، هەم لە حکومەتی تارانیش دا هێندێك جار تا پلەی وەزیری چوونەتە پێش و بەشداربوون.

لەو سەردەمانەدا ئیمکانی خوێندن لە ئێران و کوردستان بۆ خەڵکی ئاسایی کەم بووەن بەڵام ئۆ ئەم جۆرە بنەماڵانە گونجاوەو زۆربەیان بۆ خوێندنی باڵا نێردراونەتە وڵاتانی ئەوروپایی، دکتۆر ئیسماعیل سەرەڕای ئەوەش هەستی نیشتمان پەروەری تێدا بەهێز بووە.

لە کاتێکدا، کە هەستی کوردایەتی لە کوردستاندا گەشەی کردووە، بە تایبەتی لە سەردەمی کۆماردا زۆر حەزی کردووە خەڵك لە وەزعەکە ئاگادار بکاو تا ڕادەیەك، کە بۆی لوابێ بوونی کورد و کردەوەکانی ناوچەی ڕزگار کراو و چلۆنایەتی دەوری کۆمار نیشان بدات، چونکە لە بواری ڕۆژنامەوانیدا شارەزایی هەبووە. ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی بەنێو (کوهستان) وەرگرتووەو زۆر شتی لەمەڕ کورد لەو ڕۆژنامەدا کە لە تاران چاپ دەبوو، بڵاوکردۆتەوە. ئەو ڕۆژنامەیە تا ساڵی ٢٨ـ ١٣٢٧ی هەتاویش دەرچووە.

دکتۆر ئیسماعیل بە دوای تەعتیل بوونی ڕۆژنامەکەش، نووسراوەکانی لە هێندێك لە ڕۆژنامەکانی دیکەی ئێران دا بڵاوبۆتەوە.

بە دوای نەمانی حکومەتی پاشایەتی لە عێراقن لە دەوری عەبدولکەریم قاسم دا هێندێك شتی باش بەرانبەر بە کورد گوتراو کرا، کە بوو بە هۆی گەشە کردنی تێکۆشانی حزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ئێران و پەرەگرتنی هەستی کوردایەتی.

ڕژێمی ئێران لەم وەزعە نیگەران بوو، هەوڵی دەدا لە ژوورەوەو لە دەرەوە ئەوەندەی لە توانایدا بوو لەگەڵ وەزعی تازەی عێراق دژایەتی بکات، گەلێکی هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی زەینی کوردی لەسەر ئەم دەستکەوتە مەزنەی ئەو کات کە خەڵکی کوردستانی عێراق و ئێران زۆریان دڵ پێ خۆش بوون لابدان بەم مەبەستە ڕەوشی خۆیان بەرانبەر بە کورد تا ڕادەیەك نەرمتر کرد، ڕۆژنامەیەکیش لە لایەن بەرپرسی فەرمانداری نیزامی گشتی پێشوو بەرپرسی یەکەمی ساواکی تازە سازکراوی دەوری شا ژەنراڵ تیموری بەختیار هەوڵی دەگەڵ هێندێك نووسەر و کوردی زانی ئەو کات دا تا ڕۆژنامەیەك بە ناوی (کوردستان)ەوە دەربکەن، چەند ژمارەشی لێ دەرچوو، کە زیاتر بۆ کوردستانەکانی وڵاتانی تر دەرچوو، زۆر بەکەمی لە ئێران بڵاودەبۆوە، دکتۆر ئیسماعیل لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەیەش هاوکاری دەکرد، هەر کە وەزعی عەبدولکەریم قاسم بەرەو لاوازی چوو، پەشێوی لە نێو کوردستانی عێراق دا پەیدا بوو، ئەوانیش ڕۆژنامەکەیان تەعتیل کرد.

وێدەچێ لە زەمانی سەرۆك وەزیر مصدق دا، دكتـۆر ئیسـماعیل بـە شـێوەیەك پێوەنـدی دەگـەڵ (بـەرەی نیشتمانی) پەیدا كردبێ‌ن چونكە دوای ڕووخانی حكومەتی شا، ئێران لـە لایـەن خـەڵكی، كـە حكومـەتی كـاتی ئیسلامی پێك هێنا.

ئەم متمانەی گەشتە جێگایەك كە دكتۆر ئیسماعیل كرابوە ئەنـدامی ئـەو لیژنەیـەی بـۆ حـاڵی بـوون لـە وەزعی كوردستان نێردابوونە كوردستان و لە مەهاباد دەگەڵ نوێنەری حزبەكان دانیشتن.

هەر لە ڕۆژانەدا كە ئەو لیژنە لە مەهاباد بوو، پادگانی مەهاباد بە شێوەیەكی هێمنانە لە لایـەن ئەفسـەرە نیشتمانپەروەرەكانەوە تەحویلی حزبی دێمۆكراتی كوردستان درا. كە لە ڕاستیدا توانای هیچ بڕیاردانێكیان نەبوو، لەم وەزعە تازە (تحویل درانی پاگانی مهاباد بە حوبی دێمۆكرات) نارەحەت بوون و گەڕانەوە بۆ تـاران، بـەڵام لـە لایەن حكومەتی كاتی بە دكتۆر ئیسماعیل گوترا لوێ بمێنێتەوەو كارەكانی پادگانی گیراو كـە بـە دەسـت حزبـی دێمۆكراتی بوو، وەك نەفەری جێ متمانەی بازرگان چاوەدێری بكات تا شتی خراپتری لێ نەخولقێ.

د. ئیسماعیل ماوەی زیاتر لە دە ڕۆژ لەوێ ماوەو بە تێكڕا من وەك پیاوێكی كورد ئێرانی، نیەت پاك هاتـە بەرچاومز دوایەتر فەرمانەرێكی كوردسان لە دوورەوە ناساندو ناردیانە مەهاباد تا لە جێگـەی دكتـۆر ئیسـماعیل كارەكان بگرێتە ژێر چاوەدێری و بەسەریان دا ڕابگا.ئەو گەڕایەوە بۆ تاران و لەو كاتیشەوە خەبەرم لێ نییە.

**جەلیل گادانی**

٧٦/٥/٣١ی هەتاوی

## لە نامەیەکی مامۆستا سەعید ناکام بۆ نووسەر:

ڕۆژنامەی کوردستان لە کۆماری کوردستان (مەهاباد) (١١٤) ژمارەی لێدەرچوو. بەڵام ژمارەی (١١٤) بە هۆی ڕوخانی کۆمارەوە هەر لە چاپخانەی کوردستانەوە سوتاز نووسەران و شاعیرانی کوردتانی باشور بەشدارییان دەکرد لە ڕۆژنامەکەدا. بە وتارو چەندین بابەتی تر. بەڵام بە ناوی نهێنییەوە بە داخەوە ناوەکانم لە یاد نەماوە. پەیوەندی لە نێوان نووسەران لە کۆمارو پارچەکانی تر لەبەر باری ڕامیاری و ئابووری زۆر کز بوو. ئەم ڕۆژنامەیە (٦٠٠) دانەی لێ چاپ دەکرا پێش ژمارەی (٨٩) برادەرێك بەناوی (محەمەد) سەرپەرشتی ڕۆژنامەکەی دەکرد، بەڵام لە ژمارەی (٨٩) من بە ڕەسمی بووم بە سەرنووسەری ڕۆژنامەکە.

کاری نووسین و سەرپەرشتی و تەنانەت چاپیش گشتی لە ئەشتۆی من بوو. بە تەنیا چەند کرێکارێك هەبوو پیتەکانیان ڕێك دەخستز پێشەوای نەمر خۆی ڕۆژانە سەرپەرشتی یەکە یەکەی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستانی دەکرد، لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو کارو بارەکان بوون سەرەڕای ئاگادار بوون لە کاری ڕۆژانەمان ڕێنمایی و پێشنیاری بەجی و ڕێی هەبوو. بۆ مەبەستی ژیاننامەی من دەتوانی سوود لە ڕۆژنامەی یەکبوون وەرگری، کە چەند حەلقەیەکی لە ژیانی من بلاوکردۆتەوە. ئەگەر نا دەستنووسی بیرەوەرییەکانم لای بەڕێزان (غازی حەسەن و ممتاز حەیدەری و د. عەبدوڵڵا ئاگرینە). ئەگەر بتوانی سوودیان لێ ببینی.